# ململانێ لەگەڵ ژیاندا

( یادداشت)

1971-1983

د. عبدالستار تاهیر شریف

بەرگی دووەم

چاپی یەکەم

کەرکوک .................................... 2007

ناوی کتێب : ململانێ لەگەڵ ژیاندا

بابەت : یادداشت

ناوی نووسەر : د. عبدالستار تاهیر شریف

بەرگ : بەرگی دووەم

سەرپەرشتی چاپ : لقمان حسین

دزاین وینەی بەرگ : محمد مهدی

تیراژ : 500 دانه

چاپخانه : ئارابخا – کەرکوك

سڵی چاپ : 2007

پێشەکی بەرگی دووەم

لەپێشەکی بەرگی یەکەم بەپێویستم نەزانی باسی ململانێکانی ژیانم بکەم دوای سا�نی 1971 . لەمپێشەکی یە، پێشەکی بەرگی دووەم دەچمە ناوپڕەوی ژیانم لە سا�نی 1971 وە تا ساڵی 1983 .

لە بەرگی یەکەم لە کاتی چاپکردنی یادداشتەکەدا چەند بابەتێك چاپ نەکرابوون بۆیە بەپێویستم زانی لەم بەرگە باسیان بکەمەوە: (کە بوومە قایمقامی کەلار لە 16\9\1971 تا 27\3\1972، لەو ماوەیە لێژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئاشکرا دژایەتیمیان دەکرد هەرچەندە وەك ئەندامی ناوچەی کەرکوکی پارتی گەڕابوومەوە دوای یەك�وبوونەوەی پارتیمان، پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی مستەفا، یەکێ لەو دژایەتییانە ڕاپۆرتیان لەسەر چەند هەڤاڵێکمان نووسیبوو کە گوایا پیاوی ئێرانن، لێژنەی ناوچەی کفری بە دەوری سیخوری هەڵسابوون، سیخوری ئەمنی ئێراق. ئەوەبوو لە وەزارەتی ناوخۆی ئێراقەوە فەرمانی گرتنی ئەم هەڤا�نەمان بە کتێبی ڕەسمی لەپارێزگای کەرکوکەوە بۆم هات :

1- عبداللە علی مراد (کاکەی میللەت)

2- محمد حەمە صالح

3- حسین حاجی محمود

4- محمد شاسوار

5- حسین محمد ئەمین

6- عبدالرحمن محمد کەریم " زەلکە"

7- صابر کوێخا محمد سلێمان ( شمشێر کول)

8- حسین سید محمد

9- احمد محمد مراد

ئەوەبوو چاوم بە پارێزگاری کەرکوك شوکری حەدیسی کەوت وتێم گەیاند کە ئەم ئیخبارییە ئەندامانی لێژنەی ناوچەی کفری کردوویانە یەکسەر لە بەغداوە دراوەتە وەزارەتی ناوخۆ، بۆیە بە نووسراوێك بۆ وەزارەتی ناوخۆ بە

ڕێگای پاریزگاری کەرکوکەوە داوای ئیلغای ئەمری گرتنەکەیانم کرد و ئەوەبوو فەرمانی گرتنەکەیان ئیلغا کرایەوە.

دوای 1972\3\27 گواسترامەوە بۆ چەمچەماڵ، ئەندامانی لێژنەی ناوچەی پارتی لە چەمچەماڵ هەمان سیخورییان کرد ئەم جارە دژی کەریم ئاغای فەتاح ئاغای هەمەوەند، کە یەکێکە لە کەسایەتییە ناسراوەکانی نەك شاری چەمچەماڵ بەڵکو کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردستانی باشور. ئەوەبوو کەریم ئاغا یەکسەر ئەمری گرتنی دەرچوو بە ئیمزای صدام حوسین جێگری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ئەم ئیخبارییەش تەنها لەبەر ئەوەبوو کەریم ئاغا وەك کەسایەتییەکی ناسراو و خاوەند جەماوەر لە شاری چەمچەماڵ سەر بە مەکتەبی سیاسی باڵی جەماعەتی (ئیبراهیم ئەحمەد- مام جەلال)بوو.

منیش نووسەری یادداشتەکە یەکێ بووم لە ئەندامانی ئەم باڵە. ئەوەبوو زۆر بە پەلەو یەکسەر بەبێ ئاگاداری شوکری حەدیسی پاریزگاری کەرکوك چوومە لای صدام حوسێن و مەوزوعەکەمم پێگەیاند، بە صدام حوسێنم وت : داوای ئەوەلیاتی ئیخبارییەکە بکە، بزانە کێ گزیریەکەی کردووە ؟ ئەگەر جەماعەتی پارتی بوو، ئەوا ئاشکرایە ئەم جەماعەتە ئیخباری ئەوکەسانە ناکەن کە پیاوی ئێرانن جەنابت ئەم ڕاستییە باش دەزانی، ئەوەبوو دوای ئەوەی چاوی بە ئیخبارییەکە کەوت وسەیری کرد لە لایەن جەماعەتەکەی پارتییەوە کراوە، ئەمری گرتنەکەی کەریم ئاغای پووچەڵکردەوە. بە هەرحاڵ دوای ئەوەی شوکری حەدیسی بەمەی زانی کە من لە پشت ئەوەوە ئەم کارەم ئەنجامداوە زۆری پێ ناخۆش بوو، لەبەر ئەوەی شوکری خۆی زۆر بە زل ئەزانی و یەکێ لە دوو (عەڕابەکەی) بەیانی11 ئازار بوو، ئەو و خالید عبدالحمیدی پاریزگاری هەولێر کە لەگەڵ صدام حوسێنا چووبوونە لای بارزانی وئەوەبوو بەیانەکە لە 11 ئازار دەرچوو. شوکریش پێش بەیانی 11 ی ئازارو دوای بەیانەکەش تا تواناای هەبوو دژایەتی باڵی مەکتەبی سیاسی ئەکردو زۆر دژی مام جەلال بوو. بۆیە کە نەفی چەمچەماڵ کرام وەك قایمقام نەك هاریکاریمی نەکرد بەڵکو بەوپەڕی توانایەوە کەوتە دژایەتیم,

دوای ئەوەی بەرگی یەکەمی (ململانێ لەگەڵ ژیاندا ) لە ساڵی 2005 کەوتە بازاڕەوە و کەوتە دەست خوێنەرانی بەڕێز، ژمارەیەك لەو خوێنەرانە داوایان لێکرد هەوڵ بدەم بەرگی دووەمی زۆر دوانەخەم، بەهەرحاڵ بەرگی دووەمی کەمێ دواکەوت لەبەر بارودۆخی دارایيم و نەمتوانی زوو بە چاپی بگەیێنم,

ئەوا گەیشتینە ساڵی 2007 و ئومێدەوارم سەرکەوتووبم و بەرگی دووەمیش بگەێنمە دەست خوێنەرانی بەڕێز. لە کۆتاییپێشەکییەکەم ئەوە ماوە سوپاسی چیا عبداللە جەباری بکەم کە ئەرکی لە چایدانی ئەم بەرگەی خستە ئەستۆی خۆی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بتوانم لە ساڵی 2007 چاپی بکەم. ئاشکراشە هیچ دەستگایەکی چاپەمەنی ئامادەنەبوو بۆمی چاپ بکا لەبەر ناوەڕۆکی کتێبەکە، لەوانەیە ئەمڕۆ هەندێ لە حیزبەکان و لایەنە سیاسییەکان بە پەردە لادان لەسەر هەندێ لە ڕووداوەکانی مێژووی کوردستان و ڕوونکردنەوەی ڕاستێتی ئەو ڕووداوانە ڵگیر ببن، بە هەرحاڵ ئومێدەوارم خوێنەری بەڕێز دوای ئەوەی بە وردی ئەم یادداشتەم " ململانێ لەگەڵ ژیاندا " ئەخوێنێتەوە چی ڕەخنە وتێبینیەکی هەیە لەسەر بابەتەکان و ناوەڕۆکی کتێبەکە دەری ببڕی بە�م لەسەر نووسراوەکە نەك لەسەر نووسەرەکە، کەواتە ناوەرۆکی یادداشتەکە هەڵبسەنگێنێ دوور لە عاتیفە وکاری دەروێشی، لە کۆتاییدا داوایلێبوردن ئەکەم لە هەموو ئەو کەسانەی ناویانم هێناوە لەم یادداشتەم و هەندێ کاری نابەجێیانم ڕۆشنکردۆتەوە، لەبەر ئەوەی شاردنەوەی ڕاستی لەنەوەی تازەی گەلەکەمان تاوانێکە دەرحەقیان ئەکرێ، بە هیچ جۆرێك مێژووێمان خۆش نابێ. منیش نووسەری ئەم یادداشتە بە باوەڕی خۆم پەردەم لەسەر ئەو ڕاستیانە هەڵداوەتەوە و بە ئەرکی خۆمم زانیوە.

نووسەر

2007-8-1

# بەشی یەکەم

## پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان

دەبوو لە1971\2\4ڕێکەوتی ڕۆژی پێنج شەممە کۆنگرەی حەوتەمی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان ببەسترێ، بەڵام بەهۆی هەڵکردنی باوتۆزێکی زۆر توند کۆنگرەکە بۆ ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 2\5 دوواخرا. لە کاتژمێری 9ی سەرلەبەیانی 92 نوێنەر ئامادەبوون لە کۆی گشتیی 115 نوێنەر کە بانگهێش کرابوون بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەکە بپێی پێڕەوی ناوخۆی پارتی، ئامادەنەبوونی ئەو نوێنەرانە هۆیەکەی ئەوەبوو لەڕێگا باوتۆزەکە وایکردبوو دڵیان کە بەرەو دوا بگێڕنەوە. هەڤاڵ ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی، کۆنگرەکەی بە وتارێکی کورت کردەوە. پاشان مام جەلال ئەنجامی گفتوگۆیەکانی لەگەڵ بارزانی خستە بەردەم نوێنەرانی کۆنگرە، بە دوورو درێژی باسی ئەوەی کرد کە بارزانی وپارتەکەی ڕازیبوونە لەسەر زۆربەی بڕیارەکانی کۆنگرەی حەوت بەتایبەت کە هەمووڵێژنە ناوچەیی و لقەکان بە

ڕێژەی 3\1 ئەندامانی بریتی بن لە هەڵ�نی حیزبەکەمان حیزبی شۆڕشگێڕی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوە حیزبیەکانی تریش، لەگەڵ چوونی چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی بۆ گ�ڵەو مانەوەیان لەوێ (ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری) لەگەڵ �وکردنەوەی بەیاننامەیەکی هاوبەش لە ڕۆژنامەی (التآخی)، هەردوو بەیاننامەکان لە کۆنگرە خوێندرانەوە، بەیاننامەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەدەست خەتی حەبیب مەحەمەد کەریم سکرتێری پارتی نووسرابوو، بەیاننامەکەی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان بە دەست خەتی عومەر دەبابە نووسرابوو .

لە کۆتایی دانیشتنەکانی کۆنگرەکە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد وتەیەکی کورتی بە ئیرتجالیدا ووتی: نە دەبوو بەم جۆرە کۆتایی بە خەبات و تێکۆشانی دڵسۆزانەتان بەم ئەنجامە بگا، بە�م کەم تەرخەمی ئێمەو ئەم بارودۆخە نوێیە ئێمەی گەیاندە ئەم ئەنجامە. داوای لە هەڤاڵ�ن کرد بە دڵسۆزی وبە جیدی زیاتر لەپێشو کار بکەن لەپێناوی خزمەتکردنی گەلەکەیان وگێشە عادیلەکەیان وهەموو ڕێگایەك لە دوژمنان و هەلپەرستان دابخەن و ماوە نەدەن بێنە ناو ڕیزەکانیانەوە )

دوا بەدوای تەواوبوونی کۆنگرە لە 1971\2\15 هەڤاڵ�ن محمد فەرەج و کەمال مەولود و نەوشیروان و قادر کۆکۆیی لەگەڵ ژمارەیەك لە هەڤاڵ�نی پارتیمان بەرەو گ�لە کەوتنەرێ، لەکەرکوکەوەش ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2\16 هەڤاڵ عەلی عەسکەریش لەگەڵیاندا ڕۆیشت، شەو لە ملێی ( کاکەی حاجی مەحمود) چاوم پێیان کەوت، صدیق ئەفەندی و ئیسماعیل مەلا عەزیز) دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانیانیشیان لەگەڵدا بوو. ئەوەبوو لەوێ مام جەلال پێمی وت چاوی بە عبدالخالق سامەڕایی کەوتووەو داوای گەڕاندنەوەکەم بۆ قایممقامی، تەکلیفی لێکردووە و ئەویش چاوی بە سەرکۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر کەوتووە و بڕیاری داوە بە گەڕانەوەم بۆ قایممقامی، ئەوەشی پێموت کە مام جەلال خۆی لای سەعدون غێدان وەزیری ناوخۆ بووە کە سەرۆك کۆمار تەلەفۆنی بۆ کردووە ئەمری گەڕانەوەکەم دەربکەن. کاتی خۆی دوای بەیانی 11 ئازار یەکێ لە داواکانی بارزانی لە صدام حوسێن دەرکردنی من بوو لە قایممقامی. بەڵێ دەرکردنەکەم لەسەر داوای بارزانی بوو، گەڕاندنەوەکەشم لەسەر داوای مام جەلال بوو.

ئەو شەوە زۆر دڵگیرو ناڕەحەت بووم کە چاوم بە هەڵ�ێنی سەرکردایەتی حیزبەکەمان کەوت بەو شێوەیە کە بە ناچاری بچنە لای بارزانی، بەڕاستی دیمەنەکە وەك( تەسفیراتی مەرکەزی پۆلیس) هاتەپێش چاوم، بەڕاستی بڕیارەکەی کۆنگرە دەربارەی ئەو چوار هەڵۆڵەی سەرکردایەتی بڕیارێکی زۆر سەیربوو کە نەدەبوو ئێمەی ئەندامانی کۆنگرە بماندایەو نەدەبوو بە هیچ جۆرێك ئەو مەرجەی مەلا مستەفامان قەبووڵ بکردابایە، قەبووڵکردنی ئەم مەرجە، مەلا مستەفای زیاتر هاندا لە دوا ڕۆژ وەك سەرکردەیەکی پارتی هەنگاوی تر بنێ بەرەو دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی و فەرزکردنی خۆی بەسەرماندا، ئەو شتەی ئەو بیەوێ وا بکرێ، کەس نەێنێ لە گۆڕەپانی حیزبایەتی و سیاسەتدا لە کوردستانێپی بڵێ نا. ئەو تاکە دەنگانەی کە هەش بوون و جاروبار بەرز دەبوونەوە بەرامبەری، ئەوەش بە جێبەجێکردنی ئەم مەرجە کپکرانەوە، مەرجی (دەست بەسەر) گرتنی ئەم چوار هەڵۆڵە لەگەڵیە ولەپەنای خۆیدا، لەگەڵ چاوترساندنی هەر تاکێکی تر لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژێ لە ڕۆژان بە هەر جۆرێك بێ بەرهەڵستی بارزانی بکەن، ئەم هەنگاوەش بووە هۆی ئەوەی لە ساڵی 1975 دوایڕێککەوتنە شوومەکەی ێوان صدام حوسێن و شای ئێران وەك تاکە سوارە بارزانی بڕیاری کۆتایی هێنان بە شۆڕشی کوردستان بداو داوا لەپێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بکا ئاشبەتاڵی پێبکەن وخۆیان تەسلیم بە حکومەتی ێراق بکەنەوەو سوود لە عەفوعامەکەی صدام حوسێن وەربگرن. ب�م چی ئەکەی ئەمەیە سیاسەت ئەمەیە تاکڕەویی و لەخۆبایی بوون .

با کەمێ بگوێمەوە بەرەو دواوە بۆپێش بەستنی کۆنگرەی حەوت و چۆن بەسترا.

پارتی دیموکراتی کوردستان (بڵی مەکتەبی سیاسی)پێش بەستنی کۆنگرەی حەوت کۆنفرانسێکی لە مڵی عومەر دەبابە بەست، تایبەت بە داواکەی بارزانی بۆ کردنەوەی وتووێژوکۆتایی هێنانبەناکۆکیەکانویەکخستنەوەی بزووتنەوەی نیشتمانی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە چوارچێوەی یەك حیزبدا ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆنفرانس بە کۆی دەنگ بڕیاری ئەوەی دا بچنە ناو وتووێژو گفتوگۆ لەگەڵ پارتیدا، بۆ ئەم مەبەستەش وەفدێکی نارد بۆ لای بارزانی وبڕیاریش درا دوای گەڕانەوەی وەفدەکە تەنها کۆنگرەمافی ئەوەی هەبێ بڕیاری ێك�وبوونەوە بدا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان

ئەوەبوو وەفدەکە چاویان بە بارزانی کەوت لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی، لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی ێوان وەفدەکەوسەرکردایەتی پارتی گەیشتنە ئەو ئەنجامەی وەفدەکە خستییە بەردەم کۆنگرەی حەوتی پارتی شۆرشگێری کوردستان. کۆنگرە موافەقەتی کرد لەسەر بڕیارەکانی کۆنفرانس لەوبڕیارانە بابەتی گفتوگۆ لەگەڵ بارزانی بە ئامانجی یەکگرتنەوەی هەردوو حیزبەکە ودانانی مەرجەکانی ئەم یەکگرتنەوەیە بوو، بۆ ئەم مەبەستەش کۆنگرە وەفێکی تری هەڵبژارد بەمەبەستی پێشکەشکردنی مەرجەکانی کۆنگرە بەبارزانی وپارتی دیموکراتی کوردستان، ئەم مەرجانەش کەمترین داواکانی نوێنەرانی کۆنگرەکە بوون، بڕیاریشدرا پارتی شۆرشگێڕی کوردستان بەردەوام بێ لەکاروباری حیزبایەتی تائەوەی وەفدەکە لای بارزانی دەگەڕێتەوە و هەڵوێستی بارزانییان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کۆنگرە مافی ئەوەیدا بە وەفدەکە بڕیاری ئەوە بدەن ئایا مەرجەکانی گۆنگرە لە لایەنی دووەمەوە گونجاوە یان نا. ئەگەر ڕازی بوون لەسەری ئەوا پێشکەش کۆنگرەی حەوتی بکەن و کۆنگرە بڕیاری خۆی بدا لەسەری. خۆ ئەگەر وەفدەکە وای بینی کە مەرجەکان وەك پێویست لەلایەن پارتییەوە قەبووڵ ناکرێ ئەو کاتە کۆمیتەی ناوەندی پارتی شۆرشگێڕ هەنگاو بنێ بۆ بەستنی کۆنگرەی هەشت، بە مەبەستی دانانی ڕێڕەو وبەرنامەیەکی تازەو بەردەوامبوون لەخەباتی حیزبایەتی سیاسی وەك پارتێکی سەربەخۆ وهەوڵدان بۆ چوونە ناو بەرەیەکی یەکگرتوولەگەڵ پارتی وحیزبی بەعس وحیزبە نیشتمانییەکانی تری ێراق.

دوای ئەوەی وەفدەکە وای بینی کە مەرجەکانی کۆنگرە لە لایەن پارتییەوە قەبووڵکراوە، داوای کردکۆنگرەی حەوت بەمەبەستی موناقەشەکردنەوەی کۆبێتەوە،ئەوەبوو نوێنەرانی کۆنگرە دووبارە کۆبوونەوە ووەفدەکە ڕاپۆرتی خۆی خوێندەوە و بە زۆرینەی دەنگ بڕیاردرا لەسەر پەسەندکردنی ڕاپۆرتەکەو هەڵوەشاندنەوەی پارتی شۆرشگێری کوردستان وێکە�وبوونەوە لەگەڵ پارتیدیموکراتی کوردستان. لەکۆتایی کۆبوونەوەکانی کۆنگرە ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەی دەرکرد و لە ڕۆژنامەی برایەتی ب�وکرایەوە .

بەیاننامەی

کۆنگرە ی حەوتەمی پارتی شورشگێڕی کوردستان کۆنگرەی حەوتەمی پارتیمان لە کاتء شوێنی دیاری کراودا کۆبووەو (115) نوێنەری کادیری ئەندامیپێشکەوتوو لە لقی ناوچەکانی سلێمانی کەرکوکی هەولێری بادینانی بەغدای ئەوروپاو نوێنەرپێکخراوە دیموکراتییەکانیێدا ئامادەبوون.

کۆنگرە لەلایەن سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەڤاڵ برایم ئەحمەد کرایەوەء پاش دەقیقەیەك وەستان بە یادی شەهیدانی کوردستانی پارتییەوە. ئینجا راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی خوێندرایەوە کە تەرخان کرابوو بۆ باسی پەیوەندی پارتیمان لەگەڵ جەنابی بارزانی مستەفاو یێککەوتنەوە لەگەڵ پارتیدیموکراتیکوردستان بەسەرۆکایەتی بارزانی، لە ئەنجامی موناقەشەو لێکۆڵینەوەدا ئەندامانی کۆنگرە بەوپەڕی سەربەستی وئازادییەوە بیروڕای خۆیان دەربڕی لەسەر هەموو ئەو مەسەلانەی هاتنە پێشەوەو بڕیاریاندا:

(لەمەودوا) پارتیمان بە پارتی شورشگێری کوردستان ناوببری. دەربارەی پەیوەندی ئێمەوپارتیدیموکراتیکوردستان بەسەرۆکایەتی بارزانیمستەفا ڕاپۆرتیکۆمیتەی ناوەندی باسی ئەو هەوڵی تەقەلایانەی کرد کە دراون بۆ یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیوهاوکاریوهاوخەباتی هەمووهێزەکانی گەلی کورد،هەروەها باسی بڕیارەکانی کۆنفرانسی کرد کە یەکەمیان ئەوەبوو کە پارتیمان بەرەی یەکگرتووی نیشتمانیپێك بهێنێت لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا بە سەرۆکایەتی بارزانی و هێزە پێشکەوتووەکانی تری کوردستان.

بە�م سەبارەت بەباری سیاسی ئێستای عێراق وکوردستان وهەڵسەنگاندنی بەرژەوەندی دانی نرخ و بایەخێکی زۆر بە یەکێتی ڕیزەکانی کورد و یەکخستنەوەی خەباتیپێکخراوە دیموکراتییە پیشەییء نەقابییەکان وبە هیوای ئەوەی کە ئەم یەکێتییە ببێتە هۆی گەورەی جێبەجێکردنی بەیانی 11/ئازاری 1970ی بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی سەربەخۆداوڕێگەی یەکگرتنی هێزە دیموکراتی وپێشکەوتووەکانی گەلی عێراق خۆش بکات و، سەبارەت بەوەی کە یەکخستنەوەیڕێکخراوەکانی پارتیمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا بۆتە تاکەڕێگەی مومکین لەهەلومەرجیئێستای کوردستاندا، سەبارەت بەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان تەنها یەکخستنی هەموو هێزو توانای لایەنەکانی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردو بۆ جێبەجێکردنی ئاشتیء ئاسایش بۆ کوردستانی عێراقی نەهێشتنی تۆوی ناکۆکی و شەڕی کورد کوژی لەم سەردەمە زۆر سەخت و گرنگەدا کە گەلەکەمان خەباتی تێدا دەکات بۆ وەدەست هێنانی مافە دیموکراتی و نەتەوایەتییەکانی .لەبەر هەموو ئەم هۆیانە
کۆنگرەی پارتی شۆرشگێری کوردستان تێکە�ءکردنەوەیڕێکخراوەکانی

خۆی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان پەسەند کرد بەجۆرێك کە پارتی دیموکراتی کوردستان وەك پارتێکی پێشکەوتووی شۆڕشگێڕ دەوری مێژوویی خۆی بگێڕێت لە بزووتنەوەی کوردایەتیداو هەموو ڕۆڵەکانی یەکخاتەوەو بخاتەگەڕ لەپێناوی جێبەجێکردنی ئامانجە مێرینەکانی پارتی و شۆڕشی کوردستان و دیموکراتی ڕاستەقینە بۆ عێراق. بۆ هێنانەدی بەرەی یەکگرتووی هێزە دیموکراتیە پێشکەوتووەکانی گەلی عێراق بە کوردە عەرەبیانەوە تاکو یەکێتی نیشتمانیە برایەتیە یەکێتی تێکۆشانی کوردە عەرەب لە شێوەی ڕاستە مێژوویی خۆیدا بهێنرێتە دیە ئەو ڕاە شوێنە بناغانە دابنرێن کە پێویستن بۆ پتەو کردنی یەکێتی پارتیە پتر قالأ کردنی ڕۆڵەکانی لە بۆتەی حیزبایەتی شۆڕشگێڕانەدا، بەڕەچاو کردنی سەرەتاکانی دیموکراتی ناوەندیە کەڵك وەرگرتن لە هەموو کەفائەتە توانای کادیرە تێکۆشەرانە دابەشکردنی کاروبارو مەسئولیەتی ڕێکخستن بەسەر هەموو شایستەوتێوەشاوەکانداە سڕینەوەی شوێنەواری ناکۆکیە دووبەرەکی لە ڕیزەکانیاندا، بەتایبەتی دەستکردن بە هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوەو ڕوونکردنەوە دەربارەی پێویستیە گرنگی یەکێتیە چۆنیەتی بەهێزکردنە پتەوکردنی ڕیزە یەکگرتووەکانی پارتی، تاکو پارتی بە چاکی سازو ئامادە بکرێت بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی مێژوویی خۆی وەك پارتێکی پێشکەوتووی نیشتمانی لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا کە لە ناوەڕۆکیدا بزووتنەوەی کۆمەڵانی ڕەنجدەری کوردستانە بەتایبەتی جوتیاران کە هێزی بنچینەی کوردایەتیە شۆڕشی کوردستانە زۆربەی گەلی کورد پێك دەهێنن،واتە بۆئەوەی پارتی سەرەڕای خەباتی لەپێناوی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردا هەولأ بدات بۆ پەلەکردن لە جێ بەجێکردنی ئیسلاحی زراعی بەپێی دەسکەوتی جوتیارانی هەژارە بآزەوی ڕەنجدەرانیتری لادێی کوردستان. جا لە کاتێکدا کۆنگرەی حەوتەمی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان بەوپەڕی لەخۆبوردنە هەستکردن  بە مسئوولیەتی نیشتمانی و مەبدەئی یەکبوونەوەی پەسەند کرد لەگەلأ پارتی دیموکراتی کوردستاندا بە سەرۆکایەتی بارزانی، بانگی هەموو دڵسۆزانی کوردە کوردستان دەکات کە بە خۆشیە بەڕووخۆشیپێویستەپێشوازی لەم هەنگاوە گرنگە بکەن و هەموو کۆششە تەقەلای خۆیان تەرخان بکەن بۆ سەرخستنە چەسپاندنی ئەم یەکێتییە بەشێوەیەکی ڕاستە دروستە شۆڕشگێڕانە تا بە تەواوی هەموو ئەم کەلێنە درزانە لە ڕیزەکانی گەلەکەمان پڕکەینەوە نەوەکا ئیمپریالیزمە کۆنەپەرستە نۆکەرانیان لێیانەوە

ێنە ژوورەوە بۆگێرەشێوێنیء ێکدانی ڕیزی گەلەکەمانء یەك خستنی سەرکەوتنی کوردایەتیء بزووتنەوەی نیشتمانیء دیموکراتی لە ێراقدا.

چونکە بەربەرەکانی کردنء بەگژا چوونی ئیمپریالیزمء کۆنەپەرستء نۆکەرانیان شەێکی بنچینەی بە ئاواتء ئامانج گەیشتنی گەلی کوردء بەهێزو پتەوکردنی برایەتی کوردء عەرەبء کەمایەتیە نەتەوەییەکانء هاوخەباتی هەموو هێزە ڵسۆزو شۆرشگێروپێشکەوتووەکانی ێراقە.

هەروەك شەێکی گرنگە بۆێرخستنی تەقە�ی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی دژی یەکێتی نیشتمانی و یەکگرتنی ڕیزەکانی گەلی کورد و عەرەب لە بەرەیەکی ێکۆشەرانەدا لە پێناوی جێبەجێکردنی هەموو ماف و سەربەستییە دیموکراتییەکانی گەلی ێراق و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردء هاوبەشی کردنی گەلی ێراق لە خەباتی گەلانی عەرەبدا دژی سەهیونیەتء ئیمپریالیزمء پلانە گ�وەکانیان کە ئەمەش هەر بە یەکێتیەکی پێشکەوتووانەی گەلی ێراقء هێنانەدی حوکمێکی ئیئتلافی نیشتمانی بە چاکی دەهێندێتە دی کە ئیمڕۆ یەکێتی ڕیزەکانی کوردایەتیء گەشەکردنی بزووتنەوەکەی بەشێوەیەکی شۆرشگێڕانەیپێشکەوتوو بەردی بناغەیەتی .

لە 1971/2/4 سەعات 7ی ێوارە ئەندامانی کۆنگرەی حەوتەمی پارتی شۆرشگێری کوردستان کۆبوونەوە، ب�م لەبەرئەوەی باو تۆزبوو کۆنگرەکە دواخرا بۆ ڕۆژی دوایی ڕۆژی هەینی 1971/2/5 سەعات 9ی بەیانی کۆنگرە بەسترا 92 نوێنەر ئامادەبوون لە کۆی گشتی 115 نوێنەر کە ئەوانیش لەبەر باوتۆزەکە لەڕآ گەڕابوونەوە، هەڤاڵ مام جەلال ئەنجامی گفتوگۆیەکەی خستە بەردەم نوێنەرانی کۆنگرە کەوا زۆربەی مەرجەکانی کۆنگرەی حەوتەم لەلایەن جەنابی مەلا مستەفاو پارتییەکەیانەوە قەبوڵ کراوە، بەتایبەتی مەرجی سآیەکیلێژنەکانی ناوچەء لقە حزبیەکانءرێکخراوە کوردستانییەکان کە بێن بە ئەندامانی پارتی شۆرشگێری کوردستان. هەروەها چوار هەڤاڵی سەرکردایەتی پارتی شۆرشگێری کوردستان لە سەرەوە بهێننەوە لای جەنابی مەلا مستەفا، هەڤاڵەکانیش ئەمانەن: (برایم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری) هەردوو لا بەیاننامەکەیان لە ڕۆژنامەی (التأخی) �وبکەنەوە. هەردوو بەیاننامەکە لە کۆنگرە خوێندرانەوە. هەردوو بەیاننامەکە دوای خوێندنەوەیان لەلایەن کۆنگرەوە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کران. پاشان لە کۆنگرە ناوی ئەو هەڤ�نە خوێندرایەوە کە داندرابوون بۆ لێژنەکانء ناوەکان هەموو پەسەند کران. دەربارەی کادیرەکانیش موافەقەت

کرا کەوا وەکو کادیر بهێننەوەو یارمەتییەکانیان بۆ سەرف بکرآء ئیشءکاری حیزبایەتییان بەسەردا دابەش بکرآ، ب�م لە بواری پێشمەرگایەتیدا موافەقەتیان نەکردبوو کە مەسئولیات بدرێتە هەڤ�نی پارتی شۆرشگێری کوردستان، هەرچەندەئێمەش ئەم داوایەمان نەکردبوو.

هەڤ� ئیبراهیم ئەحمەد بە وتارێك کۆتایی بە کۆنگرە هێنا.

دوای تەواوبوونی کۆنگرە لە ڕۆژی 1971/2/5 لەگەڵا منداڵەکانم لە بەغداوە گەڕامەوە بۆ کەرکوك، سەعاتپێنجیئێوارەبوو، ئەمەش یەکەم جاربوو دوای بەیانی 11ی ئازار بە منداڵەوە سەردانی کەرکوك بکەین. لە ڕێگا توشی بارانێکی زۆر بووین، لەم بارانە کە چاو چاوی نەدەدی. خۆ ڕۆژی 2/4ش باوتۆفێکی تووش بوو. لە 1971/2/10 هەردوو بەیاننامەکەی پارتی شۆرشگێری کوردستانء پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژنامەی (التأخی) وەك بڕیاردرابوو ب�وکرایەوە، بەم جۆرەی لای خوارەوە:

الحزب الثوری الکردستانی یعلن حل تنظیماته والانضمام الی حزبنا الدیمقراطی الکردستانی

بیان الحزب الثوری الکردستانی

ایها الرفاق، اعضاء ومرشحی ومؤیدی الحزب الثوری الکردستانی.. ایها المواطنون الاعزاء، لا یخفی ان بیان اذار التأریخی قد اوجد ظروفا جدیده فی البلاد وان الاعتراف بالحکم الذاتی لکردستان العراق والإنتصار الذی حققه الحزب الدیمقراطی الکردستانی بقیاده البارزانی قد انتقل بالحرکه الوطنیه الکردیه الی مرحله اخری، الأمر الذی جعل إحداث تغییرات جذریه فی العلاقات بین القوی السیاسیه واطراف الحرکه الوطنیه الکردیه امرا فی غایه الأهمیه، وکان حزبنا قد عقد فی کانون الأول 1970 مؤتمره السابع لدراسه هذه الظروف والتطورات بصوره عامه وتحدید علاقاتنا بالحزب الدیمقراطی الکردستانی بصوره خاصه. إن المؤتمر قد قبل مبدأ وحده الحرکه الکردیه عن طریق الانضمام الی الحزب الدیمقراطی الکردستانی کسبیل للقضاء علی روح التفرقه وسد کافه الثغرات فی صفوف شعبنا الکردی وتعزیز وحده الحرکه الوطنیه الکردیه التحرریه التی تعتبر حجر الاساس فی تحدیده وحده القوی الثوریه والتقدمیه فی نضالها من اجل کافه الحقوق والحریات الدیمقراطیه للشعب العراقی والحقوق القومیه للشعب الکردی ضد الامبریالیه والرجعیه والصهیونیه ومشاریعها العدوانیه.

وكان المؤتمر قد قرر ارسال وفد الى مقر سياده البارزانى لابلاغه مقررات المؤتمر، فاجتمع الوفد بقاده الحزب الديمقراطى الكردستانى وعلى رأسهم البارزانى الذين رحبوا بمقررات حزبنا وتداولوا مع اعضاء الوفد البحث فى الخطوات الواجب اتخاذها لتكوين وحده حزبيه متينه وشكلت لجنه عليا من ممثلى الحزبين تحت اشراف البارزانى نفسه للمباشره بتنفيذ الاجراءات المتفق عليها، فقامت اللجنه المذكوره بتنفيذ واجباتها على الوجه المطلوب، وتمت الترتيبات اللازمه لضم ممثلى هيئات ومنظمات الحزب الثورى الكردستانى الى الحزب الديمقراطى الكردستانى، وعليه لما لم يبق ما يستوجب الاحتفاظ بكيان مستقل للحزب الثورى الكردستانى فقد قررنا حل كافه منظمات والنضال فى صفوف الحزب الديمقراطى الكردستانى بقياده المناضل مصطفى البارزانى.

هذا وفى الوقت الذى نزف فيه هذه البشرى الى ابناء شعبنا الكردى نناشد جميع المخلصين من ابناء شعبنا المناضل العمل بجد واخلاص لكى تأتى هذه الوحده التى كانت احدى امنيات شعبنا العزيزه وطوال السنوات المنصرمه ثمارها المرجوه فتكون نهايه للأقتتال والمنازعات وفاتحه عهد جديد للنضال الموحد فى سبيل تحقيق اهداف شعبنا وتنفيذ بيان 11 آذار وصيانه الأمن والاستقرار فى كردستان والذود عن كيان الجمهوريه العراقيه وتمكين الحزب الديمقراطى الكردستانى من انجاز المهام الملقاه على عاتقه كحزب تقدمى ثورى فى الحركه الوطنيه الكرديه والحركه الوطنيه التحرريه فى المنطقه وقاعده ثوريه لتحقيق اتحاد بين القوى الديمقراطيه والثوريه فى البلاد للنضال من اجل ضمان الحقوق الديمقراطيه للشعب العراقى والحقوق القوميه للشعب الكردى بما فيها الحكم الذاتى لكردستان ومسانده نضال الشعوب العربيه ضد الامبرياليه والصهيونيه ومشاريعها العدوانيه ، كما وندعو اعضاء حزبنا والحزب الديمقراطى الكردستانى بقياده المناضل مصطفى البارزانى الى النضال من اجل ترسيخ وتمتين هذه الوحده اكثر فاكثر ويوما بعد يوم فانها ضمانه جميع انتصاراتنا.

بيان الحزب الديمقراطى الكردستانى

كان الانتصار التأريخى الذى احرزه شعبنا الكردى فى الحادى عشر من آذار والاعتراف بحقه الطبيعى فى الحكم الذاتى ضمن الجمهوريه العراقيه انتصارا تأريخيا لشعبنا العراقى باسره ولحزبنا الديمقراطى الكردستانى وحزب البعث العربى الأشتراكى وكل القوى الوطنيه والتقدميه فى العراق، وتعزيزا لوحده الشعب العراقى الوطنيه وللأخوه الراسخه بين القوميتين المتآخيه

وهزيمه نكراء للمواقف والسياسات الشوفينيه والرجعيه وللحرب العنصريه الظالمه التى تعرض لها شعبنا الكردى طوال سنوات الأقتتال المؤسفه السابقه.

ولاشك ان احدى المستلزمات الاساسيه للمحافظه على هذا المكسب الكبير وضمان تنفيذه وتطويره تكمن فى توحيد جهود جميع الاكراد المخلصين لشعبهم ووطنهم وتوجيه كل مالديهم من طاقات الدفاع عنه وجعله حقيقه واقعه. وانطلاقا من هذا الفهم الموضوعى لواقع شعبنا الكردى فقد دعا سياده البارزانى قبل وبعد صدور بيان آذار التأريخى جميع ابناء شعبنا الكردى الى اسدال الستار على ماسى وويلات التفرقه والانقسام فى الماضى وفتح صفحه جديده من العمل البناء المثمر والالتفاف حول الرايه الخفاقه لحزبنا الديمقراطى الكردستانى والتعاون مع الحكم الوطنى لتطبيق مواد البيان المذكور وباعتبار ذلك شرطا ضروريا لتكوين الجبهه الوطنيه التقدميه المنشوده التى يعمل حزبنا بجد واهتمام من اجل تكوينها واستيعابها للقوى الوطنيه والقوميه والديمقراطيه فى العراق.

وقد استجاب لهذا النداء المخلص العديد من الاشخاص والعناصر الوطنيه والقوى الكرديه ادراكا منها لمسؤوليتها وواجباتها الوطنيه ولأهميه وحده الحركه التحرريه الكرديه وللدور السياسى الخطير الذى يلعبه حزبنا الديمقراطى الكردستانى بقياده البارزانى. وقد قوبل كل ذلك بالأرتياح التام والرضا العميق من جماهير شعبنا الكردى ومن أصدقائه فى كل مكان. وتبرز فى هذا المجال اهميه البيان الذى اصدره الحزب الثورى الكردستانى والذى يقضى بحل تنظيماته والانضمام الى حزبنا الديمقراطى الكردستانى. وان دل هذا البيان على شئ فانما يدل على عمق تفهم هؤلاء الاخوان للحقائق الوارده اعلاه والى تقديرهم للظروف الدقيقه التى يجتازها شعبنا الكردى فى هذه المرحله الهامه من تأريخه.

واننا فى الوقت الذى نرحب فيه بهذا البيان ونثمن مضمونه ندعو منظمات ومناضلى حزبنا الى تقدير هذه الخطوه المباركه واعطائها اهميتها والى استعاب رفاقهم الجدد فى صفوف حزبنا المجاهد وفقا لمبادئه التنظيميه الديمقراطيه، وبشعور عال بالمسؤوليه الوطنيه والحزبيه، ولاشك ان هذه الخطوه سيكون من شأنها تعزيز وحده شعبنا الكردى المناضل والمساهمه فى اعطاء زخم جديد لحزبنا الديمقراطى الكردستانى ولمسيره شعبنا النضاليه السائره نحو تحقيق اهدافها القوميه والديمقراطيه ولكى يمضى حزبنا قدما فى طريق تحقيق اهدافه وغاياته النبيله. وقد تم وضع الاسس

والتفاصيل لأستيعاب هؤلاء الأخوان على مستوى الحزب والمنظمات الكردستانيه الجماهيريه المختلفه.

اننا ندعو جماهير كردستان بصوره عامه الى دفن الماضى والتركيز على الأخوه والتعاون ووحده الصفوف وقطع الطريق على دعاه التفرقه واعداء الشعب، لأن تحقيق الوحده الوطنيه على صعيد شعبنا الكردى ضمانه اساسيه لأقامه هذه الوحده على اسس صلده بين القوميتين العربيه والكرديه وأبناء الشعب العراقى كافه فى سائر انحاء الجمهوريه العراقيه. ان المسيره الصائبه للحركه الوطنيه التقدميه لشعبنا الكردى اثبتت بما لايدع مجالا للشك ان حزبنا الديمقراطى الكردستانى بقياده البارزانى هى القياده المؤهله واقعيا وتأريخيا للمضى بهذا الكفاح المجيد الى نهايه الظافره.

الحزب الديمقراطى الكردستانى

10/2/1971

بەم جۆرە پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان لە کۆنگرەی حەوتەم ناوی خۆی گۆڕی لە (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە بۆ (پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان). لەگەڵ ڕیاری هەڵوەشاندنەوە و یەکەلآوبوون لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان . دووبەرەکی نێوان پارتی شۆشگێڕی کوردستانء پارتی دیموکراتی کوردستان لە 1964/2/10 وە دەستیپێکرد دوای ئەوەی بارزانی لەگەڵ عبدالسلام عارفڕێککەوت و شەڕی بەبێ قەیدو شەرت ڕاگرت. ئەوە بوو لە ڕۆژی 1964/4/1 ، ڕۆژی بەستنی کۆنفرانسی (ماوەت)، لەم مێژووەوە تا کانونی یەکەم/1970 ڕبوو لە دەردە سەرێو ناخۆشی و تاڵی لە مێژووی گەلی کورد و پارتیمان. هۆی ئەم دووبەرەکییە ئەوەندە قول بوو وا هاسان نییە بەچەند لاپەڕەیەك ڕوونی بکەمەوە، بۆیە هەوڵ دەدەم بە ئەمانەتەوە هەرچی دەزانم و ئاگادارم ێکی لەم یادداشتەمدا بینووسمەوە.. هەرچەندە قواعیدی پارتی بریتی بوون لە جەماوەری ڕەش ورووتی کوردستان وزۆربەشیان ئەندامی ڵسۆزو چالاك وشۆرشگێڕو قڵبووی بۆتەی خەباتی شۆرشگێڕانەی گەلەهەژارەکەیان بوون، جیاوازیەك و بۆشاییەکی زۆرهەبوو لەنێوان سەرکردایەتی وقواعید،چ لەڕووی چینایەتییەوە چ لەڕووی بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژیەوە. لەڕاستیدا دوای دووبەرەکییەکەی 1964 چینی جووتیاران وئەندامانی قواعیدی خوارەوەی پارتی تووشی ناڕەحەتی وکوشتن ولەناوچوون بوون لە هەردوو بڵای حیزبەکە، بڵای مەکتەبی سیاسی و بڵای بارزانی، هیچ جیاوازییەك نەبوو

لە ئێوان ئەندامانی هەردوو باڵەکە چ لە ڕووی فیکرییەوە چ لە ڕووی چینایەتییەوە، زۆر جاریش ئەندامانی هەردوو باڵەکە جێگۆڕکێیان دەکرد وسەنگەریان دەگۆڕی. خۆ لە ڕیزی سەرکردایەتی لە هەردوو باڵەکە ئەو زەرەرو زیانەت بە دی ناکرد کە لە قواعیدەکە دەکەوت. بە واتایەکی ڕوونتر ڕۆڵەکانی جووتیاران و ڕەش و ڕووتی کوردستان سووتەمەنی سەرەکی و ڕاستەقینەی شۆرشەکە بوون.

ڕۆڵی مام جەلال لە ناو پارتی و شۆڕشی کوردستان:

لەسەرەتادا مام جەلال وەك تێكۆشەرێکی سیاسی هەڵگری بیرو باوەڕی چەپڕەوی مارکسی لینینی بوو، بە�م دوای شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 چەندجار بیروباوەڕی گۆڕی. بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەو سەر بە بیرو باوەڕو تاقیکردنەوەی سۆڤیەت بوو،کەواتە مارکسی لینینی بوو،هەرچەندە ئەوسەردەمە زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی پارتیمان پەیڕەوی ئەم خەتەیان دەکرد تا ڕادەیەك پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی وەك حیزبێکی شیوعی نیشان دەدا. لە س�نی 1968-1971 بووە ماوییەك لە (ماوتس تونگ)ماوی تربوو، هەوڵ وتەقەلایەکی زۆری دەدا لە ڕیزی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان بیروڕای (ماوی) ب�وبکاتەوە. هەروەها بەنهێنی لە ژێرەوەڕێکخستنێکی (ماوی) جیاوازی دروست کردبوو لە ڕیزی پارتی واتا ڕێکخستن لەناو ڕێکخستن کە ئەمەش دژی پرنسیپەکانی پارتی بوو، ئەوەش زیاتر دوای دەرچوونی مام جەلال لە عێراق وچوونی بۆ بەیروت لە ساڵی 1971، لە ساڵی 1972 تا ساڵی 1975 بەئاشکرا دەرکەوت. دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی کوردستان، مام جەلال ناوی پارتیەکەی بە ناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاشکراکردو دروشمی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی لە کوردستان دژی حکومەتی عێراقء پارتی بەعس هەڵکرد، لەگەڵ تاوانبارکردنی مەلا مستەفا کە ئاشبەتاڵی بە شۆڕشی کوردستان کرد. مام جەلال لە ساڵی 1974 لە ڕۆژنامەکان بەتایبەتی ڕۆژنامەی (السفیر)ی بەیروتی دووبارە بایدایەوەو تەسریحیدا کەوا شۆڕشی کورد بآ سەرکردایەتی مەلا مستەفا ناگاتە ئەنجام. ئەم جۆرە بادانەوەیە بەلای مام جەلالەوە هەنگاوێکی زۆر ئاسایی بوو لە بواری سیاسەتدا . ب�م پێش ئەوەی بابداتەوە، مام جەلال بە مامۆستا عولەمایا (عبدالرحمن زەبیحی) دوای گەڕانەوەی مامۆستا عولەما لە بەیروتەوە بۆ بەغدا نامەیەکی بۆم نارد کە بچمە بەیروت و چاومان بە یەك بکەوێ. ئەوەبوو لە 21/شوبات/1974 لە بەیروت لە (فندق الشیخ) چاوم بە مام جەلال کەوت

پێمی وت:( کورد سەرناکەوآء ناگاتە ئامانج بەبآ سەرکردایەتی بارزانی) بەلای منەوە ئەم هەڵگەڕانەوەیەی مام جەلال سەیر نەبوو، زۆر جاریتر گۆڕی دەگۆڕی و کورد وتەنی( لە کوێوە بای بهاتایا شەنی خۆی دەکرد). موناقەشەیەکی زۆری لەگەڵمدا لەسەر ئەم بابەتە کرد، پاشان داوای لێکرد،کە پارتەکەمان پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان هەڵبوەشێنینەوە و دووبارە بچینەوە ناو ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە�م من ڕازی نەبووم لەسەر ئەم بۆچوونەی مام جەلال ، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ پاشەڕۆژ و بۆ ئەوەی مام جەلال ئینکاری ئەم هەڵوێستەی نەکا، داوای نامەیەکم لێیکرد بۆ ئیدریس و مەسعود بارزانی دەربارەی گفتوگۆ کردن لەسەر مەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی پارتی شۆڕشگێری کوردستان. وێنەی نامەکەی وەك خۆی وا لە خوارەوە دەنووسمەوە:

نامەکە

بەیروت 1974/3/1

برای خۆشەویستمان کاك مەسعوودی پێز

لە دوای سەلام و ئیحترام

بەهیوای شادیء سەرکەوتنتانین وا هەڵگری نامەکان(:..:.:.:......)

هاتن بۆ خزمەت جەنابتان، لەسەر ئەساسی ئەم گفتوگۆیەی لە بەیروت لەگەڵ یێنەریان کراوە، هیوامان وایە بەڵخۆشی بگێڕێنەوە لەلاتان.

ئیتر هەرخۆش بن.

برای دڵسۆزتان برای دلسۆزتان

عزیز مام جەلال

ناوی هەڵگری نامەکە نەنووسراوە لەبەر هۆی ئەمنی. ب�م بڕیار وابوو هەڤاڵ عبداللە ڕۆژبەیانی نامەکە بەرێ بۆ جەنابی مەسعود بارزانی .

لە ساڵی 1995 کە لە بەغداوە ه�تم بۆ کوردستان و لە سەردانەکەم بۆ لای مام جەلال بە ئامادەبوونی ئەبو شەهاب ( ئیحسان نەجیم)، لە ق�چوالان بۆ نانی ئێوەڕۆ دەعوەت کرابووین. نامە ئەسڵییەکەم دایەوە مام جەلال، مام جەلال کە نامەکەی خوێندەوە وتی ئەمە نامەکەی خۆمە، منیش وتم بەڵێ نامەکەی جەنابتە: ئەگەر بە قسەی جەنابتم بکردایا ئێستا لای کاک مەسعود دەبووم نەک ئێرە .

با بگەڕێینەوە بۆ سەر نامەکانی مام جەلال:

پێش ئەوەی بچمە بەیروت: مام جەلال لە 1974/2/25 لە بەیروتەوە ئەم نامەیەی بە دەست شەهیدی خواللێخۆشبوو مامۆستا عولەمادا نارد بۆم، دوای گەڕانەوەم بۆ کوردستان لە ساڵی 1995 نووسخە ئەسڵیەکەم دایەوە بە مام جەلال لە ق�چوالان لە 12\1995.

نامەکە

بەیروت 1974/2/25

برای خۆشەویستم شێخ ستاری پیرۆز

سڵاوێکی گەرم

شادی وبەختیاریتانم داوایە..

من وام لە بەیروت ئەوەی پێویستم کردووەو ڵێبێنی تەواوم وەرگرتووە. بەم جۆرەی کە پێکەوەپێشتر قسەمان لێکرد چاوەنواڕی هاتنی خۆتان یان عبدالله ڕۆژبەیانی یان یەکێکیتر لە برادەران.

هیوام وایە ڕەئیەکانی منتان بەو برایانە گەیاندبێت وە هەموویان پەسندیان کردبێت. بۆیە چاوەنواڕی هاتنی نێنەر تانم بۆ لام بە زوویی.

سەلام لە هەموو برایان ئەکەم بەتایبەتی ئەوەی هەواڵم ئەپرسێ.

پێش ناردنی برادەرەکە بۆ بەیروت با سەرێك لە مامۆستا عولەما بدات گەر شتێك هەبوو بۆمی بێنێت. هەروەها کتێبی نوێی کوردی و هەر دوو بەرگی دیوانی جەواهیریم بۆ بنێرە.

ئیتر هەر خۆشبی..

برای دڵسۆزتان

مام جەلال

لە نامەکەی مام جەلال دیارە کەپێشتر من ومامجەلالپێکەوە دەربارەی زیندوو کردنەوەی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان قسەمان کردووە ،پێش ئەوەی هەر بەڕێگای ئێمەوە لەگەڵ هێرۆ خانی هاوسەری بە ناوی نەخۆشییەوە بچنە بەیروت. چوونیان بۆ بەیروت بە یارمەتی ئێمەوە بوو، شێخ جەباری برام ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیمان بوو، داوامێکرد بە ڕێگای عەلی ئەرکوازییەوە ناسراو بە ( عەلی باوە) لە مەکتەبی (علاقات) هەردوو پاسەپۆرتەکەی مام جەلال و هێرۆ خان"ڤیزەیان" بۆ وەربگرێ و قەدەغەکردنی گەشتیانیش لەسەر لابەرێ .پێش ئەوەی مام جەلال سەفەری بەیروت بکا ڕەزامەندیم وەرگرتبوو لەسەر زیندووکردنەوەی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان .

لە مانگی ئازاری 1974 مام جەلال لەگەڵ مامۆستا عولەما نامەیەکی بۆم نارد، لە نامەکەی داوایلێمکردبوو بچمە بەیروت بۆ لای و ئەگەر چووم ئەوا دیوانەکەی جەواهیری کە تازە چاپکرابوو بۆی بەرم، ئەوەبوو چوومە بەیروت

ودیوانەکەی جواهیریشم بۆی برد. کەچوومە بەیروت لەسەر داوای مام جەلال چوومە (فندق الشیخ).

له 1974/3/28 لە بەیروت بووم ، له (فندق الشیخ) چاوم بە مام جەلال و عەزیز ڕەزا کەوت ، لەم چاوپێکەوتنەمدا لەگەڵ مام جەلال ، دەربارەی پارتی شۆڕشگێڕ قسەمانکرد ، بەتایبەتی لەسەر چۆنیەتی دووبارە هەڵوەشاندنەوەی حیزبەکەو تێکە�وبونەوە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی بارزانی، بە مام جەلالم وت: با مەلا مستەفا بڕیارەکانی کۆنگرەی حەوتی پارتیمان جێبەجێ بکا ئەو بڕیارانەی هەردوو پارتی، پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان لەسەری یێك کەوتبوون،ڕێك کەوتنەکە بەدەست خەتی عومەر دەبابە وحەبیب محمد کەریم نوسرابوون، پاشان وەك خۆی لە ڕۆژنامەی (التاخی) ب�وکرایەوە ، ئەوکاتە ئامادەین لەگەڵیاندا گفتوگۆ بکەین.پێمووت مام جەلال خۆت دەزانی بەداخەوە مەلا مستەفا و پارتی دیموکراتی کوردستان پاش گەزبوونەوەو ئەو یێککەوتنەیان تەنها بۆ ئەوە بوو پارتەکەی ئێمە پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان لەناو بەرن. .

وتووێژەکەمان لە بەیروت لەگەڵ مام جەلال زۆر توندوتیژبوو، ب�م توندوتیژیەکە شەخصی نەبوو بەڵکو لەبەر ئەوەبوو بابەتەکە زۆر ئالۆز بوو، هەربۆیە نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێك. لەو بۆچوونانەی مام جەلال کە سووربوو لەسەری ئەوەبوو دەیووت،" ئەم جارە شەڕدەسپێبکاتەوەلەگ�ڵەوەدەسپێناکاتەوەبەڵکو لەکەرکوکەوە دەستی پێدەکاتەوە"، منیش ڕام وابوو کە لە گ�ڵەوە دەستیپێدەکاتەوە، بە مام جەلالم وت : ئەم چوارساڵەی دوای بەیانی 11 ئازار حیزبی بەعس خۆی گرتۆتەوە و سوپاکەی پڕ چەك کردووە، زۆر جیاوازیی لەگەڵ ساڵی 1970دا هەیە ، صدام حسین دوای بەیانی ئازار دانی بەوەدا نا کە تا دەگا بە هەندێ لە تۆپە گەورەکانیان گوو لتۆپیان نەمابوو، جگە لەوەی سوپاکەی زۆر ماندووبوبوو. لە ماوەی ئەم چوارساڵەش هێزیپێشمەرگە ساردبوونەتەوە وبەعسییەکان توانیویانە ژمارەیەك لە سەرکردەکانیان و کادیرەکانی پارتی لە ژێرەوە بکڕن و لە کاتی دەسپێکردنی شەڕ وەك ڕەتڵیپێنجەم بەکاریان بێنن. مام جەلال ئەم بۆچوونەی منی نە سەلماند. بە هەرحاڵ مام جەلال دوو نامەی بەدەست خەتی خۆی دامێ بۆ ئیدریس و مەسعود بارزانی، هەردوو نامەکەم لە شوێنێکی تری ئەم یادداشتەدا وەك خۆی ب�وکردۆتەوە... منیش نامەکانم نەبرد بۆ ئیدریس و مەسعود لەبەر ئەوەی

قەناعەتم بەوە نەبوو بارزانی بوارمانپێدەدا، ڕۆڵی خۆمان لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ببینین چۆن ئەو بوارەی پێمانندا دوای هەڵوەشاندنەوەو تێکچوونەوەکەی پارتی شۆڕشگێرلەگەڵ پارتیدا ، هەروەك دوا ڕۆژیش ئەم ڕاستییەی ئاشکرا کرد، تا دەگا بە مام جەلالیش ماوە نەدراپێی لە ڕیزەکانی پارتی کار بکا بەڵکو نەك مام جەلال زوربەی زۆری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی شۆڕشگێڕ تا دەگا بە کادیرە پێشکەوتووەکانی ڕێگایانپێنەدرا لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کاربکەن ، هەربۆیە لەئەنجامدا (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) بەسەرکردایەتی مام جەلال لە ساڵی 1975. هاتەکایەوەو لەدایك بوو. لە دوا دانیشتنم لەگەڵ مام جەلال عەزیز ڕەزاش بەشدار بوو لەو دانیشتنە ، عەزیز ڕەزا نوێنەری بارزانی بوو لە بەیروت پێمی وت شێخ ستار دەبێ ئەوە بزانی کە شۆڕش هەموو کاتێ دەیتوانی بتکوژێ ، بەم نەیویستبوو بتکوژێ ، ئەم قسەیەی عەزیز ڕەزا زۆر کاری تێمکرد و بووە هۆی ئەوەی لەگەڵ مام جەلال ڕیك نەکەوم و بە توندیش وەمی عەزیز ڕەزام دایەوەوپێم وت: "ئەگەر لەبەر مام جەلال نەبوایا من ئامادە نەبووم لەگەڵ مێشکێکی وەك تۆدا دابنیشم، جەنابت ئەگەر لە بەیروت قسەی وا زل بکەی، ئەی دەبێ حیزبەکەمان هەڵ بوەشێنینەوەو بگەڕێینەوە گەڵ بەچ زمانێ قسەمان لەگەڵدا بکەی.!" مام جەلال لە قسەکانی عەزیز ڕەزا زۆر دڵ گران بوو، دەستی گرت و لە شوێنی دانیشتنەکەمان لە ئوتێل (الشێخ )دووری خستەوە. هەرچەندە نەدەبوو مام جەلال مرۆڤی وا هیچ و پووچ لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەو کۆبوونەوە دوو قۆڵییەبێنێ. ڕۆژی دوایی مام جەلال هاتە لام، داوایکرد نامەکەی کە دابوی پێم بۆ ئیدریس و مەسعود بارزانی بیدەمەوە پێی هەندێ تێبینی تازەی هەیە لەسەر نامەکە بینووسێ، من هەستم بەوە کرد، مام جەلال دوای ئەوەی نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێك نامەکەم لێوەربگرێتەوە، ئەوەبووپێموت نامەکەم داوە بە شێخ جەباری براما ناردەوە بۆ بەغدا، مام جەلالیش وتی: شێخ جەبار نامەکەم بۆ دایەرەی عیلاقات دەبا، منیشپێموت شتی وا ناکرێ، شێخ جەبار ناتوانێ ئەو نامەیە بکاتەوە یان بۆ دایەرەی عیلاقاتی بەرێ، لە ڕاستیدا نامەکەم نەدابوو بە شێخ جەبار، بۆیە وام وت بۆ ئەوەی زۆر ئیلحاح لەسەر وەرگرتنەوەی نامەکەی نەکا. ئەوبوو لە ساڵی 1995 کە لەبەغداوە هاتم بەرەو کوردستان، نامەکەم بە دەست خەت خۆی گەڕاندەوە بۆ مام جەلال لە قەچوالان ووتی ئەوە چییە ؟ نامەکەی خۆمە. منیش وتم بەڵێ نامەکەی خۆتە، ئەگەر

بەقسەی جەنابتم بکردبایە،ئێستا کێرە نابووم بەڵکو لە صلاح الدین دەبووم!. ئەو ڕۆژە مام جەلال لەگەڵ ئەبو شەهاب لە قە�چوالان دەعوەتی کردبووین .

دوای گەڕانەوەم لەبەیروت بۆبەغدا لە 1974/3/3نووسراوێکم بەناوی پارتی شۆرشگێڕی کوردستان ئاراستەی صدام حوسێن کرد، وا لەخوارەوە دەقی نامەکە وەك خۆی بەزمانی عەرەبی دەنووسمەوە:

الحزب الپوری الكوردستانی

3/3/1974

الرفيق نائب امين سر القياده القگريه لحزب البعپ العربی الاشتراکی المحترم

تحيه پوريه

غادرت بغداد الى بيروت بتاريخ 1974/2/27 بناء على گلب من السيد جلال الگالبانی حيپ ارسل إلى رساله سبق وان ارسلت صوره للرساله مع ترجمتها لكم.

التقيت بالسيد جلال الگالبانی فی اليوم نفسه مساء، وبعد مناقشه دامت اكپر من اربع ساعات فهمت منه النقاگ التاليه:

1. قال لی بانه ارسل رساله الی السيد مصگفی البارزانی ونجله مسعود البارزانی من  بيروت، حول استعداد حزبنا الحزب الپوری الكردستانی للتفاوچ والحوار مع مقر البارزانی لحل الخلافات بيننا – ای بين البارتی والپوری الكردستانی- ومن پم حل الحزب الپوری ودمجه مع البارتی مره اخری. وان البارزانی خوله برساله شخصيه حول التفاوچ معنا وانهما ای السيد جلال الگالبانی وعزيز رچا مخولان باسم البارزانی للتباحپ معی ، واننی بدوری افهمته بانه لا يمپل البارزانی وما هی الچمانات بالنسبه لجماعتنا اعچاء الحزب الپوری فيما لو دخلنا مپل هڨه المفاوچات معه، وهل انه ای السيد جلال الگالبانی له امان لشخصه اڨا ڨهب الی كلاله ، اجابنی بالنفی. وبعد مناقشه گويله وصريحه قال السيد جلال اننی اريد منكم ان تدخلوا حواراً مع جماعه البارزانی لحين يوم 11 اڨار عام 1974 ليتبين لكم هل ان نوايا حزب البعپ جاده وسليمه تجاهكم ام لا؟. وفی رای جلال الگالبانی انكم غير جادّون معنا، الا اننی افهمته بان الخلاف بيننا وبين البارزانی وجماعته خلافات عقائديه بدأت منڨ اوائل عام 1964 اڨ لا يمكننا المساومه على تلك

المبادیء، وكیف انه السید جلال یبرر مپل هژه المواقف فی الوقت الژی هو یدین حركه البارزانی. وخلال المناقشه استنتجت بان رأی السید جلال هو كالاتی:

(چروره بقاء حركه البارزانی كحركه قومیه رغم وجود هژه العلامات الاستفهامیه حولها ورغم كونها حركه تمپل الاقگاع والرجعیه فی كوردستان ، وژلك للحفاق علی الشعب الكوردی تجاه سیاسه التعریب والتبعیپ فی كوردستان ومن پم یناچل هو ونحن وكل التقدمیین چد حركته بعد حل التناقچات الرئیسه مع حزب البعپ حسب رأی جلال.)

.2 أن نرسل اپنین من رفاقنا غیر الخگرین – ای لا خوف علی قتلهما – الی كلاله للتفاوچ مع البارزانی، وقد زودنی السید جلال برساله شخصیه موقعه من قبله ومن قبل عزیز رچا والمرفقه صوره منها مع هژا التقریر مع ترجمتها، واننی انتقر رأیكم بخصوصها. وفی حاله موافقتكم حول ارسال شخصین من قبلنا یرجی اعلامنا بتوجیهاتكم، حیپ اننا نرغب فی ارسالهما لاجهاچ محاولاتهم چد حزبنا والوصول الی الحقیقه وهدفهم لهژه المحاولات لحل الحزب الپوری الكردستانی وكژلك لاخژ اقرارهم الرسمی بوجود هژا الحزب كحزب پوری علی نگاق كوردستان.

.3 علمت من السید جلال الگالبانی وعزیز رچا فی الیوم الپانی لدی اجتماعی معهما حیپ حچر عزیز رچا اجتماعنا الپانی فی بیروت یوم 1974/2/28 بناء علی گلب السید جلال الگالبانی وعلمت منهما بان البارزانی وجماعته زودوا من قبل جهات اجنبیه ومن ایران بصواریخ مچاده للگائرات والدروع ومن احسن الانواع، ای صواریخ متگوره، وان الجیش العراقی یدهش عندما یصگدم بالامر الواقع لدی استئناف القتال، وان اربع دورات لتدریب المسلحین الكورد علی الصواریخ فی ایران قد انتهت مع وجود خبراء اجانب فی كوردستان علی هژه الصواریخ ، وان مدی هژه الصواریخ چد الدروع یبلغ حوالی 30 كم.

.4 من المتوقع ان یعلن البارزانی جمهوریه كوردستان ژات الحكم الژاتی من جانب واحد فی حاله رفچ الحكومه العراقیه مگالیبه والمگالیب هی كما ژكرا لی كالاتی:

أ . الموافقه علی بقاء پلاپین الف مسلح كوردی . ای بیشمركه.

ب. حل مجلس قیاده الپوره.

ج. اعگاء حق الفيتو (النقچ) لممپل البارزانى فى البرلمان العراقى.

ء. سحب القگاعات العسكريه من كوردستان.

5. استعداد ايران للتدخل العسكرى فى حاله تعرچ البارزانى لهجوم عراقى.

6. لقد افهمت السيد جلال الگالبانى بان القوى الوگنيه والقوميه التقدميه فى العراق عموما تقف چد اى خگوه انفصاليه اژا كان الهدف من اعلان جمهوريه كوردستان هو الانفصال ولا اعتقد ان ايران يدافع عن الكورد وعن البارزانى اژا شعرت باى خگوره من هژا القبيل، ومساعدات ايران للحركه الكورديه لا تخرج عن نگاق اتخاژ الحركه الكورديه المسلحه ورقه بيدها چد العراق، واى تقارب بين العراق وايران يكون على حساب شعبنا الكوردى والقچاء على حركته المسلحه.

7. افهمنى السيد جلال الگالبانى بان للبارزانى مخاوفه من جماعه الپورى الكوردستانى حيپ فى قناعته هو ان الحزب الپورى هو الحزب الوحيد حاليا فى الساحه الكوردستانيه يتمكن ان يكون بديلا للديمقراگى الكوردستانى فى المستقبل، لژلك يبژل كل جهوده لحل هژا الحزب وشق وحدته على الاقل.

8. اما بخصوص الحزب الديمقراگى الكوردى فى سوريا فقد اجتمعت بالجناحين جناح حميد درويش وجكرخوين وجناح صلاح بدرالدين وكلاهما معارچين للبارزانى، وابديا استعداد حزبيهما للتعاون معنا الا انهما بحاجه الى الدعم المادى من قبلنا وفى راينا ان ابداء المساعده للاحزاب الكورديه خارج العراق لا تخلو من الفائده لعزل البارزانى وحركته العشائريه عن المپقفين وبصوره خاصه عن الحركه الگلابيه فى اوربا.

9. فى حاله ابداء موقف ايجابى وعلنى تجاه حزبنا فى هژه المرحله يمكننا تجريد مناگق كبيره من جماعه البارزانى ودفع المخاوف عن الاكراد البسگاء الژين يحاول البارزانى وجماعته استغلالهم وجرهم الى جانبهم وژلك بتخويفهم باقتراب استئناف القتال وقسوه حزب البعپ تجاههم رغم اننا نحاول الكپير الان لافهام الجماهير الكورديه عكس هژا المفهوم ... وفى حاله عدم ابداء موقف ايجابى تجاهنا فسوف تكون الساحه الكوردستانيه ساحه مقفله للبارزانى وجماعته.

هذا والى الامام....

عبدالستار طاهر شريف – سكرتير اللجنه المركزيه للحزب الپورى الكوردستانى .3\اذار\1974

ئەگەر بە وردی چاوێك بە گفتوگۆكەی نێوان من و مام جەلال بخشێنینەوە ئەم ڕاستیانەی لای خوارەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

1.ئێران نەك ئامادەنەبوو لەكاتی دەستپێكردنەوەی شەڕ لە نێوان مەلا مستەفا وحیزبی بەعس یارمەتی مەلا مستەفا بدا بەڵكو بەپێچەوانەوەش لە پشت پەردەوە لەگەڵ صدام حوسێن ڕێك كەوت وئەوەبوو شای ئێران وصدام لە جەزائیر لەسەر هەرەسپێكردنی شۆرشی كوردستان رێككەوتن .

2. دەربارەی هەڵوێستی حیزبی بەعس بەرامبەر پارتیمان پارتی شۆرشگێری كوردستان ئاشكرا بوو صدام حوسێن حیزبە كوردییەكانی بەغدای تەنها بۆ دیعایە بوو، دیعایەو بەس، باوەڕی بە بوونی حیزبی كوردی یان هیچ حیزبێكی تر نەبوو، تەنها حزبی بەعس نەبێ. تا دەگا بە حیزبی شیوعی عێراقیش سەرەڕای ئەوەی یەكێتی سۆڤێیت لە پشتی بوو، حیزبێكی كۆن و خاوەند مێژوویەكی لەمێژینە بوو، كاتیَ لە بەرەی نیشتمانی لەگەڵماندا بوو چوار ئەندامیانیش لە بەرەكە بوو، هیچ ڕۆڵێكیان نەبوو، بەڵكو حیزبی بەعس تەنها بۆ دیعایەی دەرەوە لە بەرە دای نابوون، تا گەیشتە ئەوەی زوَربەی ئەندامانی قواعیدیان لە گرتوخانەكانی عێراق توند كرابوون و هەندێكیانیش بە داخەوە و بە ناحەق ئیعدام كران.

3. ڕاكانی مام جەلال ڕاست دەرچوو كە پێیگووتم چاوەڕێی ڕۆژی 1974/3/11 بكە ، بزانە حیزبی بەعس ڕاستتان لەگەڵ دەكا یان نا ... ئەوەبوو دوای هەرەس هێنانی شۆڕشی كوردستان بەتەواوی خراینە پشت گویَ ، نەك پشت گویَ بەڵكو دەست كرا بە (احتوا) كردنمان وزۆربەی زۆری ئەندامانی سەركردایەتی هەر سێ حیزبەكە پارتی جەماعەتی عەزیز عەقراوی وهاشم عەقراوی ، پارتی شۆرشگێرو حركه التقدميين الكورد، یان كران بە ئەمن یان بە لایەنگرو ئەندامی بەعس و قەدەغە كراین لە ڕێكخستنی هەموو ئەوكەسانەی دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی كوردستان ڕێكبخەین هەروەها پۆلیس وپۆلیسی خانەنشین وسەربازو سەربازی خانە نشین و كرێكاران ودامەزراندنی سەندیكای كرێكاران یان ئافرەتانی كوردستان وقوتابیانی كوردستان و لاوان. پاش چەند ساڵ كۆبونەوەیەك بەسەرپەرشتی سەعدی مەهدی صالح سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانی

و ئەندامی قیادەی قوتری حزبی بەعس بەتوندی رەخنەی لەهەرسێ حزبەکەگرت گوایە هیچ چالاکیتان نیە لەکوردستاندا وگۆڕەپانەکەتان بۆ یەکێتی نیشتمانی وپارتی چۆڵکردووە وبەکەیفی خۆیان تەراتێن دەکەن لە کۆبونەوەیە قسەم کردو وتم ( کاك سەعدی هێنی لە کەرکوك بووم چومە گۆرستانی شیخ محی الدین و پارامەوە لە مردووەکان بێڵکوبێنە ریزی حزبەکەمانەوە!! ئەوەبوو سەعدی مەهدی تووڕە بووپێمی ووت ئەوە چی لێدێت؟ گاڵتەمان پێدەکەیت لەوەڵامدا وتم نەخێر گالتە ناکەم ئێوە ڕێگا بەئێمە نادەن هیچ ڕێکخستنێك لە ریزەکانی سوپاو پۆلیس وئافرەتان وکۆمەڵەی جوتیاران وسەندیکای کرێکاران وتا دەگا بەسەربازو پۆلیسی خانەنشین و لەگەڵ ئەوپێشمەرگانەی گەراونەتەوە بۆ ریزی میری ( العائدون ) ئەی کاك سەعدی لەگۆڕەپانەکە جگە لە مردووەکان کەسی تر ماوەئێمە ڕێکیان بخەین ئەوەبوو سەعدیپێکەنی و وتی قسەکانت راستە وادیار بوو هیچ وەڵامێکی نەبوو بۆی صدام فەلسەفەکەی وابوو دەبیَ هەموو سەرچاوەکانی ڕێکخستن لە هەموو حیزبەکان قەدەغە بکریَ چۆن ڕووبارێك ئاوی سەرچاوەکانی ببڕی وشك دەبێتەوە، صدام بەم جۆرە مامەڵەی لەگەڵ حیزبی شیوعی وحزبە کوردیەکاندا دەکرد. ئەوەی جێگای داخیشە حیزبەکەی هاشم عەقراوی ڕۆڵی زۆر بوو لە لاوازکردنی ژیانی حیزبایەتی لەبەرئەوەی ڕۆڵی پۆلیسی ئەمنیان دەگێرا، تا ئەوەی خودی هاشم عەقراوی هەر خەریکی ڕاپۆرت نووسین بوو لەسەرمان. یان حیمایەکانی عەزیز عەقراوی کورێکیان تیا نەبوو هەموویان دایەرەی موخابەرات بۆیان ناردبوو. ئەمە ڕاستیەکە نابێ بشاردرێتەوە، تا دەگا بەوەی هاشم عەقراوی بووە ئەندامی شوعبەی حیزبی بەعس.

4 - سەلاح بەدرەدین و حەمید دەرویش ، هەردووکیان لەڕێگای شێخ جەباری برامەوە،پێوەندیان بە موخابەراتی عێراقیەوە کردبوو، ئەم دوو کەسایەتیە وەك سەرکردەی دوو حیزب، لە کوردستانی سوریا یارمەتی داراییان لە موخابەراتی عێراقی وەردەگرت، مووچەی مانگانەیان بۆ بڕابۆوە، بەبۆنەی ئەوەی حیزبەکانی ئەمان نەیاری ڕژێمی سوریا بوون. سەلاح بەدرەدین چەندین جار سەردانی بەغدای کردو هاتوچۆی موخابەراتی دەکرد. جارێکیان سەردانی بارەگای پارتی شۆڕشگێری کوردستانی کردو، داوای یارمەتی پارەی لێمان کرد، لە وەڵامدا پێم گوت: جەنابتان مانگانە لە ڕێگای شێخ جەبارەوە یارمەتیتان لە موخابەراتەوە بۆ بڕاوەتەوە،ئێمە ناتوانین بە پارە یارمەتیتان بدەین، بەڵام وەك دوو حیزب دەتوانین هاریکاری یەکتر بکەین. زانیاریەکی ئەوتۆم دەربارەی پێوەندی حەمید دەرویش بە شێخ

جەبارەوە نەبوو، لەبەر ئەوەی حەمید دەرویش نەیدەویست من بەم پێوەندیە بزانم، چونکە وای هەست دەکرد من پێوەندیم بە مام جەلالەوە هەبێت ، ئەویش زۆر دۆستی مام جەلال بوو ، یارمەتی لەویش وەردەگرت.

پاش گەڕانەوەم لە بەیروتەوە هەڵوێستی تازەی مام جەلالم گەیاندە پارتی بەعس ، وەکو پارتێکی هاوپەیمان لەگەڵماندا و وێنەیەکی نامەکەی مام جەلالیشمدا بە صدام حوسێن نەبادا باوەڕم پێنەکا). لە (فندق الشیخ) لەگەڵ مام جەلال موناقەشەیەکی زۆرمان کرد، لەم دانیشتنە (عەزیز ڕەزا)ش بەشدار بوو. نوێنەری مەلا مستەفا لە بەیروت، عەزیز ڕەزا هەڕەشەی ئەوەی لێم کرد گوایا (شۆڕش) هەموو کاتآ دەیتوانی من بکوژآ. منیش زۆر بە توندی وە�مم دایەوە کەوا هیچ کاتآ لە دوای ساڵی 1964 گروپەکەی بارزانی نەیانتوانیوە تیرۆرم بکەن. ئەوەی ئەوپێی دەوت شۆرش من باوەڕم پێی نەمابوو. کەواتە دوای ساڵی 1964 . ئەم قسە توندو تییژیەم دوای وەرگرتنی نامەکە بوو لەمام جەلال، بۆ بەیانی داوای نامەکەی لێم کردەوە بە بیانگەی ئەوەی کە هەندآ شتی تر زیاد بکاتە سەری، وە�مم دایەوە کەوا نامەکەم لەگەلأ شێخ جەبار ڕەوانەی بەغدا کردۆتەوە. من باوەڕم وابوو دوای ئەو توندو تییژییە لەگەڵ عەزیز ڕەزادا، مام جەلال مەبەستی سەندنەوەی نامەکەی بوو لێم و نامەم نەداتیێ. بە�م من شارەزای مام جەلال بووم کە زوو زوو لە قسەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە، دوای ئەوەی سەیری کرد من زۆر توندبووم بەرامبەر عەزیز شێخ ڕەزا، گەیشتە ئەو قەناعەتە کە من بە هیچ جۆرێك لەگەڵ پارتی ڕێکە�و نابمەوە، بۆیە هەوڵی ئەوەیدا نامەکەی لێم وەربگرێتەوە . ئەوەی زیاتر منی لە بەیروت دڵگران کرد بەرامبەر مام جەلال ئەوەبوو کە مام جەلال کەوتبووە دوای کەسێکی" نە ناسراوی وەك عەزیز شێخ ڕەزا" ، جێگەی داخیشە یەکێکی وەك عەزیز شێخ ڕەزا نوێنەری بارزانی بێ لە لوبنان کە سومعەی زۆر خەراپ بوو. مام جەلال لە "فندق الشیخ" کە جاری یەکەم چاومان بە یەکتری کەوت بردمیە ژوورەکەی و جانتایەکی جۆری سامسۆنایتی گەورەی پێم نیشاندا پڕبوو لە دراوی دە دیناری و وتی ئەم پارەیە بارزانی بۆمی ناردووە.

لە ساڵی 1975وە مام جەلال لە سوریا هەوڵی دەدا کوردەکان کۆبکاتەوەو لە سوریا مەشقیان پێبکا لەسەر چەك و پاشان ڕەوانەی کوردستانی عێراقیان بکاتەوە بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشێکی نویێ لە کوردستانی عێراق. هەرچەندە (حافظ ئەسەد) دژی کورد بوو، بە�م وەزعی ئێوان

عێراقء سوریا وای لێکردبوو یارمەتی کوردەکانی کوردستانی باشوور بدا لە سوریا نەك کوردەکانی سوریا..، ئەمەش شتێکی زۆر ئاساییە لە جیهانی سیاسەتدا کە بەرژەوەندی نێودەوڵەتی و بەرژەوەندی سوریا لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە لای "الآسد". لە سوریا کورد هیچ مافێکی نەبوو، تەنانەت مافی دامەزراندنی یانەیەکی کۆمە�یەتی نەبوو. دوای دووبەرەکیەکەی نێوان پارتیمانء مەلا مستەفا لە ساڵی 1964 وە بە هەموو وەسیلەو ڕێگایەك مام جەلال هەوڵی دەدا سەرلەنوێ سەرکردایەتییەك دامەزرێنێ، شۆڕشێکی نوێ لە کوردستان بەرپابکا. تەنانەت دوای کودەتاکەی 17-30 تموز 1968 کە پارتی بەعس هاوکاری لەگەڵ ئێمە دەکرد دژی مەلا مستەفا تا کۆتایی ساڵی 1969 زۆربەی ناوچەکانی کوردستانمان بەدەستەوە بوو. لەشکرڕێکخستنی پارتیمان زۆر پەرەی سەند، لەلایەکی ترەوە وا دیاربوو مام جەلال نیازی باش نەبوو لەگەڵ پارتی بەعس، هەر بۆیە پارتیمان بەم دواییە لە ساڵی 1969 لەسەرکردایەتی لەشکر، تەجمیدی کرد لەسەر داوای حیزبی بەعسء (عومەر دەبابە)ی کردە بەرپرسراوی لەشکری پارتیمان ، ئەوەبوو لە هێرشەکانمان بەرەو ڕانیە و قە�دزێ بە سەرکردایەتی عومەر دەبابە بوو نەك مام جەلال، ئەو سەردەمە قایمقامی کۆیە بووم، بەرپرسراوی حیزب و پێشمەرگەی ناوچەی کۆیە بووم تا دەگەیشتە خەلەکان، پێش ئەوەی هێرشەکەمان دەستپێبکا شان بە شانی سوپای عێراق، حەماد شەهاب سەرکردەی ئەرکانی سوپای عێراق لەگەڵ حەردان تکریتی وەزیری بەرگری و ئیسماعیل تایە نعێمی سەرکردەی تیپی دووی سوپای عێراق لە کۆیە کۆبووینەوە و دەعوەتێکی نانخواردنیانم کرد و پاشان لە گۆڕەپانی مزگەوتی گەورەی کۆیە کۆبووینەوە و حەردان تکریتی وتەیەکی بۆ جەماوەری کۆیە پێشکەشکرد و زۆر ستایشی دانیشتوانی کۆیە و خەڵکی کوردستانی کرد، دوای ئەو دەبوو عومەر دەبابە وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەر لەشکری پێشمەرگەی کوردستان، قسەی بکردبایە بە�م داوای لە من کرد قسە بکەم وپێمی وت تۆ عەرەبیەکەت باشترە، ئەوەبوو من بەناوی دانیشتوانی کۆیە و پارتیمان قسەم کرد، لە ڕاستیدا من بۆیە قسەم کرد لەبەر ئەوەی دەمزانی کاك عومەر توانای نەبوو بە زمانی عەرەبی وتەیەکی ئیرتجالی بدا، جیاوازییەکی زۆر هەبوو لەنێوان مام جەلال و عومەر دەبابە لەم ڕووەوە. ئەم هەڵوێستەش،هەڵوێستی مام جەلال لەگەڵ هەڵوێستی پێشووی کە باسمانکرد کە سەر بە (چین) بوو کاڵێکی زۆری کردە سەر کاربەدەستان لە بەغدا. بەڕای من یەکآ بوو لە هۆیەکانی ڕێککەوتنی کاربەدەستان لە بەغدا لەگەڵ مەلامستەفا

ودەرکردنی بەیانی 11ی ئازاری 1970. هەردوولا مەلا مستەفاو بەعسیەکان لەیەك ئامانج یەکیان دەگرتەوە ئەویش لەناو دانی باڵی مەکتەبی سیاسی بوو. لە کاتێکدا ئێمە لەگەڵ میری یەك بووین، بە چەکی ئەوان شەڕی مەلا مستەفامان دەکرد، مام جەلال بەو چەکە لە (جاشەکانی حکومەتی دەدا لە خانەقین. یان لە(بەکرەجۆ)بەندیخانەی دانابوو، خەڵکی تێدا بەند دەکرد، یان دەچووە لای ئەفسەرەکانی سوپاو پێیانی دەوت چەند ملیۆنێکی تر سەبرم لێبگرن، ئەم هەڕەشانە لە پاشەڕۆژدا کاریگەرێکی زۆری کردە سەرمان. تا ڕادەیەك حیزبی بەعس گەیشتە قەناعەتێك کە مام جەلال ڕاستیان لەگەڵ ناکا وهەر واشبوو. مام جەلالیش زۆر باش دەیزانی کە بەعسیەکان ڕاستی لەگەڵ ناکەن وبە لەناودانی مەلا مستەفا بادەدەنەوە گیان ئێمە ، دوا ڕۆژیش ڕاستی ئەم بۆچوونەی مام جەلالی سەلماند، لەبەر ئەوەی حیزبی بەعس تا ڕۆژی ڕووخانی لە 2003\4\9 دا لە دۆسێی سیاسی دا باوەڕی بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەبوو وەك نەتەوەیەك یان خاکێك . .

مام جەلال لە ساڵی 1967 لە کۆنگرەی شەش لە کەلار کەمترین دەنگی وەرگرت لە هەڵبژاردنی بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی هەر ئەوەبوو دەرنەچآ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. لە کاتی موحاسەبەکردنی لەسەر ئەو کردەوە ناحیزبیانەی کەهەیبوو وەك دارکاریکردنی پێشمەرگەو ئەندامی پارتی، چەند جار لە دانیشتنەکانی کۆنگرە خەریکی ئەوە بوو خۆی بکوژێ. مام جەلال بە قسە دیموکراتییە بە� م لە ئیشوکارە حیزبییەکانی وەك سەرکردەیەك هەمیشە بە کردەوە دیموکراتی نەبووە، وەك منیش مام جەلال بناسم شت لە لای هەڵ دەگرێ، ئەگەر وا نییە بۆ کە لە بەغداوە کە ڕام کرد لە وتەیەکی لە تەلەفزیۆنی ( PUK) دا وتی " شیخ ستاری خۆمان براکەی شیخ جەباری موخابەرات هاتەوە بۆ کوردستان" وا بزانم هیچ پێویستی نە دەکرد مام جەلال بەوە ئاماژە بکا کە شێخ ستار بە هۆی شێخ جەباری برایەوە بناسێنێ بە جەماوەری کوردستان، ئەگەر کاتی خۆی شێخ ستاری قایممقامی کۆیە شێخ جەنگی برای مام جەلالی بە تەوقیفی ڕەوانەی لای مام جەلال کرد لە بەکرەجۆ، لەسەر ئەوەی جنێوی بە هەقاڵ عەلی عەسکەری دابوو لەگەڵ ڕەوشتی توندو تییژی لەگەڵ دانیشتوانی کۆیە و گەندڵی. وەك ئەوەی من مام جەلال بە جەماوەری کوردستان بناسێنم لوێم " مام جەلالی براکەی شێخ جەنگی سەرۆك جاش)، ئەم قسەیەم لێرە لە یادداشتەکەم تۆمارکرد کورد وتەنی " قسە ڕادەکێشێ " سەرەڕای ئەمانەش مام جەلال توانی لە ڕیزی پارتی بەشێك لە خوێندەوارە لاوەکانی پارتی ڕابکێشآ بۆ لای خۆیء گۆڤاری (ڕزگاری) لە

سەرکەوتنی دەربکەن و خەڵکی تایبەت دروست بکا لە ڕیزی پارتی. کە ئەو هەڵەش سەر بە (چین) ء" ماوتس تونگ"بوو. لە دوای بەیانی 11 ئازار لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە بەغدا لە شەقامی " فەلەستین" مام جەلال خولێکی بۆ کادیرانی پارتیمان کردەوە، لەو خولە چەند موحازەرەیەکیدا لەسەر( جۆرەکانی بەرەی نیشتمانی ) لەو خولە هەوڵی دەدا ئەوە بسەلمێنێ کێمان کە بیرو باوەڕی " ماوتسی تۆنگ" گونجاوترە بۆ کێشەی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ، تا ئەوەی چەند جار ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە شەرەفێکی گەورەیە بۆ ئەو ئەگەر " ماو" بە قوتابییەکی خۆی قەبولێی بکا. ئەمەش لەسەرمان زۆر گران وەستا، یەکێتی سۆڤیەتی لێمان دوورخستەوە بەبێ ئەوەی چینیش فریامان بکەوێ، ئاشکرایە چین تا ئێستاش لە جیهانی سیاسەتدا جێ پێی نەکردۆتەوە لە ڕۆژهە�تی ناوەڕاست چ جای لە کوردستان. ئەمە بە کورتی چەند تێبینیەکی تایبەتیم بوو لەسەر مام جەلال. دوای زیندووکردنەوەی پارتەکەمان پارتی شۆرشگێڕی کوردستان، لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد وعومەر دەبابەء عەلی عەسکەری لەڕوَژنامەی (التاخی) بەیاننامەیەکیان دژمان دەرکرد، کەواتە دژی بەیانەکەی ( لفیف من کوادر الحزب الپوری الکوردستانی )،. ب�م لەبەر ئەوەی ئەوکاتە ئەوان لای مەلا مستەفا بوون دەمزانی بەیانەکە ئیملا کراوەتە سەریان بۆیە ئەوەندە لێگران نەبووم بە دەرچوونی ڕوونکردنەوەکەیان..

ئێمەش لە ڕۆژنامەی (النور) ژمارە 433 کانونی دووەمی ساڵی 1973. کە بە نهێنی لە بەیروت چاپمان دەکرد، وە�می بەیاننامە چوار قۆڵیەکەیانمان دایەوە ئەوا لە خوارەوە بەیاننامە چوار قۆڵیەکەیان کە لە ڕۆژنامەی (التاخی) ژمارە 1225 ڕۆژی 30 کانوونی یەکەم ب�وکرابۆوە.لەگەڵا وە�مەکەی پارتی شۆرشگێڕی کوردستان وەك خۆی بە عەرەبی دەیگوازمەوەئێرە:

ایضاح حول بیان ما یسمی:

"بلفیف من کوادر الحزب الثوری الکردستانی"

وزع فی اواخر تشرین الپانی 1972 بیان الی الشعب الکردی من قبل من سموا انفسهم بـ – لفیف من کوادر الحزب الپوری الکردستانی – تچمن بعچ الأمور المخالفه للحقیقه والواقع بصدد کیفیه حل الحزب الپوری الکردستانی وانچمامه الی البارتی. هژا وبما أننا کنا اعچاء الوفد واللجنه العلیا المکلفه من قبل المؤتمر السابع للحزب الپوری الکردستانی المنحل بالتفاوض مع

البارتى حول شروگ حزبنا للوحده والاشراف على تنفيز الاجراءات المتفق عليها من الگرفين وخشيه وقوع البعچ من غير المگلعين على حقائق الأمور فى الخگأ والالتباس نتيجه المغالگات الموجوده فى البيان المزكور وبسبب اخفاء اصحابه لهوياتهم تحت شعار كوادر الحزب الپورى الكردستانى نوچح الحقائق التاليه:

-1 عقد الحزب كونفراسا لبحپ ودراسه عرچ السيد البارزانى لفتح الحوار وانهاء الخلاف وتوحيد الحركه الوگنيه التحرريه للشعب الكردى فى حزب واحد وهو الحزب الديمقراگى الكردستانى فوافق الكونفراس بالاجماع على الدخول فى حوار مع البارتى او ارسال وفد لزلك وبالنقر لاهميه الموچوع وخگوره القرارات التى قد تمس كيان الحزب فقد رأى ان تودع زلك الى الجهه الوحيده التى لها أمر البت فى زلك وهو المؤتمر وحدد موعدا لزلك. فزهب وفد من الحزب اختاره الكونفرانس لزياره مقر السيد البارزانى والاتصال بقياده البارتى، فتوصل الوفد الى نتائج ارتأت اللجنه المركزيه عرچها على المؤتمر المقرر عقده من قبل الكونفرانس.

-2 عقد الحزب مؤتمره السابع وحچره ممپلون عن جميع فروع الحزب ومنقماته فى الداخل والخارج وصادق على قرارات الكونفرانس بما فى زلك مبدأ التفاوچ من أجل التوحيد ورفع بعچ الشروگ الچروريه لتوحيد الحزبين وانتخب وفد آخر لعرچ هزه الشروگ التى كانت تمپل الحد الأدنى لمگاليب ممپلى المؤتمر واعتبار المؤتمر مستمرا فى العمل ريپما يتبين للوفد موقف السيد البارزانى من الشروگ المزكوره. واعگى المؤتمر للوفد الحق فى ان يقرر ما ازا كانت الشروگ مقبوله من الجانب الپانى ام لا. ففى حاله القبول حسب رأى الوفد عليه عرچ نتائج الحوار والتفاوچ على المؤتمر السابع نفسه ليقرر بصدده مايشاء، أما ازا ارتأى الوفد ان الجانب الپانى لم يقبل الشروگ بما فيه الكفايه فعلى اللجنه المركزيه القيام بالاجراءات اللازمه لعقد المؤتمر الپامن للحزب للنقر فى الأمور ووچع نقام داخلى ومنهاج جديدين للحزب الپورى الكردستانى والاستمرار فى النچال السياسى كحزب مستقل والسعى من أجل الدخول فى جبهه متحده مع البارتى والبعپ وغيرهما من الاحزاب الوگنيه العراقيه.

-3 لما رأى الوفد ان الشروگ الموچوعه من قبل المؤتمر السابع قد قبل بما فيه الكفايه فقد دعى المؤتمر السابع الى الانعقاد ليعرچ عليه رايه هزا وما توصل اليه من نتائج، فاجتمع المؤتمرون مره پانيه وتلى الوفد تقريره على المؤتمر حول المفاوچات الجاريه والشؤون التى كلف بها، فأيد المؤتمر

بالاجماع ما ژهب اليه الوفد من أن الشروگ قد قبلت بما فيه الكفايه فقرر بما يشبه الاجماع حل الحزب الپورى الكردستانى والانچمام الى الحزب الديمقراگى الكردستانى بقياده السيد البارزانى. وقد اصدر بيانا بژلك ونشر فى جريده التآخى فى حينه. وقد جاء فى البيان ما نصه (... كان المؤتمر قد قرر ارسال وفد الى مقر سياده البارزانى لابلاغه مقررات المؤتمر فاجتمع الوفد بقياده الحزب الديمقراگى الكردستانى وعلى رأسهم البارزانى الژين رحبوا بمقررات حزبنا وتداولوا مع اعچاء الوفد البحپ فى الخگوات الواجب اتخاژها لتكوين وحده حزبيه متينه وتشكلت لجنه مشتركه عليا من ممپلى الحزبين تحت اشراف البارزانى نفسه للمباشره بتنفيژ الاجراءات المتفق عليها فقامت اللجنه المژكوره بتنفيژ واجباتها على الوجه المگلوب وتمت الترتيبات اللازمه لچم ممپلى جميع هيئات ومنقمات الحزب الپورى الكردستانى الى الحزب الديمقراگى الكردستانى وعليه ولما لم يبق مايستوجب الاحتفاق بكيان مستقل للحزب الپورى الكردستانى بعدالحل والاندماج  فى الحزب الديمقراگى الكوردستانى بقياده المناچل مصگفى البارزانى.)

يتبين مما تقدم انه بعد صدور قرار حل الحزب من قبل الجهه الوحيده ژات السلگه فى ژلك وهى المؤتمر فانه لم يعد هناك مايمكن ان يسمى الحزب الپورى الكردستانى الژى انچم بجميع اعچائه وكوادره ومنقماته الى الحزب الديمقراگى الكردستانى بقياده مصگفى البارزانى فمن البداهه والحاله هژه ان لاتكون هناك اگلاقا من يمكن ان يگلقوا على انفسهم (كوادر الحزب الپورى الكردستانى.)

ان على القائمين باصدار البيان المژكور ان يمعنوا النقر بمصير المحاولات المماپله التى وقعت فى تاريخ العراق السياسى الحديپ وفى تاريخ الحركه الوگنيه لشعبنا الكردى بالژات وكيف آلت جميعا الى الفشل الژريع بالرغم من الجهود والاموال التى بژلت فى سبيلها فقد اپبتت التجارب وبما لايدع مجالا للشك ان لا حياه ولا بقاء الا للكيانات المنبپقه من صميم الشعب والهادفه الى صيانه وحدته والدفاع عن مصالحه وتحقيق اماله (اما الزبد فيژهب جفاء وأما ماينفع الناس فيمكپ فى الارچ). وختاما فاننا نعيد هنا مادعى اليه المؤتمر السابع للحزب الپورى المنحل فى نهايه بيانه التأريخى السالف الژكر وهو النچال بلا كلل من أجل ترسيخ وتمتين وحده الحزب الديمقراگى الكردستانى ووحده شعبنا الكردى اكپر فأكپر ويوما بعد يوم والالتفاف حول قياده البارزانى لانها چمانه جميع انتصاراتنا.

المحامی المحامی المحامی
ابراهیم احمد جلال الگالبانی عمر مصگفی علی العسکری

27 – 12 – 1972

انتهی

وە�می ڕوونکردنەوەکە کە لە ڕۆژنامەی ( النور) ب�ومان کردە وە لە ژمارە 433 ی کانوونی دووەمی سڵی 1973..

وقع السادە ابراهیم احمد المحامی وعمر مصطفی المحامی وجلال طالبانی المحامی والسید علی العسکری علی وثیقە املیت علیهم باسلوب لا یتفق مع الأهداف والأفکار التی ناضل الاخوان من أجلها ونشرتها جریدە التآخی بعددها الصادر فی 1972/12/30 تحت عنوان "الایضاح"حول بیان ما یسمی ببیان اللفیف. فی حین ان المضمون اقرب الی البراءە، وأن ما احتوتها الوثیقە هذە غیر مطابقە لدخائل قلوب الموقعین علیها، والانسان اذا فقد حریە الرأی واختیار التصرف، واجبر علی السیر حسب اهواء ومشیئە الآخرین یقول مالا یؤمن بە ویعمل عکس مایرید ونحن نقدر ظروف الاکراە والاجبار، والجو الذی یعیشە الاخوان، یحتم علیهم هذا السلوك وعلیە نعاملهم بموجب مبدأ (الضرورات تبیح المخطورات) ولا یمکن ان نسئ الضن بهم.

اللجنە التحضیریە

للحزب الثوری الکردستانی

کانون الثانی 1973

لێرەدا بە باشم زانی ئەو بەیاننامەیە بنووسمەوە وەك خۆی ، هەرچەندە لە کتێبی ( تأریخ الحزب الپوری الکوردستانی) ،لە لاپەڕە"237-244" ب�وکراوەتەوە، بە زمانی عەرەبی ، مەبەست لە دووبارە ب�وکردنەوەی بە زمانی کوردی لە یادداشتەکەم ئەوەیە خوێنەری ئازیز لەگەڵ ڕوونکردنەوە چوارقۆڵییەکەی مامۆستا ئیبراهیم و هاوڕێکانی لێکیان بداتەوە.

ڕاگەیاندنێك بۆ گەلی کوردی هێژا

لە دایکبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان وە�مدانەوەیەکی واقیعی قۆناغێکی مێژوویی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بوو لە کوردستانی عێراق دوای کۆتایی شەڕی جیهانیی دووەم و پەیدابوونی بزووتنەوەی

ڕزگاریخوازی گەلانی و�تانی ڕۆژهە�تی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتیی بۆ ڕزگاربوون لە چنگی ئیستعمار. پارتی لە ناوەندی ڕیزەکانی جەماوەری زەحمەتکێشانی کورد هەڵقو�وە . لە ئەنجامی پەرەسەندنی ڕێکخراوە کوردییەکانی ئەو سەردەمە و پێویستبوونی حیزبێکی دیموکراتی شۆرشگێڕی پێشڕەو بۆ سەرکردایەتی گەلی کورد و ڕزگارکردنی لە زەلکاوی کۆنەپەرستیی و سەرکردایەتی هۆزەکان و ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی ڕۆڵی حیزبە بۆرجوازییەکلاسیکیەکان و هەڵکردنی مەشخەڵی تێکۆشانی هاوبەشێتی کوردو عەرەب و بەربەرەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی و نەهێشتنی ڕۆڵی دەرەبەگ و دابەشکردنی زەوی وزار بەسەر جوتیاراندا ، پارتی بەپێی ڕێڕەوی ناوخۆی کارەکانی پێوە دەبرد کە جەختی لەسەر ناوەنێتی دیموکراتیەت دەکرد لەگەڵ ڕەخنەی خودیی و سەرکردایەتی گشتیی بەو باوەڕەی نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و کاسبکاران و ڕۆشنبیرانی شۆرشگێڕ دەکا .

پارتی توانی بوونی خۆی بپارێزێ وەك حیزبێکی شۆرشگێڕ سەرەڕای هەوڵدانەکانی بارزانی بە مەبەستی لادانی حیزب و پووچەڵکردنی لە ناوەڕۆکی وەك حیزبێکی شۆرشگێڕی پێشکەوتنخواز و بردنی بەرەو بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی گوماناێکراوی ڕێك و بەپێی ئارەزووی کەسایەتی خۆی و بەرژەوەندی هۆزگەری بجوڵێتەوە . پارتی پێش گرێدانی کۆنفرانسە مێژوویەکەی ماوەت لە نیسانی 1964 بەپێویستی نەزانی چۆنیەتی بارزانی و جموجۆڵەکانی لەگەڵ جەماوەردا ڕوون بکاتەوە ، ئەمەش لەبەر بارودۆخی تایبەت و بە مەبەستی پارێزگاری یەکێتی پارتی تا هاتنی بارودۆخێکی گونجاو و یاریدەدەر... تا ئەوەی بارزانی توانی لە ساڵی 1964 دا یەکێتی پارتی دوولەت بکا ئەویش بە دامەزراندنی حیزبێکی عەشایەری مزاش لە عەناسیری کۆنەپەرست و نۆکەر و گوماناێکراو ، خۆشی مایەوە وەك سەرکردەیەکی ئەو مزاش وتێکەڵەیە، پارتی دیموکراتی کوردستانیش مایەوە بە سەرکردایەتی مەکتەبی سیاسی ، دەستی بە حیزبەکەوە گرت وەك حیزبێکی شۆرشگێڕی پێشرەو سەرکردایەتی جەماوەری کوردی دەکرد بەرەو ئەنجامدانی مافە نەتەوەییەکانی لە سەرووی هەموویانەوە مافی ئۆتۆنۆمی کوردستان بوو لە چوارچێوەی کۆماری عێراق کە بووە هۆی بەرپابوونی پێکدادانێکی خوێناوی لەنێوان پارتی و سەرکردایەتی هۆزگەری بارزانی . پارتی بوونی خۆی پاراست و زۆربەی ئەندامانی لەگەڵی مانەوە تەنها ژمارەیەکی کەم لە هەلپەرستەکان نەبێ ... پارتی بێوچان بەردەوامبوو لە خەبات لەپێناوی ڕزگارکردنی بزووتنەوەی کورد لە سەرکردە عەشایەرییە

نۆکەرەکان و گومان لێکراوەکان ، توانی زوِربەی ناوچەکانی کوردستانی عێراق لە دەسە�تی بارزانی و دارودەستەکەی ڕزگار بکا ، سەرکردایەتی بارزانی لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان عێراق و ئێران گەمارۆدرابوون تا دەرچوونی بەیانی یانزەی ئازاری ساڵی 1970 ، لەژێر سێبەری بەیانەکە بارزانی توانی دووبارە دەسە�تی خۆی بسەپێنێتەوە بەسەر کوردستانی عێراقدا هیچ کۆسپێك نەما لەڕێگای بۆ لەناودانی نەیارەکانی ، ئەوەبوو دوای بەیانی 11 ئازار زۆر لە نەیارەکانی خۆی ئەوانەی مل کەچی نەبوون لە حیزب دووریان بخاتەوە.

جەماوەری گەلی کوردی هێژا

حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە دانوستانەکانی لەگەڵ سەرکردایەتی بارزانیپێش دەرچوونی بەیانی ئازار بەو باوەڕەی بتوانێ سنوورێك دابنێ بۆ خوێن نەڕشتنی کوردو عەرەب لە سەر گۆڕەپانی و�ت و ڕاگرتنی شەڕی نێوان برایان و بە هیوای پتەوکردنی برایەتی کورد وعەرەب و کەمینە نەتەوەییەکانی ترو جێبەجێکردنی دۆزی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە و دیموکراتییانە و شادبوونی گەلی کورد بە مافی ئۆتۆنۆمیەکەی لەچوارچێوەی کۆماری عێراقدا.

داواکاریەکانی بارزانی لەسەرەتادا لە هەڵوەشاندنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان \ باڵی مەکتەبی سیاسی \ تێپەڕی ناکرد لەگەڵ هەندێ داواکاری کە هیچ پەیوەندییان بە نەتەوایەتی گەلی کوردەوە نەبوو. ..لە کاتێکدا ئێمە بۆچوونی خۆمان بە حیزبی بەعس ڕاگەیاند دەربارەی گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرکردایەتی بارزانی و هۆشدارمان کردەوە بەپێی شارەزاییەکانمان لەگەڵ بۆچوونە گومانلێکراوەکانی بارزانی... لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نەبووینە کۆسپ و تەگەرە لەڕێگای دانوستانی هەردوولا بە هیوای ئەوەی بگەنە ئەنجامێکی هەموار. ..بە�م ڕۆژگار ڕاستی بۆچوونەکانی ئێمەی ئاشکراکرد ، حیزبی بەعس ناچار یادداشتێکی ئاراستەی سەرکردایەتی بارزانی کرد و یادداشتەکەی لە ڕۆژنامەی ( البورە)ی ژمارە 1300ی ڕۆژی 16ی تشرینی دووەمی ساڵی 1972 �وکردەوە . پارتیمان لە ناو گێژاوی ئەم گۆڕانکارییانە و لەژێر فشاری ئەو بارودۆخانەدا ناچار لە کۆنگرەی حەوتەمی پارتی " پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان" ناوی خۆی گۆری بۆ ( پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان ) و چوونە ناو دانوستاندن لەگەڵ سەرکردایەتی بارزانی ، هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر دەرکردنی دوو بەیاننامە دەربارەی هەڵوەشاندنەوەو تێکە�وبوونەوەی پارتی

شۆڕشگێڕی کوردستان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی لەپێناو خزمەتی بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی و گەڕانەوەی ئاسایش و هێمنی بۆ ناوچەکانی کوردستانی عێراق و ماوەدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی بەعس بۆ ڕاپەڕاندنی بەیانی 11 ئازار. .. بپێی ئەم ڕێککەوتنامەیە پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان هەڵوەشایەوە بە پێی ئەو مەرجانەی هەردوولا لەسەری ڕێککەوتبوون ، بە مەبەستی یەککرتنەوەی هەردوو حیزبەکە و بوونیان بە پاڵپشت بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی بەیانی 11 ئازار و هێنانەدی مافی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا و ماوەدان بە یەکگرتنەوەی ڕێکخراوە پیشەییەکان و جەماوەرییەکان و کۆتایی هێنان بە دووبەرەکی و ناکۆکی لە ڕیزی گەلی کورددا .

عبدالرحمن زەبیحی (عولەما):

عبدالرحمن زەبیحی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی \باڵی مەکتەبی سیاسی\ بەتایبەتی لە دوای دەستپێکردنی دووبەرەکیەکەی نێوان پارتیء مەلا مستەفا بارزانیپێش ئەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بوووپێش دووبەرەکیەکە، بە زۆری نوێنەری کۆمیتەی ناوەندی بوو لە لقی کەرکوكء لقی بەغدا. پاشان لە ساڵی 1965 وە بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. عبدالرحمن زەبیحی لەناو جەماوەر ناسراو بوو بە (مامۆستا عولەما) گوایا (بەشیر موشیر)ی بەرگدروو لە حیدرخانە دوکانی بەرگدرووی هەبوو لە بەغدا ئەم لەقەبەی پڕیوە بەسەر عبدالرحمن زەبیحیدا. بە ناوی نهێنی تریش ناسرابوو لەو ناوانە "مام مەجید". (عولەما) خۆی بە ئەصل خەڵکی مەهابادی کوردستانی ڕۆژهە�تە. گومان لە دڵسۆزیء دەست پاکی و گیانی خۆ ڤبوردنی لێ ناکرآ بەرامبەر بە گەلی کوردء بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازی دەتوانم ڵبێم " سەربازی ونبووی" کوردستان بوو. ماوەیەکی زۆرپێکەوە لەڕێکخستنی پارتەکەمان ئیشمان پێکەوە کردووە. ئەو نوێنەری کۆمیتەی ناوەندی بوو لە لقی کەرکوك لە ساڵی 1962 ، 1963 منیش ئەندامی پیشەیی کاسبکارانء پاشان ئەندامی ناوچەی شوانء شێخ بزێنی لە دەرەوەی شار، کە کادیری موتەفەریغی پارتەکەمان بووم، لە جەنگی میری ڕام کردبووە دەرەوە. هەروەها ڤپرسراوی ناوچەی خانەقین بووم لە ساڵی 1963 و 1964مامۆستا عولماش نوێنەری کۆمیتەی ناوەندی بوو لە لقیپێنجی بەغدا کە ئەو کاتە ناوچەی خانەقین پەیوەندی بە لقی بەغداوە هەبوو. پاشان بوومە ئەندامی لقی بەغدا بە

حوكمی ئەوەی لێپرسراوی ناوچەی خانەقین بووم.هەمیشە لە ڕووی حیزبایەتی وڕێکخستنەوە بە ماموَستای خوَمم دەزانی. دەتوانم بڵێم تەنها ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی بوو لەو سەردەمە لە هەر شوێنێ بوایا لەو شوێنە چاوت بەڕێکخستنێکی ڕێکوپێکی حیزبایەتی دەکەوت . هەر وەك مام جەلالیش کە خوالێخۆشبوو صالح حەیدەری لە یادداشتەکەی باسی مام جەلال دەکا لە سەردەمی پێش شۆڕشی 14 ی تەموزی 1958 ، کەواتە لە سەردەمی کاری نهێنی و دەڵێ " مام جەلال لە هەر لقێکی ڕێکخستن بوایا لە کەرکوك یان لە هەولێر لەو شوێنانەڕێکخستنی حیزبایەتی دەکەوتە گڕوپێش دەکەوت" .

بەهەرحالأ بۆ مێژوو ئەو شایەدییە دەدەم لەسەر ماموٚستا (عولەما) کەوا (سەربازی ونبووی) گەلی کوردبوو لە هەموو پارچەکانی کوردستان پاش دووبەرەکی نێوان پارتیء مەلا مستەفا لەگەڵأ پارتی باڵی مەکتەبی سیاسی مایەوە دژ بە مەلا مستەفا ڕۆلێکی باڵآی هەبوو لە فەزح کردنی ڕۆڵی مەلا مستەفا لە کۆنفرانسی ماوەت. باڵی مەکتەبی سیاسیء لەشکری پارتی لە شەڕی دژ بە مەلا مستەفا لە کۆتایی ساڵی 1964 شکاء چوونە خاکی ئێران (عولەما) لە بەغدا بە نهێنی مایەوەو سەرکردایەتی کاتی پارتی دروست کرا (مەکتەبی سیاسی کاتیی)ء عولەما کرایە لێپرسراوی. زۆر بە ژیيریو وریایی و چالاکی پارتی پێوە برد لە شارەکانء بەنهێنی لە ئێرانەکان. پاش کۆنگرەی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانء بڕیاری هەڵوەشاندنەوەوتێکەڵبوونەوەی پارتی شۆڕشگێڕ لەگەڵأ پارتی دیموکراتی کوردستان، (عولەما) تێکە�و نەبوەوە جگە لەوەی لە بنەڕەتەوە دژ بە هەڵوەشاندنەوەی پارتی شۆڕشگێڕء یەکەوتن بوو لەگەڵأ مەلا مستەفادا. بە�م پاش هەڵوەشاندنەوەی پارتی شۆڕشگێڕ پەیوەندی شخصیء برادەری لەگە� ئیبراهیم ئەحمەدو جەلال تاڵەبانی هەر بە توندی مایەوە. دوای ساڵی 1974 کاتێ مام جەلال لە بەیروت بوو (عولەما) سەردانی بەیروتی کردو ماوەی 15 ڕۆژ زیاتر لەماڵی مام جەلال مایەوە لە هاوینە هەوارەکانی لوبنان، لەو کاتەدا گوایا مام جەلال سەفەری کردبوو بۆ سوریا، عولەما کە گەڕایەوە لە لوبنان لەدادگای (الثورە) دوو ساڵ حوکمدرا. لەسەر ئەوەی چۆتە ماڵی مام جەلالء مەعلوماتی بە حکومەت نەداوە. بەڕای من عولەما هیچ تاوانێکی نەبوو کە حوکم درا. بە�م ڕەفیق پشدەری یەیێکی بۆ هەڵکەندبوو. لەسەرێکەوە برادەریی توندبوو لەگەڵأ مام جەلالء عولەما لەسەرێکی ترەوە ڕاپۆرتی لەسەر عولەما دەنووسی. بۆ ئەمن. من بەش بە حاڵی خۆم زۆر هەوڵمدا بۆ بەردانی (عولەما) بە�م بآ سوود بوو.

بەتایبەتی مامۆستا عولەما لەگەڵا بزووتنەوەیپێشکەوتنخوازی کورد بوو کە لێپرسراوەکەی مەلا عەولا (مەلا ماتۆر) بوو لە کۆبوونەوەیەکی لێژنەی تەنسیق (هێشتان نەچوبووینە( بەرەی نیشتمانیپێشکەوتنخوازەوە). مەلا عەولا بەرگری لە مامۆستا عولەما نەدەکرد تەنانەت دەیووت ئاگادارنییم کە چۆتە بەیروت کە ئەمەش ڕاست نەبوو بەڵکو (عولەما)لەو کاتە وەزیری ئیشغالء ئیسکان بووم لای من دانیشتبوو تەلەفۆنی بۆ مەلا ماتۆر کرد کە پاسەپۆرتەکەی بۆ تەواو بکەن لە ئەمنی عامە، مەلا ماتۆر تەلەفۆنی بۆ کردو پاسەپۆرتەکەی بۆ جێبەجێکرد، سەفەری بۆ دەرەوەی عێراق لێ قەدەغەکرابوو. ماوەی سێ‌ساڵ زیاتر لە بەندیخانە مایەوەو پاشان بەردرا. – هەموو ئەو درۆو دەلەسانەی مەلا ماتۆر لە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ خوشکەزاکەی مامۆستا عولەما کردویەتی لە کتێبەکەی " عبدالرحمن زەبیحی" کە لەلایەن عەلی خوشکەزایەوە چاپکراوە دەربارەی ساردی‌ێوان من و زەبیحی لە ئیفترا بەولاوە هیچی تر نییە، بەپێچەوانەوە ڕۆژێ لە ڕۆژان ێوانمان تێك نەچوبوو .- ب�م عولەما لە ڕووی حیزبایەتیەوە لە زرووفی ئاشکرا سەرکەوتوو نەبوو بەقەدەر ئەوەی لە زرووفی نهێنیدا سەرکەوتوو بوو. مامۆستا عولەما لە ساڵی 1983 لە بەغدا سڕنگوم کراو لەناو برا.. ئەم قسەیە شێخ جلال الدین حوسەینی لە کۆنگرەی شۆڕنەواری کەنداو بە نوێنەری وەکالەتی دەنگ و باسی عێراقی وت ئێوە عولەماتان کوشتووە. بۆیە من ئامادە نییم هیچ قسەیەك بکەم بۆتان، ئێوە درۆزنن مامۆستا عولەماتێوە کوشتتان نەك‌ئێران وەك لە دەنگ وباسەکانتان ب�وی دەکەنەوە. نوێنەری وەکالەتەکەش ناڕەزابوو، لە و�مدا بە شێخ جەلالی وت بۆ ێمە کوشتوومانە، عبدالرحمن زەبیحی کە چووە ئێران لە ئێران گیراو نەگەڕایەوە عێراق. لە ساڵی 1984 چاوم بە خوشکەزاکەی عولەما کەوت کە ناوی (عەلی) بوو لەگەڵ ئیحسان نەجم(ئەبو شهاب) هاتبوو بۆ بەغدا لەکاتی مفاوەزاتی یەکێتی لەگەڵا حکومەتدا ،ئەم خەبەرەمداپێی.، لە پەراوێزێکی کتێبەکەم ( المنظمات والجمعیات ) باسی ئەوەم کردووە کە لە بارو دۆخیکی تەمو مژاوی، عولەما کوژراوە. بۆ مێژووش ئەوەی‌چێتە‌ئێران هات بۆ لام داوای لێم کرد بەڵکو داوا لە دکتۆر فازل بەراك مودیری ئەمنی عامە بکەم بەڵکو موافقەتی بۆ بکا ( مۆر )ێك و وەرقەی چاپکراو ئامادە بکا وەك نوێنەری شێخ عیزالدین حوسێنی لەعێراق منیش‌پێم وت باشە بۆ لەگەل ◌ شێخ عیزالدین کار دەکەی ئەی بۆ لەگەڵ حیزبی دیموکرات کار ناکەی لە و�مدا وتی شێخ ستار من ئەندامی سەرکردایەتی حیزب بووم ێستا بەناوی چییەوە بگەڕێمەوە وەك لێپرسراو ... !!! ئەوەبوو چوومە لای

دکتۆر فازل بەڕاك موافقەی کردو کتێبێکی دایە مامۆستا عولەما و ( مخەوەلی ) کرد و مۆرێکی هەڵکەند بەناوی نوێنەری شێخ عیزالدین لە عێراقدا ئەوەبوو مامۆستا عولەما گەڕایەوە بۆ کوردستانی ئێران بە�م جاری دووەم کە گەڕایەوە بۆ عێراق بزر بوو بە�م من قەناعەتم وابوو ئەمنی عامە مامۆستا عولەمایان لەملەکەی خۆی لەناو دابوو. لە ساڵی 1996یش لە کوردستانی نوێ وتارێکم دەربارەی مامۆستا عولەما نووسی هەندێ بەڵگەم ڕوونکردۆتەوە دەربارەی کوشتنەکەی. بە هەرحاڵ ئەوەندە بایەخ بەم سەربازە ونبووەی گەلی کورد تائێستا نەدراوە هەرچەندە پەیکەرێکیانیش لە یەکێ لە پارکەکانی سلێمانی بۆ درووستکردووە. بە�م مامۆستا عولەما گەلێ لەوە زیاتر هەڵ دەگرێ ئێمە لە کوردستانی باشوور زۆر قەرزاری ئەم شەهیدە نەمرەین، شەهیدی ڕێبازی بیرو باوەڕ و کوردایەتی.

حەمید عوسمان (1925 ـ 1993/2/5)

حەمید عوسمان لە ساڵی 1925 لە گوندی (پیرداود ) سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایك بووە. تا قۆناغی دوا ناوەندی خوێندووە ، بە�م ئاستی ڕۆشنبیری و فیکری گەلێ زیاتر بوو لە قۆناغی خوێندنەکەی. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ وخوێ ماندووکردنی بەردەوامی بەخوێندنەوەو، خۆپێگەیاندنی وەك کادیرێکی حیزبی شیوعی وخەباتی سیاسی بەردەوامی، حەمید عوسمان زۆربەی کتێبەکانی مارکس و لینینی خوێندبوو ، تەنانەت یەکێ بوو لەوانەی بە باشی شارەزای کتێبی (سەرمایە)ی مارکس بوو. لە ساڵی 1944 دەوە چووە ڕیزی ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی عێراقیەوە.ساڵی 1949 لەلایەن ڕژێمی پادشایەتیەوە دەستگیر دەکرێ ودەخرێتە بەندیخانەی (کوت)ەوە، زۆر لە بەندیخانە نەمایەوە، لەرێگای کونکردنی ژووری زیندانەکەی کە پشتی بە گۆڕستانی ئینگلیزەکانەوە بوو توانی بۆ دەرەوەی بەندیخانەکە هەڵبێ. لە 1954/6/16 بووە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی عێراق و، زۆر بیرانەو ئازایانە بۆ یەکەمجار بوو، سکرتێری حیزبێکی نهێنی ، بەیاننامەی حیزبەکەی بە ناوی ئاشکرای خۆی ب�وکردەوە، نەك بە ناوی نهێنیی ڕێکخستنەوە. تا ساڵی 1955 وەك سکرتێر مایەوە، ساڵی 1956 لە حیزبی شیوعی دەرکرا، بە بیانوی ئەوەی گوایە مرۆڤێکی تاك ڕەوە. پاشان پێوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد، گەیشتە پلەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی. لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی لەگەڵ بلەکەی هەمزە عەبدول� وخەسرەو تۆفیق ونەژاد ئەحمەد لە ڕیزی پارتی دەرکران. حەمید عوسمانیش ئەوەی

چێتە ڕیزی حیزبی شیوعیەوە یەكێ بووە لە ئەندامە چالاكەكانی حیزبی هیواو پاشانیش وەك سەركردەیەك لە حیزبی شۆڕش و ڕزگاری .

دوای زیندووكردنەوەی پارتی شۆڕشگێڕی كوردستان پەیوەندی بە بەندەوە كرد، نەك وەك ئەندامێكی حیزبەكە بەڵكو وەك ڕاوێژكارێكی سكرتێری حیزب، لە لقی دووی كەركوك دەوامی دەكردو هاریكاری شێخ جەلیلی دەكرد. لەو ماوەیەی لە كەركوك بوو، ژمارەیەك نامەی ئاراستەی بەندە كردبوو ، كە هەموویان لای بەندە پارێزراون، هیوادارم لە دەرفەتێكدا هەموویان لە نامیلكەیەكدا بە چاپ بگەیەنم .

لە ساڵی 1974 كە وەزیری ئیشغال و ئیسكان بووم، بۆ دانانی بەردی بناغەی هەردوو ساختمانی مەجلیسی تەشریعی و تەنفیزی لە هەولێر، بەندە بەردی بناغەی ئەو دوو ساختمانەی دانا، بۆ شەو لە ئوتێل (هەورامان) دەعوەتی لێپرسراوانی ئەو شارەم كرد، (تەها شەكرچی) ئەو دەمە قائیدی فیرقە بوو، ئەویش بۆ داوەتەكە هاتبوو، حەمید عوسمان لەگەڵ مندابوو، دوای ئەوەی دەستی كردە خواردنەوە، بۆڵێ بیرەی بەدەستەوە بوو، ڕووی كردە تەها شەكرچی وپێی گوت : هەی فاشی ! تۆ دەستت بە خوێنی كورد سوورە، تەها شەكرچیش هەر دەیوت مامۆستا حەمید لە سەر خۆت پاشان ڕووی كردە من و ووتی جەنابی وەزیر چۆن ئەم فاشییە دەعوەت دەكەیت وبۆ ئێرەت هێناوە ؟ بوڵە بیرەكەی هێگرتە تەها شەكرچی، بە� م محەمەد محێدین نەیهێشت لە شەكرچی بدات. پاشان برادەران حەمید عوسمانیان بۆ ماڵ بردەوە .

حاجی ڕەحیم فەیلی

حاجی ڕەحیم فەیلی یەكێ لە تێكۆشەرە دڵسۆزەكانی كوردو كوردستان بوو، بازرگانێكی گەورەو دەوڵەمەندی بازاری شۆریجە بوو ، لە ساڵی 1975 دوای ئەوەی حیزبی بەعس دەستی بەسەر بازاڕی شۆریجەدا گرت، لە كۆنگرەی قوتری 9 بە ئاشكرا یەكێ لە بڕیارەكانی حیزبەكەیان ئەوەبوو كەوا كوردە فەیلیەكان دەستیان بەسەر بازرگانی شاری بەغدادا گرتووە، بۆیە دەبێ بازرگانە فەیلیەكان لەم بازاڕە دوور بكەنەوە، ئەوەبوو بڕیاری تەرحیلكردنی فەیلیەكانیان دا و ئاودیوی سنووریان كردن بۆ ئێران بە بێ ئەوەی ڕێیان بدەنێ پریاسكەیەكیش لەگەڵ خۆیان بەرن، هەرچی ماڵ و موڵك وپارەو پوولیان هەبوو لە بانكەكان حیجزیان كرد تا دەگا بەگۆڕو خشڵی ئێزانەكانیان ئەو ماڵ و موڵكانەیان بە سەدان ملیۆن دۆلار خەمڵ دەكرا، جگە

لە هەزارەها گەنجی فەیلییان گرت و سەرنگومیان کردن، تائێستاش بێ سەرو شوێنن. کاتی خۆی لە ساڵی 1948 حکومەتی عێراق جووەکانیان لە عێراق دەرکرد و ڕەوانەی فەلەستینیان کردن ، هەرچی ناوماڵیان هەبوو خۆیان فرۆشتیان و خانوبەرەکانیان حیجز کران بەناوی ( الأموال المجمدە) بەناوی خاوەندەکانیان مایەوە، جووەکان بە ئێمەی کوردیان دەوت، ڕۆژێ ئێوەش لە عێراق وەك ئێمە دەردەکەن بە�م بە ڕووت و قوتی هەرچیتان هەبێ زەوتی دەکەن .. دوا ڕۆژیش قسەکانیان هاتە دی.

لەم بارودۆخەی فەیلییەکان لە شاری بەغدا، حاجی ڕەحیم ناچار بوو واز لە بازرگانێتی بێنێ و شۆریجە بەجێبهێڵێ و خەریکی ئینجینەرێتی بێ. حاجی ڕەحیم دۆستێکی گیانی بە گیانیم بوو، بە تەمەن لەمن گەورە تربوو، ئەوەبوو ناردمە دوایا بۆ وەزارەتی گواستنەوە وئەو کاتە وەزیری گواستنەوە بووم، داوام لێکرد تەندەرێکی ( دروستکردنی ساختمانێکی گەورەی قابلۆوات) وەربگرێ کە نرخی لە دەورو بەری پێنج ملیۆن دینار بوو، ئەو سەردەمە پێنج ملیۆن دینار گەلێ زۆر بوو، دینارێکی عێراقی سێ دۆلاری ئەمریکی بوو. ئەوەبوو تەندەرەکە بۆ حاجی ڕەحیم دەرچوو، جارێ ئیشەکەی نەگەیشتبووە " پادلۆ" بە پێی یاسایێکی حکومەت هەموو ئەو پرۆژانەی لە پادلۆ ڕەتیان نەدابێ ڕابگیرێن لەبەر بێ پارەیی، وەزعی دارایی عێراق زۆر خەراپ بوو.ئێمە لە وەزارەت هەموو ئیش وکارەکانی ئینجینەرەکانمان ڕاگرت، ئەو ئیشانەی لە پادلۆ "کەواتە بن تەمبەڵ " ڕەتیان نەدابوو. یەکێ لەو ئیشانە ئیشەکەی حاجی رەحیم بوو. ئەوەبوو حاجی هات بۆ لام وپێمی وت ئەگەر ڕاگرتنی ئیشەکەم لەبەر بێ پارەییە و ئەوا من بەردەوام دەبم و ئیشەکە تەواو دەکەم و کەی پارەتان بوو، پارەکەم بدەنەوە. داوام لێکرد داوایەك بنووسێ بۆ جێگری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش صدام حوسێن وئامادەیی خۆی نیشان بدا بۆتەواو کردنی ئیشەکەی. ئەوەبوو داواکەیم بۆ صدام حوسێن برد، صدام بە لایەوە سەیر بوو ئینجینەرێکی کورد ئەوەندە دڵسۆز بێ ئەم موغامەرەیە بکا،پێمی وت بە ناوی منەوە سوپاسی بکە ، ئەم کارەی حاجی ڕەحیم ئەوە دەگەیەنێ کەوا باوەڕی بەوە هەیە کە ئێمە لە حوکم دەمێنینەوەو ناڕوێین، تائێستا یەك ئینجینەری عەرەب وەك حاجی ڕەحیم بەم جۆرە نەهاتۆتە پێشەوە. حاجی ڕەحیم فەیلی مەکتەبێکی ئینجینەری هەبوو بەرامبەر بە وەزارەتی پلاندانان، مەکتەبەکەی بریتی بوو لە خانویەکی گەورە، تابلۆیەکی گەورەی بە ڕووکار مەکتەبەکەیەوە هەڵواسیبوو ناوی خۆی لەسەری نووسیبوو( عبدالرحیم الفیلی). ئەمنی عامە داوایان لێکرد وشەی فەیلیەکە لابەرێ، ئەویش پێیانی وتبوو من ناوم عبدالرەحیم فەیلیە، چۆن

ناوەکەم بگۆڕم، ئەگەر ئەم ناوە بگۆڕم کێ ئەم ناسێ !.ئەوەبوو ئەمنی عامە خۆیان تابلۆکەیان لابرد، ڕۆژێکیان حاجی هات بۆ لام وپێمی وت من مەکتەبەکەم بەجێ هێشتوە ،ئێستا ئەفسەرێکی ئەمن مڵەکەی بردۆتە ناو مەکتەبەکەم .

منیش چاوم بە دوکتۆر فازڵ بەڕاك کەوت و مەسەلەکەم تێ گەیاند، بەڕاك پێمی وت ئێمە ئاگاداری ئەم کردەوە نا بەجێیەی ئەو ئەفسەرە نیین و دەری دەکەین و سزاشی دەدەین. ب�م حاجی ڕەحیم داوای لێ کرد وازی لێ بێنن، وتی سبەی مەسەلەیەکی ترم بۆ دروست دەکەن، ئەمڕۆ ناوەکەمە و سبەی شتێکی تر. حاجی خۆی ڕەگەز نامەی عێراقی هەبوو و ب�م براکانی ڕەگەزنامەی عێراقییان نەبوو، ئەوەبوو تەرحیلکران بۆ ئێران و لە ئێرانەوە چوون بۆ مەغریبی عەرەبی و لەوێ گەورەترین وەرشەی دارتاشییان دانا .

حاجی دوای ئەم کەین و بەینە شوعبەی سێی ئەمنی عامە گرتیان ، ئەوەبوو پێش ئەوەی بچمە لای صدام حوسێن و داوام لە" ئەبو موشتاق" بەڕێوەبەری شوعبەی سێ کرد چاوێکی لە حاجی بێ تا چاوم بە صدام حوسێن دەکەوێ ، ئەوەبوو ئەبو موشتاق زۆر پیاوانە لە ژوورێکی تەك خۆی داینا و تەلەفزیۆنیشی لە ژوورەکەی دانا. ئەوەبوو چاوم بە صدام حوسێن کەوت و باسی گرتنەکەی حاجی ڕەحیمم بۆی کرد وپێموت ئەمە ئەو پیاوەیە کە جەنابت داوات لێکرد بەناوی جەنابت سوپاسنامەیەکی ئاراستە بکەم کە بەردەوامبوو لەسەر تەواوکردنی کارەکەی بە پڕی پێنج ملیۆن دینار وئێستا لە ئەمنی عامە تەوقیف کراوە، ڕاستە فەیلیە ب�م ڕەگەزنامەی عێراقی هەیەوگێچەڵی پێ دەکەن، ئەوەبوو تەلەفۆنی بۆ بەڕاك کردو یەکسەر بەریاندا. دوای بەربوونی بەماوەیەکی کەم چی پارەی هەبوو بە ڕێگای بڵێیۆزی ئەردەنەوە ناردیە دەرەوە، دوای ماوەیەکی تر بەناوی نەساغی وامکرد سەفەری بەریتانیا بکا. دوکتۆر عبدالرحمانی کوڕی دوای باوکی چووە لەندەن، لە بەریتانیا حاجی ڕەحیم دوو خانوی کڕی لە لەندەن و مانجستەر. خۆی و خێزانەکەی لە مانجستەر دادەنیشتن ودوکتۆر عەبدالرحمانی کوڕی لەلەندەن دادەنیشت و لە یەکێ لە زانکۆکانی لەندەن مامۆستا بوو.

یەکێ لە پیاوەتیەکانی حاجی ڕەحیم بەرامبەر بە من ئەوەبوو، سەرداری کوڕم لە شەشی ئامادەیی ڕێژەی نومرەکانی باش نەبوو هێچ کۆلیجێك وەری ناگرت، دەبوایا لە یەکێ لە پەیمانگاکان دەوام بکا. لە لەندەن دوکتۆر

عبدالرحمن لە یەکێ لە زانکۆکانی مانجستەر (قبول) ی بۆ وەرگرت و حاجی پێمی وت بێرە بۆ مانجستەر هەر لەماڵ خۆمان وەك کوری خۆم بە خێوی دەکەم و لە بەریتانا خوێندن تەواو بکا. کە گەڕامەوە بۆ عێراق، چوومە لای صدام حوسێن بۆ ئەوەی ڕەزامەندی وەربگرم و ڕەوانەی بەریتانیای بکەم، صدامیش پێمی وت بۆ ئەوێ بنێری بۆ دەرەوە، ئەوا من نامەیەکت دەدەمێ لە کام کۆلێجی عێراق دەوام دەکا با دەوام بکا، صدام نامەکەی داپێم، سەردار حەزی لە کۆلیجی (ئیدارەو ئابوری) بوو، ئەوەبوو لەوێ وەرگیرا. صدام بۆیە ئەم کارەی لەگەڵ من کرد بۆ ئەوەی سەرداری کورم نەچێتە دەرەوە و هەموو هەر لەبن دەستی بین.

له لەندەن چوومە باڵیوێزخانەی عێراق وسەرم لە باڵیوێزی عێراقدا، فەریق ڕوکن سەعدون غێدان وەزیری پێشوی گواستنەوە وگەیاندیش لە لای باڵیوێز دانیشتبوو، سەعدون غێدان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەی هاتبووە لەندەن – نەخۆشی شێرپەنجە – بە باڵیوێزەکەم وت ، من لە پراگەوە هاتومەتە لەندەن، دەبوایا وەفدێك بێتە ئێرە ومنیش لێرە کارئاسانیان بۆ بکەم کە چاویان بە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بکەوێ، وا دیارە وەفدەکە نایەت و منیش ئەو پارەیەم نییە بچمە یەکێ لە ئوتێلەکانی لەندەن و پێویستم بە یارمەتی دانتان هەیە بڕیك پارەم بدەنی تا دەگەڕێمەوە، زۆر ناپیاوانە پێمی وت ئێمە پارەمان لەبەر دەست نییە و ناتوانیین یارمەتیتان بدەین، منیش پێموت زۆر سەیرە تۆ دەزانی ئێوانی نەیاێکی حکومەتی عێراقیم وئەو هەزار جونەیهی داوەپێم وەك خەرجی گیرفان، جەنابتیش باڵیوێزی عێراقیت وبەم جۆرە و�مم دەدەیتەوە! ئەوەبوو سەعدون غێدان وتی من بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی هاتوومە و ئەگەر وا نەبوایا چەند پارەت بویستایا ئەمدا پێت. پاشان جەنابی باڵیوێز پێمی وت ژمارە تەلەفۆنەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدم نادەیتێ قسەی لەگەڵدا بکەم، منیش زۆر بە تورەییەوەپێموت ، ژمارەی تەلەفۆنەکەیت بۆ چییە، بۆ ئەوەی بازرگانی پێوە بکەی! ئەی ئێوە لەملاو ئەولا لەدێن مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد پەیوەندی هەیە لەگەڵتانا، ئەگەر وایە بۆ ژمارەی تەلەفۆنەکەی نازانن. باڵیوێزی عێراق لە ب�وکردنەوەی ئەو دەنگو باسانە تەنها مەبەستیان ئەوە بوو سومعەی مامۆستا ئیبراهیم بشکێنن، ئەوەبوو کە من وام پێوت زۆر تورەبوو، منیش پێموت، تورە مەبە ئەم هەڵوێستەی جەنابت بە ڕاپۆرتێك دایەرەکەمی لێئاگادار دەکەمەوە کە سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی

کۆمارییە. کە گەڕامەوە بۆ بەغدا ئەو پرە پارەیەی حاجی ڕەحیم فەیلی دابوویەپێم بۆم ناردەوە.

بەرامبەر ئەم هەڵوێستە جوامێرانەی حاجی ڕەحیم، لە بەغدا لە گەڕەکی صالحییە لە سەر ڕوباری "دیجلە " خانوبەرەیەکی زۆر گەورەی هەبوو پانتاییەکەی لە هەزار مەتر چوارگۆشەیی زیاتر بوو، جیهازی موخابەرات چەند فەرمانبەرێکی خۆی تیا نیشتەجێ کردبوو، بە تەمای ئەوەبوون دەست بەسەر خانوەکەیدا بگرن، ئەوەبوو داوام لە حاجی کرد پارێزەرێك بکاتە وەکیلی خۆی و لە دادگا ئامادە بێ بۆ ئەوەی خانوەکەی موسادەرە نەکرێ، حاجی پارێزەر (عبدالکریم )ی کردە وەکیلی خۆی، پارێزەرەکە دەترسا لە دادگا ئامادە بێ و پارێزگاری لە حاجی ڕەحیم بکا، ئەوەبوو هاتە لام وپێموت هیچ مەترسە من هەموو پشتگیریەکت دەکەم وحاجی بە ناوی نەخۆشیەوە من یارمەتیم داوەچێتە بەریتانیا ورەگەزنامەی عێراقی هەیە، دادگا داواکەی موخابەرات ڕەت دەکاتەوە وئەوەبوو پارێزەرەکە دەعواکەی بردەوە و خانووکەی حاجی ڕەحیم فەیلی موسادەرە نەکرا.

حاجی ڕەحیم هەڵویستی کوردایەتی گەلێ زۆر بوو، زۆر جیاوازی هەبوو لەگەڵ ئەو بازرگانە فەیلییانە کەبەو باوەڕەی ئازار نەدرێن وماڵ وموڵکەکانیان حیجز نەکرێ هەندێ لەسەرکردە بەعسیەکانیان کردبووە شەریکی خۆیان ویەکێ لەوانە " ئەبو شوان" بوو حەسەن عامری ئەندامی قیادەی قوتری ووەزیری بازرگانی کردبووە شەریکی خۆی، ئەبو شوان بۆئێران تەرحیل کراو، حەسەن عامری شەریکی دەستی بەسەر هەموو ماڵ و موڵکەکانی ئەبو شواندا گرت .

لە لەندەن حاجی ڕەحیم " کاسێت"ێکی ڤیدیۆی ( دوو خولەك لەسەر بەغدا Two Minute over Baghdad ) ی داپێم ، ئەم کاسێتە وێنەی دوو فڕۆکەی F 16 تیا بوو، کە چۆن مەفاعیلە نەوەویەکەی بەغدایان بۆمباران کرد. ئەوەبوو منیش کە گەڕامەوە بەغدا دامە بەرێوەبەری ئەمنی عامە لەبەر ئەوەی نەمدەوێرا لای خۆم هەڵیبیگرم بە دوکتۆر بەڕاکم وت ئەم کاسێتە حاجی ڕەحیم داویەتی پێم، بەڕاك بەپێکەنینەوەپێمی وت، (من چەند هەزار دۆلارم خەرج کردووە بۆ ئەوەی ئەم کاسێتەم دەست کەوێ، تا ئێستا دەستم نەکەوتبوو، ئەوا جەنابت بەم ئاسانییە دەستت کەوتووە، هەروەها وتی حاجی ڕەحیم نیشتمان پەروەرێکی باش بوو،ئێمە پلانمان پێوە ناچێتە دەرەوەو بێتە نەیارمان).

حاجی ڕەحیم فەیلی مرۆڤێك بوو پیاوەتی هەمیشە لەپێش چاو بوو وتا دەگا بە نەیارەکانی، بەڕێوەبەری شوعبەی سێی ئەمنی عامە دکتور گالب عبدالجبار (ئەبو موشتاق ) کە باسمانکرد لە کاتی گرتنی لە ژوورێکی تایبەت داینابوو زۆر ڕێزی گرتبوو. ئەبو موشتاق تووشی نەخۆشیەکی گران بوو دەبوایا بچێتە لەندەن و لەوێ عەمەلیات بکا، داوای نامەیەکی لێمکرد بۆ حاجی ڕەحیم وپێش ئەوەی بچێتە لەندەن مەوعیدی بۆ وەربگرێ لە پزیشکێك، ئەوەبوو حاجی ڕەحیم لەیەکێ لە نەخۆشخانەکانی لەندەن ژوورێکی بۆ حیجز دەکاو دوای ئەوەی لە نەخۆشخانەکە دەردەچێ، دەیەوێ پارەی پزیشك و ژوورەکەی بدا، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەپێی دەڵێ پارەکەت دراوە، ئەویش وا دەزانی ئەمنی عامە بۆی داوە کە سەیری لیستەکە دەکا سەیر دەکا پارەکە حاجی ڕەحیم داویەتی. بەڵێ گەلی کورد پیاوی وەك حاجی ڕەحیم فەیلی هەبوو، ئەبو موشتاق ماوەیەك لە بەریتانیا مایەوەو دوای گەڕانەوەی ئەمنی عامە گرتی بەتۆمەتی ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ کوردەکانی بەریتانیا پەیدا کردبوو ، ئەگەر دوکتۆر فازڵ بەڕاك نەبوایا ئیعدام دەکرا.

چۆن (پارتی شۆڕشگێری کوردستان) مان زیندووکردەوە:

لێرەدا دەگەڕێمەوە سەرباسی چۆنێتی زیندووکردنەوەی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان و دامەزراندنی لێژنەی ئامادەکاری و هەندێ بەسەرهاتی دوای هەڵوەشاندنەوەو تێکە�و بوونەوەمان وەك (پارتی شۆڕشگێڕ) لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا پێش زیندوو کردنەوەی پارتەکەمان تا بەستنی کۆنگرەی هەشتەمی پارتیمان لە تشرینی دووەمی ساڵی 1973 دا.

ئەمەی لێرەدا باسی دەکەم ڕاستی مەسەلەکەیە ، هیچم لیَ نەشاردوَتەوە وهیچیشم لە خۆمەوە نەخستۆتە سەری بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕاستی.

لەسەرەتای هەڵوەشاندنەوەکە و تێکە�بوونەوەکە لەگەڵ پارتی، بەشی زۆری ئەندامانی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان ناڕەحەت و بیَ ئارام بوون، لەبەرئەوەی بە چاوێکی سووك لەلایەن پارتیەوە سەیر دەکران، وەك ئەوەی ئەوان جەماعەتی شۆڕشگێڕیان لەشەڕدا بە دیل گرتبێت، ئەندامانی پارتی هەستیان بە لەخۆبایی و لووت بەرزی دەکرد، بەرامبەر بە شۆڕشگێڕەکان لەبەرئەوەی ئەوان سەرکەوتووبوون لە ئەنجامی شەڕی دووبەرەکیەکەی ئێوان هەردوو لا، لە ساڵی 1964وە تا ساڵی 1970،ئەم سەرکەوتنەیان لە

ئەنجامی بەیانی یانزەی ئازار کاریگەرییەکی زۆری کردبووە سەر نەفسیەتی پارتی چ پێشمەرگەکانیان چ ئەندامەکانیان، لەهەمان کاتدا سەرکەوتنەکەی ئەوان شکستێکی گەورە بوو بۆ ئەندامانی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان و پێشمەرگەکانی وکاریگەرییەکی زۆر ناهەمواری کردبووە سەر نەفسیەتی هەموویان.

نیازی پارتی باش نەبوو، لە لایەکی ترەوە مل کەچ نەبوونی هەندێ لە ئەندامانی پارتی شۆڕشگێڕ بۆ پارتی، دوای تێکەڵاوبوونەوەکە ، کە یەکێ لەوانە من بووم نووسەری ئەم یادداشتە، پارتیش لە گرتن و کوشتنی هەندێك لە ئەندامانی شۆڕشگێڕ وپێشمەرگەکانی وەك تۆڵە سەندنەوە لێیان بەردەوام بوون، کەپێشڕێکەوتنەوەکە نەیان دەتوانی تۆڵەیان لێ بسێننەوە ، وەك کوشتنی مام مەجید ڕۆستەم و کەس و کارو خزمەکانی کە (11) یانزە کەس بوون لەڕێگای خەلەکان لە ساڵی 1972 دا، دوای ئەوەی لەسەر داوای بارەگای بارزانی بەرەو گەڵاڵە کەوتبوونە ڕێ، بەناحەق و بە ناپیاوانەوە لەڕێگا بە ناوی پشکنینەوە چەکەکانیان لێ دەسەنن وپاشان هەموویان دەکوژن، گو لە بارانیان کردبوون. ئەم کردەوەیە کارێکی زۆری کردە سەر ئەندامان و پێشمەرگەکانی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان.زەمینەیەکی دەروونی زۆر ناهەمواری خولقاند لەنێوان ئەندامانی پارتی شۆڕشگێڕ و بۆیان دەرکەوت کە پارتی باڵەکەی بارزانی لەو تێکەڵاوبوونەوەیە نیازیان پاك نەبووە ، بۆیە بیرۆکەی جیابوونەوە لایان دروست بوو.

ئەمە جگە لەوەی هەرلە یەکەم ڕۆژەوە ڕێگایان بە پێشمەرگەکانی شۆڕشگێڕ نەدەدا بچنە ڕیزی چەکدارەکانیانەوە و زۆربەی سەرپەل و سەرلق وئامر هێزەکانی شۆڕشگێڕ بەرەو بەغدا وشارەکانی خوارووی عێراق لە ترسی کوشتن و بڕینی جەماعەتی مەلا مستەفا هەڵهاتبوون. هەروەها کوشتنی (یداللە) لە خانەقین لەلایەن (کەریم قامیشەیی) وە کە یەکێ بوو لەپێشمەرگەکانی جەماعەتی مەلا مستەفا و جاسوسی کۆنی ناسراوی ئێران بوو. کەس نەبوو لەناوچەی خانەقین نەزانێ کەریم قامیشە سازمانی ئێرانە. لە ساڵی 1972، کەریم قامیشە ئەم کارەساتەی بە ئاشکرا ئەنجامدا، بە نێوەڕۆژی نیوەڕۆ (یداللە) لە سەیارە دادەبەزێنێ و لەبەرچاوی خەڵکی دەیکوژێ. ئەم کردەوەیەی کەریم قامیشە ئەگەر پارتی موحاسەبەی بکردابا و بەندی بکردابایە، ئەو کاتە بە کردەوەیەکی تاکی لە قەڵەم دەدرا، بەڵام پارتی هیچ ئیجرائاتێکی دەرحەق نەکرد وبەرزەك بانان

بۆی دەرچووو. جەماعەتی مەلا مستەفا هیچ ئیجرائاتێکیان لەگەڵ کەریم نەکرد و دوای ئەوەش ڕێگایان لە ئەندامەکانیان نەگرت بە دەست خۆیان تۆڵە نەسەننەوە.

هەروەها ئەو ئەندامانەی چووبونەوە ڕیزی پارتییەکەیانەوە، بە ئاشکرا دژایەتییان دەکرا، ئەگەر کۆنە ئەندامێکی شۆڕشگێڕ لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بگواسترایەتەوە لە پسوولەی گواستنەوەکەی تێبینی ئەوەیان دەنووسی کە گوایا ناوبراو (جەلالی) بووە. من خودی خۆم کە گواسترامەوە بۆ قەزای کەلار وەك قایممقام، صالح یوسفی لێپرسراوی لقی بەغدا بۆعەزیز عەقراوی لێپرسراوی لقی کەرکوکی نووسی دەربارەی نەفی حزبایەتیم لە نامەکەی نووسیبوی (شیخ ستار کوری چاکە بە�م جەلالی بووە) ئەم تێبینیانە بۆ ئەوەی چاودێری بکرێین. لەلایەکی ترەوە (ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و عومەر مستەفا و عەلی عەسکەری) یان لە لای (قەسر)ی دانابوون، بە�م هیچ جۆرە کارێکی حیزبایەتیان پێیان نەدابوون، من خۆم لە ساڵی 1971-1972 دووجار سەرم لێیاندا، ئەوان خۆیان وایان نیشان دەدا کەوا لەژێر چاودێرین. بەمنیان وت کە ئێوە لێرەنین چیتان پێ دەکرێ هەڵبغی مەکەن، بە تایبەتی مام جەلال لەوان زیاتر بە پەرۆشەوە بوو هەروەها عەلی عەسکەریش داوای دەکرد، کە شتی بکری. مام جەلال چەند جار داوای لێم کرد کە کارێکی وابکەم ڕەوانەی دەرەوەی عێراقی بکەین دوای ئەوەی ئیجازە لە مەلا مستەفا وەربگرێ وبێتە بەغدا .

ئەوە بوو مام جەلال توانی بێتە بەغدا، منیش بەڕێگای شێخ جەباری برامەوە بەهۆی (عەلی ڕەزا باوە ئەرکەوازی)مام جەلالمان ناردە لوبنان لەگەڵ هێرۆی خێزانی بە بیانگەی ئەوەی هێرۆ نەخۆشی ئەعسابی هەیە .

ئەم وەزعە نالەبارە بە گشتی کارێکی وای کردە سەر ئەندامانی پارتی شۆڕشگێڕ بیر لە شتێ بکەنەوە، دوای ئێکە�وبوونەکە من بوومە ئەندامی لێژنەی ناوچەی پارتی لە بەغدا

وەك لەمەوپێش باسم کردووە.

خۆ وەك ئەندامێکی لێژنەی ناوچەی بەغدا، دوای ئەوەی نەفی کەلار بووم عەزیز عەقراوی ئەندامی لێژنەی مەرکەزی پارتی و لێپرسراوی کەرکوك ڕازی نەبوو وەك ئەندامێکیش لە لقی کەرکوك ڕێك بخرێم.. ئەم کردەوەیەی عەزیز عەقراوی زیاتر هانیدام بیر لە شتێ بکەمەوە دوای ئەوەی بەتەواوی لە

ڕێکخستنی حیزبایەتی پچڕام و وردە وردە دەستم کرد بە بیرکردنەوە بۆ زیندووکردنەوەی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان لەگەڵ چەند ئەندامێکی کۆنی پارتەکەمان، لەو ئەندامانە (شەوقی حەمەخان لە کەرکوك لەگەڵ بەکر عەلی و نورالدین عبدالرحمن هەروەها محمد محیالدین و علاالدین حەسەن لە هەولێر و شێخ جەباری برام لە بەغدا ).

دوای ئەوەی گواسترامەوە بۆ بەعقوبە، لە کۆتایی ساڵی 1972، سەرەتای ساڵی 1973 بواری چالاکی نواندنم زیاتر بوو، دەستم کرد بە پەیوەندی کردنەوە لەگەڵ ئەندامانی کۆنی پارتیمان، بە تایبەتی لە ساڵی 1973، دۆستایەتی نێوان حیزبی بەعس و پارتی دیموکرتی کوردستان بەرەو تێکچوون دەچوو، هەردوولا لە یەکتری بە بیانوو بوون، جەماعەتی بارزانی خەریکی خۆئامادە کردن بوون بۆ جەولەیەکی تر لە مەیدانی شەڕدا لەگەڵ حیزبی بەعس، بەعسییەکانیش خەریکی پلاندانان بوون بۆ لەناودانی مەلا مستەفا وکڕینی هەندێ لە ئەندامەکانی سەرکردایەتی پارتی وکردنیان بە پیاوی خۆیان، کە دواجار دێینەوە سەر ئەم باسە.

لە ئەنجامی پەیوەندی کردنم لەگەڵ ئەندامە سەرکردایەتییە کۆنەکانی پارتیمان بە تایبەتی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، سەرکەوتوو نەبوم لەگەڵیاندا، لەبەرئەوەی هەموویان بیرۆکەی زیندووکردنەوەی حیزبەکەیان ڕەت دەکردەوە، هەر یەکەیان لەبەرچەند هۆیەك، کە لە شوێنی خۆیدا باسیان دەکەم بە� م هۆی سەرەکی هەموویان ئەم هۆیانەی لای خوارەوە بوون:

1. باوەڕیان نەمابوو دوای بەیانی 11 ئازار بە حیزبی بەعس، کە چۆن ئێمەیان کردە قوربانیڕێك کەوتنەکەیان لەگەڵ مەلا مستەفادا. دەیان وت جارێ هەڵەت خەڵەتاندم خوابتگری، ئەگەر دووجار هەڵەت خەڵەتاندم خوا خۆم بمگرێ.

2. هەموو دەیان وت لەوانەیە دووبارە مەلا مستەفا و حکومەتڕێك بکەونەوە، ئەو کاتە ئێمە بەیەکجاری بە پەند دەبین.

جگە لەوەی هەر یەکێکیان ڕای تایبەتی خۆی هەبوو بۆ نموونە:

1. عەباس حوسێن، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیپێشوو کە چاوم پێیکەوت لە زانکۆی مستنصریەپێش دامەزراندنی لێژنەی ئامادەکردن لە ساڵی 1972، پێش دەرکردنی بەیاننامەی (لفیف) لە تشرینی دووەمی ساڵی 1972،

دەربارەی بەشداربوونی لە زیندووکردنەوەی پارتی شۆڕشگێڕ،پێمی وت: خۆت دەزانی من لە کاتی خۆی بێزار بووم لە حیزبایەتی کردن و داوای ئەوەم دەکرد وازم لی بێنن، بە�م ئەوە بوو ڕازی نەدەبوون (کەواتە لێژنەی مەرکەزی) ئێستاش من (ستۆك) بوومە کلێکی حیزبایەتیم پێوە نەماوە. باوەڕیشم بە ژیانی حیزبایەتی هەر لە بنەڕەتەوە نەماوە.

2. حەمەی حاجی تاهیر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پێشو، کە چاومان پێی کەوت وتی ئەم کارەی ئێوە ئەنجامی دەدەن کارێکی زۆر باشە بە�م من لەسەری خۆم دەترسم، ئامادەنییم مەلا مستەفا بمکوژی. وادیاربوو باوەڕی وابوو کە مەلا مستەفا بەئاسانی دەتوانی بیکوژی، بۆیە کاکە حەمەی حاجی تاهیریش لەبەر ترس نەك هۆیەکی تر ئامادەنەبوو بۆ زیندووکردنەوەی پارتی شۆڕشگێڕ هاریکاریمان لەگەڵدا بکات.

3. عەقید محمد ئەمین فەرەج ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پێشو، ئەو کاتەی ئێمە خەریکی زیندووکردنەوەی پارتی شۆڕشگێڕ بووین، محمد ئەمین فەرەج لە لەندەن بوو، دوای دامەزراندنی لێژنەی ئامادەکردن گەڕایەوە بەغدا، کە چاومان پێی کەوت و باسی عەباس حوسێن و حەمەی حاجی تاهیرم بۆی کرد، باوەڕی نەکرد کە وایان وتبی، ئەوە بووپێکەوە چووینە ماڵی عەباس حوسێن لەوێش چاومان بە حەمەی حاجی تاهیر کەوت، هەردووکیان هەمان قسەی پێشوویان کردەوە. پاشان لەگەڵ مەلاعبداللە ئیسماعیل وشێخ لەتیف بەرزنجی وشێخ جەباری برام لە ئۆتیلی (العراق الحدیث) محمد ئەمین فەرەجمان دەعوەت کرد لەڕۆژی 1972/12/8 بۆئەوەی بەگشتی قسەی لەگەڵدابکەین ومەوزوعەکەی لەگەڵدا یەك لایی بکەینەوە... ئەوە بووپێمانی وت: من ئامادەم لەگەڵتان بەشداربم بە مەرجێك دایەرەی ئیستخباراتی عەسکەری پێم بڵی. ئێمەشپێمان وت ئەم مەرجەت لی قەبووڵ ناکەین، ئێمە حیزبایەتی بۆ خۆمان دەکەین نەك بۆ ئیستخباراتی عەسکەری. ئیتر وازمان لێی هێنا. ئەمەش بەڵگەی محمد ئەمین فەرەج بوو .

4. عبدالرحمن زەبیحی (عولەما)، چاومان بە مامۆستا عبدالرحمن زەبیحی (عولەما) کەوت، ئەویش دوو دڵ بوو لە مەسەلەکە بە�م مەرجێکی دانا ئەویش ئەوەبوو کە سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعس، بەڵگەنامەیەکمان لە گەڵدا ئیمزا بکاتپێش زیندووکردنەوەی حیزبەکە بۆ ئەوەی پەشیمان نەبنەوە. ئەوەبوو من و مەلا عبداللە و شێخ جەباری برام وشێخ لەتیف لەگەڵ مامۆستا عولەما شەوێك چووینە لای (ناظم گزار) بەڕێوەبەری گشتی ئەمنی

عامە، هەموو وەعدێکی لە ڕووی یارمەتییەوە پێدااین، بە�م بۆ مەسەلەی ئیمزاکردنی بڵاوکراوەکە یان هەر وەرەقەیەکی تر وتی: (ئێوە هێشتا حیزبەکەتان زیندوونەکردوەتەوە، قیادەی قوتری بەناوی ئێوەوە یان چییەوە ئیمزاتان لەگەڵدا بکەن، ئێوە هەوڵی خۆتان بدەن وحیزبەکەتان زیندووبکەنەوە ئەو کاتە کە بوونە حیزب بێگومان ئیمزاتان لەگەڵدا دەکری) عولەما ئەمەی قبوڵ نەکرد، هەر بۆیە ئەو لە زیندووکردنەوەی شۆڕشگێڕ لە گەڵماندا بەشدارنەبوو، بەداخەوە دواجار دوای دەرکردنی مەلاعبداللە لەگەڵ ئەودا، لە دامەزراندنی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی کورد بەشداربوو. هەرچەندە من جگە لەو مەرجەی ماموستا عولەما بۆمانی دانا، باوەڕم وابوو کە عولەما لەگەلمانیدا بەشدار نابێ لەزیندووکردنەوەی حیزب لەبەر ئەوەی ڕای مام جەلال وئیبراهیم ئەحمەدی پێنەبوو.

5. حیلمی عەلی شەریف، لە زانکۆی المستنصریە لە ساڵی 1972 چاوم بە حیلمی کەوت، لە پۆلی یەکەمی قانون وسیاسە بوو منیش لە پۆلی دووەمی کۆلێژی ئاداب بەشی دەروونناسی بووم، دەربارەی بەشداربوونی لە زیندووکردنەوەی شۆڕشگێڕپێکەوە قسەمان کرد، هەرچەندە ئەو لە کۆنگرەی حەوتەم بەشدار نەبوو، پێش بەستنی کۆنگرەکە لە حیزب ئیستیقالەی دابوو، بە�م لەبەرئەوەی ئەندامێکی کۆنی کۆمیتەی ناوەندی بوو داوامێکرد لەگەڵمدا بەشدار بێ لە زیندووکردنەوەی حیزبەکە، وە�می ئەوەبوو کەوا لە بنەڕەتەوە حیزبایەتی کردن لە زروفی ئێستای کوردستاندا هیچ دەورێك و نرخێکی نییە و هیچی لێ هەڵ ناکرێت. باوەڕی وابوو ئەگەر شتێ بۆ کورد بکرێ ئەوا لەڕێی مەلا مستەفاوە دەکرێ وەك سەرکردەیەکی عەسکەری نەك وەك سەرۆکی پارتی. پاشان باسی هیتلەری کرد، کە چۆن بە ڕێگای سوپاوە سەرکەوت وچیکرد بۆ گەلی ئەڵمانی. ئینجا هاتە سەر گلەیی لە حیزبی بەعس کە چۆن (داراتوفیق) سەرنووسەری (التاخی) دەعوەت دەکەن وئەو دەعوەت ناکەن... دوای وتووێژێکی زۆربۆم دەرکەوت حیلمی عەلی شەریف نەخۆشی (داء العظمە)ی هەیە، وە�مم دایەوە کە دەعوەت کردنی دارا توفیق لە موناسەباتەکاندا کارێکی زۆر ئاساییە لەبەرئەوەی سەر نووسەری ڕۆژنامەی (التاخی)یە وئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتییە کە ئێستا هاوپەیمانی حیزبی بەعسە. جەنابتیش لەکاتی خۆی خاوەند ئیمتیازی (النور) بووی، دەعوەت دەکرای ودارا و ئەمسالی دارا دەعوەت ناکران... دەعوەت کردنەکەی دارا لەبەر ئەوە نییە دارایە، بەڵکو لەبەر شوێنەکەیەتی

کە تۆش دەعوەت دەکرای لەبەر ئەوە نەبوو کە حیلمی بووی بەڵکو لەبەر شێنەکەت بوو. بەم جۆرە حیلمیش لەگەلمَاندا بەشدارنەبوو.

6. نورالدین عبدالرحمن، نور الدینیش پێش هەڵوەشاندنەوەی پارتی شۆڕشگێڕ گەیشتبوە پلەی ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی کەرکوك، پاشان لە کۆنگرەی حەوت کە ناوی حیزبمان لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ پارتی شۆرشگێری کوردستان گۆری، بۆ چەند مانگێك بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (کاتی) من و نورالدین نزیکی شەش حەوت ساڵێکەوە لەناو شاری کەرکوك حیزبایەتیمان دەکردو تا بەیاننامەی (لفیف) لەگەلمَاندا بوو لە هەموو کۆبوونەوەیەکی زیندووکردنەوەی (شۆرشگێر) ئامادە دەبوو تادوا کۆبوونەوە کە لە ئوتێل" فواد" لەبەغدا بەستمان لەو کۆبوونەوەیە شێخ جەباری برام ومەلاعبداللە وشێخ لەتیف وعولەما وچەند هاوڕێکی تریش ئامادەبوون، دوای ئەو کۆبوونەوەیە نورالدین بزربوو، دواجار دەرکەوت کە گەڕاوەتەوە بارەگای لقی3ی پارتی لە کۆیێ (خلەبازیانی) وهەموو مەعلوماتێکی لەسەرمان داوە پارتی، هەروەها پێش دەستپێکردنەوەی شەر لە نێوان حکومەت وپارتی لە نیسانی 1974 نورالدین یش چووە سەرەوە، دوای" گەنم گردو جۆ�وەکە"نورالدین لەگەڵ (العائدون) گەڕایەوە و بەم دواییەش لە بەغدا مامۆستای قوتابخانە بوو.

بەهەر حاڵ ئێمە لە 1972/11/27 بەیاننامەی (لفیف) مان �وکردەوە و یەکەم کۆبوونەوەمان بە بەشداری بەندەو شێخ جەباری برام و مەلا عەبدلو� ئیسماعیل ولەتیف بەرزنجی و عبدالرحمن زەبیحی (عولەما) کرد، عولەما وەك ئەندام لەگەلمَاندا دانەنیشت، بەڵکو وەك دۆستێك بۆ ئەوەی سوود لە ڕاکانی وەربگرین بەشداربوو.

لە 1972/12/15 بۆ جاری یەکەم بەشێوەی تەنزیمی دانیشتین ودانیشتنەکە بریتی بوون لەم کەسانە:

(عبد الستار تاهیر شریف، عبد الجبار تاهیر شریف، عەبدلو� ئیسماعیل، بابەکر مەحمود پشدەری، شێخ لەتیف بەرزنجی) لەم کۆبوونەوەیە بڕیارماندا عەبدلو� کانی مارانی، وەك ئەندامی کۆمیتەکە بێتە ڕیزمانەوە، ئەوەبوو لە 12/22 لە کۆبوونەوەی دووەمی کۆمیتەکە ئامادەبوو، بەو جۆرە لە کۆمیتەی ئامادەکردنەوە دەستمان کرد بەڕێکخستنی کۆمیتە ناوچەییەکان لە بەغدا و کوردستان.

دەتوانم بڵێم لەبواری ڕێکخستنەوە تاقە سواربووم، هاوڕێکانی ترم لەلێژنەی ئامادەکردن گوێیان پێ ڕێکخستن نەدەدا، دواجار دەرکەوت هەر لەبنەڕەتەوە نەیان دەویست حیزبایەتی بکەن.

بەداخەوە لەگەڵ ئەوەشدا بڵێم ئەو برادەرانەی لێژنەی ئامادەکردن پیاوی حیزبایەتی نەبوون هەرچەندە بە باشی ڕۆڵی خۆیان لە زیندووکردنەوەی حیزبەکە بینی.

لەئەنجامی چالاکی نواندنمان وئاشکرابوونی ئەندامانی سەرکردایەتی شۆرشگێڕ دوای زیندووکردنەوەی لە 1973/7/22 شەو سەعات 8.30 لەناو شاری بەغدا لە شەقامی" الکفاح "پارتی (محمد حەسەن برزوێ) ناسراو بە (ئەبو سلام)یان کوشت. وەزیری کاروباری شیمال " سامی " دەستێکی باڵای لە تیرۆرکردنی ئەبو سەلامدا هەبوو، دوا ڕۆژیش خۆشی لە ئەنجامی تیرۆر سەری نایەوە.

ئەوە بوو لە 7/25 بەیاننامەیەکمان دەربارەی شەهید کردنی ئەبو سەلام دەرکردو جەماعەتەکەی مەلا مستەفا مان تاوانبارکرد.

کوشتنی ئەبو سەلام بووە هۆی ترساندنی گەلێ لە ئەندامانی پارتی شۆرشگێڕی کوردستان. ئەوەی جێگای داخە هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی باوەڕیان بە تیرۆرکردنی نەیارەکانیان هەبوو ، یەکێ لەوانە سامی عبدالرحمن بوو.

پارتی شۆرشگێری کوردستان کۆنگرەی هەشت

هەرچەندە کۆنگرەی (8)مان بەستء پارتی شۆرشگێڕمان زیندووکردەوە بەڵام پێویستە زیاتر لەسەر چۆنیەتی پارتەکە بدوێم ،بۆیە پێویستە کورتە باسێکی ژیانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیەکەی بکەم کە لەلایەن کۆنگرەکانییەوە هەڵبژێردرابوون.

1- عبدالستار تاهر شەریف، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی شۆرشگێڕی کوردستان، لە بەرگی یەکەمی یادداشتەکە بە دوورو درێژی باسی خۆمم کردووە.

2- شەوقی حمەخان: لە سڵی 1967 بۆ جاری یەکەم لە کۆنفرانسی ناوچەی کەرکوك ناسیم. وەك عنصرێکی کێکاریی هەڵبژیردرا بە ئەندامی ناوچەی کەرکوك، چالاکیی ئەم زیاتر لە سڵی 1969 دیاری داو زۆر جاریش وەك ئەندامی ناوچەی کەرکوكء شارەزا لەگەڵا عومەر دەبابە دەردەچووە دەرەوە دەچووە ناوچەی کۆیە، منیش لەوآ قائمقامی قەزاکە بووم و لێپرسراوی ناوچەکەش بووم. لە سڵی 1970 دوای بەیانی 11ی ئازار، یەکآ بوو لە ئاوارەکانی پارتەکەمانء لە ترسی پارتی ملّی باریکرد بۆ بەغدا. لەو ماوەیە هەمووپێکەوە بووین لە بەغدا (نورالدین عبدالرحمن، حەسیب نورالدین، مەلا محمد ئەمین "مەلا شیینە" نامق محمد، عەباس حوسێن، بەکر عەلی، نجم الدین گلی ، پاشان ئەم گەڕایەوە کەرکوك. لەگەڵا دەیەها ئەندامی تری پارتیمان لە ناوچەی کەرکوك، پارتی ڕازی نەبوون لە شاری کەرکوك شاری باو باپیرانمان دابنیشین و دەربەدەر کراین. مامڵەکردنی پارتی لەگەڵماندا گەلێ خەراپتربوو لە مامڵە کردنەکانی حیزبی بەعس لە شاری کەرکوك لەگەڵ دانیشتوانی شارەکە .

تا شەشی سەرەتایی خوێندبوو، پۆلی شەشی تەواو کردووەو کرێکار بوو لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك ولە ڕووی ڕۆشنبیری گشتییەوە ئاستی نزم بوو ب�م لە ڕوویڕێکخستنەوە شارەزاییەکی باشی هەبوو دڵسۆزو چالاك بوو، دڵی ساف‌ء پاك بوو، ب�م لە ڕووی خوێندەوارییەوە ئەوەندە خۆی ماندوو نەدەکرد کە جێگای ئومێدبوو خۆی ماندوو بکردبایە عونسرێکی سەرکردایەتی باشی لێ هەڵبکەوتایا، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان بوو نوێنەری کۆمیتە ناوەندی بوو لە لقی کەرکوك. شەوقی حمەخان لە سڵی 1958 وە ئەندامی پارتی بوو، کەواتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لەوکاتە..جارێ پارتی یەك حیزب بوو . شەوقی حەمە خان لە 2004\4\12 ..... ( کۆچی دوایی کرد .

3- عبداللە ڕۆژبەیانی: ئەم خەڵکی ێی سەوز ب�غە لە قەزای خانەقین، دەرچووی کۆلێجی کارگێڕی و ئابوری، سڵی 1967 – 1968 بوو، ئەندامێکی کۆنی پارتی بوو لە سەرەتای شۆڕشی کوردستان 1961 یەکآ بوو لە پێشمەرگەکانی پارتیمان، لە ڕیزی شۆڕش تا پلەی ڕابەری سیاسی لقی پێشمەرگەیپێسپێردرا بوو. لە کاتی زیندوو کردنەوەی پارتی شۆڕشگێری کوردستان دوای بەیانی" لەفیف"هاوکاری کرد لەگەڵماندا‌و پاشان بووە ئەندامی لێژنەی ناوچەی بەغداو لە کۆنگرەی هەشتء نۆی پارتیمان بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. پاشانیش بە ئەندامی مەکتەبی

سیاسی.دوای کۆنگرەی نۆ ئەم چالاکی زیاتر بوو. لە تاقیکردنەوەی ئەم ڕێنج ساڵەم لەگەڵی دا ئەم جگە لەلایەنە ئیجابیەکانی هەندآ لایەنی سەلبیشی هەبوو، کەمآ نەفەس زلیء لەخۆرازیبوونیپێوە دیاربوو.. لە ڕۆژی تەنگانەش عاملی ترس چەند جار کاری دەکردە سەری. بە هەر حاڵ یەکێ لەو ئەندامانە بوو کە نەچووە ڕیزی بەعسەوە هەروەها نەبوو بە سیخوڕ وەك هەندێ لە ئەندامەکانی تر. ئێستا لە شارۆچکەی کەلار نیشتەجێ بووە و پلێزەرە. دەستی نووسینیشی هەیە.

4- محمد محیالدین:لەدایکبووی1941دانیشتوی شاری هەولێرە. دەرچووی قوتابخانەی دوای ناوەندیەو موچەخۆرێکی بچووك بوو لە دایەرەی ئیصلاحی زراعیء لە خولی یەکەمی ئەنجومەنی یاسادانان بەناوی پارتیمانەوە بوو بە ئەندامی ئەنجومەن. لە خولی دووەمیش بەبآ ئەوەی لە لەلایەن پارتیمانەوە هەڵبژیردرێتەوە. (حیزبی بەعس) دووبارە کردییەوە بە ئەندامی ئەنجومەن لەبەر ئەوەی باوەڕی تەواویپێی هەبوو. خۆی لە چینی کرێکارانە لە ڕووی فامیلەوە. ئاستی ڕۆشنبیری سەرەڕای تەواو کردنی قوتابخانەی دوای ناوەندی لە ساڵی 1967ەوە بە�م ئاستی ڕۆشنبیری مام ناوەندی بوو. لە ساڵی 1977 لەکۆلێجی یاسا وسیاسەت لە زانستگای بەغدا وەرگیرا ئەم وەرگرتنەشی بەبآ ئاگاداری پارتیمان بوو. تاپێش کۆنگرەی دەیەمینی پارتەکەمان کە لە 1978/1/2 بەسترا جێگای باوەڕی تەواوم بوو کە لە پشت منەوە هیچ ناکا بە�م لەپێش بەستنی کۆنگرە لەکاتی بەستنی کۆنگرەی (دە) بۆم دەرکەوت کەوا هەرچی هەنگاوێ بهاوێژآ تەنها ڕەچاوی سوودی شەخصی خۆی دەکاتء حیزبء بەرژەوەندی گشتیی هەموو بە پووڵێك ناگۆڕێتەوەو لەژێرەوە خەریکی مامڵەو خۆ دەوڵەمەند کردن بوو .

لە کۆنگرەی نۆ دەورێکی با�ی هەبوو لە هەڵبژاردنەوەی محمد گوڵ وداود سەلمان وئیسلام مستەفاو کەریم ئەرکەوازی وعوسمان موراد، کە پێویستی دەکرد بۆ پتەوکردنی کۆمیتەی ناوەندیء پارتی ئەم هەق�نە هەڵا نەبژێردرێن لەگەڵا نواندنی ڕۆڵێکی ناشرین بۆ ئەوەی من دەنگی زۆر وەرنەگرم لە کۆنگرە، لەم جو�نەوەیەش هەرچەندە بەزیرەکانە دەجو�یەوە بە�م لەلایەن منەوە تیشك خرابوە سەریء ئاگاداری هەموو جو�نەوەکانی بووم. دوای ماوەیەك بۆم دەرکەوت کەوتبووەژێر فشاری شوعبەی سێی ئەمنی عامەوە و ئەمنی شیمالی کە بارەگاکەی لە هەولێر بوو بەتایبەتی " ئەبو عەلا" ی بەڕێوەبەری. ئاشکرابوو حیزبی بەعس وئەمنی عامە هەوڵیان دەدا بەڕێگایەکی نیزامی و بەڕێگای ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی وا بکەن

لە هەڵبژاردنەکە دەر نەچم، ئەوەبوو دەنگم کەمێنا بە�م هەرسەرکەوتم لەبەرئەوەی جارێ بەعسییەکان بەتەواوی تەشەنەیان نەکردبوو لەناو ڕیزی قواعیدی پارتەکەمان وەك ئەوەی تەشەنەیان لە ڕیزی سەرکردایەتییەکەی کردبوو.

5- مەجید ڕەشید جەباری: لەدایکبووی ساڵی 1941، لە قادر کەرەم لە مزگەوت لای مەلا خوێندویەتی و ئیشی کرێکارەو لە چینی جوتیارانەوە هاتۆتە خوارەوە، بەم دواییە بووە جێگری سەرۆکی یەکێتی کرێکارانی عێراق. تا ساڵی 1977 زۆر توندڕەو بوو دژی بەعس، هەرچەندە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیمان بوو بە�م لە ساڵی 1977 و تا بەستنی کۆنگرەی (10) دە، هەڵوێستی زۆر گۆڕاو لەناکاو لەگەڵا حزبی بەعس گرێی داو باریٚ گوێزیٚ لەبارکەی خڕەی تلێی. بەم دواییەش هۆیەکانی هەرچی بآ دەستی دایە ئەوەی زانیاری درۆو هەڵە لەسەر من بگەێنآ بە پرێوەبەری ئەمنی عامەء حیزبی بەعس بە�م جموجۆڵەکەی لەلایەن منەوە زوو ئاشکرا بوو بەتایبەتی دوای ئیعفا کردنەکەم لە وەزارەت گەلآ شتم لەسەری بۆ ڕوونبۆوە. ئاستی رۆشنبیری زۆر نزم بوو، بەڵکۆ دەتوانم بڵێم نەخوێندەوار بوو، شارەزاییەکی تەواوی لە ڕێکخستن و ڕۆشنبیری حیزبایەتی نەبوو، جگە لەوەی سادەو مێشك بەتاڵ و زوو یاریی پآ دەکرا بەم دواییە بووە ئەندامی حیزبی بەعس.

6- زۆراب داراخان: لە دایکبووی ساڵی 1931و لەبرا فەیلیەکان بوو، دەتوانم ڵێم نەخوێندەواری تەواو بوو. لە قوتابخانە نەیخوێندبوو، دەیتوانی ناوی خۆیء چەند ێتیپێك بنووسی، دوای زیندوو کردنەوەی پارتیمان لەگەڵا مەجید جەباریء محمد گوڵ محمد لە ساڵی 1973 بەیاننامەیەکیان دەرکردء ئیلتحاقیان بە پارتیمانەوە کرد، ئەو کاتە ئەندامی ناوچە بوون لە ڕیزی پارتی. لەکۆنگرەی 8، 9، 10 هەڵبژێردرایەوە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیء پاشانیش ئەندامی مەکتەبی سیاسی، کورد وتەنی (کەس نەبو ڕەجەب سەر پڵە بوو). لە ێزێکەکی کرێکاریء نەفسیەتی بورجوازییەکی گەورەی هەبوو. بوونی ئەم جۆرە ئەندامانە لە ڕیزی سەرکردایەتی پارتی شۆڕشگێڕ بووە هۆی پەرە نەسەندنی پارتەکەو ێیگاگرتن لە عەناسری رۆشنبیر بۆ هاتنەپێشەوە. ئەمەش ئاشکرایە حیزبی بەعس دەوری�کی بە�ی هەبوو لە کشاندنەوەی کەسانێکی ڕۆشنبیرو خاوەند ڕوانامە، بۆ نموونە کاتی خۆی بابەکر مەحمود پشدەری ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازبوو جەماعەتی مەلاعبداللە، داوایان لیکرد واز لە بزووتنەوەکە بێنێ بۆ ئەوەی بیکەن بە

پارێزگاری سلێمانی، ئەوەبوو وازی هێناو کرا بەپارێزگاری سلێمانی. هەروەها حیزبی بەعس یەکێ لە پیلانەکانی بۆ ئەوەی ئەندامانی حیزبە کوردییەکان بە خۆیانەوە گرێبدەن هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی شۆڕشگێڕو جەماعەتەکەی عەقراوی ومەلاعبداللە یان بەڕێوەبەری گشتیی لەدیوانی سەرۆکایەتی کۆمار وئەندامانی مەکتەبی سیاسیش بە ڕاوێژکار دادەمەزراندن و مووچەیەکی باشیان بۆیان دەبڕییەوە بە بێ ئەوەی داوایان لێبکری دەوام بکەن ، تەنها بۆ ناوەکە و گرێدانیان بە بەعسەوە و هیچی ترنا.

7- محمد گوڵ محمد مەلەك شایی: لە دایکبووی ساڵی 1939، لە خانەقین تا پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێندبوو، ئاستی ڕۆشنبیری زۆر نزم بوو. پیشەی کاسب بو.. دەوری تەکەتولگێرە شێتێنی زۆر گەورەی هەبوو، بە ئاشکرا دەستی لەگەڵ دەستگای ئەمندا هەبوو، کە لە شوێنێکی تری ئەم یادداشتە یەکێ لە بەڵگەکانم لەسەری �وکردۆتەوە. پێش ئەوەی بێتە ڕیزی شۆڕشگێرەوە ئەندامی لێژنەی ناوچەی بەغدای پارتی بوو.

8- سەعید قادر جاف: لە دانیشتوی شاری کەرکوك بوو، لە کۆنگرەی هەشت بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، پاشان چووە ڕیزی جەماعەتی عەزیز عەقراوی دوای ئەوەی ئەبو مازنی بڕێوەبەری ئەمنی عامە، دهێری بەدوایدا لەگەڵ فازڵ عەلی، یەکی هەزاروپێنج سەد دیناریان دەداتێ لەگەڵ یەکی سەیارەیەك، گوایا لەبەر ئەوەی جەماعەتەکەی هاشم عەزیز کەسی وایان لەگەڵدا نەبوو کرا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی گروپەکەی هاشم عەقراوی کە ناوی خۆیان نابوو پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەم زەلامە نەخوێندەوارە، بە�م خۆی وانیشان دەدا کە خوێندەوارە، قوتابخانەی سەرەتایی تەواو نەکردبوو بە�م ئەم ء ئەو وتاریان بۆ دەنووسیء لە ڕۆژنامەکاندا بەناوی خۆیەوە �ویدەکردەوە... لە کاتی شەڕی ئێران – ئێراقیش فەوجێکی جاشی درووستکرد و وازی لە جەماعەتەکەی هاشم عەقراوی هێنا وبووە سەرەك جاش ولە سەرڕێگای بەغدا – دوزخورماتو مەفرەزەی چەکداری دانابوو، وادیاربوو لەوەڕی جاشێتیەکەی خۆشتربوو لە هی حیزبەکەی هاشم عەقراوی. دوای شەڕی کوێتیش کە بە بەزینی ئێراق کۆتایی پێهات دووبارە سەعید جاف بە فەرمانی عیزەت ئیبراهیم بۆ ئەندامەتی مەکتەبی سیاسی جەماعەتەکەی عەقراوی گەڕایەوە. نامەویٚ لێرەدا لەمە زیاتر لەسەر بابەتەکە بڕۆم، کورد وتەنی " تاریکە شەو لە ئێوارەوە دیارە " کە حیزبی

بەعس چۆن گڵتەی بە حیزبە کوردیەکانی‌ژێر دەستی دەکرد. تا ئەو ڕادەیەی سەعیدجاف بەفەرمانی ڵێژنەی شیمال بکێتەوە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی جەماعەتەکەی هاشم وەكڵبێی دەستگایەکە لە دەستگاکانی حکومەت.

9- فازڵ عەلی حوسێن: خڵکی کەرکوکە ،لە کۆنگرەی هەشت بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هڵبژێردرا. لەکۆمپانیای نەوتی کەرکوك کرێکار بوو. زەلامێکی ترسنۆكء بآ کڵك بوو. پاشان لەگەڵ سەعید جاف چووە لای جەماعەتی عەزیز عەقراویء بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. کە ڵدهێم ترسنۆك بوو، ئێمە لە بەغداوە ڕۆژنامەی" نور "مان بۆ دەنارد بۆ کەرکوك بۆ ئەوەی لەسەر دۆستان و ئەندامانی پارتەکەمان دابەشی بکا و هەموو جارێکیش پارەی ڕۆژنامەکەی بۆمان دەنارده بەغدا، ڕۆژێکیان من وشەوقی حەمەخان و سەعید جاف و شێخ جەبار و چەند برادەرێکی تر دەعوەت بووین لە ماڵیان. بەڕێکەوت دۆشەکی قەرەوڵەکەی ژێری کەوتە خوارەوە، سەیرمان کرد هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەی نور کەوتە خوارەوە عەرەب وتەنی ( بالتمام و والکامل) تەنها یەك ژمارەشی بە کەس نەدابوو، خۆی لە گیرفان خۆی پارەکەی بە درۆ بۆمان دەنارد، یان باشترڵێم لە مانگانەکەی کە لە پارتیمان وەری دەگرت، ئەمە نموونەێیکە لە دەیەها نموونەی تری ساختەکاری ئەم زەلامە .

10- شێخ جەبار تاهیر شەریف. شێخ جەبار برای دایك و باوکیمە لە سەرەتای ژیانیەوە حەزی لە ئاژاوەو شەڕو دووبەرەکی بوو لە ێوان هاوڕێکانماندا. لە شۆڕشی کوردستان لە ئەیلولی 1961 دوای ئەوەی خالید ڵێر ئەندامی ناوچەی کەرکوك لە لایەن ئەمنی کەرکوکەوە دەستگیرکرا بە جانتایەکی پڕ لە ناو ولیستی ئەندامانی پارتی لە سنووری ناوچەی کەرکوك، ژمارەیەکی زۆر لەو ناوانە ئەمنی کەرکوك گرتیانی، ب�م شێخ جەبار وجەلال عبدالرحمن توانیان دەربازبن وبچنە ڕیزی شۆڕشی کوردستانەوە. شێخ جەبار کرا بە کادیر لە ناوچەی بادینانء ناوی حیزبی (مەلا ڕەسول) بوو. دوای ێکچوونی ێوان پارتیء مەلا مستەفا لە سڵی 1964 گەڕایەوە بۆ کەرکوك بۆ سەر وەزیفەکەی وەك مامۆستایەك ء گواسترایەوە بۆ قەزای (ڕوێسە ) لە دیوانیە. دوای ئەو گەڕانەوەیە بۆ سەر وەزیفەکەی وازی لە حیزبایەتی هێنا. لە زیندوو کردنەوەی پارتی شۆڕشگێڕ دەورێکی ب�ی هەبوو بەتایبەتی بە حوکمی پەیوەندی لەگەڵا (عەلی ڕەزا ئەرکەوازی ) لە" دەستگای علاقات." دوای هڵوەشاندنەوەی دەستگای

عیلاقات بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی لە دەستگای موخابەرات دامەزراو لە 1992\11\14 دەستگای موخابەرات لە ئوتیل قصر کەرکوك تیرۆریکرد لە ئەنجامی ناکۆکییەك لەنێوان ئەو و عەلی حەسەن مەجید . شیخ جەبار یەکآ بوو لە ئەندامانی لێژنەی ئامادەکردنء هەر ئەویش بووە هۆی ئیقناع کردنی منء چەند ئەندامێکی کۆنی پارتی کە ڕازی بین مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل لەگەڵماندااکاربکاتء بکرێتە سکرتێری لێژنەی ئامادەکردنی پارتی شۆرشگێری کوردستان.

شێخ جەبار قەت بە کەڵکی حیزبایەتی نەدەهات، هەر وەکو مەلا عەبدوڵڵا دەیووت (ئاخ جەبار چەند کوری باشء هاوڕێی چاکی بەڵام حزبایەتیت نەکردایا). لەبەرئەوەی هەر خەریکی پیلان نانەوەو ئاژاوەو شكء گومان بوو لە نێوان ئەنداماندا. دوای نەمانی لە پارتی بەماوەیەك بە ڕاوێژکاری ڵبێوزخانەی عێراق لە (نەمسا) دامەزرا. لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە ڕۆشنبیرێك و نووسەرێکی باش بوو، دەستی نووسینی هەبوو. ئەگەر ئەو لایەنە سەلبییانەی باسم کرد نەبوایا چالاکترین ئەندامی پارتی شۆرشگێر بوو. لە دەرەوەش لە دوای شۆرشی ئەیلول لە ساڵانی 1962- 1963 چالاکترین کادری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە ناوچەی سلێمانی و شیخ بزێنی. لە ساڵانی 1964 و 1965 بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی ( صوت العرب) بوو کەفوزی عبدالواحد کەلەپشتەوە ئاموزامان بوون لەبەغدا دەریان دەکرد ودواجار بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (النور)ی پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی بوو.

11- عەبدوڵڵا هەمزە: خەڵکی کەرکوکەو لەدێی زەردك لە ناحیەی ئاڵتون کۆپری لەدایك بووەو هەر لەوآ گەورە بووە لە لای مەلای دآ فێری خوێندەواری بووەو پاش ساڵی 1964 لە ڕیزی لەشکری پارتی بوو لە ساڵی 1968 ئەندامی ڕێکخراوی شوانء شێخ بزێنی بوو لە پارتی دیموکراتی کوردستان، لە کاتی زیندووکردنەوەی پارتی شۆرشگێر لە ساڵی 1973 کرایەلێپرسراوی ڕێکخستنی پارتی لە شوانء پاشان لە موصل،پێش کۆنگرەی هەشت سەرخراو کرایە ئەندامی لێژنەی ئامادە کردن. لە کۆنگرەی هەشت هەڵبژێردرا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیء کرایە نوێنەری کۆمیتەی ناوەندی لە موصل. لە ساڵی 1974 لە ڕیزی پارتی شۆرشگێر بە یەکجاری دەرکراو چووە لای جەماعەتی مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیلء پاشان لای ئەوانیش نەماو چووە لای جەماعەتی هاشم عەقراویء لەوێش زۆری پآ نەچوو دەرکراو ئیتر

بە یەکجاری وازی لە سیاسەت هێناو سەیارەیەکی کڕی و خەریکی کاسبکاری بوو.

12- زیاد مەجید میسری: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەڵپرسراوی سلیمانی بووباسی ناکەم لەبەر بەئاشکرا سیخور بوو لەئەمنی سلیمانی و دەورێکی زۆر خراپی هەبوو. بەڕاستی زۆر دڵگرانم کە بەم جۆرە باسی هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕشگێڕ دەکەم، هەندێکیان لە ژیاندا نەماوون و ئەوانەی ماون گومانیێدا نییە زۆر دڵگران دەبن،بەڵام، بە هەر حاڵ من لێرەدا تەنها هەندێ نەك هەموو لاپەڕەکانی فایلەکانیانم کردۆتەوە (مەلەفەکان) ئەمەش ئەوە نەبێ تەنها ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕشگێڕ بەم جۆرەی لێرەدا باسیان دەکەم خاوەند مەلەف بن ( مەبەست لە" مەلەف" پەیوەندی نهێنی لەگەڵ دەستگاکانی ئەمن و موخابەراتی بەعس).

ناکۆکیی نێوان پارتی و حزبی بەعس

دوای زیندووکردنەوەی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان وچەسپاندنی حیزبەکەمان دووبارە لەسەر زەمینەی واقیعدا وەك حیزبێکی شۆڕشگێڕو خاوەند تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی، سەرەڕای ژمارە کەمی ئەندامانی وکارکردنی نهێنی لە قۆناغی ساڵی یەکەمی دوای زیندووکردنەوەکەی، گەلێ شت لەسەر نەخشەی سیاسی ناوخۆی عێراق بەرەو گۆڕان دەچوو، پەیوەندی نێوان هەردوو حیزبی هاوپەیمان، حیزبی بەعسی و پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرەو تێکچوون دەچوو، یەکێ لەسیماکانی ساردی نێوانیان بەستنی کۆبوونەوەی بێلایەنەکان بوو لە 17ی تشرینی یەکەمی 1973، ئەوەبوو صدام حوسێن کۆبوونەوەی بە کۆمەلێ لە بێلایەنە کوردەکان لە هۆلی ئەنجومەنی نیشتمانی کردو موناقەشەی مەوزوعی حوکمی زاتی لەو کۆبوونەوەیە کرد، لە لایەکی ترەوە جەماعەتی بارزانی هەڕەشەیان دابوو لەو کەسانەی بەشدار دەبن لەو کۆبوونەوەیە، ئەو کەسانەی لە کوردستان دادەنیشتن نەیانوێرا بێنە کۆبوونەوەکە، ئێمە هەندێ دوستمان هەبوو لەم کۆبوونەوەیە بەشدار بوون لەگەڵ چەند ئەندامێکی شۆڕشگێڕ بە�م خۆیان بەکەس نەناساندبوو وەك حیزبی و بەناوی بێ لایەنەوە بەشداری کۆبوونەوەکە بوون.

لەم کۆبوونەوەیەدا صدام حوسێن وتی ئەگەر پارتی ڕێك نەکەوێ لەگەلمانداو نەیەنە بەرەی نیشتمانیەوە، ئێمە ئاگادارین زوربەی

ئەندامانی سەرکردایەتی وخوارەوەی حیزبەکە بێنە ڕیزی بەرەوە. ئەم قسەیەی صدام دوارۆژ لەو سەفەرەی بە ناوی بەرەی نیشتمانیەوە بۆ ڕۆمانیا (بوخاریست) من وهاشم عەقراوی وحیکمەت عەزاوی ( ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش) کردمان. شەوێك لە ئوتێلەکەمان من وهاشم عەقراویپێکەوە دانیشتبووین (باسی ئەو کۆبوونەوەیەی بۆم کرد کە ئەوان ئەندامانیلێژنەی مەرکەزی لەگەڵ صدام حوسێن بەدزی پارتی و مەلا مستەفاوە لەگەڵیدا کۆبووبوونەوە ، وتی من و عەزیز عەقراوی وصالح یوسفی وعەلی سنجاری وصدیق ئەمین ناسراو بە (صدیق ئەفەندی) وئیسماعیل مەلا عەزیز وعبدالوهاب ئەتروشی ) هەشت ئەندامیلێژنەی مەرکەزی بڕیارماندا ئەگەر بارزانی لە ئازاری ساڵی 1974 لەگەڵ حیزبی بەعس وحکومەتڕێکنەکەویَ ئێمە ئیمزای حوکمی زاتیەکە دەکەین وبەناوی پارتیەوە بەیاننامەیەك دەردەکەین وصدام حوسێنمان وتێگەیاند کە زوَربەی قواعیدی حیزبەکەمان لەگەڵ دایە، ئەو کاتە مەلا مستەفا هیچی پێناکریَ. )

ئەمەی سەرەوە بە ئەمانەتەوە قسەی هاشم عەقراویە، چەندی ڕاستە یان نا، ئەوە قسەی خۆیەتی ، پاشان وتی:

دوای ئەم کۆبوونەوەیە لەگەڵ صدام حوسێن، عەلی سنجاری مەلا مستەفای ئاگادار کردەوە و هەرچی لەو کۆبوونەوەیە قسەکرابوو لەگەڵ صدام حوسێن بۆی گێڕابوەوە ، ئەوەبوو صالح یوسفی و صدیق ئەمین و عبدالوهاب ئەتروشی چوونە لای مەلا مستەفا وتۆبەیان کردبوو ،ئەوەبوو من وعەزیز عەقراوی وئیسماعیل مەلاعەزیز بۆ بەغدا هه�تین وکەسمانیش لەگەڵدا نەبووا!...

کەواتە صدام حوسێن حەقی بوو لەو کۆبوونەوەیە ڵبیَ مەلا مستەفا لەگەلمَاندڕێك نەکەویَ ئێمە جاڕی جێبەجێکردنی حوکمی زاتی یەکە دەدەین وجەماوەری پارتیش لەگەلمَاندا دەبیَ.

ئەوەبوو عەزیز عەقراوی وهاشم عەقراوی وئیسماعیل مەلا عەزیز هاتنە بەغدا وخەریکی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون، بەو ناوە کە هەر حیزبە ئەصلیەکەیە و قواعیدی پارتی لەگەڵیاندان، بەلآم سەرکەوتوو نەبوون لەڕاکێشانی قواعیدی پارتی بۆلای خۆیان، ئەوەبوو بەڕێگای بەڕێوەبەری ئەمنی عامەوە عبدالخالق تەوحەلە (ئەبو مازن) دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیئێمەیان بردە لای خۆیان. شەو (ئەبو مازن) دەڵێتە دوای

سەعید قادرجاف وفازل عەلی حوسێن و یەکی (1500) دینار و سەیارەیەکیان دەداتێ وبەیانی زوو لە شۆڕشگێڕەوە دەبنە پارتی دیموکراتی کوردستان / جەماعەتی هاشم/ عەزیز عەقراوی، لە کاتێکدا لەدوای دووبەرەکیەکەوە ئەندامی پارتی- جەماعەتی مەلا مستەفا - نەبوون بەڵکو دوو ئەندامی لێژنەی کرێکارانی شۆرشگێڕ بوون لە کەرکوك ودواجاریش سەعید جاف ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی سەندیکای کرێکارانی عێراق بوو بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان / جەماعەتی مەکتەبی سیاسی.

ئەوەبوو هەرئەو ڕۆژە شێخ جەباری برام ناردە سەرماڵی سەعید جاف و چەکمان کرد، لەبەرئەوەی ڕازی نەبوو بەخۆشی چەکەکانی تەسلیم بکاتەوە.. لەسەرئەم کارە بەڕێوەبەری ئەمنی عامە (ئەبو مازن) تەلەفۆنی بۆم کرد، وتی (ئەبو سەردار) یاسا نەماوە، شێخ جەبار بەچەکەوە دچێتە سەرماڵی سەعید جاف و چەکی دەکا... وتم زۆر سەیرە ئەم یاسایە لەکەیەوە حورمەتی گیراوە، جەنابت بەڕێوەبەری ئەمنی عامی بەدزی ئێمەوە پارەو سەیارە دەدەی بەدوو ئەندامیلێژنەی مەرکەزی حیزبەکەمان و ڕەوانەی لای عەزیز و هاشمیان دەکەی ، ئەم ئیشەی جەنابت لە چ خانەی یاسایەك دای بنێین ؟!

پاشان من وبەڕێوەبەری ئەمنی عاممەپێکەوە دانیشتین، لەو دانیشتنە پێمی وت، ئێمە تووش بووینە، عەزیز وهاشم عەقراوی هاتوونەتەوە وکەسیان لەگەڵدا نییە، سەید النائب (صدام حسین)حەزدەکا یارمەتییان بدەین وئێمە(بەعس)وئێوەش‌شۆرشگێڕ هەردوولامان، هەر لایە چەند ئەندامێکیان بۆ بنێرین بۆ ئەوەی بتوانن حیزبەکەیان دروست بکەن.... لێرەدا لەم یادداشتە نامەویَ بچمە بنج و بنەوانی حیزبەکەی هاشم و عەزیز عەقراویەوە، بەتایبەتی هاشم عەقراوی،پێش ئەوەی بمریَ ئەندامی شوعبەی حیزبی بەعس بوو، کەواتە سکرتێری حیزبێك بووبووە ئەندامی حیزبی بەعس، ئەندامێکی خوارەوە، سکرتێری حزبێکی کوردی بوو، لەساڵانی1980 بەسەرەوە هەموو کەسیَ ئەم ڕاستییەی دەزانی، ئەو هەڵوێستەم بەرامبەر بە کردەوەکەی بەڕێوەبەری ئەمنی عامە ئەبو مازن، نامەیەك بوو بۆ ئەمنی عامە، کە ناتوانن بە ئاسانی خۆیان بەسەرمدا فەرز بکەن.

لە لایەکی ترەوە لە 26ی تشرینی دووەمی ساڵی 1973 وەخەریکی خۆ ئامادەکردن بووین بۆ بەستنی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی شۆرشگێڕی کوردستان. لەناو خۆمان ئەندامانی لێژنەی ئامادەکردن ێتێك چووین لەسەر

بەستن ونەبەستنی کۆنگرەکە، مەلا عەبدوڵلا وشێخ لەتیف وبابەکر وعەبدوڵلا کانیمارانی لەگەڵ بەستنی کۆنگرەکە نەبوون، داوای دواخستنیان دەکرد.

شەوی 30/29ی 1973/11 عبدالوهاب باجەلان وحەمەحوسێن کوردە هاتنە لام و وتیان مەلا عەبدوڵلا ئێمەی ناردووە بۆلات ولەمەوزوعی تەئجیلکردنی کۆنگرەکە قسە بکەین. لەگەڵیاندا نەگەیشتمە ئەنجامێك، ئێمە لەسەر بەستنی سووربووین وئەوانیش سوور بوون لەسەر دواخستنی.

بۆ شەو هەر لەسەر داوای عبدالوهاب وحەمەحوسێن کوردە لەماڵی زۆراب داراخان لەگەڵ مەلا عەبدوڵلا پێکەوە دانیشتین من وشەوقی حەمەخان وشێخ جەبار ومەجید جەباری ومحمد گوڵ، مەلا عەبدوڵلا زۆر هەوڵی لەگەڵماندا کە قەناعەتمان پێ بکا کۆنگرەکە دوابخەین، بەلآم ئێمە قەناعەتمان نەکردو ئاگادارمان کردەوە کەوا کۆنگرەکە دەبەسترێ. بەلآم مەلا عەبدوڵلا وەعدیدا لە دانیشتنی یەکەمی کۆنگرەکە بەشدار بێ بەڵکو قەناعەت بە بەشداربووانی کۆنگرە بکا بۆ دواخستنی.

ڕۆژی 30ی تشرینی دووەمی 1973 لە بەغدا سەعات 9.30 ی سەرلەبەیانی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان لەماڵی ـ شێخ جەبار- لەغدا بەستراو حەفتاو شەش (76) نوێنەر تێیدا بەشداربوون، هەر نوێنەری لەجیاتی (10) دە ئەندام هاتبوون لەگەڵ (25) بیست وپێنج ێوان لە ئەندامانی پێشکەوتووی پارتی شۆڕشگێڕ کە مافی دەنگ دانیان نەبوو.

لە نوێنەرەکان سێیان (3) ئافرەت بوون، کۆنگرەکە لەلایەن منەوە کرایەوە بە وەستان بۆ ماوەی یەك دەقیقە لەسەر گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان وپارتی بە تایبەتی محمد حەسەن برزۆ (ئەبو سەلام)، پاشان ڕاپۆرتی کۆنەی ئامادەکردنم خوێندنەوە. دوا بەدوای ڕاپۆرتەکە، مەلا عەبدوڵلا ئیسماعیل بۆ ماوەی یەك سەعات قسەی کرد، دیفاعی لە ڕاو بۆچوونەکانی خۆی کرد کە بۆ داوای دواخستنی کۆنگرەکە دەکا، لە وتارەکەیدا وتی "اخشى عن بيان اۆار پانيه" کەواتا لە بەیانێکی تری 11ی ئازار دەترسم. پاشان لە کۆنگرەکە دەرچووە دەرەوە. دوای دەرچوونی مەسەلەی مەلا عەبدوڵلا خرایە دەنگەوە وبەزۆرینەی دەنگ لەڕیزی پارتی شۆڕشگێڕ دەرکرا بەتاوانی هەوڵدان بۆ نانەوەی ئاژاوە ودووبەرەکی لەڕیزی پارتیدا. هەروەها(شێخ لەتیف وبابەکر مەحمود پشدەری وعەبدوڵلا

کانیمارانی)یش لەڕیزی پارتی دەرکران. مەلا عەبدوڵڵا دوای ئەوەی لە دانیشتنی یەکەمی کۆنگرەی هەشتەم سەرنەکەوت ونەگەیشتە ئامانجی، دەچێتە لای سەعدون غێدان ئەندامی ئەنجومەنی شۆڕش، وەزیری ناوخۆی عێراق بوو، باسی کۆنگرەکەی بۆ دەکاو پێی ئێلی کە بەشداری کۆنگرەکە بووە ولە کۆنگرەکە وتێکی پێشکەش کردووە، وا دەکا پرى دە هەزار دینار کە کاتی خۆی وەك یارمەتی بۆ پارتیمان داندرابوو ڕای بگرێ. ئەوەبوو لەسەر مانگ کە چووم بۆ لای وەزیری ناوخۆ پێمی وت یارمەتییەکەتان پراوە، ئێوە نەدەبووسکرتێری کاتی پارتەکەتان ئاگادار نەکەنەوە لەبەستنی کۆنگرەکەو بەشداری نەکەن، ئەم قسەیەی سەعدون غێدان بەلامەوە زۆر سەیر بوو، هەرچەندە ئێمە دەمانزانی مەلا عەبدوڵڵا چۆتە لای وەزیری ناوخۆ، بەلآم بەوەمان نەزانیبوو درۆی وای لا دەکا بە مەبەستی پڕینی یارمەتیەکەمان. ئەوەبوو بە سەعدون غێدانم وت: ئەگەر مەلا عەبدوڵڵا ڕاستی نەکردووە لەگەڵتدا، لە کۆنگرەکە ئامادە بوو وقسەی خۆی کردو زۆریش هەوڵیدا کۆنگرەکە دوابخا ودەترسا، حیزبی بەعس لەگەڵ بارزانی دووبارە ڕێك بکەوێتەوە، بۆ ڕاستی ئەم قسەیەم، چەند وێنەیەکی مەلا عەبدوڵلآم پێیە لەگەڵ شریتی وتەکەی کە لە کۆنگرەکە تۆمارکراوە، کاتێ سەعدون وێنەکانی دی وگوێی لە شریتەکە گرت، سەری سورما، دەبێ مەلا عەبدوڵڵا بۆ ئەم درۆیەی لەگەڵدا کردبێ. دوای ئەوەی لای سەعدون غێدان گەڕامەوە، یەکسەر چوومە لای حاجی خیراللە تلفاح، دەمزانی سەعدون غێدان زۆر لە دەم حاجی دەترسێ، دۆستایەتیم لەگەڵ حاجی زۆر باش بوو، ئەوەبوو مەسەلەکەم تێ گەیاند وئەویش تەلەفۆنی بۆ سەعدون کردو گەلێ قسەی پێوت، نامەوێ لێرەدا قسەکانی بگێڕمەوە، ئەوەبووپێی وت شێخ ستار دێ بۆ لات و پارەکەیان بۆ خەرج بکە، ئەگەر نا تەلەفۆن بۆ صدام حوسێن دەکەم، ئەوەبوو چوومەوە بۆ لای سەعدون غێدان وپرى دە هەزار دینارەکەم لێ وەرگرتەوە. ئەوەبوو مەلا عەبدوڵڵا دوای ئەوەی نەیتوانی کۆنگرەکە دوا بخاو نەشیتوانی یارمەتیەکەی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان بپڕێ، لەگەڵ شێخ لەتیف بەرزنجی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی کوردی دامەزراند وژمارەیەك لە ئەندامان و لایەنگرانی پارتی شۆڕشگێڕی بۆ لای خۆیان ڕاکێشا بەلآم ژمارەکانیان زۆر نەبوون.

مەلا عەبدوڵلاَ دوای هاتنە ڕیزی بۆ ناوپارتی، لەقەبی مەلا ماتۆڕی بەسەردا پرا. من بۆ خۆم وەك شەخس هیچ ناخۆشیەکم لەگەڵیدا نەبوو، بەلاَم لە دوای کۆنگرەی حەوت، مەلا ماتۆڕ ئیتر ئەوەندە خۆشی پێمدا ناهاتەوە، هۆیەکەشی ئەوەبوو، کۆنگرە ڕایسپاردم کە ئاگاداری مەلا ماتۆڕ

بکەمەوە، کە جەمیلە خان نەهێنێ، لەبەرئەوەی کۆمەڵێ بەڵگەو هێنە هەبوون لای سەرکردایەتی گوایە لەڕێزی مەلا نییە بیخوازێ، بەلاَم مەلا ماتۆڕ سوور بوو لەسەرخواستنی، کەچی ئەندامانی کۆنگرەڕێیان وابوو، ئەم کارەی مەلاماتۆڕ کاردەکاتە سەر سومعەو ناوی پارتی. چونکە ئەو ئەندامی لێژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان ــ باڵی مەکتەبی سیاسی ــ بوو. ئەوەبوو چاوم بە مەلا ماتۆڕ کەوت و ڕاسپاردەی کۆنگرەم پێڕاگەیاند ، کە نابێت ئەم کارە بکاو جەمیلە بخوازێ. چونکە سوور بوونت لەسەر ئەم بڕیارە دەبێتە مایەی دەرکردنت لە ڕیزی حیزب، مەلا لە وەلاَمدا پێمی گووت ستاری برام، دەزانم قسەکان هەموو ڕاستن بەلاَم ناتوانم دەست لە جەمیلە هەڵگرم، هەرچەندە نە منداڵم، نە هەرزەکارم!. ئەوەبوو گەڕامەوەو بە کۆنگرەم ڕاگەیاند، مەلا ماتۆڕ سوورە لەسەر هەڵوێستەکەی، بۆیە لە کۆنگرە بە زۆرینەی دەنگ لە ڕیزی حیزب دەرکرا .

لە سەر داوای غانم، لە کۆبوونەوەیەکی چوار قۆڵی لە نێوان غانم عەبدولجەلیل، ئەندامی قیادەی قوتری حیزبی بەعس و ئەبو مازن، مودیری ئەمنی عامەو بەندەو مەلا ماتۆڕ. لە دائیرەی ئەمنی عامە کۆبووینەوە، بە مەبەستی یەکگرتنەوەی هەردوو حیزب، شۆڕشگێڕ و بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی کورد. لە کۆبوونەوەکە باسی مەلا ماتۆڕمان کرد، کە لە کۆنگرەی حەوتەوە لە حیزب دەرکراوە، ئەوەبوو غانم گوتی شتی وا نییە، ڕاست نییە. منیش بەرپەرچیم دایەوەو، بەهۆێژی باسی هۆی دەرکردنەکەیم لە ڕیزی پارتی کرد، کە هۆیەکەی خواستنی جەمیلە بووە، مەلا ماتۆڕ هاتە قسەو جنێوی زۆر پیسی بە مامۆستا برایم ئەحمەدو مام جەلال و ئەندامانی سەرکردایەتی دا، کە ئەوان سومعەیان تێکداوەو درۆو دەلەسەیان بۆ هەڵبەستووە، منیش گووتم تۆ خۆت سومعەی خۆت تێکداوە، خۆت دانت بەوەدا نا کە نەمنداڵی و نە هەرزەکاری و چارت نییە هەر دەبێت بیخوازی، بە غانمم گوت ئەمەپێوەندی بە جەنابتانەوە نییەو زانیاریت لەسەر ئەم بابەتە کەمە .

پێش بەستنی کۆنگرەی هەشتی پارتیمان، سەفەرێکم بۆ ئەڵمانیای دیموکراتی کرد، خورشید ڕەواندزی لە شاری ( لایپزك دەیخوێند، خورشید خاڵەی جەمیلە بوو. هێنەری ئێمەش بوو لەئەڵمانیا. پێش ئەوەی سەفەرکەم جەمیلەپێی وتم، لەگەڵ خۆتدا بۆ ئەڵمانیام بەرەو سەردانی خاڵۆم دەکەم، منیش بە مەلا ماتۆڕم ووت کە جەمیلە داوایلێکردووم لەگەڵ خۆمدا ببیەم، لە وەلاَمدا وتی زۆر باشە، ئەوەبوو مەلا ماتۆڕ خەریکی

دەرکردنی پاسەپۆرت بوو بۆ جەمیلەپێش ئەوەی سەفەر بکەم، ئەوەبوو جەمیلەپێی وتم بگەمە ئەڵمانیا ناگەڕێمەوە بۆ عێراق، پێم وت بۆ ناگەڕێیتەوە، لە وەلاَمدا وتی تۆ باش دەزانیت مەلا منی بەزۆر خواستووەو داگیری کردووم، من لە کوێ و مەلا لە کوێ! من بە کچی ئەو دەشێم زۆری لەم بابەتە قسانە کرد، کە ئێرە جێگای نووسینەوەی نییە، ئەوەبوو بە مەلا ماتۆرم وت: جەمیلە لەگەڵ خۆمدا نابەم، با نەزانێ کەی سەفەر دەکەم، مەلا وتی هۆی چیە ڕەئیت گۆری، ڕاستی مەسەلەکەم بۆی گێڕایەوە، مەلا ماتۆر ماچی کردم و زۆر خۆشحاڵ بوو، بەم جۆرەڕێگام بۆ جەمیلە خۆش نەکرد، مەلا ماتۆر جێبهێڵێ. مەلا ماتۆر لەوکەسانە بوو ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەری بەسەرا جێبەجێدەبوو، کە دەفەرموێ ( إذا لم تستح فأعمل ما شئت ) لە مەسەلەی نامووس مەلا ماتۆر لە کەس شەرمی ناکردو زۆریش داوێن پیس بوو .

کۆنگرەی (9)ی پارتی شۆرشگێڕی کوردستان

لە 24 تا 27ی کانوونی یەکەمی 1975 پارتی شۆرشگێڕی کوردستان کۆنگرەی (9) نۆیەمی لەژێر دروشمی (لە پێناو پتەوکردنی یەکێتی تێکۆشانی نێوان هەردوو گەلی کوردء عەرەب). لە شاری بەغدا لە هۆڵی (رباگ). بەست، نامەوآێرە هێژە بە نووسینەکەم بدەم دەربارەی کۆنگرەی (9)ء چۆنێتی بەستنیء پاشان ڕیارو ئامۆژگاریەکانی لەبەرئەوەی بە هێژی لە ڕوانامەی پارتی شۆرشگێری کوردستان ژمارە (4) بە عەرەبیء ژمارە (5) بە کوردی بلآوکراوەتەوە لە دوو نامیلکەش بەجیاواز لە سڵی 1976 لە چاپخانەی" مصلحەی نقل رکاب" لە چاپ دراوە. لەهەر نامیلکەی (10.000) دە هەزار ژمارەی لآ چاپکراو لەهەمان سڵدا کەوتە بازاڕەوە. ئەوەی لێرەدا پێویستە باسی بکەم ئەوەیە، پاش ئەوەی علاء الدین حەسەن بەهۆی نەخۆشی (صرع)ەوە داوای کرد لە ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی ئیعفا بکرآ، ئەوە بوو ئیعفا کراو کرایە ئەندامی لێژنەی ناوچەی هەولێرو زیاد مەجید ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی خرایە شوێنی. هەروەها فائق جەمیل عەلی لە ڕیزی پارتی دەرکراو ئیسلام مستەفا خرایە شوێنی. هەرچەندە فائق جەمیل بەو تاوانە دەرکرا لە ڕیزی پارتی کە گوایا لەگەڵا دەرکراوەکانی هەولێر (مەغدید سوَران)ء چەند ئەندامێکیتر لەوەپێش دەرکرابوون شەوێك لە ماڵی مەغدید کۆبووبوونەوەو محمد محی‌الدین لەگەڵا چەند ئەندامێکی لق بە شەو چووبونە سەریان بەلآم مەسەلەکە لە ڕاستیدا ئەوە نەبوو بەڵکو محمد محی‌الدین بەهەموو جۆرێك دەیویست لە فائق جەمیل ڕزگاری

بێت، لەبەرئەوەی هەولێری بوو وزانیاری لەسەر تەسەڕووفاتی نالەباری محمد محی‌الدینء ئەندامانی لق زۆر بوو بۆیە محمد محی‌الدین ئەو پیلانەی بۆ دروستکرد بەلآم لەبەرئەوەی فائق جەمیل لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی ئامادە نەبوو پارێزگاری لەخۆی بکا، بۆیە کۆمیتەی ناوەندی بە زۆرینەی دەنگ هەموو مەسئولیەتێکی لێ سەندەوە. وادەرکەوتیش کە فائق جەمیل ئەو پلانەرەی نەمابوو لەگەڵماندا ئیش بکات بەتایبەتی کە گروپآ لە نە خۆێندەوارەکان دەستیان بەسەر مەکتەبی سیاسیدا گرتبوو گۆڕانیان ئیمکان نەبوو بەڕای فائق جەمیل، لەوانە زۆراب داراخانء مەجید جەباری. بەم دواییەش ئیبراهیم سەلام کە کردەوەکانی مندالآنەو ساویلکەبوو بەتایبەتی بەرامبەر فائق جەمیل، بەهەر حالأ دەرکردنی فائق جەمیل لە ڕیزی پارتیمان ڕەسیدی نەخۆێندەوارەکانی زیاترکرد. جگە لەوەی هەر بەم دواییە فائق جەمیل لەوە دەترسا لە هەولێر محمد محی‌الدین سەری بە بەرێکا بدا هەروەکو سەری چەند ئەندامێکی تری بە بەردادا بەلآم هەندێکیان لە محمد محی‌الدین زیرەکتربوون بۆیە توانیان خۆیان ڕزگار بکەنء محمد محی‌الدین نەتوانآ هیچیان لەگەڵدا بکات لەوانە مەغدید سۆران کە دەتوانملێم بە رەسمی ئەمن بوو، بەڵکو وەك مامۆستا مەلا جەمیل رۆژبەیانی بەم دواییەپێمی وت کە مەغدید لە کاتی خۆی لە شاری بەسرە بووە و مامۆستا ڕۆژبەیانیش لەو سەردەمە ئیمام وخەتیبی مزگەوتێك بووە، جێگای مەغدیدی لای خۆی کردۆتەوە لە مزگەوتەکە وجەنابی مەغدیدیش پەیتا پەیتا ڕاپۆرتی لەسەر مامۆستا نووسیوە بۆ مفەوەزێکی ئەمن ومفەوەزەکەش دۆستی ڕۆژبەیانی بووە ڕاپۆرتەکانی داوەپێی وئاگاداری کردۆتەوە، ڕۆژبەیانی ئەم رووداوەی لە بەغدا لە سالآنی هەشتاکان بۆم گێرایەوە و وتی ئەوە بوو بە مەغدیدم وت کورم جێگات لای من نەما، ئەگەر جەنابت لە دەستگای ئەمن عەریفی، من لەوی ئەفسەرم مەلا جەمیل بوو نوکتە ئەم قسەیەیی کردووە نەك بەراستی ئەفسەربی و ئیتر لە شەرمەزاریدا بەسرای بەجی هێشت .

گەشتەکانم بۆ کوردستان

لە 16\9\1975ڕێکەوتی پێنج شەممە چوومە قەزای هەڵەبجە و سەرم لەدێیە نزیکەکانی هەڵەبجەدا لەوێیانە ێی (سازان، کۆسارەڕێشاو) پۆلیسەکانی سنوورئازاری دانیشتوانی ئەم دێهاتانەیان دابوو بە جۆرێ گەیشتبووە ئەوەی ئەفسەرێکی هێزی پۆلیس " دونگی" کوڕێکی بەزیندوویەتی یریبوو پاشان کاورەکەی سەرپریبوو، ئەم کاورە هی مەلا

حوسێن بوو، مەلا حوسێن هاتە لام و شکایەتی لە ئەفسەرەکە کرد، چەند کەسێکی تر شکاتیان لە ئەفسەرەکەو پۆلیسەکانی کرد کەچی دەرگای کادانەکانیان هەیە هەموویان شکاندووە و بەزۆر کایەکانیان بۆئەسپەکان وهێسترەکانیان بردووە،ڕەزەکانیان تالاێن کردووە، پووشی پاوەندەکانیان لەو دەشتە سووتاندووە .. هتد . لەم کردەوە ناشرین و چەپەڵانە.

لەناو شاری هەڵەبجەش ناوە کوردیەکانیان لەسەر لەوحەکانی گازینۆکان ودوکانەکان لادابوو لە شوێنیان بەزمانی عەرەبی لەوحەکانیان نوسیبووەوە، وەك ناوی (الحريه، التأميم، الشباب،7نيسان، الأشتراكيه) ناوی کۆمەڵەی جوتیارانی (شنروێ) لەێی (عەنەب) کردبویانە ( جمعيه البعپ)

ناردمە دوای ئەو ئەفسەری پۆلیسەی دونگ مەڕەکەی بە زیندوێتی ڕیبوو، زۆر بەتوندی موحاسەبەم کردو پاشان کە گەڕامەوە بۆبەغدا چاوم بە سەرەك کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر کەوت وباسی وەزعی هەڵەبجەو کارەساتەکەی ئەو ئەفسەرەم بۆ گێڕایەوە وسەرەك کۆمار یەکسەر ڕیاریدا بەند بکرێ و لە وەزیفەکەشی لابردرێ .

دەربارەی لافتە عەرەبیەکان یەکسەر لە هەڵەبجە ڕیارمدا هەموو لابردرێ و ناوەکانی

پێشوو بە کوردی دووبارە هەڵ بواسرێنەوە. دیارە ئەم کارانەی من وەك وەزیرێکی کورد حیزبی بەعسڕێی ناخۆش بوو بەڵآم لەبەر ئەوەی جارێ حیزبی بەعس لە کوردستان بەتەواوی جێڕێی خۆی نەکردبوێوە بۆیە نەهاتنە وەڵآم لەسەر ئەمکردەوانەم، بەڵآم دوایی پێم زانی دوای ئیعفاکردنم لە وەزارەت بەچەند ساڵێك کەوا ( ئیبراهیم عەلی دەرویش) ئەندامی پارتی شۆرشگێری کوردستان وبەرپرساوی هەڵەبجە وسەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە کە خۆم کردبووم بەسەرۆکی شارەوانی بە ناوی نهێنی ( الجبل ) چەند ڕاپۆرێکی لەسەرم نووسیبوو، ئەوەبوو لە سەرۆك شارەوانی لامدا ولە ڕیزی حیزبیش دەرمانکردو چووە ڕیزی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی کورد "حیزبەکەی مەلا عەبدوڵلاێ" لەبەر ئەوەی ئێمە بۆمان ئاشکرابوو کە دەستی لەگەڵ ئەمنی سلێمانی تێکەلآوە بوێیە لە ڕیزی حیزب دەرمانکرد بەلاێم مەسەلەی ناوە نهێنیەکەی " الجبل" من بەمەم نەدەزانی، جارێکیان (شوکری حەدیسی) پارێزگاری کۆنی سلێمانی لە بەغدا لە ساڵی 1995 بۆمی گیڕایەوە کە ئەو کاتەی بۆتە پارێزگاری سلێمانی چاوی بەڕاپۆرتێك کەوتووە بەناوی (الجبل) وەك سیخوڕێکی ئەمن

بۆبەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی ناردووە، وتی پرسیارم لە بەڕێوەبەری ئەمن کرد ئەم جەبەڵ ناوە کێیە ؟ لە وەلآمدا پێمی وت نازانم کێیە، بەڕێوەبەری ئەمنی پێش من داوای لێکردووە ناوەکەی بداتێ ڕازی نەبووە ناوەکەی ئاشکرا بکا. شوکری وتی بەلامەوە زۆر سەیر بوو. ئەوەبووپێم وت باشە ئێستا ئەو بەڕێوەبەرە لە کوێیە ؟ وتی لە ( پارێزگای میسانە) منیش چوومە میسان و چاوم بە بەڕێوەبەری ئەمنی میسان کەوت و پرسیارم لێکرد ( الجبل) کێیە، وتی ناتوانم ناوەکەی ئاشکرا کەم، زۆر هەوڵم لەگەڵدا بە قسەی خۆش هیچ سوودی نەبوو، پاشان هەڕەشەم لێدا پێم وت ئەگەر پێم نەڵێی کێیە ئەوا دەتگێڕمەوە بۆبەغداو بەڕێگای حیزبەوە بە زۆر ناوەکەت پێ ئاشکرا دەکەم و ئیجرائاتیش دژت دەکەین. ئیتر ناچار ناوەکەی بۆم ئاشکرا کرد کە عەلی ئیبراهیم دەرویشە.

جێگای داخە زۆر خۆفرۆشی وەك عەلی ئیبراهیم دەرویشمان هەبوو، بەم دواییەش دوای ئازادی کوردستان ودامەزراندنی حکومەتی کوردستان وپەرلەمانی کوردستان دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس،بە دەیان دۆسێی ( ملف) سیخوڕە کوردەکان دەستیان بەسەردا گیرا وهەندێ لەو سیخورانە ئەندامی سەرکردایەتی هەردوو حیزبە سەرەکیەکەی کوردستان بوون و عەلی ئیبراهیم دەرویش لە چاویانەوە( عەریف بوو)

لەم گەشتەمدا لە قەزای کەلارەوە دەستمپێکرد تا قەزای زاخۆ، دەست نیشانی کۆمەلێ هۆم کرد کەوا بووبوونە هۆی ئەوەی دانیشتوانی کوردستان جاڕس ببن لەدەست حیزبی بەعس و لەوە دەترسان ناوچەکانیان هەموو ( تەعریب) بکرێ ، هەر ئەم کردەوانە بوون بووە هۆی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و دووبارە چەك دژی حیزبی بەعس هەڵبگرنەوە. ئەم کردەوانە هەموو بە یادداشتێك " مژکرە"دامە حیزبی بەعس، دوای گەڕانەوەم و چاوپێکەوتنەکەم بە سەرەك کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر .

کاکە حوسێن خانەقا

لە 17\9\ 1979ڕێکەوتی ڕۆژی دووشەممە ، کاکە حوسێن سەید ئەحمەد خانەقا شەو کاتژمێری 10,30 لە ئوتێل " ئەغادیر" وە تەلەفۆنی بۆمکرد وتی کاك ستار من لەئێرانەوە گەڕاومەتەوە ئێستا لە بەغدام لە ئوتێل ئەغادیر. لەگەڵ کاکە حوسێن خانەقا زۆر دۆست بووین و بە برا گەورەی خۆمم

دەزانی، هەردووکمان خەڵکی یەك شاربووین، نەك هەر من و کاکە حوسێن بەڵکو باوکمیش شێخ تاهیر، دۆستی سەید ئەحمەدی خانەقا بوو. شێخەکانی سڵەیی لەگەڵ سەید ئەحمەدی خانەقا یەك ماڵ بوون پاشانیش لەگەڵ کاکە حوسێنی کوڕی .

کاکە حوسێن یەکێ بوو لەپیاو ماقوڵانی پارێزگای کەرکوك و دەرگای خانەقاش شەو و ڕۆژ کراوە بوو، خانەقا مەڵبەندی دانیشتوانی کەرکوك بوو کە لەهێم دانیشتوانی کەرکوك تورکمان وعەرەبیش پێیان لە خانەقا نەدەبڕی پێش ساڵی 1968 کەواتەپێش ئەوەی حیزبی بەعس بێتە سەر دەسەلآت، کاربەدەستانی پارێزگای کەرکوك وەك پارێزگارەکان وسەرکردەکانی تیپی دووی کەرکوك ودادوەرەکان ئەوانیش ناوەناوە لە خانەقا دەچوونە لای کاکە حوسێن لە گەڵێ لە گیروگرفتەکانی شاری کەرکوك پرسیانپێی دەکرد .

کاکە حوسێن لە ساڵی 1972 لەدەست شوکری حەدیسی پارێزگای کەرکوکی بەجێهێشت بۆ گەلآلە هەڵهات وچووە لای بارزانی، لەوێ لە دێی ( قەسرێ ) لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ومام جەلال وعەلی عەسکەری وعومەر دەبابەپێکەوە دادەنیشتن. جارێکیان چوومە گەلآلە وسەرمدانێدا وهەوڵمدا بیگێڕمەوە بۆ کەرکوك، ئەوەبوو گەڕایەوە کەرکوك. دوای شکستەکەی شۆڕشی کوردستان لە ساڵی 1975 کاکە حوسێن خانەقا چووەئێران وتا ڕووخانی ڕژێمی حەمە ڕەزا شا نەگەڕایەوە .

حەز دەکەم ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە تەنها هەڵوێستەکەی شوکری حەدیسی دژی کاکە حوسێن نەبوو بەڵکو بەعسیەکان دژی هەموو کەسایەتیەکی کوردی بەهێزبوون لە شاری کەرکوك و نیازیان گلآو بوو.

کاکە حوسێن خانەقا لەگەڵ مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانیپێکەوە لە ئێرانەوە گەڕانەوە بۆ بەغدا، شەوی 18\9\1979 هەردووکیانم لەڕێستۆرانتی (لۆلۆە) بە موناسەبەتی گەڕانەوەیان بە سەلامەتی لە ئێرانەوە بۆ بەغدا داوەت کرد. لەو ماوەیەی ئەوان گەڕانەوە بۆ بەغدا من خەریکی نووسینی نامەی ماستەرەکەم بووم، لەبەر ئەوان یەك دوو مانگ دواکەوتم لە نووسینی نامەکەم لەبەر ئەوەی ئەم ماوەیە زیاتر خەریکی هاریکاری کاکە حوسێن و مەلا جەمیل بووم .

بۆ زیاتر ناسینی کاکە حوسین خانەقا لە گۆڤاری ( شار )ی شارەوانیی کەرکوك لە ژمارە 16 ی ساڵی سێیەم 2007 وتارێکم لەژێر ناونیشانی (

الشیخ کاکە حسین خانقاه (1912 -1984) بە زمانی عەرەبی بلاَوکردەوە، ئەم وتارەم وەك وەفایەك لەسەر کاڵە پیاووخۆشەویستی شاری کەرکوك نووسی، هەرچەندە کاکەحوسێن وەك کەسایەتییەکی مەزنی کورد لە کوردستانی باشور لەوە گەلێ زیاتر هەڵ دەگرێ و ئومێدەوارم ڕۆژێ بێت ، نامەیەکی دوکتۆرای لەسەر بنووسرێتەوە.

پێش بەستنی کۆنگرەی (10)ی پارتیمان بیرم لەوە دەکردەوە چەند ئەندامێکی ڕۆشنبیرو خوێندەوارو دڵسۆز لە کۆنگرەی (10) دە هەڵبژێرین بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی. ئەوەی بە بیری مندا ڕەت دەبوو لەگەلأ هەندآ لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئەوەبوو کەوا(داود سەلمانء محمد گوڵ محمدء کەریم ئەرکەوازی وصادق عمران) هەڵنەبژێردرێن لە کۆنگرە، ئەم کەسانە هەڵبژێرێن لە شوێنیان (حەمەی حەمەصالح "کەلار" یەحیا عبدول عەزیز بەرزنجی "موصل"، عبدالامیر الرومی "کوت"، شێخ حەسەن شێخ محمد نۆدێ"سلێمانی"، لەگەلأ چەند کەسێکی تر وەك فازڵ حمەخانء ئەحمەد ڕەمەزان ناسراو بە" دوکتۆر ئەحمەد " کەرکوك. بەلآم ئەم ئاواتەم نەهاتە دییء هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیپێشوو هەڵبژێردرانەوە .

کۆنگرەی گەلیی عەرەب

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 26\6\1976 لە هۆڵی زانکۆی المستنصریه کاتژمێری دەی سەرلەبەیانی کۆنگرەی گەلیی عەرەب بەسترا، لە کۆنگرەکە وتەی سەرەك کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر خوێندرایەوە ودوای وتەکەی سەرەك کۆمارخەلیل ئەحمەد خەلیل نوێنەری هێزە نیشتمانیەکانی لوبنان، وتەی محەمەد نشاشیبی ئەمین سڕی مەکتەبی ڕاپەڕاندنیڕێکخراوی فەلەستین وتارەکانیان خوێندەوە .

لە دانیشتنی ئێوارەی 28\6 لە هۆڵی ڕەبات وەك سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی شۆرشگێڕی کوردستان وتەیەکم خوێندەوە لە وتەکەمدا وتم: (دەمەوێ ئامۆژگاریتان بکەم هەرچەندە وشەکانم زۆر توندن ئەویش ئەوەیە، ئیسرائیلیەکان بەحەزرەتی موسایان وت " ڕۆ خۆت وخواکەت شەڕ بکەن ئێمە لێرە چاوەڕێتان دەکەین. من لێپرسراویەتی ئەم ئامۆژگارییەم وەك کورێك هەڵدەگرم، نازانم ئەمڕۆ ئێوەش بە فەلەستینی وبراکانی لوبنان ڵێن ڕۆن ئێوەو خواکەتان شەڕ بکەن ئێمەش لێرە لە هۆڵی ڕەبات وتار دەخوێنینەوە وخەریکی موناقەشە دەبین، ئەگەر نا وەك کورێك تکاتان لێدەکەم لە ئێوان خۆتاندا بە زووترین کات یەك بگرن ئەگەر چی لەسەر

سنوورێکی کەمیش بێ، بۆ ئەوەی بە کۆی دەنگ بڕیارەکان دەربچێ نەك بەزۆرینەی دەنگ ..

لە شەڕی حوزەیران لەساڵی 1967 دۆرانتان، ڕای گشتی جیهانتان دۆراند کاتێ دەتانوت جوەکان فڕێ دەدەینە ناو دەریاوە، بەپێچەوانەشەوە ئیسرائیل ئێوەی فڕێ دایە دەریاوە هێوەی سەڕدەپری ودەیوت عەرەبەکان جوەکان سەردەبڕن، ئایا ئەمڕۆش دەتانەوێ ڕای گشتیی جیهانی بدۆڕێنن لەگەڵ هەندێ لایەنە نیشتمانییەپێشکەوتنخوازەکان وچەپڕەوەکان. جارێکی تر تکاتنان لێ دەکەم بە زۆرینەی دەنگ بڕیارەکانی کۆنگرەکە دەرچوێنن و یەك بگرن ئەگەر نا ئەوا قەلاچۆی  فیدائیەکانی فەلەستین ولوبنان بکەن ولە ناویان بدەن .

بەڵێ لە زوۆربەی زۆری ئەو کۆنگرانەی تیایدا بەشدار دەبووم خۆم وەك سەرکردەیەکی کورد نیشاندەدا، وەزیرە کوردەکانی تر، ناوی کوردیان لا بقە بوو بۆ ئەوەی ڕۆژێ زیاتر لەسەر کورسیەکانیان بمێننەوە و هەر واش بوو زیاتر لە چواردە ساڵ بە وەزیری مانەوە تەنها عبیداللە بارزانی نەبێ کە صدام حوسێن بە ناحەق ئیعدامی کرد .

دوای ئیعفاکردنەکەم چاوم بە بورهان‌الدین عبدالرحمن کەوت ئەندامی سەرکردایەتی قوتری و وەزیری دەوڵەت هێپرسراوی تەنسیق لەگەڵ حیزبە کوردیەکان، لەگەڵیدا باسی مەوزوعی ئیعفاکەم کرد لە وەزارەت، بۆمی ڕوونکردەوە کە تەسەورێکی هەڵەیان هەبووە لەسەرم و لەم ڕۆژانەدا لەگەڵ ئەندامێکی تری سەرکردایەتی چاویان پێم دەکەوێتەوە، قەول بوو لەگەڵ عیزەت دوری چ لە ماڵەوە یان لەبارەگا سەرت لێ بدەین بەلاّم ڕێك نەکەوت.

بیرکردنەوە لە دروستکردنی پارتێکی نەتەوەیی:

لە 6\7\1977 لەگەڵ دوکتۆر مارف خەزنەدار سەرمان لەدکتۆرصلاح خاڵص دا، پێکەوە زۆر دواین لەسەر بابەتی ڕێکخستن وئەحزاب لە کوردستاندا و بەتایبەتی بابەتی  دروستکردنی پارتێکی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی بە هێز لە جێگای ئەم پارتییانەی ئێستا هەن و بەو جۆرە لاوازییە. من ڕای خۆم دەربڕی و وتم جارێ پێویستە لە عێراق ڕێ بدرێ بە بوونی چەند حیزبێکی جیاواز، لە کوردستانیش ئەگەر حیزبی بەعس دەست نەخاتە ناو ئیشو کاری ناوخۆی ئەو حیزبانەی  کەئێستا هەن، لەوانەیە ببنە حیزبی بەهێز و حیزبی تریش پەیدا ببێ. بەلاّم هەموو تەوەرەکانی قسەکانمان لەسەر ئەوەبوو ئایا حیزبی بەعس باوەڕی بە ژیانی فرە حیزبی هەیە ؟

دەست لەکارکێشانەوەی سەرەك كۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر:

ڕۆژی 16\7\1979ڕێکەوتی ڕۆژی دووشەممە سەرەك كۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر دوای کاتژمێری 8 ی ئێوارە لەوێستگە وتەلەفیزیوٚنی بەغدا وتارێکی ئاراستەی گەلی ئێراق کرد، تیایدا دەست کێشانەوەی خۆی لە سەرکردایەتی ئەنجومەنی شۆرش و سەرەك كۆماریی و هەموو پۆستێکی پرساوەتیەکی حیزبیش ڕاگەیاند. لەبەر هۆی تەندروستی. صدام حوسێنی لە جێگای خۆی دانا .

ئەم دەست لە کارکێشانەوەیەی سەرەك كۆمار، زۆر لە ناکاو وکوتوپڕ بوو، شتێکی ئاشکراو ڕوون بوو لای چاودێران و سیاسەتمەدارانی ئێراق کەوا صدام حوسێن زۆر بە پەلە بوو بۆ لادانی ئەحمەد حەسەن بەکر لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

1- صدام حوسێن ماوەیەك بوو پلانی ئەوەی دادەناچێتە گژئێرانا بە تایبەتی دوای

سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی وهاتنی خومەینی بۆ سەر حوکم ، ئیتر صدام حوسێن سەبری نەما لەوە زیاتر ئەحمەد حەسەن بەکر لەسەر حوکم بێ، چەند جار صدام حوسێن گێچەڵی بە ڕژێمی شاهنشای ئێران دەکرد بۆ نانەوەی شەڕ لە نێوان ئێران و ئێراق بەو باوەڕەی شوێنەواری ڕێکەوتنی جەزائیر بسڕێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی ئیسلامیەکان دەستیان گرت بەسەر دەسەلاٚتدا لە ئێران، ئەمریکا بەرژەوەندییەکانی لە دوورگەی فارسی و ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستدا کەوتە مەترسییەوە. ئەمەش وای کرد ئەمریکا لە نۆکەرێك بگەڕێ بۆ ئەوەی بیکا بە گژئێرانداپێش ئەوەی شۆرشی ئیسلامی جێپێی خۆی لەئێراندا بچەسپێنێ، بۆ ئەمەش کەسی لە صدام باشتر نە دۆزییەوە، بەلآم ئەو کاتە صدام خاوەند بڕیاری هەڵگیرساندنی شەڕی نەبوو، ئەحمەد حەسەن بەکریش گەلێ جار صدام هەوڵی لەگەڵ دەدا بیکا بە گژ ئێرانا بەلآم بێ سوود بوو، بۆیە صدام حوسێن ئەو پیلانەی دانا کە ئەحمەد حەسەن بەکر دەست لە کار بکێشێتەوە .

2- لە ساڵی 1979 ناکۆکی نێوان صدام وهەندێ لەئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی بەعس پەرەی سەند وصدام حوسێن لەوە دەترسا لە پەنای ئەحمەد حەسەن بەکرەوە فتی بکەن، بۆیە پەلەی کرد لە لادانی ئەحمەد حەسەن بەکر.

3- لە ساڵی 1976 واتەپێش سێ ساڵ لە دەست کارکێشانەوەکەی، صدام حوسێن شەربەتی زەرنیخی دەرخوارد ئەحمەد حەسەن بەکر دابوو. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەحمەد حەسەن بەکر تووشی نەزیفی دەماغ ببێ و ناردیانە فەرەنسا بۆ چارەسەرکردن ،کە گەڕایەوە لە پاریس من وسێ چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی چووینە لای بە موناسەبەتی گەڕانەوەیی و چاکبوونەوەی وپێمانی وت " تووشی نەزیفی دەماغ بووبوم لە ئەنجامی خواردنەوەی شەرابی " زەرنیخ" هەر ئەوەندەی مابووپێمان بڵێ کە صدام ئەم شەرابەی دەرخواردم داوە ؟؟.

بوونی صدام حوسێن بە سەرەك کۆمار:

صدام حوسێن لە 1979\7\16، بووە سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و سەرەك کۆمار وئەمین سڕی سەرکردایەتی قوتری وعیزەت ئیبراهیم دوریش بووە جێگری ئەمین سڕ و جێگری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش .

شەش جێگری سەرەك وەزیران داندرا، تەها یاسین ڕەمەزان جێگری یەکەم ومحەمەد عایش وەك وەزیری پیشەسازی ئیعفاکرا وبەندکرا ، محی حوسێن مشهدی " ناسراو بە محی شەممەری لە سەرکردایەتی حیزب دەرکراو یەکسەر بەندکرا ودوکتۆر فەوزی قەیسی وسەعد قاسم حەمودی ئیعفاکران لە وەزیری و وەزارەتی گواستنەوەو وەزارەتی گەیاندن کران بە یەك وزارەت، وەزارەتی ڕاگەیاندن ووەزارەتی ڕۆشنبیری کرانە یەك وەزارەت. کەریم شنتاف لە وەزیری ئیعفاکرا ولەتیف جاسم کرایە وەزیری ڕاگەیاندن ورۆشنبیری وسەعدون ێدان بووە وەزیری گواستنەوەو گەیاندن وسەعدون شاکر بووە وەزیری ناوخۆ وعبدالفتاح محەمەد ئەمین بووە وەزیری حوکمی مەحەللی. هەردوو سەرۆکی یاسادانان وراپەڕاندنی حوکمی زاتی کرانە ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران، تاهیر توفیق کرایە وەزیری پیشەسازی .

ئەم گۆرانکارییانە بەتەواوی بارودۆخی سیاسی ێراقی گۆری بەتایبەتی کە سەرکەوتنی صدام حوسێن بەسەر سەرەك کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکرا جێگای مەترسی بوو بۆ دوا ڕۆژی ێراق .

لە 18\ 7\ 1979ڕێکەوتی ڕۆژی چوارشەممە بلآوکراوەیەکی حیزبی بلآوکرایەوە بۆ ئەندامانی حیزبی بەعس گوایا پیلانێك گەورە هەبووە دژی حیزبی بەعس لە ێوان ئەندامانی لق و ناوچەو سەرکردایەتی قوتری. پیلانەکە گوایا دژی صدام حوسێن بووە، گوایا بەتەمای ئەوە بوونە عبدالخالق

سامەڕایی بکەن بە سەرۆکی کۆمار وحیزب و لەگەڵ سوریا وەحدەی فەوری بکەن ومحەمەد عایش ئەڵقەی پەیوەندی بووە لەگەڵ یەکێکی تردا بە پلەی موقەدەم ، بۆیە ئەم ناوانەی خوارەوەدەستگیر کران:

(محەمەد حوسێن مەشهەدی، مەحەمەد عایش، غانم عبدالجلیل، عەدنان حوسێن، محەمەد مەحجوب ئەندامی سەرکردایەتی حیزب .

لە ئەندامانی قواعیدیش ئەمانەی خوارەوە دەستگیرکران:

(بدەن فازڵ، موئەیەد عەبدوڵلاَ، وەلید ئەعزەمی، خالید عەبد عوسمان کوبەیسی)

ئەم کەسانەی سەرەوە کە صدام حوسێن گرتیانی، بە پەلە گو ل بارانیانی کرد بە بێ ئەوەی دادگایی بکرێن.، بە تاوانی پیلان دژی خۆیی و ولاَت، تەنها تاوانەکەیان ئەوە بوو ناڕازی بوون صدام حوسێن ببێتە سەرەك کۆمار وسەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە بێ هەڵبژاردنی ناوخۆی سەرکردایەتی حیزبەکەیان وبەپێی دەستوری حیزبی بەعس دەبێ دوای لاچوونی سەرەك کۆمار، شوێنەکەی بە هەڵبژاردن پڕ بکرێتەوەو ئەم جێگایە بۆماوەیی نییە، صدامیش دەیزانی بە هەڵبژاردن سەر ناکەوێ، بۆیە ئەم پیلانەی دژی نەیارەکانی لە ناو سەرکردایەتی حیزبەکەی دروستکرد .

ئەوەندەی من ئاگادارم محەمەد مەحجوب یەکەم ڕۆژ لەگەڵ هاوڕێکانی نەگیرا ودوای گرتنی هاوڕێکانی دەچێتە لای عیزەت دوری، محەمەد مەحجوب خوشکی عیزەت ئێزانی بوو، چووە لای بۆ ئەوەیپێی بڵێ کە هیچ پیلانێك لە ئارادا نەبووە، ئەویش لەگەڵیاندا بووە، بۆ ئەوەی صدام حوسێن ئێ بگەیێنی وگومانیان لێ نەکا، ئەوەبوو عیزەت دوری محەمەد مەحجوبی تەسلیم کرد ئەویش بەر شالآوەکەی صدام کەوت. محەمەد مەحجوب تا بڵیی مرۆڤێکی باش بوو، بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1973-1974 دوای ئەوەی لە قەزای عەفەکەوە گواسترامەوە وەك قایممقام بۆ مەرکەزی پارێزگا لە بەعقوبە ئەو پارێزگار بوو، دوای ئەوەی بوومە وەزیری ئیسکان ئەویش وەزیری پەروەردە بوو. زۆر دۆستی گەلی کورد بوو، زۆر جیاوازی هەبوو لەگەڵ بەعسیەکانی تر وەك ( غانم عبدالجلیل و خالید کوبەیسی وعەدنان حوسێن وشوکری حەدیسی وخالید عبدالحلیم ووەلید ئەعزەمی. بە هەرحاڵ ئەگەر ئەم گروپەی ئیعدام کران، عبدالخالق سامەڕایی ومحەمەد مەحجوبی لێ دەرچێ ئەوانی تر لە صدام حوسێن باشتر دەرناچوون .

پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان و ڕووداوەکانی دوای کۆنگرەی 10:

دوای کۆنگرەی (10) ئەو کۆمەڵەی لە ئەصلدا لەگەڵا جەماعەتی پارتی ئیشیان کردبوو دوای دەرچوونی بەیانی لەفیف لەساڵی1973هاتنەڕیزی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانەوە وەك (زۆراب داراخانء مەجید ڕەشید جەباریء ئیبراهیم تاهیر سەلام و محمد گوڵ محمدء داود سەلمانء کەریم ئەرکەوازی) کەوتنە جموجۆڵاء تەکەتول کردن دژی هەندآ لە کەسانی چالاکی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی وەك (شەوقی حمەخانء عەبدوڵلاَ ڕۆژبەیانیء پاشانیش دژی نووسەری یادداشتەکە، هەموو هەوڵدانەکانیان لە بنەوەو لەڕێگەی ناردنی زانیاری درۆ دژی برادەرانمان بۆ ئەمن و کاربەدەستانی حیزبی بەعس . لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی لە 1978/6/26 مەجید جەباری هێرشی بردە سەر سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیء سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی ناچار کۆبوونەوەکەی هەڵوەشاندەوە و مەجید جەباری تێگەیاند کە ئیش لەگەڵیدا ناکرآء بیر لەوە دەکاتەوە کۆمیتەی ناوەندی کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی لێدوان لە هەڵوێستی مەجید جەباریء ئەو کەسانەی پشتی دەکەن. بەتایبەتی کە دەرکەوت مەجید جەباری شەیتانانە لەو کەسانەی دەدا کە دژی ئەو خەتەی ئەوانن بەناوی ئەوەی فلآنە کەس پیاوی ئەمنە و نابآ بکرآ بە کادیر وەك پێزەر نەوزاد مەحمودء کۆمەڵێکی تریش. هەروەها هەوڵدانی بۆلێدانی زیاد مەجیدء ئەندامانی لقی (5)ی پێنج. بۆ لادانی مەجید جەباریء ئەو گروپەی پشتیان دەکرد، بیرم لەوە کردەوە لەگەڵا هەندآ لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە بە موەقەت ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بگۆڕینء پاشان لقی شەشء لقی یەك کەواتە خانەقینء بەغدا بکەینە یەك لق لەبەرئەوەی لقی بەغدا لە ناوچەی بەغدای زیاتر نیەو بەڕێڕەوی ناوخۆ مقەوەماتی لقیتێدا نەماوە. کە ئەمە کرا هاوسەنگی لە نێوان لقەکان دروست دەبێتء کۆنفرانس ببەسترآء لەمەجیدجەباریء کۆمەڵەکەی بدرێ بۆ ئەوەی سەرکردایەتی حیزبەکە لە نەخۆشی و کەسانی لاواز و بەکرێگیراو پاك بکرێتەوە. ئەگەر ئەمە نەکرا باشترین ڕێگا دانیشتنەو ئیش نەکردنە لەگەڵا کۆمەڵێك بەم جۆرەی پێکهاتووە، ئەو کاتە مانەوەم لە ڕیزی پارتی شۆڕشگێری کوردستان و هەوڵدانەکانم بۆ پاکسازی لە ڕیزی سەرکردایەتی حیزبەکە وەك ئەوەیە ( ئاسنی سارد بکوتمەوە(

ئەوە بوو لە ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 28 حوزەیران 1978 چوومە پاریسء لەوآ لە ئوتێلی (کوَنکوَرد لافێیت) دابەزییم، لە فڕۆکەخانەی(اورلی) چاوم

بە(فازل مەلا مەحمود) کەوت. سەعات 9.30ی بەیانی ڕۆژی 29/حوزەیران لە ئوتێل لەگەڵأ فاڵیدا قسەمان کرد و قسەکانمان بەڕای خۆم سوودبەخش بوو. لە شوێنێکی تری ئەم یادداشتەم بە دوورو درێژی باسی بابەتەکەی نێوان من و شەهید فازڵ مەلا مەحمودم کردووە. لە پاریس سەردانی بورج ئیفل و مۆزەخانەی لۆڤەرم کرد.

ڕۆژی 3 تەموز 1978 گەڕامەوە بەغدا. شەوقی حەمەخانء زیاد مەجیدء عەبدوڵڵا ڕۆژبەیانی وجەمیل مەلا وەیسی لە فڕۆکەخانە هاتبوون بۆ پێشوازیم لە سەعات 1.30ی شەو. بەلآم زۆراب داراخانء محمد گوڵ محمد وئیبراهیم سەلام هاتبوون بۆ فڕۆکەخانە بەلآم لەبەر درەنگی کاتەکە شەو گەڕابوونەوە. بەلآم مەجید جەباری نەك نەهاتبوو بۆ فڕۆکەخانە بەڵکو نەهاتە بارەگاو ماڵەوەش بۆ بەخێرهێنانەوەم..

پەیوەندی نێوان منء مەجید جەباری ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپتر دەڕۆیشتء توانی (زۆراب داراخانء داود سەلمان( زاوای زۆراب بوو) محمد محی‌الدینء محمد گوڵ محمدء ئیسلام مستەفا وکەریم ئەرکەوازی) ڕابکێشێتە لای خۆیء لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئەوی دژی ئەم خەتەبوو (شەوقی حەمەخانء عەبدوڵڵا ڕۆژ بەیانیء زیاد مەجیدء صادق عمران بوون.)

//////////////////////////////////////

ڕۆژی 6ی تەموز 1978 چاوم بە دکتۆر فازڵ بەڕاك کەوت پێکەوەبەری ئەمنی عامەء پێکەوە دەربارەی ئەم کێشەیە قسەمانکرد ، پاشان لە ڕۆژی 10ی تەموزی 1978 چاوم بە عەبدوڵڵا فازڵ کەوت ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعسء ئەندامی تەنسیق لە نێوان پارتیمانء حیزبی بەعس. دەربارەی جووڵآنەوەکانی مەجید جەباری دواین بەتایبەتی کە من گومانم لە عەبدوڵڵا فازڵ بوو گوایا هانیان دەدا بۆ لادانی من لە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی، بەتایبەتی کە گروپەکەی مەجید جەباری تەکلیفیان لە محمد محیالدین کردبوو بۆ ئەوەی بیکەن بە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیء محمد محی الدین قەبوڵی نەکردبوو، مەوزوعەکەی بۆ شەوقی حەمەخان گێڕابوەوە.لە دانیشتنەکەم لەگەڵ عەبدوڵڵا فازڵ لە ئەنجامی قسەکردنەکانمان، بە تەواوی تێگەیشتم کە عەبدوڵڵا فازڵ لە پشت پەردەوە هانی هەندێ لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان دژی من دەدا بە مەبەستی لادانم یان وەك مەجیدو گروپەکەی ئیلقە لە گوێی بەعس بم، عەبدوڵڵا فازڵ مرۆڤێکی لە خۆبایی و زۆریش پێ پەتی بوو لە

بواری سیاسەتدا قسەی زوو دەدرکاند ، ئەوەبوو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کۆمەڵی شتی لەو کۆبوونەوەیە درکاند.

لە 4ی ئابی 1978 محمد محی الدینءئیبراهیم سەلام لەگەڵ گروپەکەی مەجید جەباری تێکچوون خۆیان کشاندەوە لێیانء هەموو شتێکیان ئاشکراکرد.

ڕۆژی 1ی ئەیلول 1978 سەردانی کەرکوكء بارەگای سلێمانیم کرد، لە کاتژێری 9/30 -10.40ی شەو یەکێتی نیشتمانی لە بارەگای پارتیمانیاندابوولە سلێمانی بە (ئار بی چی) و هیچ زیانێکی نەبوو .لە 10ی ئەیلول لەگەڵ محمد محی الدین لە هەولێر لە کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی نوسەرانی کورد ئامادەبووین و لەو سەردانەم بە پێی توانا یارمەتی یەکێتیمدا بەتایبەتی بۆ سەرخستنی خەتی پێشکەوتنخواز. ڕۆژی 9/12 کاتآ سەردانی بارەگای پارتی کومۆنیستی عێراقیم کرد، سەعات 12ی نیوەڕۆ عادل سەلیم ئەندامی لیژنەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەڕێگای کەرکوك دەگەڕایەوە بە سەیارە لەگەڵ (قەشە یوسف) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیان تووشی سەکتە قەلبی بووبوو، کۆچی دوایی کرد.عادل سلیم بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوە بوو لە ناوچەی حوکمی زاتی و منیش لە ساڵی 1976 وەزیری گواستنەوە بووم ، پەیوەندیمان زۆر باش بوو دەوری دە ڕێلەی بارهەڵگری گەورەم بە دیاری بۆ ئەمانەتەکەی لە هەولێر نارد. لە کۆبوونەوەیەکی لێژنەی بالای بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لەگەڵ هەمووە نوێنەرانی پارێزگاکانی عێراق کە صدام حسین لەو کۆبوونەوە گشتییە ئامادە بوو، عادل سەلیم ڕەخنەیەکی زۆر توندی لە حیزبی بەعس گرت و لە قسەکانیدا : وتی بەڕێز صدام حسین کاتآ ئەمری بەردانی یەکی دەدەی لە گرتوخانە بەربدرآ دوای چەند مانگی بەری دەدەن ئەویش دوای کۆمەڵی هەراوهوریا لەسەری کە دەکری ، بەلام کاتی ئەمری گرتنی یەکی دەدەی ئەگەر شەو بوو چاوەڕیی بەیانی ناکەن و مەفرەزەکانی ئەمن بە شەو بە پەیژە لە سەربانەوە دەچنە ناو ماڵەکەو دەیگرن و هەروەها وتی هاوڕێیەکی حیزبی شیوعیتان گرتووە لە سەر دەمانچەیەکی ( توتوی ) بچکولە کە زەلام ناکوژآو بە موتەئامیر لە قەڵەمتان داوە، کۆمەڵی لەم جۆرە ڕەخنانەی گرتوو زۆر بە توندیش قسەی دەکرد. لە وەلامی قسەکانی صدام ناچار بوو لێی من عادل سلیمم خۆش دەوی و ڕەخنەکانی جەریئانەیەو لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە دا دەنێن لەم مەوزوعانە بکۆڵنەوە. لێرەدا لەم یادداشتەم ئەم

مەوزوعەم باسکرد بەتایبەت کە عادل سەلیم نەماوەو کۆچی دوایی کردووە، دەبیٙ ئەم هەڵوێستە پڕ لە ئازاییەی و بوێرانە نەشاردرێتەوە.

ڕۆژی 21/ئەیلول بڕیاربوو کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی ببەسترێت لە کەرکوك کۆبوونەوەکە دواخرا بۆ رۆژی هەینی یەکەوتی 22/ئەیلول لەسەر داوای حیزبی بەعس پێش کۆبوونەوەکە ئیتیفاق کرابوو (کەریم ئەرکوازیء زۆراب داراخان ء داود سەلمان) لەڕیزی پارتیمان دەربکرێن. بەلآم مەجید ڕەشید جەباری خۆی گەیاندبووە عەبدوڵلاٙ فازڵ ء تکای لێکردبوو کە تەدەخول بکەنء چاویان بە (من) بکەوآ بۆ ئەوەی دەریان نەکەین. ئێمە هەموو لە کەرکوك بووین، بەڕێوەبەری ئەمنی شیمال ، داوای کردبوو چاوی بە شەوقی حەمەخان بکەوآ ، ئەوەبوو منیش چووم لەگەڵیانداو لە هەمووی لەسەر ئەو مەوزوعە قسەمان کردءپێیانمان وت نابآ دەست وەردەنە کاروباری ناوخۆی پارتیمان. هەرچەندە ئەوان بەناودەست وەردان لە کاروباری ناوخۆی پارتیمان قسەیان نەدەکرد بەڵکو دەیانووت ئێمە حەز ناکەین هیچ ڕووبدا لە ڕیزتاندا، لە ئەنجامدا گەڕاینەوە کەرکوك شەو مەجید جەباری هاتء نەقیب( یاسین تەهای) هێنابوو لەگەڵأ خۆیدا ، چوومە لای بەڕێوەبەری ئەمنی کەرکوك (مقدم عمران) ناسراو بە ( ئەبو ڕیم) لەوێش لەگەڵأ مەجیدء نەقیب یاسین ء مقدم عمران دانیشتین هەرچی هەبوو لەسەر ئەو (3) کەسە وتمء مەجیدیش وەك پارتی نەبآ بەو جۆرە قسەی دەکرد. شەو کە گەڕامەوە دووبارە (ئەبو عەلا) بەڕێوەبەری ئەمنی شیمال تەلەفوٙنی کرد بەناوی دوکتوٙر فازڵ بەڕاکەوە، تکای کرد ئیجرائاتی دەرکردن نەکەین لەم بارودۆخەو لە بارودۆخێکی تردا جێی خۆیەتی هەر چی ئیجرائاتێکی تر بکەین. ئەوەبوو موافەقەتمان کردء سەعات 9ی بەیانی 9/22 لە کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی بۆ (زۆراب داراخان) بە گشتی دەنگ گواسترایەوە وەك یاریدەدەری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆیە ، داود سەلمان گواسترایەوە لە کۆیەوە بۆ هەڵەبجە، کەریم ئەرکەوازیش لە چەمچەماڵ مایەوە. ئەم هەنگاوە هەنگاوی یەکەم بوو بۆ ڕزگاربوون لەم گروپە.بەڕاستی ئەوان ئەم دەستکاریەی شوێنەکانیان لە دەرکردن پآ خەراپتر بوو بەڵکو بە جۆرآ لە سوکایەتیپێیان لە قەڵەمیاندا. لە ڕاستیشدا هەر وابوو ، خۆ ئەگەر ئاغاکانیان لە ئەمنپێیان نەوتایا دەبێ ئەم بڕیارانە ڕاپەڕێنن ئەوان وازیان دەهێناو لەکۆڵ حیزب دەبوونەوە ، بەلآم وا دیاربوو داوایانلێیان کردبوو سەبر بگرن تا هەلێکی تریان بۆ دەرەخسێنن.

ڕۆژی هەینیڕێکەوتی 27/تشرینی یەکەم 1978 لێژنەی باڵای بەرەی نیشتمانیء نەتەوایەتیپێشکەوتنخواز کۆبوەوە و کۆبوونەکە کوتوپڕ بوو دوای ئەوەی ماوەی سێساڵێك بوو بەرە کۆنەبوبوەوە ، دوا کۆبوونەوەی لە 1978/1/5 کرابوو. ئەم کۆبوونەوەیە بە سەرپەرشتی (نەعیم حەداد) بوو، صدام حسین ئامادە نەبوو. لەم کۆبونەوەیە لەسەر" پەیمانی کاری نەتەوەیی هاوبەش" لە نێوان عێراقء سوریا. موناقەشەی نێوان حیزبی بەعس ء پارتی کۆمۆنیستی عێراق زۆر توندبوو. لە شیوعییەکان (زەکی خەیریء عامر عەبدوڵلا و ڕەحیم عەجینە ئامادەبوون لە بەعسیەکان نەعیم حەداد و (حیکمەت عەزاوی ء جەعفەر العید . هەروەها لە سەربەخۆکان مقهر عەزاوی ء عەزیز عەقراوی ئەو کاتە عەزیز عەقراوی لە ڕیزی پارتی" جەماعەتی هاشم نەمابوو." پارتی دیموکراتی کوردستان نوێنەریان هاشم عەقراوی بوو، ئامادەنەبوو. منیش نوێنەری شۆرشگێڕی کوردستان ئامادەبووم. لە قسەکانی زەکی خەیری (منژ سنه لم تجتمع لجنه الجبهه. آخر اجتماع للجنه ايچا لابلاغ الجبهه بالمعلومات حول موچوع اللقاء.(

لەسەرداێنانی بروسکەیەك بۆ لایەنگریی" میپاق" موافەقەت کرا. بەڵام بۆ دەرکردنی بەیاننامەیەك (بیان)لێژنەیەکپێك هات لە بەندەء نەعیم حەداد و عامر عەبدوڵلا و مقهر عەزاوی)ء بڕیاردرا لە ڕۆژی شەممە 28/مانگ ئێوارە کۆببینەوە. ڕۆژی شەممە کۆبووینەوەو موناقەشەی ڕەشنووسی بەیاننامەکە کرا کە ئامادەمانکردبوو . لەسەر کورت کردنەوەی ڕەشنووسەکە ڕێککەوتین،. بەڵام ڕۆژی یەك شەممە 29ی مانگ نەعیم حەداد ئاگاداریی کردمەوە کەوا شیوعیەکان لەسەر بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکە موافەقەتیان نەکردوە. وا دیاربوو حیزبی شیوعی گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی مانەوەیان لەبەرەو هاوپەیمانەتی لەگەڵ حیزبی بەعسدا ڕێگەیەکی داخراوە و حیزبی بەعس لە قۆناغێکدا پێویستیپێیان هەبوو ئەمڕۆ ئەوپێویستییە نەماوەو دەبێ لەیەکتری جیا ببنەوە و لەمە زیاتر ئاسنی سارد نەکوتنەوە و لەمە زیاتریش خۆیان هەڵنەخەڵەتێنن .

ڕۆژی پێنج شەممەڕێکەوتی 1978/12/14 کۆمیتەی ناوەندی پارتی شۆرشگێڕی کوردستان کۆبوەوە، کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (7). لە ڕۆژی دووەم 12/15 زۆراب داراخانء داود سەلمان زاوای ، هەردووکیان ئیستقالەیان کرد لە ئەندامیەتی کۆمیتەی ناوەندی. بە زۆرینەی دەنگ ئیستقالەکەیان قەبوول کرا. بە ئیستقالەکردنیان ژمارەی ئەندامانی

کۆمیتەی ناوەندی مایەوە سەر (10)ئەندام، لەوپێش (صادق عمران) ئیعفا کرابوو لە ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی بەهۆی دەرچوونی یاسای قەدەغەکردنی ئیشی حیزبایەتی لە عەسکەری خانەنشینەکان. دواسڵی 1968.ئەم بڕیارەی حیزبی بەعس لە ڕاستیدا بوٚ شیوعیەکان بووئێمەش کورد وتەنی بە ئاگری ئەوان سووتاین و لە سەر ئێمەش ئەنجامدرا.ئاشکرایە بەعسیەکان لە بوونی ئەندامی حیزبی شیوعی لە ڕیزەکانی سوپای عێراق زۆر دەترسان کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بە کودەتایەکی سەربازی لە سەر دەسەڵآت لایان بەرن.

کۆمیتەی ناوەندی بەم جۆرە مایەوە:

)عبدالستار گاهر شریف، عبدالله حمید رۆژبەیانی، محمد محی الدین، ابراهیم گاهر سلام، مجید جەباری، محمد گول محمد، شەوقی حەمەخان، ئیسلام مستەفا، کەریم ئەرکەوازی، زیاد مجید) ئەندامانی جێگریش یحیی عبدالعزیز بەرزنجی و حەمەی حەمەصالح، شێخ حەسەن محمد نۆدیی.

لە کۆبوونەوەی ئاسایی (8) هەشتەمی کۆمیتەی ناوەندی ڕۆژی یەك شەممەڕێکەوتی 1979/4/1 بڕیاردرا کەریم ئەرکەوازی تجرید بکرآ لە هەموو مەسئولیاتی حیزبیی بەهۆی پەیوەندی ناپاکانەی لەگەڵا کچە کوڕێکا لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بۆ داندراپێك هاتبوو لە محمد محی الدین ء ئیبراهیم تاهیر سەلام ء محمد گوڵ محمد. دوایلێکۆڵینەوە بۆ ئەوەی کەریم خۆی زیاتر ڕسوا نەبآ داوای کرد ئیستقاله بداو مەکتەبی سیاسی کە کۆمیتەی ناوەندی دەسەڵآتی خۆی دابووپێی ئیستقالەکەی قەبوول بکا. لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 1979/4/27 ئیستقالەکەیدا. هەروەها ئیستقالەی شێخ حەسەن محمد ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیش چەند حەفتەیەك لەپێش کەریم ئەرکەوازی لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە قەبول کرابوو وەك ئەندامی مەکتەبی ڕۆشنبیری پارتی بمێنێتەوە .

بەم جۆرە تەنها دوو ئەندامی جێگر مانەوە (یحیی عبدالعزیز و حەمەی حەمە صالح. (یحیی عبدالعزیز بەرزنجی) گواسترایەوە بۆ دهۆك وەك یاریدەدەری نوێنەری کۆمیتەی ناوەندیلێپرسراوی دهۆكء موصل. هەڤالأ حەمەی حەمە صالحیش ئەوا وەك جاران یاریدەدەری نوێنەری کۆمیتەی ناوەندی لە لقی (5)ی سلێمانیءلێپرسراوی کەلارو دەربەندیخان مایەوە. پاش ئەم ئیجرائاتە ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی مایەوە لەسەر (9) ئەندام.لێرەدا بە

نەمانی کەریم ئەرکەوازی و شێخ حەسەن محەمەد نۆدێ لە کۆمیتەی ناوەندی و جێگری کۆمیتەی ناوەندی دوو خوێندەوارو ڕۆشنبیرمان لە کیس چوو بەمەش تای تەرازوی نەخوێندەوارەکان قورستر بوو لە ڕیزی سەرکردایەتی پارتەکەمان .

دوای مانگی چواری ساڵی 1979 پشتگیری حیزبی بەعس بۆ پارتیمان لە جاران زیاتر خۆی دەنواند، چوار سەیارەی تویوتا لاندکروزەریانداپێمان بۆ لقەکانی پارتەکەمان هەروەها شەش سەیارەی تویوتا کراونیشیان داپێمان بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی.هەرچەندە هەوڵم دەدا شتآ بکەم و ڕیزی کۆمیتەی ناوەندی لە گومانلێکراوەکان پاك بکەمەوە بەلآم وا دیاربوو ئاسنی ساردم دەکوتییەوە، بۆ نموونە یەکآ لەو بەڵگانە بلاَو دەکەمەوە بۆ سەلماندنی ئم ڕاستییە:

)محمد گوڵ محمد) ڕۆژی 1979/5/21 بەسەهو نامەیەکی دایێم لەگەلأ ڕاپۆرتی مانگانەی لقەکەیان بەلآم لە زەرفێکی جیاوازدا بوو.پێمی وت: هەڤالأ ئەم نامەیە باش بخوێنەوە. منیش نامەکەم کردە ناو جانتاکەم. شەو کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوەو نامەکەم خوێندەوە سەیرم کرد ئەم نامەیە بۆ بەڕێوەبەری ئەمنی عامە نووسراوە (دکتور فاچل البراك) سەرم سوورما ئایا ئەم نامەیەی بۆ دوکتوَر فازل نووسیوەیەتی بۆ دای بە من، لە کاتێکدا نامەکە شکایەتی تێدا هەیە لە سەرم. لە نامەکەدا داوای یارمەتی کردبوو ، یارمەتی پارەو دامەزراندنی بە بەڕێوەبەری گشتیی وەکو جەماعەتی دیموکراتی کوردستان (جەماعەتی هاشم حەسەن عەقراوی). هەروەها لە نامەکەی دائآ نامەیەکی ترم نووسیوە بۆ مەکتەبی( سید النائب )لەڕێگای ئەندامێکی پارتی سەرکردەو داوای هەزار دینارم کردوە بۆ عیلاج بۆ (لەندەن) و پارتی شۆرشگێڕی کوردستانء مەکتەبی سیاسی ئاگای لەو نامەیەم نییە و هەزار دینارم بۆ هاتووە لە مەکتەبی نائیبەوە بەلآم هەزار دینار کەمەو مەوردی تریشم نییە لە مانگانەی پارتی بەولاوە بەلآم نەینووسیوە مانگانەکەی پارتی چەندە کە (230) دوو سەدو سیی دینار لە پارتی دەسێنآ. ئەوا لە خوارەوە دەقی نامەکەی دەنووسمەوە کە بە عەرەبی نووسیوەیەتی وەك خۆی بە هەڵەکانیەوە کە خوێندەواری زۆر لاوازبوو، هەروەك لە نامەکەی دەردەکەوآ جگە لە لاوازی کەرامەتء عیزەتی نەفسء پیاوەتی.

ئەمەش دەقی نامەکەی حەمە گوڵە:

الاستاذ الدكتور فاچل البراك مدير الامن العام المحترم

تحيه الخالصه:

اگلب من الله عز وجل ان يوفقكم فى مهمتكم والاعمالكم اليوميه خدمتا لشعبنا العراقى والامتنا العربيه.

سيدى: حسب قرار اللجنه الگبيه فى عام 1975 عليه ان اقوم بمعالجه الخارج القگر (لندن) كل سنتين مره واحده على الحسابى الخاص لمعالجه بسبب اصابتى بمرچ جلدى الڗى اصيبت اپناء الحركه التمرد الخيانى فى شمال الوگن ولكونى كنت امر سريه 22 فصائل الانصار الوگنى قگاع خانقين فى عام 1974-1975 ولعدم امكانيتى ماديا سبق وان قدمت گلب الى المكتب السيد النائب لمساعدتى بواسگه الحزب الپورى الكردستانى وبمسانده الرفيق گه ياسين رمچان عچو مجلس قياده الپوره:

فعلا تم مساعدتى بمبلغ الف دينار انڗاك وكڗلك بعت بعچ الحاجياتى المنزليه وسافره لمعالجه لمده شهر واحد فى سنه 1957: ولكن الان الموعد سفرى لغرچ نفسها ايچا قدمت گلب الى المكتب السيد النائب بواسگه الرفاق من الحزب القائد وبدون علم الحزب الپورى الكردستانى فى قيادته علما تم مساعدتى بمبلغ الف دينار.

سيدى: اننى مكشورا دائما لقياده الحزب والپوره على هڗه المساعده والان اگلب من سيادتكم مساعدتى ماديا لان المبلغ الموجود لديه لايكفى مصاريف معالجتى فى البلد مپل (لندن.(

سيدى: علما اگلب هڗه المساعده من سيادتكم لكونى ليس لى أى مورد آخر عدى مساعده الشهريه الڗى اقبچ من الحزب الپورى الكردستانى.

سيدى: انا شدكم بتدخلكم لدى الرفاق فى قياده السياسيه بتعينى فى الاحدى الدوائر الدوله اسوتا بالاخوه من قياده الحزب الديمقراگى الكردستانى الڗى تم تعينهم بدرجه المدراء فى المنڨمات الشعبيه فى مجلس قياده الپوره علما سبب دفعى بگلب من سيادتكم حول تعينى هو: الاولا لكونى صاحب العائله كبيره والپانيا كلماء اگلب من عبدالستار گاهر شريف حول تعينات يقول بان قياده السياسيه لم يعينك وانا ماڗا اعمل كما يقول هناك عدده گلبات موجوده لدى الرفيق عبدالله فاچل عچو قياده القگريه حول تعينكم وبكتاب الصادر من الحزب الپورى الكردستانى هڗا اكرر شكرى وتقديرى لكم ودمتم للنچال.

محمد گوڵ محمد

عچو اللجنه المركزيه ومسؤول فرع الاول بغداد

لحزب الپورى الكردستانى

21/5/1979

نامەكە بآ تاريخ بوو بەلآم له 5/21/ نووسراوە.

منيش ڕۆژى 1979/5/24 نامەكەى محمد گوڵم برد بۆ بەڕێوەبەرى ئەمنى عامە، لەگەلأ نامەيەكى تايبەت كە لەسەر نامەكەى محمد گوڵ نووسيبووم .بۆ هەڤالآنى كۆميتەى ناوەندىء مەكتەبى سياسى خوێندبوومەوە، ئەوا لە خوارەوە دەقى نامەكەى خۆميش دەنووسمەوە:

العدد/ بلا

التاريخ 1979/5/24

الاستاژ الفاچل الدكتور فاچل البراك المحترم

تحيه نچاليه

نرسل گيا نص رساله الرفيق محمد گوڵ  محمد عچو اللجنه المركزيه لحزبنا الپورى الكردستانى الموجهه لسيادتكم وقد سلمها الرفيق محمد گوڵ محمد الينا داخل مڤروف مغلق بتأريخ 1979/5/21 مع رساله اخرى تتعلق بالامور الحزبيه. وقد گلب منى ان أقرأ محتوى الرساله نڤرا لاهميتها. الا اننى لم افتح الرساله الا فى اليوم الپانى أى فى 1979/5/22 وقد فوجئت عندما قرأت الرساله اژ انها كما ترى ليست موجهه لى شخصيا ولا الى المكتب السياسى بالاچافه الى ان فحوى الرساله تتچمن شيئا من الشكوى چدى شخصيا مع تجاوزه الصيغ الحزبيه فى العلاقات والمراسلات ودون ان يخبر الحزب بما يقوم به من اعمال ولربما تنعكس نتائج اعماله بصوره سلبيه على مسيره حزبنا وخلق شكوك تجاه رفاق ربگوا مصيرهم بالپوره ومسيرتها السلميه وليس لى الا الاستشهاد بقول الله تعالى: (ياأيها

الڤين آمنوا إن جاءكم فاسق بنبأ فتبينوا أن تصيبوا قوما بجهاله فتصبحوا على ما فعلتم نادمين) ولكى تكونوا على بينه من محتوى الرساله ادون ملاحڤاتى ادناه بكل أمانه:

1- لم يسلم الرفيق محمد گل محمد هڤه الرساله الينا الا سهوا. حيپ وچع الرساله فى المڤروف بدلا من التقرير الأصلى الموجه الى المكتب السياسى. إڤ كيف يسلمنى رساله موجهه اليكم بالڤات وهو يعترف باستلامه مبلغا من مكتب السيد النائب وكان يگلب من المكتب السياسى مساعدته ماليا لعدم وجود امكانيات ماليه لديه للسفر الى لندن ولم يكن يڤكر للحزب مساعده مكتب السيد النائب له كما يعترف هو فى رسالته بان گلب المساعده دون علم حزب الپورى الكردستانى والمكتب السياسى، رغم انه استلم مبلغا مماپلا قبل عامين من مكتب السيد النائب عن گريقنا وكان لڤلك الدعم الاپر الايجابى فى نفوس رفاق حزبنا فى حينه، ولا ندرى لماڤا كان يخفى هڤا الرفيق علينا هڤا الدعم الجديد رغم انه لم يعرچ علينا حتى ولو مره واحده مفاتحه القياده بمنحه هڤه المساعده.

2- عندما سلمنى الرساله زارنى فى اليوم الپانى وعلى وجهه علامات القلق وقال لى بالنص: (اننى اخوك وحتى قال اننى خادمك لقد سلمت لك الرساله كى تصلها الى السيد مدير الأمن العام بنفسك وتدعمنى عنده) فقلت له يا رفيقى لا ارى أى مبرر لمفاتحه السيد مدير الأمن العام بمساعدتك ماليا خاصه وانك استلمت مبلغا قدره (1000) الف دينار من مكتب السيد النائب وهڤا المبلغ يكفيك للعلاج والسفر. ومن پم لا مبرر لگلبك من السيد مدير الامن العام حول تعيينك (مديرا عاما) اسوه بالرفاق فى الحزب الديمقراگى الكردستانى خاصه وانك تعرف جيدا بأننا فاتحنا اللجنه العليا لشؤون الشمال حول تعيينكم مع بقيه الرفاق عن گريق الرفيق عبدالله فاچل بالاچافه الى المفاتحه الرسميه، وعدنا شفويا الرفيق عبدالله فاچل لدى حچوره اجتماعا للجنه المركزيه بموچوع تعيينكم، ولا ادرى ماڤا تقصد عندما تڤكر فى رسالتك (كلما اگلب من عبدالستار گاهر شريف حول تعيينات يقول بأن القياده السياسيه لم تعينك وانا ماڤا اعمل). أهڤه هى العلاقه الحزبيه والنچاليه بينى وبينك تقول فى رسالتك (اسوه بالاخوه من قياده الحزب الديمقراگى الكردستانى) حتى لم تحاول فى رسالتك ان تسمينى كما سميت الرفاق فى الديمقراگى الكردستانى (بالاخوه) اتنكر بأن محاولاتى لگرح مواچيعكم الشخصيه من گلب (السيارات والتعيينات

والدرجات وحتى المساعدات الماليه) أپرت على القچايا الرئيسه والمصالح العامه.انتهى-

3- اتصل بعد ژلك بالرفاق شوقى حمه خان ومجيد رشيد الجبارى حول عمله هژا وگلب ان يگلبوا من عندى بعدم درج الموچوع فى جدول اعمال المكتب السياسى واللجنه المركزيه فوعدت الرفاق بژلك حرصا على المصلحه العامه ومصلحه الحزب الا أننى قلت للرفاق (ماهو ژنبى وانا اعمل بكل جد واخلاص وهناك من يحاول ان يسمينى بسوء لدى قياده حزب البعپ العربى الاشتراكى وقد چحيت برفاق واقارب لى فى هژه المسيره وانا الآن من المنتقرين بفخر واعتزاز ان اؤدى رسالتى: (من المؤمنين رجال صدقوا ماعاهدوا الله عليه فمنهم من قچى نحبه ومنهم من ينتقر وما بدلوا تبديلا.(

4- يقول الرفيق محمد گوڵ محمد (وكژلك بعت بعچ حاجياتى المنزليه وصافرت للمعالجه لمده شهر واحد فى سنه 1975) لقد ساعده السيد النائب فى عام 1975 وكژلك هژا العام فلا حاجه الى تشويه الحقائق حيپ انه لم يبع شيئا بالاچافه الى انه لم يصرف المبلغ كله فى حينه وان كل ما تچرر خلال هژه المده هو شراءه دارا للسكن وان اپاپ بيته اغلى من اپاپ بيت أى رفيق من رفاق حزبنا وهژا مايعرفه الرفاق جميعا. ومع هژا فاننى لم أر اى مبرر لأقواله هژه ، سوى تشويه الحقائق واخفائها ،اما مورده فكان المفروچ ان يژكر بان الحزب الپورى الكردستانى يدفع له شهريا مبلغا قدره (230) دينار وهژا المبلغ لايستلمه أى مدير عام فى الدوله.

5- يدعى الرفيق محمد گوڵ محمد بانه اصيب بالمرچ الجلدى (اپناء التمرد الخيانى فى شمال الوگن ولكونه امر سريه 22 فصائل الدفاع الوگنى قگاع خانقين عام 1974-1975) لا اريد هنا ان احمله اپما او بهتانا فاصابته بهژا المرچ معروف لدى معقم رفاق حزبنا القياديين بانه اصيب به جراء سلوكه المنحرف وقد اعترف هو بژلك ولمرات عديده. اما موچوع الشمال وآمر السريه فانه لم يترك مقر الحزب فى مركز خانقين اپناء الحركات اژ ان رفيقا غيره كان يتحمل مسؤوليه السريه عمليا فى قريه (سوز بلاغ) وكان هو (شيخ گيب.

وختاما ادعو الله ان يوفقنا جميعا لخدمه وگننا وشعبنا العراقى.. مع بالغ تقديرى

اخوكم

عبدالستار گاهر شریف

24/5/1979

له 1979/7/28 به بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش، عەبدوڵلاَ حەمید ڕۆژبەیانی ء محمد محی الدین ء ئیبراهیم تاهیر سەلامء محمد گوڵ محمد کرانه بەڕێوەبەری گشتیی لەڕێکخراوه میللی یەکان له ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش. دامەزراندنی عەبدوڵلاَ حەمیدء محمد محی الدین ء ئیبراهیم تاهیر سەلام لەسەر داوای پارتیمان بوو، هەروەها لەسەر ڕێککەوتن لەنێوان پارتیمانء عەبدوڵلاَ فازل ئەندامی سەرکردایەتی قوتری پارتی بەعس ، ئەندامی تەنسیق بوو لە نێوان بەعسء پارتیمان بەلآم دامەزراندنی (محمد گوڵ محمد) بەبیَ ئاگاداری پارتیمان بوو، دیاربوو به تەنها دوای گەڕانەوەی له لەندەن لەسەر حیسابی ئەوان دێردرابوو هەر بآ ئاگاداری پارتیمان چاوی به عەبدوڵلاَ فازل کەوتبوو، دوای ئەو چاوپێکەوتنه دایانمەزراند ، هەروەها له 20/تەموز/1979 عەبدوڵلاَ فازل تەلەفۆنی بۆم کرد کەوا سەیارەییەك تویۆتا دهێنن بیدەم به محمد گوڵ محمد، هەرچەندە من به عەبدوڵلاَ فازلم وت کەوا لەپێش ئەو (شەوقی حەمەخان) موستەحەقه بەلآم وتی قەیناکا ئەو سەیارەیه بده به محمد گوڵ محمد پاشان بۆ شەوقی قسەیەکی لـآ دەکەین.ئەمەشم بەبەڵگەیەکی تر زانی که محمد گوڵ وەك مەجید جەباری بوونەته سیخوڕی تەواوی بەعس.عەبدوڵلاَ فازلیش خۆی ڕیترین ئەندامی سەرکردایەتی بەعس بوو، داندولەمانپێکەوه ناکولآ لەبەرئەوەی زۆر هەوڵی دەدا دەست وەرداته ناو کاروباری پارتەکەمان .

هەر لەسەر مەسەلەی ئۆتۆمبێل و دابەشکردنیان، دوای ئەوەی داوای سەیارەیەکی تویۆتای سوپەرم کرد بۆ بەکارهێنانی خۆم وەك سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی ، له ئەنجامدا وەلآمیان دایەوه کەوا بڕیاردرا (5) سەیارەی سوپەر بدەن به پارتی دیموکراتی کوردستان هەروەها (5) سەیارەی سوپەریش به پارتی شۆرشگێڕی کوردستان و وتیان ئەم (5) سەیاره تویۆتا سوپەرانه بۆ ئەندامانی مەکتەبی سیاسیتانه. ئەمەش بووە هۆی بیر له مەسەلەکه بکەینەوه، ئەوەبوو بڕیارماندا لەنێوان خۆماندا وابکەین (ئیبراهیم سەلام) له ئەندامی مەکتەبی سیاسی بکشێتەوەو (شەوقی حەمەخان)بێته شوێنی. بۆ ئەوەی یەکآ لەو سەیاره تازانه بدەینه شەوقی حەمەخان، که پێش ئەو سەیارەیەکی تویۆتا کراونی 79مان دابووه ئیبراهیم سەلام. ئەمەش یەکآ بوو له هەنگاوەکانی ئەو شەش ئەندامانه

سەوگەندمان بۆ یەك خواردبوو هەرچی ڕوویدا پێکەوە بیکەین ء خیانەت لە یەکتر نەکەین. کە ئیبراهیم خۆی یەکێك بوو لەو شەش کەسانەی ڕای وەرگیرا لەسەر کشانەوەکەی بەلآم ئەوەی لە ئەمرەکە محمد گوڵ محمد مخەوەل کرابوو بۆ وەرگرتنی بەبآ ئەوەی ڕای ئێمە وەربگرن ، یان هەر پرسمان پێبکەن.بۆ سەیارەکان بڕیاردرا بچینە بصرەو وەریان بگرین .عەبدوڵلاَ فازل تەلەفوَنی بۆم کردو منیش لەگەلأ مەجید جەباری چووینە لای لە بینایەی سەرکردایەتی قەومی تازەو چاومان پێی کەوت، یەکآ لەو مەسەلانەی قسەمان کرد لەگەڵیدا وتی یەکآ لە سەیارە تازەکان بدەنە محمد گوڵ محمد بەلآم من پێم وت ئەو سەیارانە بۆ ئەندامانی مەکتەبی سیاسییە و محمد گوڵ محمد ئەندامی مەکتەبی سیاسی نییەو لە کاتی خۆی کە کردتانە پێشەوەبەری گشتیی برادەرانی پارتیمان پێی نارەحەت بوون و تائێستا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیمان هەیە دانەمەزراوە، وا دیاربوو محمد گوڵ محمد تەلەفۆنی کردبوو بۆ عەبدوڵلاَ فازل، و عەبدوڵلاَ فازل وتی سەیارە کۆنەکان دابەش مەکەن تا ڕۆژی شەممە تەلەفۆنتان بۆ دەکەم، چونکی ئێمە بڕیارمان دابوو سەیارە کۆنەکان تویوَتاکان ئەوی لای من بوو بیدەین بە محمد گولأ ء ئەوی لای شەوقی بدەین بە حەمەی حەمە صالحء ئەوی لای محمد محالدین بوو بدەینە یەحیا بەرزنجی. بەهەرحاڵ ئێمە سەیارە تویوَتا سوپەرەکانمان بەسەر ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دابەشکرد، بەم جۆرە شێخ ستار ء عەبدوڵلاَء شەوقیء محمد محی الدینء مەجید جەباری).گوێمان نەدا بەقسەکانی عەبدوڵلاَ فازل لەبەرئەوەی بەڕاستی عەبدوڵلاَ فازل لە تامی دەرکردبوو گەلێ بە ناشرینی دەستی دەبرد بۆ ناو کاروباری ناوخۆی پارتەکەمان منیش وەك سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی بە پشتی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بڕیارم دابوو ئەگەر هەر ناڕەزاییەك دەربڕی ئەوسا سزای حەمە گوڵ بدەین لەسەر ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ عەبدوڵلاَ فازل هەیەتی، بەلآم وا دیاربوو ئەمجارەیان بێدەنگ بوو.

بە نەمانی ئیبراهیم سەلامء هاتنی شەوقی حەمەخان بۆ ئەندامێتی مەکتەبی سیاسی دەتوانم بڵێم ئەو تەیارەی مەبەستمان بوو بە تەواوی سەرکەوت تەنانەت مەجید جەباریش بۆی دەرکەوت ئەو گروپەی پێشوو تەنها پێیان بەوەوە دەنا بۆ ئەوەی بیکەنە کۆچی قوربانی. ئیتر مەجید بووە ماستی مەییوو هەڵویستی زۆر باش بوو، بەلآم هەڵوێست باشیەکەی زۆربەی زۆری هۆیەکانی دەگەڕێتەوە هۆی بآ دەسەلآتی و وادیاریش بوو جارآ حیزبی بەعس مەبەستی جدی نەبوو لەسەر لابردنی من.

میهرەجانی یەکەمی چیرۆکی کوردی

لە 1979\9\25ڕێکەوتی ڕۆژی سێ شەممە لە هاوینەهەواری صلاح الدین لەژێر دروشمی ( من أجل قصه کوردیه ملتزمه و هادفه علی گریق الپوره والتنمیه وبناء الأنسان الجدید) . یەکێتی نووسەرانی کورد سەرپەرشتی میهرەجانەکەی دەکرد بە هاریکاری ئەمانەتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان. لە هۆڵی گەورەی " سەری ڕەش" لەم میهرەجانە بەشداربووم ، ڕۆژانی یەکەم و دووەم لە هەموو دانیشتنەکان بەشداربووم بەڵام ڕۆژی پێنج شەممە دوا ڕۆژی میهرەجانەکە گەڕامەوە بۆ بەغدا. هەرچەندە حیزبی بەعس لەم میهرەجانە دەیویست دروشمەکانی خۆی بچەسپێنێ وەك لە دروشمی میهرجانەکە دیارە بەلاَم لە ناوەڕۆکدا نووسەرە کوردەکان ئەوی مەبەستیان بوو بەو جۆرە میهرەجانەکەیان بردەڕێوە .

دوای ئەم میهرەجانە لە 1979\10\5ڕێکەوتی ڕۆژی هەینی کۆنگرەی شەشەمی نووسەرانی کورد لە بەغدا بەسترا بەردەوام بوو تا 10\6. دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و مەحەمەد مەلا عبدالکریم و ئەحمەد تاقانەو شوکر مستەفا و محەمەد بەدری و فوئاد قەرەداغی و حەمەی حەمە باقی بە دەستەی بەڕێوەبەر هەڵبژێردران و دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ بوو بە سەرۆکی یەکێتی .

هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی:

لە 1979\11\6 ڕێکەوتی ڕۆژی سێ شەممە دەستەی بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری کورد لە بارەگای کۆمەڵە کۆبوەوە ، کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە کردنەوەی دەرگای خۆ پالاَوتن و بوونە ئەندام لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد تا 1979\11\30 ، ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی کورد لە هەموو پارێزگاکانی کوردستانەوە فۆرمی بوونە ئەندامیان لە کۆمەڵە پڕکردەوە و دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵە بە زوَربەی دەنگ هەموویانی وەرگرت ، ئەوەی پێویستە لێرەدا ڕوونی بکەمەوە ئەوەیە لە کۆبوونەوەی یەکەمی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵە ژمارەیەك ناوی تازە داوای بوونە ئەندامیان کردبوو زوَربەی زۆریان سەر بە حیزبی شیوعی بوون و دوکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی زۆری پێ خۆش بوو بەوەی ئەو ژمارە زۆرە دەبنە ئەندام و منیش زۆر بە دڵ فراوانیەوە لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵە ڕەزامەندی خۆم نیشان دا بە وەرگرتنیان بە ئەندام . بۆ کۆبوونەوەی ئایندەمان پارتی شۆڕشگێڕ و

پارتی دیموکراتی کوردستان جەماعەتی هاشم عەقراوی خۆمان ئامادەکردو دە هەزار دینارمان لە حیزبی بەعس وەرگرت بۆ مەسرووفاتی وەرگرتنی ئەندامە تازەکان ، ئەو کەسانەی دەهاتنە ڕیزی کۆمەڵەکەوە ئێمە دە دیناری " ئینتما کەما ن" لە جیاتی دەدا ، ئەوەبوو بە سەدەها ئەندامی تازەمان وەرگرت و مەسەلەکە بووە گەڕەلاوژێ ، ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو دوکتۆر موکەڕەم لە لایەکەوە خۆی و حیزبەکەی حیزبی شیوعی لە بەرە کشابوونەوەو دوکتۆریش لە وەزیری ئیستقالەی دابوو و نازانم ئەم ئاژاوەیەی هەڵبژاردنی بۆ نایەوە ، لە کاتێك دا دەیزانی لەم بەربەرەکانیە دۆراوە .

ئەوەبوو لە 1979\12\13 هەڵبژاردن دەستی پێ کرا وئێمە سەرکەوتین . دوکتۆر موکەڕەم سەرۆکی کۆمەڵەبوو لە وتارەکەی بۆ ئەندامانی کۆنگرە وتی ( پیاو گۆشتی ڕانی خۆی بخوا لە منەتی قەساب باشترە ) لێرەدا مەبەستی لە قەساب حیزبی بەعس بوو . من لە وتارەکەمدا وەلآمی دوکتۆر موکەڕەمم دایەوە وتم ئەمە ڕاستە بەلاَم ئایا دوکتۆر موکەڕەم بۆ ئەوەی منەتی قەساب هەلَنەگرێ خۆی و حیزبەکەی تەنها یەك پوولیان بۆ کۆمەڵەی رۆشنبیری کورد خەرج کردووە لەو ماوەیەی جەنابی سەرۆکی کۆمەڵە بووە ؟

ئەوەی ڕاست بێ ئەو ژمارە زۆرەی بە ئەندام وەرگیران زوَربەی زۆریان مەرجی ئەندامەتیان تێدا نەبوو ، بە�م ڕووی سیاسەت ڕەش بێ ، ڕاستە لە سیاسەت ئەخلاق نییە.ئێمە هەموو لایەکمان ( حیزبی شیوعی و پارتی جەماعەتی هاشم عەقراوی و پارتی شۆرشگێری کوردستان هەڵەبووین ) حیزبی بەعس توانی هەمووومان هەڵخەڵەتێنێ و بمان کاتە گژ یەکدا .

ئەنجومەنی نیشتمانی:

لە ئایاری 1980 لەگەلأ مەجید جەباری چاومان بە عەبدوڵلاَ فازل کەوت لەم چاوپێکەوتنە ئاگادارمانی کردەوە کەوا (3) ناو لە ئەندامانی پارتیمان دیاری بکەین وەك لیَپاڵێوراو بۆ نوێنەرایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی، مەجید جەباری وتی خۆت ناوەکان دیاری بکە، بەلآم عەبدوڵلاَ فازل قەبوڵی نەکردو وتی ئێوە خۆتان حیزبن ناوی خۆتان دیاری بکەن، سآ ناو یان زیاترمان بۆ بنێرن، دەبآ لە ماوەی سآ چوار رۆژ ناوەکان بۆ ئەوان بنێرین. مەجید جەباری گەلـ هەڵویدا کە عەبدوڵلاَ فازل ناوی ئەو یەکێ لە ناوەکان بێ و وتی ، ئەگەر ئێوە ڕازی نەبن لەسەر هەڵبژاردنی ناوەکانمان و لیَمان نەدەنآ کەوا

سەرمان دەخەن لەبێستاوەبێمە خۆمان هەڵدەبژێرین، عەبدوڵلاێ فازل وتی (3) ناو لە حوکمی زاتی خۆیان هەڵدەبژێرن و لە ئێستاوە ئەو سآ ناوە ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانن کەواتە تەشریعی. پاشان گەڕاینەوە مەکتەبی سیاسیء کۆمیتەی ناوەندی منیان مخەوەل کرد کە ناوی سآ ئەندام بنووسم بە خۆمەوە بۆ عەبدوڵلاێ فازلی ڕەوانە بکەم. منیش ناوی یەکەم ناوی خۆم نووسی ناوی دووەم ناوی شەوقی حەمەخانم نووسی ناوی سێیەم ناوی عەبدوڵلاێ ڕۆژ بەیانیم نووسی و ناوی چوارەم مەجید جەباریء ناوی پێنجەم محمد محی الدین لەگەڵا ئێبینی کە محمد محی الدین خۆی بۆ ئەنجومەنی یاسادانان هەڵدەبژێرآ. پاشان عەبدوڵلاێ فازل تەلەفۆنی بۆم کردء چوومە لای وتی دەبآ یەکآ لە ناوەکان مەجید جەباری بآ کەواتە مایەوە عەبدوڵلاێ ڕۆژبەیانیء شەوقی حەمەخان منیش موافیق بووم لەسەر عەبدوڵلاێ بەلآم وەعدی ئەوەی پێدەم کە شەوقی بۆ تەشریعی دادەندرآ. بەم جۆرە موافەقەت کرا لەسەر منء عەبدوڵلاێء مەجید جەباری. پاشان (نەعیم حەداد) تەلەفوێنی بۆم کرد کەوا، بریاڕ درا لەسەر ئەوەی من لە بەغدا خۆم تەرشیح بکەم لەسەر حیسابی جەبهەو بۆ زامن کردنی سەرکەوتن ، ناوچەی (8) لە ڕەصافە دیاری کرا بۆم. پاشان بەبآ موافەقەتی خۆم گواستمیانەوە بۆ ناوچەی نۆ (9) لە ڕەصافە. بەم جۆرە پەردەی یەکەم لە شانۆگەری ئەنجومەنی نیشتمانی دادرایەوە.لەبێم شانۆگەریی بەڕاستی شانۆگەری بوو لە نووسین و دەرهێنانی صدام حسین بوو.

دوای ئەوەی بوومەلێپێوراوی ناوچە یان باشترینلێبێین هەرێمی (9) کە بریتی بوو لەم گەڕەکانە (کەرەنتینەو صرافیەو مەیدانء ڕەشیدو جمهوریء گەرەکی اگباء فچل و شارع کفاح و شێخ عومەرء نهچە و فەلەستینء مستنصریەء 14 تموزء حی عقاری ء هەردوو قاهرەو وەزیریە). کە (4) نوێنەریان دەویستءلێپێوراوەکانیش بەم جۆرە بووین: (احمد شاکرء پابت عارف ناصریء د.صلاح خالص ء د.منژر عبدالحمید وردی الالوسیء کمال عبدالله حدیپی و منال عبدالرزاق ئالوسیء عگاء الله هزاع و مقهر فهمی العزاوی).لەم (9) کەسە منء مقهر فهمی عەزاویء د. صلاح خالص ئەم سآ کەسە ئەندامی پارتی بەعس نەبووین ئەوانی تر: منال یونس ئالوسی سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی عێراق ئەندامیپێشکەوتووی حیزبی بەعس، جگە لەوەی ئافرەت بوو ، تەعلیماتیش وابوو ئافرەت دەنگ بدرآپێیان.

کمال عبدالله زوید الحدیپی. کە هەردوو چاوی کوێربوو. بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری قەومی حیزبی بەعس و شاعیر بەعسی بوو لەگەڵا نووسەر. د.منزر ئالوسی ماموۆستای زانکۆی تەکنەلۆجیاء باوکیشی عبدالحمید وەردی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی گەلیبوو لە ڕەصافە.

عگاء الله هزاع قوتابی ماجستێر بوو لە کۆلێجی کشتوکاڵ دەیخوێند، لە عەشیرەتی عوبەیدی بوو. پابت عارف ناصری سەرپەرشتیاری پەروەردە بوو ئەندامی فرقەی بەعس و سەرۆکی ئەنجومەنی لقی قاهیرە بوو .

ئەحمەد شاکر نەخوێندەوار بوو سەرتاشخانەی هەبوو، ئەندامی بەعس بوو. مقهر فهمی العزاوی. نەقیبی کۆنی پارێزەران و ئەندامی بالآی ئەنجومەنی بەرەی نیشتمانی و پارێزەرێکی کۆنی ناسراو بوو.

لە کاتی دەست پێکردنی پروپاگەندە ڕێکخراوی حیزبی بەعس لە هەرێمەکەی ئێمە هەرێمی (9) چوار ناویان بلآوکردەوە کە دەبآ دەنگ بدرآ پێیان ناوەکان: (منال ئالوسی، د.منزر الوردی و کمال عبدالله الحدیپی و عگاء الله هزاع).و لە دوو ڕۆژیپێش 1980/6/20پروپاگەندەکەیان توندترکردو مالأ بە مالأ دەگەڕان و داوایان لە دانیشتوانی ملڵەکان دەکرد دەبآ دەنگ بەم چوار ناوە بدرآء بەس. دەنگ بە عبدالستار گاهر شریف و مقهر عزاوی و دوکتوۆر صلاح نەدرآ کە مونافیسی توندی ئەو ناوانە بوون. ئەم هەڕەشە دانء مومارەسە هەڵەیانەم ئاگاداری (عبدالفتاح محمد امین) وەزیری حوکمی محلی کردەوە کە ئەندامی لێژنەی بالآی چاوێریء سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکەبوو لەگەڵأ پارێزەری بەغدا (محمد حمدان)و نامەیەکم بۆیان نووسی بەلآم بآسوود بوو..بە حوکمی ئەوەی عبدالفتاح برادەرێکی کۆنم بوو دوای چەند سڵێك پێیمی وت ڕاستت کرد کاتی خوی کە بوۆمانت نووسیبوو دەربارەی چوار ناوەکە ئێمە بڕیارمان دابوو،_مەبەستی لە وشەی ئێمە صدام بوو- ئەوان دەربچن و ئێوە بەتایبەتی تۆو صلاح خالص و عەزاوی بە هیچ جۆرێك نابێ سەرکەون .

لە 1980/6/20 هەڵبژاردنەکە دەستیپێکرد ، ئەوانەی نەخوێندەوار بوون ژمارەیان لە 60% دانیشتوانی هەرێمەکە زیاتربوو نەیان هێشت بە کەیفی خۆیان دەنگ بدەن، وەرەقەی دەلیلی هەڵبژاردنەکەیان لـآ دەسەندنء خۆیان چوار ناوەکەیان پڕ دەکردەوە. جگە لەوەی بە هەندیێ کەسیان دەوت بۆ هەر ناوی عبدالستار گاهرو مقهر عزاوی دەنووسن دوو ناوی تریش بخەنە پاڵی لە چوار ناوەکە. بەم جۆرە هەڵبژاردن کۆتاییپێهات. مقهر عەزاوی (25)

هەزار دەنگی وەرگرتء منیش 15.860 دەنگم وەرگرت. ئەگەر ئەو دەنگانەی لە نەخوێندەوارەکان ئێمان زەوت نەکرابایە و نەدرابایە بە (کمال حدیپی)ء (عگاء اللە هزاع)ء (منزر وردی)ء (منال الوسی)ء ئازادی هەبوایا لە دەربڕینی ڕاو نووسینی ناوەکان ، بەڕای من هەڵبژاردنەکە ئەنجامەکەی بەم جۆرە دەبوو: منال ئالوسیء منزر وەردی و مقهر عەزاوی و بەندە دەردەچوون ،بۆیە لەبەئەم منزر وردی لەبەئەم کمال حدیپی چونکی ئەوانەی دەنگیان بە منال ئالوسی دەدا دەنگیان بە منزرئالوسیش دەدا. هەرچەندە کەمال عەبدوڵلا حدیپی لە د.منزر ئالوسی ناسراوتریش بوو. شەوی هەڵبژاردنەکە نوێنەرەکەم بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکە ، پێزەر نەوزاد فەرەج تەلەفۆنی بۆمکرد و وتی4000 کارتیان ڕێداوەتە ناو صندوقی دەنگدانەکەوە ئەم کارتانە ناو چوارکەسەکەی خوێانیان تێدا نووسیبوو، ناوی من لە ناو ئەو کارتانە نییە، ئەمەش چوار هەزار دەنگ بۆ مەنال و کەمال و مونزیرو عەتا زیادکرد و ئەمەش بووە هۆی دەرچوونیان . ئەوەبوو نامەیەکم بۆ عیزەت دوری نووسی و باسی تەزویرەکەم بۆ کرد و داوام کرد لە مەوزوعەکە بکۆڵێتەوەو جارێ ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە ڕابگرێ ، بەلاَم دیاربوو من دەمووتێرە ئەوان دەیانووت بیدۆشە.

دوای دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بەم شێوەیەی باسمان کرد جەماوەری دەرەوە شیکردنەوەو ڕایان بەرامبەر دەرنەچوونی هەر شەش (6) نوێنەرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانء پارتی شۆرشگێڕی کوردستان: (عبدالستار گاهر ء عبداللە حەمید ڕۆژبەیانیء مەجید ڕەشید جەباریء هاشم حەسەن عەقراویء سەعید قادر جافء فازل عەلی حەسەن ئەوەیە کەوا:

-1 حیزبی بەعس بە ئەنقەست ئەمەی کرد بۆ ئەوەی هەردوو پارتەکە لای جەماوەر وانیشان بدا کەوا کەسیان لەگەڵدا نییە.. ئەمەش بۆ تەخت کردنء خوێشکردنی زەمینە بوو بۆ حەل کردنی هەردوو پارتەکە.

-2 بۆ ئەوەی وانیشان بدا کەوا حیزبی بەعس تەنها حیزبە لە ڕیزی جەماوەرء، خۆشەویستی جەماوەرە ئیتر پێویست بە هیچ پارتێکی تر ناکا لە گۆڕەپانی عێراقء کوردستان هەبن جگە لە حیزبی بەعس.

ڕای واش هەیە دەڵێ نەخێر نابێ پارتی کوردی یان کوردستانی بەرهەڵستکار هەبێ لە چیاکان، پارتی بەعس پێویستی بەم دوو پارتە هەیە بۆ (ڕاگەیاندن) نەك بۆ بەهێز بوونء کۆکردنەوەی جەماوەر.

بەهەرحالأ پارتی بەعس مەبەستی هەرچی بووبآ یان هەرچۆنآ بآ مەسەلەکە لایەنی ئیجابیشی هەبوو بۆ پارتەکەمان . لایەنە ئیجابیەکانیش ئەمانەن:

1- بۆ جەماوەر دەرکەوت بەتایبەتی ئەوانەی ڕایان خەراپ بوو بەرامبەر پارتیمان کەوا شۆڕشگێڕ پارچەیەك نییە لە حیزبی بەعس بەڵکو پارتێکی سەربەخۆیە. بۆیە حیزبی بەعس هەموو هەوڵێکیدا نوێنەرەکانیان دەرنەچن لە هەڵبژاردنەکە،.کورد وتەنی قسەیەکیش بۆ دز بکەین مەجید جەباری ئەو کەسە نەبوو کەس دەنگی بداتیَ یان سەعید جاف و فازل عەلی و هاشم عەقراوی بەلآم گوناحی بەعس ئەوە بووێمە بە کەیفی خوَمان ناوی پاڵێوراوەکانمان دیاری نەدەکرد.

2- ئەو ئەندامانەی بەتایبەتی سەرکردایەتی لە ڕیزی شۆڕشگێڕ قەناعەتیان زۆر بە حیزبی بەعس هەبوو قسەکانیان بە ئایەتی قورئان دەزانی، ئەوانیش کەوتنە گومان لە حیزبی بەعس، بۆیان دەرکەوت کەوا لە 100% بەعسی نەبیَ مەسەلەکە نایخوا.بۆ نموونە مەجید جەباری دواى ئەوەی ناوەکانیش دەرچووبوون ناوی ئەوی تێدا نەبوو باوەڕی ناکرد کە دەرنەچووە، دەیوت من �نە کەسێمی وتووە دەر دەچی �نە کەسیش عەبدوڵلاَ فازل بوو ، ئینجا سەیری ئەم دەروێشە بەسزمانە بکەن ،" کەر لە کوآ کەوتووەوو کوندە لە کوآ دڕاوە ".دواى چەند ڕۆژێکیش مەجید جەباری بووە جێگای نووکتەو پێکەنیین و برادەرانی پارتیمان پێیان دەوت کاك مەجید جەنابت دەرچوویتە مەرج نییە ناوەکەت بلآوبکەنەوە.

ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 1980/6/23 کۆمیتەی ناوەندی لەسەر داوای بەندە کۆبووەوە، پێش دانیشتنی کۆمیتەی ناوەندی سکرتێری کۆمیتە مەکتەبی سیاسی کۆکردەوەو ڕاپۆرتێکی گەلآلە کردبوو بۆ کۆمیتەی ناوەندی بەناوی مەکتەبی سیاسییەوە، بەلآم لەبەرئەوەی ڕاپۆرتەکە تیایدا داوای بەستنی کۆنگرەی( نا ئاسایی) کردبوو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی: (عەبدوڵلاَ حەمید ڕۆژبەیانیء شەوقی حەمەخانء محمد محی الدینء مەجید جەباری) موافیق نەبوون لەسەر بەستنی کۆنگرەکە بۆیە دەقی ڕاپۆرتەکە خرایە بەردەم ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی□. ئاشکراشە ئەندامانی کوَمیتەی ناوەندی لە بەستنی کۆنگرە زراویان دەچوو نەبادا لە کۆنگرە دووبارە هەڵنەبژێردرێنەوە.

لە 1981/8/6 پارتی شۆرشگێڕی کوردستان لەسەر داوای من کۆبوونەوەی فراوانی بەستء سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی راپۆرتێکی تایبەتیپێشکەش کرد بە کۆبوونەوەکە ئەو بڕگانەی زۆر گرنگ بوون لە ڕاپۆرتەکە ئەمانە بوون:

)کۆمیتەی ناوەندی لە ڕۆژی 1978/1/5 وە تا 1981/7/3 هەژدە جار کۆبۆتەوە، لەم 18 کۆبوونەیە (6) کۆبوونەوەیان کۆبوونەوەی کوتوپڕی بووە. و لە هەموو کۆبوونەوە ئاساییەکانی کۆمیتەی ناوەندی، دوای کۆنگرەی دەیەمی پارتیمان لە 1978/1/5 کۆمیتەی ناوەندی بەگشتی عبدالستار تاهیر شەریف یان هەڵبژاردۆتەوە بە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی. هەروەها:

)عەبدوڵلاَ حەمید حوسێن ڕۆژبەیانیء مەجید ڕەشید جەباریء زوَراب داراخانء ئیبراهیم تاهیر سەلام..(

لە ڕاستیدا ئاستی ڕۆشنبیری وسیاسی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی زۆر نزم بوو، تەنها (عەبدوڵلاَ ڕۆژبەیانی) لەوان باشتر بوو..

...)ئەوەش ئاشکرا دەکەم نوێنەرانی کۆمیتەی ناوەندی بەتایبەتی لە هەندآ لە لقەکان ئەوەندە خۆیان ماندوو نەکردبوو لەوانەیە لە بارەگاکانی پارتیمان ئیشء کاریان ئەوەندە نەبووبآ یان هەندێکیان لە بارەگای مەکتەبی سیاسی بآ ئیشء کاربوونەو دووریش نییە لەبەر بآ ئیشی خەریکی ئاژاوەنانەوە بووبێتن، خۆ دەربارەی ئاڵوگۆڕکردنی نوێنەرانی کۆمیتەی ناوەندی لە لقەکان وایان هەست دەکرد کە جێگاکەیان لەسەریان تاپۆکراوە.

..)هەرچەندە ئێمە تائێستا وەك پارتێکی سیاسی بچووك لە عێراقدا بەگشتیء لە کوردستانی عێراقدا بەتایبەتی ماوینء ڕۆڵمان لە ڕووداوەکانی ولآت زۆر کەمەو ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بەرەو زیاتر لاوازبوون دەڕۆینء جێگای مەترسی نەمانمانیش زۆر نزیك بۆتەوە، ئەگەر لەسەر ئەم وەزعەمان بەردەوام بین.لەوانەشە هەر بمێنین بەلآم تەنها بۆ پروپاگەندەو بەعس، لێیَ فەرموون ئەی ئەوە نییە فرە حیزبی لەمە زیاتر ( پارتی دیموکرات و شۆرشگێڕو بزووتنەوەیپێشکەوتنخوازو حیزبی شیوعی ) ئیتر چیتان دەوآ.

بەڕای من ناتەواوی لە هێڵی سیاسی پارتەکەمان نەبوو، بەتایبەتی کە پارتیمان خاوەندی تێورێکی زانستییەو لە ڕیزەکانیپێشەوەی جەماوەری کورد خەباتی کردوە و لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی نەتەوەکەمان نەتەوەی کوردء دروشمی خەباتی هاوکاری هەڵگرتووە لەگەلأ گەلی عەرەبدا دژی ئیمپریالیزمء زایوَنیزمء کۆنەپەرستانء

دژی باوەڕی جیاوازبوونەوەو تەریبکیء تەعوسوبی کۆنرانەیە ، قەواعیدی پارتی شۆڕشگێڕ بەڕاستی شۆڕشگێرو پاك و خاوێن بوون کورد بوون بەڵام سەرکردەکانیان وەك باسیانم کرد زۆربەیان بوونە سیخوروچڵکاو خۆر. مام جەلال لە قەلاچۆلان دوای ئەوەی لە بەغدا هەلاتم لە ساڵی 1995 وتی: ئەو کاتەی هاتمە بەغدا بۆ گفتو گۆ لەگەڵ صدام حسین ، یەکی لە داواکانی من ئەوە بوو حیزبە کارتۆنییەکان حەل بکەن، سەعدون شاکر و دوکتۆر فازل بەڕاك هەر یەکەیان بەجیاجێمیان وت حزب نییە حەلی بکەین تەنها دوکتۆر عبدالستار ماوە ئیحتوامان نەکردووە، ئەویش لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی وا دەکەین دەر نەچآ.ئەوە بوو مام جەلال بەڕێگای ئەبو شەهابەوە خەبەری بۆم نارد کە خۆم بکشێنمەوە لە هەڵبژاردنەکە.

دەربارەی ڕۆژنامەی شۆڕشگێڕ لەلاپەڕە (15)ی ڕاپۆرتەکەم ئەمەی لای خوارەوەم نووسیبوو:

)شۆڕشگێڕ "البوری" ژمارەی یەکەمی لە ئاداری ساڵی 1977 دەرچووە بە کوردیء عەرەبی تائێستا "41" ژمارەی دەرچووە..) هەروەها

)ڕۆژنامەی ناوخۆی پارتیمان "شۆڕشگێڕ" هەرچەندە ڕۆژنامەیەکی ناوخۆیی بوو بەلآم بۆ کۆمەڵآ دۆستانء پارتە سیاسییەکانء هەندآ ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی بەعس ناردووەو هەندآ لە ژمارەکانی گەیشتوونەتە دەرەوەی ولآتیش.بەعسیەکانیش زۆر جار ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕی لە سەر هەندآ لە نووسینەکانی.

دەربارەی بارودۆخی کوردستانء شڵەژاندنء بەهێزبوونی ئەو گروپانەی دژی عێراقن کۆمەڵآ لە هۆیەکانیمان لە کۆبوونەوەی فراوانی پارتی ڕوون کردەوە لەوانە:

1- ئیستیغلال کردنی زروفی شەڕی ئێوان عێراقءئێران.

2- ئیستیغلال کردنی زروفی کوردستانی عێراقء جێبەجی نەکردنی بەندەکانی بەیانی 11ی ئادارو کشانەوە لە هەندآ بەندی کە دوای ساڵی 1974 لەلایەن سەرکردایەتی سیاسییەوە جێبەجێ کرابوون وەك:

أ- دانانی ژمارەیەکی زۆر لە موچەخۆری ئیداری لە برا عەرەبەکانمان تەنانەت ئەوانەی زمانی کوردیش نازانن لە قەزاو ناحیەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

ب- هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوە جەماوەریەکانی کوردستانی وەك یەکێتی ئافرەتانء یەکێتی قوتابیانی کوردستانء کۆڕی زانیاری کوردو هتد.

ج- لابردنی خوێندن بە زمانی کوردی لە ناوچەی بادینانء کەم کردنەوەی لە قوتابخانەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

د- بایەخ نەدان بە هەردوو پارتییە کوردستانیەکان (پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانء پارتی دیموکراتی کوردستان)ء نەبوونی دەوریان لە کوردستان.

ە- مەسەلەی ڕاگواستنی لادێیەکان لە ناوچەکانیانەوە بۆ ناوچەی ترء ئیلتزام کردنیان بە ژیان لە کۆمەڵگە زۆرەملێکان) بەبآ ئەوەی هیچ داهاتێکی ژیانیان بۆ تەئمین بکرآء خۆیانپێوە بخلافێنن.

و- بایەخ نەدان بە هەردوو ئەنجوومەنی یاسادانانء راپەڕاندنء نەبوونی کەسانی دڵسۆزو لێوەشاوە تیایاندا و ئەگەر هەشبێتیش بە دەگمەن.

دیاربوو ئەم بڕگانەی ڕاپورتەکەم گەیشتبووە ئەمن و زۆرپێی ناڕەحەت بوون.تا ئەوەی دوکتۆر فازل پێمی وت کاکە(ژ علی کیفك.) کەواتە لەسەرخۆت.

ڕۆژی یەك شەممەڕێکەوتی 22/ئازار/1981 سەردانی سەربازگەی مەشق کردنی جەیشی شەعبیم کرد (73) حەفتاو سآ ئەندامی پارتیمان لەم سەربازگەیە بەشداربوون، ئەمە خولی دووەمی بەشداربوونمان بوو لە خولی یەکەم 77 ئەندامان بەشداربوون، و مەسەلەی بەشداربوونمان لە جەیشی شەعبی و ڕۆڵی شەخصی من وەك سکرتێری پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانء ڕاڕابوونی هەندآ لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتیمان پارسەنگی ناکۆکی نێوانمانی بەلای مندا شکاندەوە.دەمەوی ێ لێرەدا ڕاستییەك ڕوون بکەمەوە ئەویش بەشداربوونمان لە جەیشی شەعبی" الجیش الشعبی" زۆر کەسی رزگار کرد لەوەی بەعسیەکان بیانگرن و لە فەوجەکانی خۆیان بیانکەن بە جەیشی شەعبی و بۆ بەرەی پێشەوەی شەڕی ئێران بیانێرن ، ئەمەش وای کرد حیزبی بەعس ئەندامانی ئێمە نەگرن بە جەیشی شعبی و زۆر کەس هاتبوونە ڕیزی شورشگێڕ تەنها لەبەر ئەوەی نەبنە جەیشی شەعبی.ڕاستییەکی تر چەند جار نەعیم حەداد داوای لێم دەکرد هێزیکی چەکدار لە کاتی شەڕی ئێران دروست بکەین بەلآم من ڕازی نەبووم و هەمیشە دەمووت ئێمە تەنها لە جەیشی شەعبی

بەشدار دەبین. ئەمەش لە تاقیکردنەوەی ڕابوردوومان دەرسم وەرگرتبوو لە ساڵی 1966 پارتیمان هێزی چەکداریی دروست کردو تووشی شەڕی برا کوژی بووین. زۆریش باوەڕم بە سیاسەتی ( لا یلدغ المؤمن من جحر مرتین) کەواتە مرۆڤی خاوەند باوەڕ لە کونێکەوە دووجار پێوەی نادرآ .بەلآم جەماعەتەکەی هاشم عەقراوی مەفرەزەیەکیان لە شاری سلێمانی دروست کرد بە ڕابەری عەزیز خۆشناو ئەندامی مەکتەبی سیاسیان.

لە ڕۆژی چوار شەممەی ڕێکەوتی 25/ئازار/1981 لە هۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد لە بەغدا موحازەرەیەکم پێشکەش کرد لەژێر ناونیشانی (الحرب العراقیە – الایرانیە و حرب الشعب الکردی فی کوردستان ایران چد نقام الخمینی) لەگەلأ نیشاندانی فلیمێکی (ڤیدیوِ) دەربارەی هێرشی ئێران بۆ سەر کوردستانی ئێرانء چاوپێکەوتنێکی دوکتوَر عبدالرحمن قاسملو.

هەروەها لە هۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری‌پێگامدا شانۆگەری (چەند تابلۆیێکی مەهابادی)پێشکەش کرا لە دەرهێنانی قوتابی (کەمال ڕەئوف).بۆیە لەهێم ڕێگامدا شانۆگەرییەکە نیشان بدرآ لەبەر ئەوەی کەمال چەند دروشمێکی نووسیبوو لەگەڵ سیاسەتی حکومەت نەدەگونجا ئەمەش باوەڕم وا بوو بۆ مەبەستی نانەوەی گیروگرفت بوو بۆ کۆمەڵە و دروشمەکە بەم جۆرە بوو ( ك+ك+ك+ك=1ك ) تەلەفزیوِنی بەغدا وێنەی شانۆگەرییەکەی دەگرت و منیش وەك سەرۆکی کۆمەڵە تەعلیقێکم لە دروشمەکەداو وتم( کاك کەمال شتێکی نهێنیت ئاشکرا نەکردووە دەبوایا بینووسیبایە کوردستانی عیراق+کوردستانی تورکیا+کوردستانی ئێران+کوردستانی سوریا = کوردستانی گەورە،) ئیتر دانیشتوان دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان و ئەو پیلانەی بۆ کۆمەڵە داندرابوو لەبارم برد.لەم جوَرە پیلانانە زۆر دەکرا دژی کۆمەڵەو یەکێتی نووسەرانی کورد، جاریێکیان یەکێتی نووسەران لە هۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد ئەو کاتە من سەرۆکی کۆمەڵەکە بووم ، یەکێتی نووسەرانی کورد میهرەجانێکی شیعری کوردیڕێکخست ،دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسولأ سەرۆکی یەکێتییەکە بوو. محمد بەدری نووسەرو شاعیر پارچە شیعرێکی خوێندەوەو وتی ( دار بەڕویان لە خوارووی ولآت چاند بۆ ئەوەی خورما بگرآ بەلآم دار بەڕوەکە خورمای نەگرت و بەڕوی گرت و بەڕووەکە تەقییەوە )... هەتا دوایی شیعرەکە. دانیشتوان چەپڵەیەکی زۆریان لێدا یەکآ لەوانە من و دوکتۆر عیزەدین بووین، بۆ سبەی دوکتۆر فازل بەڕاك پێوەبەری ئەمنی عامە تەلەفۆنی بۆم کردو چوومە لای پێمی وت

دوكتوَر عیزەدین چی دەكا ؟ ئەو شیعرەی محمد بدری چی بوو ، لەم جۆرە قسانە، من یەكسەر كورد وتەنی لە فییكەی خومڕێگەیشتم و مەبەستی یەكەمی بۆ داخستنی كۆمەڵەكەو دووەمیش گێچەڵكردن بە دوكتۆر عیزەدین و ئازاردانی بوو، یەكسەر وەلآمیم دایەوەوپێم وت ئەو ێڕە شیعرەی مەبەستە ،محمد بەدریپێشانی ێڕنەی میهرەجانەكەی نەدابوو ، دوكتۆر فازلأ وتی: محمد بەدری جاسم ، وا دیارە ناوەكەی لەمن باشتر دەزانی و من ئەمە یەكەم جارمە ناو باوكی ببیستم پێم وت ، تكایە ێبرنە دوایاێوە لەمن باشتر ناونیشانی دەزانن ، لە خۆی پرسیار بكە ڕاستییت پیَ دەڵێ، تكایە ئەگەر دەتانەوآ كۆمەڵەكە دابخراپێویست ناكا پیاوەكانتان بە دزییەوە هان بدەنە گیانمان ، كاتآ لە قسەكانم بوومە دوكتۆر وتی ،پێویست ناكا، باسی محمد بەدریش لەم لاو ئەولا بە خەراپە مەكە.ئەم قسانەم بۆ دوكتوَر عیزەدین گێڕایەوەوپێم وت ئاگاداری خۆت بە كۆمەڵێ سیخور لە ناو یەكێتی نووسەران هەیە ئاگادار نەبی بە قڵبەیكتا دەدەن.

لە ڕۆژی چوار شەممەڕێكەوتی 1/نیسان/1981 سەرەك كۆمار صدام حسین سوپای جەیشی شەعبی بۆ بەرەی شەڕ ڕەوێخست ، برادەرانی ێمەشیان لەگەڵدا بوون ، منیش ئامادەبووم لەو ڕەوێخستنەپێش ئەمەش لە 4/شوبات/1981 لەگەلأ هاشم عەقراوی چووم بۆ( سیبەو فاو) بۆ سەردانی جەیشی شەعبی بەتایبەتی ئەندامانی پارتیمانێرەدا حەز دەكەم بۆ لەتیفە هەندآ باسی ئەو سەفەرەم لەگەڵ هاشم عەقراوی بگێڕمەوە ، هاشم عەقراوی مرۆڤێكی زۆر ترسنۆك بوو ، ویستم لەو سەفەرەدا كەمآێی ڕابوێرم .لەڕێگای بەغدا لە نزیك شاری( كوت )لای تكە فرۆشیك لاماندا و هاشم بە حوكمی ئەوەی وەزیر بوو ئەوپێش من داوای لە تكە فرۆشەكە كرد ڕاناآ گۆشت بەدارەوە بوو، وتی ئەو ڕانە گۆشتەمان بۆ ێدە، كابراش وتی من موشتەریم زۆرە ڕاناآ گۆشتان بۆ نابڕێنم ،وا دیار بوو كابرا شیعە بوو، دوژمنی خاكی لەبەربوو ێمەش هەموو بەرگی خاكی (جەیشی شەعبیمان لەبەر بوو، یەكیَ لە حیمایەكانی هاشم كە پیاوی موخابەرات بوو كابرای دایە بەر شەق و ز ل و ئیتر پیاوەكانی هاشم دەستیان بە گۆشت برژاندن كرد و پاشان ئەمنی كوت كابرایان تەوقیف كرد، بە هاشمم وت با بچینە لای بەڕێوەبەری ئەمن ئەو زەلامە بەرەلاَ بكا ،بە زمانەپڵتەكەی وتی: بۆ؟پێم وت كآ دەڵێ ئەمە باوكی شەهیدێك نییە دوا جار دچێتە لای صدام و مەسەلەكەمان بە قنگدا دەكەوآ كە وام وت ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو وتی باشە هەڵسن با بچینە لای جەنابی بەڕێوەبەری

ئەمن، لەوێ زەلامەکەی بەردا. لەڕێگای پێم ئەوت کآ دڵی کابرا شکاتت لێ ناکا لای" سەید الرئیس "ئەویش پێمی دەووت خۆ من بە تەنها نییم تۆش لەگەڵمدا بەشداری و منیش دەمووت جەنابت سید الوزیری من ئێستا وەزیر نییم و پیاوەکانی جەنابت لە زەلامەکەیاندا ، بە ڕاستی چووە ئێشکییەوەو زۆر ترسا، بەم جۆرەم پێ ڕادەبوارد.

لەلایەکی ترەوە لە مانگی ئاداری ساڵی 1980 لە کۆرسی یەکەمی دکتوراە دەوامم کرد. لە بەشی دەروونناسیی پەروەردەیی (علم النفس التربوی)). تا شوباتی 1982 هەردوو کۆرسە نەزەریەکەم تەواو کردو پێشنیارەکانم لەژێر ناونیشانی زەخیرەی زمانەوانی لای منداڵی کوردلە هەرێمی حوکمی کوردستانی زاتی لە پۆلی یەکی سەرەتایی (الژخیرە اللغویە عند الگفل الکردی فی منگقە کوردستان للحکم الژاتی فی الصف الأول الابتدائی)پێشکەش کرد. لە کۆرسی یەکەم بە دەرەجەی (جید جدا) دەرچووم.

لە مانگی ئەیلولی/1981 خانووەکەم تەواو کرد کە لە وەزیریە دروستم کردبوو هەمووی دەوری (85) هەزار دیناری تێچوو لەم پارەیە صدام حسین (21) هەزار دیناری دابوو پێم ء خانووەکەی کەرکوکم بە (24) هەزار دینار فرۆشتبوو.خانووەکەی کەرکوك لە خانووەکانی مامۆستایان بوو لە گەڕەکی ڕەحیم ئاوا، هەروەها دوو سەیارەشم فرۆشتبوو بە (11) هەزار دینار بەم جۆرە توانیم خانوویەك لە بەغدا دروست بکەم.

لە ڕۆژی جومعەڕێکەوتی 1981/10/16 خۆم هەڵبژاردەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانی لە بەغدا لە ناوچەی پێنجەم لەو شوێنەی کە بەتاڵ بووبوو. هەڵبژاردنەکەم لەسەر داوای سەرەك کۆمار صدام حسین بوو و ئەمجارە 26321 دەنگم وەرگرت ء بوومە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی .لە کاتێکدا وەك جاری پێشوو نەچوومە کۆڕەکان و پڕوپاگەندەم بۆ خۆم نەکرد لەبەر ئەوەی تێگەیشتبووم کە کەس بە دەنگ سەرناکەوآ ، ئەگینا لە گەڕەکی( الشعلە) کآ دەنگ بە من دەدا کآ دەمناسآ ؟ جگە لەوەی بە ئارەزووی خۆم، خۆم هەڵنەبژاردبوو چاریشم نەبوو ڕەتدانەوەی ئارەزووەکانی صدام حسین یەعنی نەمان ، کەواتە( اهون الشرین) م هەڵبژارد.

هەڵبژاردنم بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی دووبارە هەنگاوێك بوو بەرەو پێشەوەو، ئەو کەسانەی هەوڵی لادانمیان دەدا لەو شوێنانەی بە خەباتی خۆم گەیشتبووم پێیان ، هەمیسان بەم سەرکەوتنەم تووشی نسکۆ

بوونەوە، بەتایبەتی ئەو کەسانەی لەژێر باڵا خۆمەوە بە خەڵکیانم ناساندبوو، کە لە بنەڕەتدا هیچ پووچ هەرچی پەرچی بوون. بەهەرحاڵ ڕۆژی 1981/10/17 ڕۆژی گەشاندنەوەی ئەستێرەمان بوو، دووبارە لە ئاسمانی سیاسەت لە عێراقدا. هەرچەندە هەندآ لە هاوڕێکانم پەشیمان بووبوونەوە لە کردەوەکانیان، بەڵام ئەمجارە من هەموو حیسابێکم بۆیان کردبوو وەك پێغەمبەر وتوویەتی (لایلدغ المؤمن من جحر مرتین.)

لە ڕۆژی یەك شەممەی ڕێکەوتی 1981/11/8 بۆ جاری یەکەم لە ئەنجومەنی نیشتمانی لە دانیشتنەکانی بەشداربووم سوێندی یاساییم خوارد.. بوونم بە ئەندامی ئەنجوومەن سەرکەوتنێکی سیاسی بوو دوای دەرکردنم لە وەزارەت لە 1977/6/22 .

لە 1981/12/3 کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان کۆبووەوە. لەم کۆبوونەوەیە هەمووشتآ ئاسایی بوو. (محمد گوڵا محمد) گواسترایەوە بۆ نوێنەرایەتی کۆمیتەی ناوەندی لە دهۆك لە شوێنی (یەحیا عبدالعزیز) دوای ئەوەی کرا بە قائممقامی قەزای دوکان. هەروەها (محمد محی الدین) کرایە جێگری ئەمینداری گشتیی لاوانء ڕۆشنبیری لە حوکمی زاتی. دەربارەی گواستنەوەکەی محمد گوڵا محمد بۆ سآ مانگ دوای ئەو ئیبراهیم سەلام بۆ سآ مانگی تر. ئەم گواستنەوەیەی محمد گوڵا بۆ دهۆك لەسەر تەکەتولی (عەبدوڵلاَ ڕۆژبەیانیء شەوقی حەمەخانء محمد محی الدین و زیاد مەجیدء ئیبراهیم سەلام) بوو بەڵآم من وامکرد بکرێتە سآ مانگء بە نۆرە لەگەڵ ئیبراهیم سەلام دا.

نامەکەی کاك عەلی عەسکەری

ڕوفاعی

16/1/976

برای پڕێز کاك ستار گاهر.

سلاوێکی برایانە..

بە هیوای خۆشیء بەختیاریتانم. هەندآ گلەییم هەیە هەق بوو تائێستا سوراێکت بکردینایە ئێمەش کوڕی چاك بووین، هەرچەندە ناشآ کابرایەکی موەزەفی بچووك نامەی وەها بۆ وەزیر بنوسآ، بەلآم بە حسیابی برایەتی پێشوو ئینجا ئەبآ ئێوەش برایەتی ئێستای بخەنە سەر. ئەمە قسەی خۆمانە بوو. بەلآم ئەوا موحاسیبەکەمان هاتە خزمەتتان زۆر حەز ئەکەم کە چاوت پآبکەوآ زۆر پیاوێکی دەست پاكء چاكء ئیش کەرە تەنها عەیبی ئەوەیە کوردە، هەرچەندە کوردیش نازانآ، جابۆیە کۆمەڵێك خەڵکی دز و خراپ کە عچوی تەحقیقی بوو لەم ماوەیەدا ئیسارەی جنسیەیان بۆ کردووە هەرچەندە هەموو شتێکی هەیە، جا هات بۆ لات زۆر تکایە وەکو برایەکی دڵسۆز لگفی لەگەڵدا بکەیء یاریدەی بدەی کتابی ڕەسمیشی پێیە. حەزیش ئەکەم زۆر احترامی بگری هەرچەندە دڵنیام کە چاوی لگفت لـآئەبآ.

پێم گوتووە بە هێزی باسی بەلەدیەشت بۆ بکات حەز ئەکەم هەتا من دێرەم نەختآ یاریدەیان بدەی زۆر ممنون ئەبم ئێستا بآسەیارەشم ئەگەر سیارەیەك لگف بکەی خراپ نیە. زۆر سوپاس..

سلآوی خۆم و مڵەوە بۆ هەموو لایەکتان..

هەر بژی

برات

عەلی عەسکەری

کاك عەلی هاتە وەزارەت بۆلام و زۆر مەمنون بوو لەو هەڵوێستانەم بەرامبەری . زۆر قسەمان کرد لەسەر بارودۆخی گەلی کورد دوای هەرەس هێنانەکەی شۆرشی کوردستان و چۆن مەلا مستەفا گوێی نەدایە کەس و شۆرشەکەی ئاشبەتاڵپێکرد . کاك عەلی عەسکەری بە دوورو درێژی باسی ئەم بارودۆخەی بۆم کرد کە چۆن خۆی و چەند کەسێکی تر لە مەلا مستەفا دەپاڕانەوە ئەو حەقی بەسەریانەوە نەبێ ، ئەوان بەردەوام دەبن لە شۆرش و گوێ بە ئێران و عێراقیش نادەن بەلاَم مەلا مستەفاپێیانی وتوە ، ئەوەی چەك فڕێ نەدا و نەچێتە ئێران یان تەسلیمی عێراق نەبێ خۆی لێیان دەدا . ئەم ڕاستییەش کاکە حوسین خانەقا دوای ئەوەی لە ئێران گەڕایەوە بۆمی گێڕایەوە دوای ڕووخانی ڕژێمی حەمە ڕەزا شا . . هەروەها کاك فواد عارفیش هەمان شتی بۆمگێڕایەوە . بەهەر حاڵ باسی وەزعی حیزبی شۆرشگێری کوردستانیشمانپێکەوە کردو ڕای کاك عەلی عەسکەری وا بو کە نەدەبوێئەوە حیزبەکە زیندوبکەنەوە ، لەبەر ئەوەی ئەوان شتێکی وایان بەدەستەوە بووپێش گەڕانەوەیان بۆ عێراق ، بەلاَم ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی ئەوەبوو نەگەڕانەوە و کارەکەش دوا خرا .. منیش پێم وت ئێمە چی بکەین ، کەس لەوێ ئەمەتان بە ئێمە نەوتبوو .. وتی ئەمەش ڕاستە .. بەهەرحاڵ من بە کاك عەلیم وت ئێستاش هیچ نەبووە دەتوانین لە کۆنگرەی ئایندە وا بکەین وەك جاران یەك بگرینەوە .. وتی با بزانین دونیا بەرەو کوێ دەڕوا .. کاك عەلی ئەوەشی وت کەوا ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر مستەفا ئێمەیان ناردەوە بۆ عێراق بەو مەبەستەی کە ئەوانیش دوای ئێمە دەگەڕێنەوە بۆ عێراق ، ئەمەش دوای کۆبوونەوەیەك لە شاری مەهاباد لە ماڵ ئێمە بەسترا ، لەو کۆبوونەوەیە( من و ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر مستەفا و دوکتۆر خالید و سعدی گچکە و عارف تەیفور و حەمە ڕەزا ... ) سێ پرۆژە موناقەشە کرا یەکەمیان بگەڕێنەوە بۆ عێراق و حیزبێك دابمەزرێنین یان لە دەرەوەی عێراق وەك نەیاری حکومەتی بەعس کار بکەین ئەگەر نا دووبارە بچینەوە شاخ و دەست بکەینەوە بە شۆرش، ئەوە بوو بڕیار لەسەر خاڵی یەکەم دراو و لەسەر داوای ئیبراهیم ئەحمەد ئێمە گەراِینەوە ( عەلی عەسکەری ، عومەر مستەفا ، دوکتۆر خالید) دوای گەڕانەوەمان بۆ بەغدا ، ئەوان پەشیمان بوونەوە وئێمەیان تووش کرد . بۆ زیاتر زانیاری وەرگرتن ڕۆژی 29\9\2007 تەلەفۆنم بۆ شالآو عەلی

عەسکەری کرد ، ئەویش وتی بڵێ کۆبوونەوەکە لە شاری مەهاباد لە ماڵ ێمە بەسترا ژمارەیەکی تریش جگە لەو ناوانە یەشداری کۆبوونەوەکە بوون ناوەکانیانم لەیاد نەماوە بەلاَم مام جەلالیان لەگڵدا نەبوو لەبەر ئەوەی لە دەرەوە بوو .

خۆ ئەگەر ئیبراهیم ئەحمەد و ئەو گروپە دوابەدوای کاك عەلی عەسکەری بگەڕانایەتەوە بۆ بە غدا ، ئەوا بەپێی بڕیارەکەیان وەك ێمەی شۆڕشگێڕی کوردستان حیزبێکیان دادەمەزراند ، ئیتر بۆ بۆ ئەوان لەبار بوو لە بەغدا حیزبێك دابمەزرێنن و ئەوان تەنها ئەو مافەیان هەبێ ، ئەگەر لایەنێکی تر بەو کارە هەڵ بستێ ئەوا ناو و ناتۆرەیان لێ دەنێن وەك ئەوەی ناویان لە ێمە نا ( حیزبی کارتۆنی! )

حەز دەکەم ئەوەش ڕوون کەمەوە ، کەوا لە وەلاَمی نامەکەی کاك عەلی عەسکەری ئەم نامەیەم بۆی نارد ::

بەغدا 1976/1/17

برای بەڕێز وخۆشەویستم کاك علی عەسکەری:

نامە شیرنەکەت گەیشتپێم .. هەرچی گلەییت کردووە ڵێم هەموویان حەقن و لە جێی خۆیانن .. جەنابت موەزەفی بچووك نیت ، تەنها ئەوە کافییە کە عەلی عەسکەریت ، من هەر بەو چاوەی جاران سەیرت دەکەم عەلی عەسکەری برا گەورە و عەلی عەسکەری جاران وێستا لای منی ستار تاهیر یەك عەلی عەسکەرین وەزیفە پایەی من بەرز ناکاتەوە ئەگەر بەو چاوە سەیری برا گەورەکانم نەکەم و هەروەها وەزیفە پایەی عەلی عەسکەری ناسراو و یەکیَ لەسەرکردەکانی گەلەکەمان نزم ناکاتەوە..

برای بەڕێزمان کاك عەلی:

من مامۆستای قوتابخانەبووم و چەند ساڵێکیش لەبەندیخانە بەند کرام وپاشان پێشمەرگەیەکی کوردستان بووم ێوەش ئامر هێزی لەشکری کوردستان بوون (هێزی خەبات) من ئەندامیکۆژنەی ناوچە بووم و جەنابتان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ، ئەم مەقاییسانە هیچییان نەگۆڕاون ، من لە هەموو ئەم زرووفانە برای بچووکتان بووم ،ێستاش هیچ نەگۆڕاوە نە بەلای منەوە نە بەلای تۆوە ، هەرچەندە (بۆ لەتیفە) کاك عەونی یوسف بە مەلا

مستەفای دەووت جەناب مەقاییس نەماوە، بەلاَم ان شا ْ الله لای من و تۆو پیاو باشان مەقاییس هەرماوە و دەمێنێ ، سبەی بروسکەت بۆ لیَ دەدەم لە بەغدا چاوماں بەیەك دەكەوێت وبە دوورو درێژی پێكەوە قسە دەكەین....

براتان

عبد

الستار تاهیر شریف

تێبینی: ناوی خچر محمد مرادە

لە سەر نامەكەی كاك عەلی عەسكەری تێكۆشینەوەكەی سەر موحاسیبەكەم داخستوو زۆریش یارمەتیمدا.هەروەها دەست بەجآ سەیارەێكییكم بۆی نارد كە بۆ هیچ سەرۆكی شارەوانیێكی قەزا سەیارەمان نەناردبوو، ئەو كاتە سەعدی عەیاش عریم پارێزگاری" الناسریە" بوو، تەلەفۆنی بۆمكرد وتی سید الوزیر سەیارەت ناردووە بۆ عەلی عەسكەری چاوێكتیش لەئێمە بآ ، منیش بۆ لەتیفەی پێم وت (لیش سعدی انت هم كنت پیشمەرگە حتی ئەدزلەك سەیارە ) كەواتە سەعدی تۆش پێشمەرگە بوویت تا سەیارەت بۆ بنێرم. سەعدی عەیاش مرۆڤێكی گاڵتە چی بوو وتی(تێش كاكە ستار انت ترسل السیارە لپێشمەرگە القدامی ؟ )پاشان زۆر سوپاسمی كردو وتی من كاك عەلی عەسكەریم زۆر خۆش دەویَ حەز دەكەی پرسیاری لیِ بكە .بەم دواییەش سەعدی بووە ئەندامی سەركردایەتی بەعس و دواجاریش لە حیزب دەركرا لەبەر ئەوەی بەرەو دینداری لایدا وەك لە شوێنێكی تری یادداشتەكەم باسم كردووە.

هەروەها ناردمە شوێنی كاك عەلی عەسكەری و هاتە وەزارەت لە سەر داوای خۆی، ناردمە دوایا لەبەر ئەوەی لە هاتوچۆكردن بۆ دەرەوەی ڕوفاعی قەدەغە كرابوو.لە شوێنیكی تری یادداشتەكەم ئەم بابەتەم بە دوورو درَیژی باسكردووە.

تێکەڵاوبوونی یەکێتی نووسەرانی عێراق و یەکێتی نووسەرانی کورد

ئەم ناوانەی خوارەوەم بۆیەکێرە نووسیوەتەوە لەبەر ئەوەی بەم دواییە هەندێ لە نووسەرو ئەدیبە کوردەکان نکۆڵییان لە جۆری دەنگ دانەکانیان دەکرد . ئەم ناوانەشم وەك خۆی لە مەحزەری کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی عێراق وەك خۆی دەرکردووە. ئەم دەنگ دانەش بۆ تێکەڵاوبوونی یەکێتی نووسەرانی کورد بوو لەگەڵ یەکێتی نووسەرانی عێراق.

11-12/ینایر/1983

ناوی ئەو ئەدیبانەی لە دەنگدانا پاڵپشتی پرۆژەی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کرد.

عیزەدین مستەفا ڕەسول،عبدالستار تاهیر شەریف ، کەمال ڕەئوف محەمەد ، محەمەدی مەلا کەریم ، عبدالخالق عەلائەدین ، محەمەد بەدری جاسم ، دوکتۆر شۆ، حوسێن ڕەشوانی ، مەغدید سۆران ، سەلام مەنمی، کەریم شارەزا ، عەزیز حەریری ، صلاح شوان ، عبداللە عەباس ، حەسیب قەرەداغی ، شوکر مستەفا، محەمەد عەلی مەدهۆش ، داری ساری ، عبدالرحمن مزوری ، ئەحمەد عەبدوڵلا ، نافع عەقراوی ، صدیق شرۆ، ئەنوەر محەمەد تاهیر، عبدالکریم شێخانی ، مەحمود زامدار ، جەلال خۆشناو ، ساجد ئاوارە ، مەدحەت بێخەو ، عیزەدین فەیزی ، د. شوکریە ڕەسول ، جەمال محەمەد ئیسماعیل ، جەمال شاربازێڕی ، محەمەد پێنجوێنی ، عومەر شێخ اللە دەشتەکی .

ناوی نەیارەکان:

محەمەد سەعید حەسەن ، ئەژی گۆران ، ڕەئووف حەسەن، زاهیر ئەحمەد سەوزە، محەمەد صالح سەعید،ئەحمەد ئابلآخی ، محەمەد نوری توَفیق، فوئاد مەجید میسری، ئەنوەر قادر محەمەد، مارف عومەر گولأ ، محەمەد کەریم هەورامی.

ناوی دەنگ نەدەران:

ئەکرەم قەرەداغی، شێرکۆ بێکەس، ڕەئووف بێگەرد ، نەژاد عەزیز سورمێ ، کەمال غەمبار، غەریب محەمەد ئەمین، یاسین بەرزنجی، محەمەد حوسێن بەرزنجی، جەزا عەلی ئەمین، ئەحمەد قادر سەعید ، کاوە ئەحمەد میرزا ، ڕەئووف ئالان ، عبدالمجید ماوەتی ، لەتیف هەڵمەت ، عبدالخالق سەرسام، موحسین ئاوارە ، مستەفا صالح کەریم ، عەلی عەبدوڵلاَ صوَفی .

لە ئەنجامدا بە زوَربەی دەنگ یەکێتی نووسەرانی کورد لەگەڵ یەکێتی نووسەرانی عێراق تێکەلآوبوەوە، ئاشکرایە حیزبی بەعس باوەڕی بە بوونی ڕێکخراوە کوردی وکوردستانییەکان نەبوو یان حیزبی تر جگە لە حزبەکەی خۆیان نەبێ ، بۆیە خۆ ئەگەر تێکەلآویش نەبووینایەتەوە ئەوا یەکێتییەکەیان هەڵ دەوەشاندەوە.

## بەشی دووەم

### زەلکاوی خوێتن " هور المالح "

لە 1972/11/2 سەرم لە زەلکاوی خوێتن دا ( هور المالح)، لەگەڵ زەلکاوی (الستیل) . زەلکاوی خوێتن پڕە لە باڵندەی کۆچەر . کە گەیشتمە زەلکاوی خوێتن چاوم بە هەزارەها باڵندەی جۆراوجۆر لەناو قامیشەلانەکانی زەلکاوەکە کەوت وەك:

)خێری ، مریشکە ڕەشە ، مراوی ، قاز ، .....هتد) ئەم زەلکاوە سالآنە قائممقامی عەفەك بە پارەیەکی کەم دەیدایە کریَ بە ڵبەێندەرەکانی بەغدا بەناوی ڕینی قامیش و زەل نەك بەناوی ڕاوکردنی باڵندە ، لەبەر ئەوەی بەپێی یاسا ڕاوکردنیان قەدەغەبوو.

ڵبەێندەرەکان سالآنە هەزارەها لەم باڵندانەیان ڕاوەکردو ڕەوانەی بەغدایان دەکرد ، پارێیکی زۆریان دەسکەوت دەبوو ،بێگومان شێتکیانیش بەجەنابی قائممقام و بەڕێوەبەری پۆلیسی عەفەك دەدا ، بۆ ئەوەی کارەکانیان بە باشی بەڕێوەبڕوا.

خۆ ئەگەر زەلکاوەکە لەلایەن حکومەتەوە ئیستغلال بکرابایە سالآنە هەزارەها دینار دەست کەوتی دەبوو یان ئەگەر ئەم زەلکاوە گەورەو پان و پۆرە حکومەت چەند خانویەکی گەشتیاری لەسەر دروست بکردبایە ئەوە شێونیکی گەشتیاری جوانی لێ دەردەچوو وەك ئەو شێونە گەشتیارییانەی لە کینیا لە ساڵی 1975 بینیم بەتایبەتی (گۆلاوی نیکۆرۆ ) کە دواجار ێدمە سەر باسکردنی.

کە گەیشتمە زەلکاوەکە چەند قاچاخ چییەکم لەسەر ئاوەکە گرت خەریکی ڕاوە باڵندە بوون ، گوایا بەناوی قامیش و زەل ڕینەوە لەویَ بوون و یەك قامیشیش نەبڕدرابوو،خەریکی ڕاوە ماسی و باڵندە بوون.

سالآنە قائممقامی عەفەك ئەم زەلکاوەی بە 100-200 دینار بەکریَ دەدایە ڵبەێندەرەکان بەلآم من ئەو ساڵە دامە 1500 دینار . زۆریشپێێم ناخۆش بوو بیدەم بە کریَ ، بەلآم وەك حکومەت جاریَ توانای ئەوەمان نەبوو لە ڕین و هێتی بیپارێزین و هیچ جۆرە پرۆژێەکیشمان بەدەستەوە نەبوو بۆ بەرهەم هێنانی .ئەم زەلکاوە لە وڵاێتکی ئەوروپی بوایا جگە لەوەی دەکرایە شوێێتکی گەشتیاری جوان و نایاب ، بە هێونەها دۆلاریش دەستکەوتی دەبوو . لە عەفەکەوە بۆ زەلکاوەکە ئەو ڕیگایەیپێێدا دەڕۆی ، لم وەك ئاو چۆن بە سەر شەقامەکاندا دەڕوا لە کاتی باران ، بەو جۆرە دەبینی لم " قوم " بەسەرڕێگاو بانەکاندا دەڕوا ، ئەگەر لە کەنارێڕیگاو بانەکان " دینگە" دانەندرێ ، دینگەی چەمەنتۆ ،لێنەم دینگەی شیش ، لەبەرئەوەی دینگەی شیش دەدزرێ ، ئەو دیتگانە وەك نیشانەیە بۆ ئەو سەیارانەی بەسەر ڕێگاکەدا تێ دەپەڕن و بزر نابن . بە ڕاستی دیمەنی " الکپبان الرملیە " کەواتە تەپۆلکە لمەکان ، جوانترین دیمەنیان هەیە ، لە بیابێتکی وشك و

برینگ چاوت بەمرێیانە دەکەوێ بە�مرێی لم نەك ئاو ، لەگەڵ دیمەنێكی تری بیابانی ئەویش تراویلکەکانە" سەراب."

لە دەورو بەری زەلکاوی خۆێن چاوت بە پانتاییەکی گەورە دەکەوێ ، پڕە لە گۆزەکوت و بۆڕی گۆزە ، ئەم گۆزەکوتانە شوێنەواری سەردەمی عەباسییەکانە ، لەو سەردەمە ئەم ناوچەیە ئاوەدان بووە و کشتوکاڵی بە زۆری تێدا کراوە ، کەواتە ناوچەیەکی کشتوکاڵی بووە ، بە بۆڕی گوٚزە ئاو دراوە ، سیستەمێکی ئاوێری باشیان هەبووە ئێستاش دوای تێپەڕبوونی سەدان ساڵ بەسەر ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عەباسی ، ئەو ئیمپراتۆریەتەی هاروونە ڕەشیدی خەلیفە بە هەورەکانی ئاسمانی دەوت " لە کوێ دەباری بباره ، هەمووی زەوی و خاکی عەباسییە " بلێی ، ئێستاش قەزای عەفەك دواکەوتووترین قەزای عێراقە ، دانیشتوانی قەزاکە هەژارو بێ دەرامەتن ، کەمترین " مقوماتی" ژیانی تێدا نییە ، زوٚربەی زۆری خاك و زەویەکانی خوێ دایپۆشیوە ، بۆتە لەوەڕگای حوشتر و جموجۆڵی قاچاخچییەکانی نێوان عێراق و سعودییە . لەو سەردەمەی لەعەفەك قایمقام بووم ،ڕێگەم لە قاچاخچیەکان ناگرت ، جگەرەی ڕۆسمەنیان لە سعودییەوە بۆ عێراق دەهێنا ،لەبەرئەوەی هیچ پرۆژەیەك لە عەفەك نەبوو و دانیشتوانی قەزاکە کاری تێدا بکەن ، یان وەك لای ئێمە لە کوردستان خەریکی کشتوکاڵ بن .

لە قەزای عەفەك تا 1972/12/4 مامەوە ، ئەوەبوو ڕۆژی دووشەممە ئینفکاکم کرد . دوای ئەوەی بۆ قەزای بەعقوبە گواسترامەوە، وەك قائممقامی مەرکەز ، ڕۆژی 1972/12/12 ڕێکەوتی سێ شەممە لە مەرکەزی بەعقوبە موباشەرەم کرد.

پێش ئەوەی بێمە سەرباسی بەعقوبە و چوونم بۆ بەعقوبە حەز دەکەم باسیان بکەم ، چەندتێبینییەکم هەیە لەسەر ژیانم لە عەفەك:

لە عەفەك دیاردەی بوونی کەروێشك لەسەر شەقامەکان و تا هاتنیان بۆ ناو چیمەنی ماڵەکانی عەفەك بەلای منی کەرکوکییەوە زۆر سەیربوو ، لە ولآتی ئێمە لەبەرئەوەی خەڵکی گۆشتی کەروێشك دەخۆن و دانیشتوانی خواروی عێراقیش لەبەرئەوەی شیعەن گۆشتی کەروێشك ناخۆن، بۆیە کەس ڕاویان ناکا تاکو بترسن و خۆیان بشارنەوە ، لە کوردستان هەروا ئاسان نییە کەروێشکیٙ بگری ، لە عەفەك هەموو ئێوارانێك شوفێری سەیارەکانی سەر ڕێی عەفەك-دیوانیە یەك دوو کەروێشکی سەرڕیراویان

بۆم دەهێنا کە لەڕێگا لەبەر زۆری دەکەوتنە بەردەم سەیارەکانیان . وبەلایت دەیانیان گرت و سەریان دەپڕی ، بۆ گاڵتە بە شێخ هێجم وت: چەند سێلك لە عەفەك بهێنمەوە کەڕێشکەکانی ئێوەش لە ترسا نزیکی عەفەك ناکەون . هەروەها قەسابەکانیش هەرچی بەران یان گۆلکیان سەربڕیبایا، گونەکانیان بۆمن دەهێنا ، چونکی ئەوان (شیعەکان) گونیش ناخۆن.

دیاردەی دووەم یان سێیەم لەناو شار زۆربەی پیاوان لەبەر بێ ئیش وکاری لە چایخانەکان خەریکی دۆمینەو تاولی بوون و ژنەکانیانیش ئیشیان دەکرد . پیاوەکان بەچاوێکی زۆر سووك سەیری ژنەکانیان دەکرد وپێیان دەڵێن (حورمە) ، ئەگەر لە ڕێ و بان توشیان ببی پشتت لێ دەکەن و دادەنیشن تاکێیان تێپەردە بی.

هەروەها شامی و کلەگ و خەیار و ئەو جۆرە ێوەهاتانە بەرهەم ناهێنن ،ئەگەر بەرهەمیشی بێنن، نابێ لە بازاڕ یان لە (عەلوە) بیفرۆشن ڕێیان عەیبە و ئەوەی بیفرۆشێ ڕێی دەڵێن (حساوی) نەکەس ژنیان دەداتێ و نەکەس ژنیان لێ دێنی . بەلآم لە سالآنی ئەم دواییە وردە وردە خەریك بوون خۆیان لەم عادەتە خەراپە قورتاربکەن.

لە شاری عەفەك وەك شارەکانی تر، کە مەرقەدو مەزاری تێدایە، یانە و شوێنی خواردنەوەی نییە . بەلآم لە عەفەك ڕێ دراوە لەیانەی فەرمانبەران خواردنەوە بخورێتەوە ، ئەمەش دوای چوونی (فەتاح شێلی) بە قائممقامی بۆ عەفەك . مەلاکەی عەفەك (ئاخوندەکە) یان ،پەت دەپسێنی و تاوانبار دەکرێ بەوەی لەگەڵ مندالێکدا گرتبوویان ، فەتاح شێلی لەگەڵیدا موساوەمە دەکاو شتەکەی بۆ دادەپۆشی بەرامبەر بەوەی ئاخوندەکە فەتوای بۆ بدا کە بە شەوان لە یانەی فەرمانبەران کە لە کەسەوە دیار نییە خواردنەوە بخورێتەوە بۆ ئەوەی کەس لەملاو ئەولا خواردنەوە نەخواتەوە ....لەو سێلەوە لە عەفەك ڕێ دراوە مەشروب لەیانە بخورێتەوە.

هەر وەك باسم کرد لە 1972/12/12 چوومە بەعقوبە ، مەرکەزی بەعقوبە سێ ناحیەی هەبوو:

)ناحیەی بەنی سەعد و کەنعان و بوهرز ) عبد المعين الياسرى بەڕێوەبەری ناحیەی بەنی سەعد بوو ، زاری خەمیس بەڕێوەبەری ناحیەی کەنعان بوو ، حەبیب شێخ جەعفەر بەڕێوەبەری ناحیەی بوهرز بوو ، ئەندامێکی پێشکەوتوی حیزبی بەعس و سەر بە موخابەراتیش بوو .

ڕۆژیپێنچ شەممە 1972/12/14 شێخ جەباری برام هاتە لام بۆ بەعقوبە ، تازە لە لوبنان گەڕابوەوە، بەیاننامەی (لفیف)ی (لفیف من کوادر الحزب البوری الکوردستانی) لە ڕۆژنامەی (الجریدە) و (نداء الوگن)ی لوبنانی بڵاوکردبوەوە ، ڕۆژنامەی (الانوار) یش شتێکی لەسەر بەیاننامەکە نوسیبوو.

ئەمە بۆ جاری یەکەم بوو دەنگمان لەڕێگای رۆژنامەکانی لوبنانەوە گەیشتە جیهان.

سەفەرەکەم بۆ بەرلین پایتەختی ئەڵمانیای دیموکراتی:

لە 1973/8/15 چوومە ئەڵمانیای دیموکراتی بۆ بەرلینی ڕۆژهەڵات ، لە فرۆکەخانەی بەغداوە بە فڕۆکەی ئینترفلوکی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات چوینە بەرلین ، لە فڕۆکەکە ناهیدە شێخ سەلام لە کورسیەکەی تەکم دانیشتبوو، لە نزیك شاری براگ پایتەختی چیکۆسلۆفاکیا فڕۆکەوانەکە داوای لێمانکرد پشتێنەکانمان ببەستین لەبەر ئەوەی خەلەلێك پەیدابووە لە فڕۆکەکە ، ناهیدە بە پەشۆکاوی پشتێنەکەی بەست و من بە عەمدی پشتێنەکەم نەبەست ، ناهیدە پێمی وت ئەوە بۆ پشتێنەکەت نابەستی ؟ منیش پێم وت مەترسە فڕۆکەکە ناکەوێتە خوارەوە ، جەنابتیش شەهید نابی ، ئەویش پێمی وت سەرت تاشن ئەوە چی لێدەی. لە بەرلینەوە لەگەڵ دوکتور خورشید ڕەواندوزی چووینە بەرلینی ڕۆژئاوا بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی خوێندکارانی کورد ، بەلآم لە کۆنگرەکە نەیانهێشت من و د. خورشید بچینە ناو هۆلی کۆنگرەکەوە ،لەهۆلی زانکۆی بەرلینی ئازاد بوو.

ئەوەبوو ئێمەش نامەیەکی کراوەمان لە بەرلین بلاوکردەوەو شەو بەسەر ئامادەبووانی کۆنگرەکە دابەشمانکرد . نامەیەکمان دایە جەوهەر شاوەیس کە ئەندامێیکی حیزبی شیوعی عێراق بوو ، بۆ ئەوەی هەوڵ بدا لە کۆنگرەکە بخوێندرێتەوە بەلآم بەداخەوەڕێی پێ نەدرابوو بخوێندرێتەوە ، بۆیە ناچاربووین ژمارەیەکی زۆری لێ چاپ بکەین لەگەڵ بەیاننامەکەی لەسەر شەهید ئەبو سەلام دەرمان کردبوو بلآومان کردەوە.

شەو چووینە ماڵی هاوڕێی کۆنم دوکتور حەسەن محمد عەلی، هاوڕێی قۆناغی قوتابخانەی سەرەتایی و ئامادەیی لە کەرکوك ، د. حەسەن بەڕێوەبەری یەکێ لە نەخۆشخانەکانی بەرلین بوو .یەکێ لە جەڕاحە باشاکانی ئەڵمانیا بوو . شەو لەماڵ دوکتۆر حەسەن مامەوە ، هەستم

ناکرد کە لە ئەڵمانیام ، هەموو شتێ لە ماڵەکەی سیمای کوردستان و کلتوری کوردیپێوە دیار بوو .

لە 8/20 گەڕامەوە بۆ بەرلینی ڕۆژهەلآت و چاوم بە" فائق سامەڕایی" لێبتێوزی ێراق کەوت و لە 9/3 گەڕامەوە بۆ بەغدا . لە مەرکەزی قەزای بەعقوبە مامەوە تا 1974/4/7،ئەوەبوو بوومە وەزیری ( الاسکان والاشغال ) .

لە سالآنی 1971-1974 لەپێنچ قەزا خزمەتم کرد وەك قائممقام لە قەزاکانی ( خچر و کەلار و چەمچەماڵ و عەفەك و بەعقوبە ) لەمڕێنچ قەزایە کەسەر بە پارێزگاکانی (المپنی و کەرکوك و دیوانیە و دیالی) بوون لەگەڵ چوار پارێزگار ئیشم کرد (عیادە صدید و شوکری حەدیسی و حەسەن سەعید و محمد مەحجوب لە ناویاندا ) بەڕاستی محمد مەحجوب مرۆڤێکی زۆر پیاو و باش بوو جگە لەوەی زۆر دۆستی کورد بوو لەگەڵ منیشدا زیاد لەپێویست باش بوو ،هەروەها ێوانمان لەگەڵ عیادە صدیدیش زۆر باش بوو ، حەسەن سەعیدیش لەگەڵمدا باش بوو هەرچەندە ئەوەندەپێکەوە ئیشمان نەکردو بۆ کلار نەقڵکرام . بەلآم شوکری حەدیسی لەبەر خەراپی دەبینن بەشێکی زۆری لاپەڕەکانی ئەم یادداشتەمی داگیرکردووە.

لە 4/17/ 1973 بە وەفدێك کە بریتی بوو لە چەند قایممقامێك و جێگری پارێزگار ، چووینە بەرلینی ڕۆژهەلآت بە فرۆکەی ئینترفلۆك لە فڕۆکەخانەی بەغداوە چووین بۆ بەرلین ، بۆ بەیانی 4/18 گەیشتینە فڕۆکەخانەی بەرلین ، لڕێگا 45 دەقیقە لە فڕۆکەخانەی دیمەشق ڕاوەستاین.

لە فرۆکەخانەی بەرلین پرێوەبەری پەیمانگای ڤایمەر و چەند کەسێکی تریێپرسراو هاتنە پیریمانەوە وێمەیان بردە شاری بەرلین و جەولێیکیان لە ناو شاری بەرلینپێکردین ، دوای ئەوەی لە فڕۆکەخانە نانمان خوارد.

لە بەرلین بردمانیانە سەر بورجی تەلەفزیۆنی بەرلین کە بەرزترین بورجە لە ئەورپا، لەسەر بورجەکە چایخانێیکی بزێن (متحرك)هەیە کە بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە ،لەسەر بورجەکەوە هەموو شاری بەرلین دیاربوو ، لەوێ (بورجێکی کریستاڵم کڕی و لەگەڵ خۆمدا هێنامەوە بۆ یادگاری ، تا ساڵی 1995 بورجەکەم لا مابووەوە و لەسەر تەلەفزیۆنەکەی ژووری کتێبخانەکەم دامنابوو ، ئەوەبوو لە ساڵی 1995 لە بەغدا هەلآتم و بۆرجەکەش یەکێ بوو لەو شتومەکانەی لەناوچوون.

بۆ نیوەرۆ لەچێشتخانەی (مۆسکۆ) نانمان خواردوو پاشان بەرەو شاری ڤایمەر کەوتینە ڕێ که (290) کم لە بەرلینەوە دوورە و کەوتۆتە بەشی خوارووی ئەڵمانیاو ناوچەیەکی شاخاوییە.

سەعات 6ی ئێوارە گەیشتینە شاری ڤایمەر و لەوێ سەرۆکی شارەوانی و ئێهاتەکان، مستەر ڤالتر کریسا لەگەڵ بەڕێوەبەری پەیمانگای ڤایمەر پێشوازی وەفدەکەیان کرد وپێکەوە ژێنەمان گرت. هەروەها مستەر ڤالتر که ئێنەری ئەنجومەنی گەل بۆ کاروباری دەرەوە لەگەڵ فەرمانبەران و ئێپرسراوانی پەرلەمانی شارەکان و ئێهاتەکانی ئەلمانیایە ، شەوپێکەوە نانمان خوارد.

لە ڕۆژی 19 /4 بۆ بەیانی سەعات 7 لە پەیمانگای ڤایمەر دەوامما کردو بەیانیان لە سەعات 9-12 و پاشانئێواران لە سەعات 2-5 دەوامما دەکردو هەر لەچێشتخانەی پەیمانگاکە قاوەڵتی و نیوەڕۆژەو شاممان دەکرد .

لە 1973/4/21 چووینە گرتووخانەی نازییەکان کە لە سالآنی 1937 وەتا 1945،نازییەکان ژمارەیەکی زۆری نیشتمان پەروەرانی ئەڵمانیان ئێیدا بەندکردبوو ، لەم ماوەیەدا (25000) بیست وپێنچ هەزار کەسیانئێیدا بەند کردبوو . لەم بیست وپێنچ هەزارە بیست و یەك هەزاریان کوژرابوون . (بەڕاستی سەرم سورما لەم کارەساتەی هیتلەر کە بەسەر جیهانی ئێنابوو، قەد بەخەیالمدا نەدەهات شتی وا ڕووی دابێ یان ڕوودا، نەم زانی ڕۆژێ دێ بەسەر ئێمەی کورد نەك بیست وپێنچ هەزار بەڵکو (182000) سەدو هەشتاو دوو هەزار کەسمان سڕنگووم بکوژێن و بەزیندوێتی زیندە چاڵ بکوژێن لە سالآنی 1987-1988 و تائێستاش هەواڵی زۆربەی زۆری شوێنەکانیان – گوڕە بەکۆمەڵەکان – نازاندرێ لە کوێیە ، دوای پرۆسەی ئازادی ئێراق و ڕووخانی ڕژێمی صدام حوسێن ژمارەیەك لەو گۆڕە بەکۆمەلانە لە خوارووی ئێراق دۆزرانەوە.

لە گرتووخانەکە سەرمان لە تەنوری (فڕن) بنیادەم سوتاندنەکەدا، لەگەڵ ژووری دوکتۆری گرتووخانەکە کە نەخۆشەکانی ئێدا، بە دەرزی ژەهر دەکوژران ، یان ڕادەگیران هەر یەکە بە گوێرەی بالآی پێوانە دەکرا و لەپشتەوە گو ئێیك دەنرا بە سەریەوە.

ئەمە یەکێ لە شوێنەوارەکانی چوێتی کوشتن و ئەشکەنجەدانی هیتلەر بوو دژی گەلانی جیهان و ناحەزانی.

پاشان لەناو شار جەولەمان کرد و چاومان بە پەیکەری (شیلەر و گۆتە) کەوت لەگەڵ پەیکەری (ئەرنست) سەرکردەی کرێکاران کە لە گرتووخانەی "بوخنت ڤاڵد" لەسێدارەدرابوو.

شەو دوکتۆر خورشید ڕەواندوزی هات بۆ لام وپێکەوە چووینە ئۆتێلی (ئێلەفانت) لەگەڵ شێخ محمد ئەمین . بۆ بەیانی جەماعەتەکەمان سەفەریان کرد بۆ شاری" هالە "بەلآم من لەگەڵ خورشید ڕەواندوزی چووینە لایبزك و شەو لەوێ لەماڵی خورشید مامەوە.

لە 4/24 چووینە شاری (ئێرفۆرت) کە نیو سەعات لە (ڤایمەرەوە) دوورە و مەرکەزی پارێزگایە.

لە 4/29 چووینە شاری (ئێیناسایز) کە مەشهورە بە (عەدەسە)ی کامێرا و لەوێوە چووینە گومبەتی (قبە) فەلەکی کە ئەستێرە ومانگ بە جوانی نیشاندەدا . هەروەها سەرمان لە ماڵی (گۆتیە) دا.

لە 1973/5/1 بەشداری ڕێپێوانی یەکی ئایار بووین لە ڤایمەر.

لە 1973/5/6 سەرمان لە شاری (ئایزناخ) داو چووینە سەیری قەلآی (ڤارت بورگ) کە لە ساڵی 1067 ز. دروست کراوە . تەرزی بیناکەی بیزەنتینیە . قەلآکە بریتییە لە چەند هۆڵێك لەو هۆلآنە هۆڵی سوارە بوون(الفرسان) ، لەم هۆڵە چاوت بە (دروع) قەڵخان دەکەوێ ، قەلآکە (412) مەتر لە ئاستی دەریا بەرزترە .هۆڵی نان خواردنی تێدایە و هۆڵەکە صۆپەی تێدایەوپانایی دیوارەکەی (1.80) مەتر و هەشتا سەنتیمەترە، بانەکەشی بەدار دیکۆر کراوە و خاڵییەکی(فرش) تێدایە کە تەمەنی بۆ ساڵی 1590 دەگەڕێتەوە،کەواتە تەمەنی 383 ساڵ بوو ،ئەگەر ئێستا مابێ ئەوە تەمەنی لە چوار سەد ساڵ زیاترە . هەروەها هۆڵی ئافرەتان هی سەدەی ناوەڕاست و نەخشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1902 ، لەساڵی 1902 دەستی پێ کراوە لە ساڵی 1907 تەواو کراوە ، ، ئەم نەخش و نیگارانە بە موناسەبەتی مردنی یەکێ لە (ئەمیراتەکانەوە) شاژنەکانەوە کراوە ، نەخشەکان بە پارچە شووشەی ڕەنگاو ڕەنگ و زیوو پلاتین نگشراون . وێنەکانی ژیانی شاژنێکیشی تێدا بوو بە ناوی (ئیلیزابیت) ، مێژووی ژیانی پەیوەندی بە مێژووی قەلآکەوە هەبوو ئەم شاژنە ڕۆڵێکی مرۆڤایەتی لە یارمەتی دانی نەخۆشان هەبووە.

لە یەکێ لە هۆڵەکان پارچەیەك ئاسێری مۆسیقای تێدا بوو مێژووەکەی دەگەڕایەوە بۆ ساڵی 1320 ز . هەروەها وێنەی حەزرەتی (عیسا) و دوانزدە قوتابیەکانی (الحواریون) بەقەد بیناکەوەیە تا ئێستاش ڕەنگەکانی تێك نەچوونە ، کە لە سەدەی ناوەڕاستدا لەگەڵ سەکۆ (محراب) وکورسی یەکانی دروست کراون ، بەلآم سەکۆکە و کورسیەکان تەعمیر کرابوونەوە.

هەرچەندە دوای زیندووکردنەوەی پارتی شۆرشگێری کوردستان تووشی تەنگ و چەڵەمەو هەرەشەکێدان بووین و پارتی بە حوکمی ئەوەی لەناو شارەکاندا بە ئاشکرا چەکداریان هەبوو، لەبەر ئەوەی هاوپەیمانی حیزبی بەعس بوون وێنچ وەزیرو ژمارەیەك پارێزگارو قائممقام و بەڕێوەبەری ناحیەو مووچەخۆری گەورەیان لە کوردستان و لە بەغدای پایتەخت هەبوو،هەروەها زیاتر لە حەفتا هەزار پێشمەرگەی چەکداریانیش لە شارەکانی کوردستان و دێهاتەکانی هەبوو ، ئەوەبوو یەکەم دەست وەشاندنیان کوشتنی محمد حسن برزۆ (ابو سلام) بوو لەناو جەرگەی بەغدا لە 1973/7/22 . هەرچەندە من باوەڕم وابووخودی مەلا مستەفا ئاگاداری ئەم کردەوە چەپەڵەی سامی عبدالرحمانی وەزیری کاروباری ئێراق نەبوو ،کە لەلایەن سامی عبدالرحمان ،لەبەرئەوەی خودی خۆی دەستی لە تیرۆرکردنی ئەبو سەلام هەبوو ، وەك وەزیرێك لە بەغدا دەستی دەڕۆیشت و ئەم دەست ڕۆیشتنەشی بۆ تیرۆرکردنی ئەبو سەلام بەکارهێنا . بەلآم جارێ نەگەیشتینە ئەو قەناعەتەی ئێمە دەس لە ئەندامەکانی ئەوان بوەشێنین لەگەڵ ئەوەی ئەو توانایەمان هەبوو ، بەلآم باوەڕمان بەوە نەبوو بچینە ناو کاری برا کوژییەوە ، ئەو کارەی کە سامی ئاگر خۆشکەرەوەی بوو لە هەموو ژیانیدا دوای ئەوەی لە ساڵی 1963 وە لە بەغدا هەلآت و هاتە ناو ڕیزی شۆڕشی کوردستانەوە ،سامی یەکێ بوو لە ئەندامانی حیزبی شیوعی ئێراق.

لە 9ی ئەیلولی 1973 بەیاننامەیەکمان بە بۆنەی تێپەربوونی 15 ساڵ بەسەر شۆڕشی کوردستاندا دەرکرد.

کۆنگرە ، (11) یانزە ئەندامی بۆ ئەندامێتی لێژنەی مەرکەزی هەڵبژارد بەم جۆرەی لای خوارەوە:

)عبد الستار تاهیر شریف ، عبد الجبار تاهیر شریف ، شەوقی حەمەخان ، زوَراب دارا خان ، فازڵ عەلی حسین ، سەعید قادر جاف ، عەبدوڵلاَ

حەمید ڕۆژبەیانی ، مەجید ڕەشید جەباری ، عەبدوڵلاّ هەمزە ، محمد گوڵ محمد ، خورشید ڕەواندوزی.(

لێژنەی مەرکەزیش لەیەکەم کۆبوونەوەیدا بەندەی بە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد . ئەم ناوانەی خوارەوەش هەڵبژێردران بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی:

جومعە خەیات(ئەبو سەلام) ، مەردان حەسەن، عوسمان موراد ، مەلا بەکر مستەفا ، مەحمود ڕەشید قەرەداغی).هەروەها لە کۆنگرەکە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ پەسند کرا.

لە 1973/12/13 لە کەرکوك ئامادەبووم وسەرپەرشتی هەڵبژاردنی لێژنەی ناوچەی کەرکوك وشوانم کرد ، ئەم ناوانەی لای خوارەوە بە ئەندامی لێژنەی ناوچەی کەرکوك هەڵبژێردران:

)جەمیل مەلا وەیسی ، جەلیل تاهیر ، ئەحمەد ڕەمەزان ، فازڵ حەمەخان ، عوسمان موراد ، عادل ڕەووف ، شەوکت حەمە صوفی) شەوقی حەمە خانیش نوێنەری کۆمیتەی ناوەندی بوو لە کەرکوك . ئەندامانی لێژنەی ناوچەی شوان بەم جۆرەی لای خوارەوە هەڵبژێردران:

)مەلا بکر مستەفا ، حەسەن تاهیر ، مەلا خدر عیزە دین ، مەلا محمد ئەحمەد ، وریا شوانی" یابە.("

لە 12/21 چوومە خانەقین دوایی چوومە موصل ، ڕۆژانە لە جم وجوڵدا بووم بەمەبەستی چەسپاندنی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان، سەرەڕای ئەو بارودۆخە نالەبارەی هەبوو . ئەوەی ڕاستی بێت بلاّوکردنەوەی برووسکەی کۆنگرەی هەشت لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن کە بۆ قیادەی قەومی نێردرابوو ، چەند جار ب�وکرایەوە و دەوری کی سەرەکی لە ناساندنی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان هەبوو، دووبارە بە جەماوەری کوردستان و گشت عێراق دوای زیندووکردنەوەی ناسێندرایەوە . پارتی لە بەغدا زۆر شڵەژان و دارا توّفیق چەند جار هەوڵیدابوو بلآوکردنەوەی برووسکەکە ڕابگرن و ڕۆژنامەی (الپورە)ش بە درۆی بخاتەوە ، بەلآم بیّ سوود بوو ، پاشان ڕۆژنامەی (الپورە) لە لاپەڕەی یەکەمیدا برووسکەکەی بلآوکردەوە.

هەرچەندە لە کۆنگرەی هەشت پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانمان زیندووکردەوە ، بەلآم بەهۆی کشانەوەی مەلا عەبدوڵلاّ و شێخ لەتیف و

عەبدوڵلا کانی مارانی و بابەکر مەحمود پشدەری وێش ئەوانیش عبد الرحمن زەبیحی ، پارتی شۆرشگێڕ بە لاوازی لە دایك بووەوە.

ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیش زۆربەی زۆریان ئاستی سیاسی و ڕۆشنبیریان نزم بوو لە ئاستی لێژنەی مەرکەزی نەبوون . جگە لەوەی وردە وردە حیزبی بەعس پەیوەندی پێیانەوە دەکرد و بوونە پیاوی ئەمن و کۆبوونەوە نەبوو بە دزییەوە ڕاپۆرتم لەسەر نەنووسن بۆ شوعبەی سێی ئەمنی عامە.

پارتی شۆرشگێڕ لەبەرنەبوونی ڕۆژنامەی تایبەتی بە حیزب ، ڕۆژنامەی (شۆرشگێڕ) مان وەك ڕۆژنامەیەکی ناوخۆیی دەردەچواند . دوای داخستنی ڕۆژنامەی ( التآخی)زمان حاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان ، غانم عبدالجلیل بەڕێوەبەری مەکتەبی صدام حوسین و ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعس ، تەلەفۆنی بۆمکرد کەوا صدام حوسین بڕیاری داوە من – عبدالستار تاهیر شەریف- بکرێمە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (التآخی)، منیش وەلآمم دایەوە وپێم وت : من ناتوانم ببمە سەرنووسەری ئەم ڕۆژنامەیە بە هەمان ناوی (التآخی)، لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەی پارتییە و ئەم هەنگاوەش هەنگاوێکی ڕاست نییە ، وا باشترە بە ناوێکی ترەوە ڕۆژنامەکە دەربچێنم وەك ( النور) ، ئەوەبوو غانم ڕازی نەبوو ناوەکە بگۆڕن ، دوای من غانم تەلەفۆنی بۆ عەزیز عەقراوی ئەکا و ڕی سەد هەزار دیناری ئەدەنێ و ئەیکەنە سەر نووسەری ڕۆژنامەی (التآخی). دەربارەی سەد هەزار دینارەکە "مەحەمەدەمین شەمبێ" پێمی وت ، حەمەدەمین پاشان بووە ئەمین داری گشتی ڕۆشنبیری حوکمی زاتی. رۆژنامەی التآخی  زۆر دەوامی نەکردو گۆڕدرا بە ڕۆژنامەی ( العراق ) لەسەر داوای من بە هۆی ناکۆکییەك لە نێوان من و عەزیز عەقراوی ، لە شوێنێکی تری یادداشتەکەم باسمکردووە. .

عەبدوڵلا ڕۆژبەیانی و فایق جەمیل کران  بە ئەندامی دەستەی ئیمتیازی ڕۆژنامەی العراق  لە جیاتی پارتی شۆرشگێڕ ، دوای دەرکردنی فائق جەمیل لە ڕیزی پارتیمان ،عەبدوڵلا ڕۆژبەیانی بەتەنیا مایەوە . پاشان حیزبی بەعس عەبدوڵلا ڕۆژبەیانیشی لاداو مەجید جەباری لە جیاتی داندرا  بە بێ ڕەزامەندی پارتیمان. هەرچەندە ڕۆژنامەی العراق گوایا ڕۆژنامەی پارتی و شۆرشگێڕ و بەعس بوو ، بەلآم لە واقیعدا ڕۆژنامەی شوعبەی سێی  ئەمنی عامە بوو .

عەبدوڵلای ڕۆژبەیانی کرایە ێنەری پارتیمان لە سکرتاریەتی بەرەی نیشتمانی ومنیش ئەندامی لێژنەی بالای بەرە.

لە 24 – 27 / کانونی یەکەمی ساڵی 1975 کۆنگرەی نۆیەمان بەست . نامەوێ لێرە دا باسی کۆنگرەکانی پارتی شۆڕشگێڕ بکەم لەبەر ئەوەی بە دووروودرێژی لە کتێبی (تاريخ الحزب الپوری الكوردستانی) باسیانم کردووە.

چۆن بووم بە وەزیر

لە 1974/4/6 لەشاری موصل لە بارەگای پارتیمان پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان ، کۆبوونەوەیەکیان بۆم سازدابوو ، موحازەرەم دەدا ، لەوکاتەدا سەعدی عەیاش عریم پارێزگاری موصل بوو ئاگاداری کردمەوە کەوا لەکۆشکی کۆماری داوام دەکەن پێویستە بەپەلە بۆ بەغدا بگەڕێمەوە، سەیارەکەی خۆی پێمدا، ئەوەبوو یەکسەر بۆ بەغدا گەڕامەوەو چوومە بینایەی ئەنجومەنی نیشتیمانی ، لەوێ چاوم بە (صدام حسین) کەوت ، لەلای ئەو ئاگادار کرامەوە کەوا بڕیاردراوە بکرێمە وەزیر ، پێش ئەوەی بگەمە لای صدام کەس لەم ڕووەوە قسەی لە گەڵدا دەربارەی ئەم مەوزوعە بۆ نەکردبووم . لەکاتی دانیشتنماندا بە نائیبم وت دەبێ یەکێکی تر لە ئەندامانی حیزبەکەمان تەرشیح بکەم بۆ وەزیریی لە جیاتی خۆم ، وتی نەخێر ئەگەر تۆ نەبی کەسی تر لە شۆڕشگێڕ ناکرێ بە وەزیر .. منیش قەبوڵمکرد ، لە هەمان کاتدا مەلا عبداللە ئیسماعیلیش بە نائیبی وت من حەز دەکەم یەکێکی تر لە حیزبەکەمان ترشیح بکەم ئەوە بوو نائیب هەمان وەلامی دایەوە، ئەم دوو تێبینیەم بۆیە لێرە تۆمار کرد بۆ ئەوەی بزاندرێ کە من و مەلا عبداللە ئیسماعیل عاشقی ئەوە نەبووین کە ببین بە وەزیر .

لە 7ی نیسانی ساڵی 1974 بۆ یەکەم جار بوومە وەزیری ئەشغال وئیسکان بەپێی مەرسومی کۆماریی ژمارە ( 149 ) و عەزیز رەشید عەقراوی بە وەزیری دەوڵەت و هاشم حەسەن عەقراوی بە وەزیری (شارەوانی) وعبید الله مستەفا بارزانی بە وەزیری دەوڵەت و عبداللە ئیسماعیل ئەحمەد" ناسراو بە مەلا ماتۆر" بە وەزیری دەوڵەت.

هەروەها بەهەمان مەرسومی کۆماریی ئیحسان شێرزاد وەزیری شارەوانی و محەمەد مەحمود عبدالرحمن (سامی) وەزیری کاروباری باکور ونوری

صدیق شاوەیس وصالح عبداللە یوسفی و محسن دزەیی وەزیری ئەشغال و ئیسکان ئیعفا کران.

پێش ئەوەی مەرسومەکە دەربچێ (عبداللە حەمە علی) ناسراو بە (عبداللە سورە ) مان لەگەڵ دا بوو، بریکاری وەزیری ناوخۆ بوو ، بڕیار وابوو ئەو بکرێتە وەزیری ئیشغال نەك بەندە، من داندرابووم بە وەزیری دەوڵەت ، بەلاَم عبداللە حەمە علی بە بیانوی ئەوەی نەخۆشی فەقەراتی هەیە داوای لە صدام حسین کرد کە لێی ببورێ وناتوانێ کاروباری وەزارەت بەڕێوەبەرێ . ئەوەبوو صدام موافەقەتی کرد.

ئەو کاتەی ئێمە لای صدام حسین بووین، شێخ جەباری برام چاوی بە عبیداللە بارزانی دەکەوێ وپێی دەڵێ ئەوە جەنابت بانگ نەکراوی ، ئەویش بێ خەبەر بوو لە مەسەلەکە پێی دەلێ بانگی چی ؟ شێخ جەبارپێی دەڵێ : شێخ ستار و عەزیز و هاشم ومەلا عبداللە و عبداللە حەمە علی لای صدام حوسێنن و ئیمشەو دەبنە وەزیر . عبیداللە بارزانیش یەکسەر تەلەفۆن بۆ نەعیم حداد دەکا ، نەعیم حداد ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعس بوو ، بە نەعیم حداد دەڵێ ئەگەر منیش نەکەن بە وەزیر ، ئەوە ڕەوانەی جەزائیرم بکەنەوە ، عبیداللە ماوەیەك لە جەزائیر بوو پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ بەغدا ، نەعیم حدادیش تەلەفۆن بۆ صدام دەکا ومەوزوعەکەی عبیداللە ی بۆ شەرح دەکا ، لەوکاتەی نەعیم تەلەفۆنەکە بۆ صدام دەکا مەوزوعی عبداللە حمە علی ونەخۆشیەکەی لە ئارادابوو ، وەك باسمانکرد، ئەوەبوو صدام بە نەعیم دەڵێ هەرزوو ئەم شەو عبید اللە بێترە وشاغیرمان هەیە ، دوای ئەم تەلەفۆنە صدام بەمنی وت جەنابت دەبی بە وەزیری ئیشغال وئیسکان لەبەر ئەوەی عبداللە مان دانا بوو بۆ ئیشغال ودوای ئەوەی ئەو خۆی کشاندەوە تۆ لەهەمویان زیاتر دەس ئەدەی بۆ ئەم وەزارەتە و عبیداللە دەکەین بە وەزیری دەوڵەت.

بەڵێ کردنی یەکێ بە وەزیر و پاشانیش دەرکردنی لەوەزیری تەسڕوفێکی فەردی بوو لە سەرکردایەتی حیزبی بەعس و ئارەزووی کەسێتی دەوری سەرەکی هەبوو لە چۆنێتی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت .

ئەو ڕۆژەی مەرسومەکەمان دەرچوو ، ئێمە لای صدام حوسین بوین ، بە ئێمەی وت : ئەوەی بۆ مەلا مستەفامان کردووە یان لێبێنمان دابووپێی، بۆ ئێوەی ئەنجام ئەدەین، بەڵکو زیاتریش .. عەزیز عەقراوی (هەڵەشە

هەڵسایە سەرپێ و دەستی نایە بان شان صدام وێی وت : (انت اكبر بگل فی التاريخ) .كەواتە تۆ گەورەترين پڵەوانی لە مێژوودا.

دوای ئەوەی صدام حوسێنمان بينی چوينە لای سەرەك كۆمار ئەحمەد حەسەن بەكر سێندمام خوارد و مەرسومی كۆمارييەكەمان دەرچوو وەك ئەمەی لای خوارەوە:

استنادا الی احكام الفقره (د) من الماده الپامنه والخمسين من الدستور المؤقت رسمنا بما هو آت:

اولا : يعفی كل من:

1- احسان محمد شيرزاد من منصب وزير البلديات

2- محمد محمود عبدالرحمن من منصب وزير شؤون الشمال

3- نوری صديق شاويس من منصب وزير الدوله

4- صالح عبدالله اليوسفی من منصب وزير الدوله

5- محسن دزه يی من منصب وزير الأشغال والأسكان

پانيا :يعين كل من:

1- عزيز رشيد عقراوی وزيرا للدوله

2- هاشم حسن عقراوی وزيرا للدوله

3- عبيدالله مصگفی البارزانی وزيرا للدوله

4- عبدالستار گاهر شريف وزيرا للأشغال والأسكان

5- عبدالله اسماعيل احمد وزيرا للدوله

كتب ببغداد فی اليوم الخامس عشر من شهر ربيع الأول لسنه 1394 هجريه المصادف لليوم السابع من شهر نيسان لسنه 1974 ميلاديه.

احمد حسن البكر

رئيس الجمهوريه

من لە سەرەتادا داندرابووم بە وەزیری دەوڵەت ، بەلآم دواى ئەوەی عەبدوڵلا محمد عەلى كشايەوە كە بڕیاربوو ئەو ببێتە وەزیری ( ئیشغال و ئیسكان) ،بە صدام حوسەینم وت ئێستا وەك سكرتێری حیزبێك ئیشم زۆرە و وەزارەتى جانتادارم( حقيبه) بدەنێ ، زۆر زەحمەتە بتوانم بەڕێوەی بەرم. وتى دەتوانى چونكى ئەوانى تر هیچیان هى ئەوە نیین. ئەوەبوو بوومە وەزیری ئیسكان.

ماوەیەكى كورت وەك وەزیری ئیشغال مامەوە ، ئەو ماوە كورتەی وەزیری ئیشغال بووم سەلماندم كەوا وەزیری پلە دوو نەبووم و بەوپەری توانامەوە خزمەتى وەزارەتەكە وعێراق و كورد و كوردستانم كرد ، تا 1974/11/4 ئەوەبوو گواسترامەوە بۆ وەزارەتى شارەوانیی لەسەر ئارەزووی سەرەك كۆمار ئەحمەد حەسەن بەكر دواى ئەوەی هاشم حەسن عەقراوی كرا بە سەرۆكى ئەنجومەنی ڕاپەراندنی حوكمی زاتی كوردستان.

بەڵێ لە 8ی نیسانی ساڵى 1974 لە وەزارەتى ئیشغال و ئیسكان دەوامم كرد پێش من موحسین دزەیی وەزیری ئیشغال بوو پێش ئەویش (نوری صدیق شاویش)، ئەوەی ڕاست بێ نە موحسین دزەیی ونە نوری شاویس دەوریێكی وایان نەبوو تا ئەگا  بە دامەزراندنی كرێكارو مووچەخۆری كورد لە وەزارەتەكەیان، سەرەڕای ئەوەی ئەوان دوو وەزیری پارتى دیموكراتى كوردستان بوون و بارزانیشیان لە پشت بوو .بەلاَم  من بۆ یەكەم جار ڕۆڵى خۆم بینى وەك وەزیر و داواى دوكتۆر (ناجح الراوی)م كرد و كرا  بە بریكاری وەزیر لەبەر ئەوەی ئەندازیێكى سەركەوتوبوو هەروەها مامۆستاى زانكۆی  بەغدا بوو، وەك بریكاری وەزیر ڕۆڵى سەرەكى هەبوو لە هەڵبژاردنی  نەخشەی هەردوو ساختمانەكانى ئەنجومەنی ڕاپەراندن و یاسادانانى كوردستان ، لەو ماوە كورتەی وەزیری ئیسكان بووم  ژمارەیەكى زۆری كوردم دامەزراند  لە وەزارەت و ژمارەیەكى كوردی دەركراوم گێڕایەوە بۆ سەر وەزیفەكانیان.

لەسەرەتادا هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی بەعس هەوڵیاندا دەست لە ئیش و کاری وەزارەت وەردەن ، یەکێ لەوانە غانم عبد الجلیل بوو ، ئەوەبوو جارێکیان تەلەفۆنی بۆمکردو وتی ئەوە جەنابت چۆن بە کەیفی خۆت کرێکاران لە وەزارەت دادەمەزرێنی بەبێ ئەوەی گوێ بدەیتە یاسای کار (قانون العمل) یان بێ پرس ورای سەندیکای کرێکاران و لەم جۆرە هەڵەوەڕیانە، منیش بە توندی وەلامم دایەوە ورێم وت : جەنابت بە چ سیفەتێك تەلەفۆنم بۆ دەکەی ، سەرەك کۆماری یان چی ؟ من بە کەیفی خۆم ئیش دەکەم و تەنها سەرۆکی کۆمار ئەحمەد حەسەن بکر ئەو مافەی هەیە ئەوامر بدا نەك جەنابت و تەلەفۆنەکەم بە سەریا داخست ویەکسەر تەلەفۆنم کرد بۆ سەرەك کۆمار وداوامکرد چاوم پێی بکەوێ ، ئەوەبوو لەسەر وەرەقەیەك ئیستقالەم نووسی وچومە لای سەرەك کۆمار ومەسەلەکەم بۆی روون کردەوە و وتم من نازانم چەند سەرەك کۆمارمان هەیە ... ئەگەر وانییە ئەی چۆن غانم بە تەلەفۆن پێم دەڵێ (استاژ عبد الستار اشوف تعینون العمال فی الوزاره ودوائرها دون الرجوع الی قوانین العمل او مجلس قیاده الپوره ) بەسەرەك کۆمارم وت منیش بەم جۆرە وەلامم دایەوە:

لەوەلامدا پێموت :( کاك غانم نازانم بە چ سیفەتێك تەلەفۆنم بۆ ئەکەی ، من وەزیرم ، کرێکار دادەمەزرێنم بە بێ ئەوەی پرس بە کەس بکەم ، من رێگە دراوەم پێم ، وا دیارە ئێوە بڕیارەکانی ئەنجومەنی شۆرش ناخوێننەوە ، ئەوە بزانە کە سەرۆکی دەوڵەت هەیە ، ئەو ئەتوانێ موحاسەبەم بکا یان پرسیارم لێ بکا ، ئەوە بزانە کە من رێگەت نادەمێ دەس هێژ بکەی بۆ ناو کاروباری ئەم وەزارەتە ، جاری تریش رێگەت نادەمێ بەم شێوەیە تەلەفۆنم بۆ بکەی و سوپاس).

دوای گێڕانەوەی مەوزوعەکە ، سەرەك کۆمار زۆر تورەبوو ، یەکسەر تەلەفۆنی بۆ صدام حسین کردو داوای لێ کرد تەمێی غانم عبد الجلیل بکاو پەیوەندیشی لەگەڵ حیزبە کوردیەکاندا نەمێنێ . کەواتە (پارتی شۆرشگێری کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان – جەماعەتی عەزیز – هاشم عەقراوی وبزوتنەوەی پێشکەوتنخواز جەماعەتی مەلا عبداللە اسماعیل) هەروەها پێمی وت ئەوا زانیت کێ سەرەك کۆمارە ، ئێمە رێ بەکەس نادەین خۆی بەسەرتانا فەرزبکات . منیش سەیرم کرد هەڵوێستی سەرەك کۆمار بەو جۆرە هەموارە ، یەکسەر ئیستیقالەکەم گشایەوەو دڕاندم..

دوای ئەم ڕووداوە غانم عبد الجلیل پەیوەندی لەگەڵ حیزبە کوردییەکاندا نەما، کەواتە وەك لێپرسراوی (تنسیق) دوای ئەو تەها یاسین ڕەمەزان جەزراوی کرایەلێپرسراوی تەنسیق و هەڵوێستی لەگەڵ مندا زۆر باش بوو ، بەلاَم مەلا عبداللە ی خۆش ناویست هەروەها عەزیز عەقراویش.

وەك وەزیری ئیشغال وئیسکان لە 1974/7/8 وە تا 1974/11/4 گەشتێکی زۆرمکرد بۆ پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك بەتایبەتی کە سەرۆکی بالاَی ئاوەدانکردنەوەی باکور بووم ، ئـ ەمرلێژنەیەش دوای بەیانی 11ی ئازاری ساڵی 1970 دامەزرابووـ ،لێژنەکە دەسەلاَتێکی زۆری هەبوو لە بواری خەرجکردندا بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستانیش من لە کاتی سامی عبدالرحمن کە وەزیر بوو ، ئەمرلێژنەیە لە جیاتی ئەوەی بوودجەی لێژنەکە لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان خەرج بکا ئەندام و مووچەخۆرەکانی هەر خەریکی گەندەڵی و گیرفان پڕکردن بوون ، بۆ نموونە ئەو خۆراکانەی بۆ لێژنەکە دەهات لە جیاتی ئەوەی بەسەر ئاوەرەکانی کوردستان دابەش بکرێ ، بە لێشاو لە بازاری شۆریجەی بەغدا دەفرۆشران، یان ئەو خانوبەرانەی لە ێهاتەکانی کوردستان دروست دەکران لەژێر ناوی ( اعمار الشمال) کەواتە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، هەموو دانیشتوانی ئەو ێهاتانەی لە ێیەکانیان ئەو خانوانە لە لایەن لێبەندرەکانەوە دروست دەکران ، ئەو لێبەندەرانە پارەیەکی زۆریان بە کاربەدەستانی لێژنەکە دەدا ، زۆر بێ ویژدان بوون ، خانوەکان زۆریان جارێ لەلایەن حکومەتەوە وەرنەگیرابوون، دەڕووخان و دەبوونە کەلاوە . ئەمە ڕاستێیەکە وەك تیشکی هەتاو بەێژنگ گل ناشێتەوە ، من لێرەدا کە باسی ئەم گەندەڵییانە دەکەم مەبەستم تاوانبارکردنی وەزیرەکە نییە، بەڵکو سامی عبدالرحمن زۆر دەس پاك بوو جگە لە دەس پاکی تەنها وەزیێك بوو لەپێنج وەزیرەکانی بارزانی ئازاو نەترس بوو بەرامبەر بە حیزبی بەعس و هەمیشە بەرامبەر بە کردەوەکانی بەعس قسەی دەکرد ، من کە ئەم شایەدیەی بۆ دەدەم وەك ێژوویەکی کەسایەتی سامی عبدالرحمن لە یادداشتەکەم تۆماری دەکەم ، حەز دەکەم ئەوەش ئاشکرابکەم کەێوانمان زۆر خەراپ بوو ، سامی خۆشی بە مندا نەدەهات و منیش بەهەمان شێوە، بەلآم ئەمە ئەوە ناگەێنێ باسی لایەنە ئیجابیەکانی نەکەم و بیانخەمە بن لێوەوە.. بە ڕاستی لێژنەی ئاوەدانکردنەوەی شیمال لێژنەی ئاوەدانکردنەوە نەبوو بەڵکو لێژنەی کاولکردنی کوردستان بوو دوای ئەوەی کوردستان خۆی کاولکرابوو ئەم لێژنەیەش کاولتری کرد ، حیزبی بەعس ئەمەی دەزانی و ئاگاداری گەندەڵیەکانی بوو بەلآم ئاشکرایە حیزبی بەعس پێی خۆش نەبوو

کوردستان ئاوەدان بکرێتەوە . بەسەدەها کرێکاری کوردم لەسەرڕرێگای هەولێر – مەخمور ، هەولێر – کۆیە و کەرکوك وشوان وتەق تەق وکۆیەوبەرەو ڕانیە وقەلادزێ ...دامەزراند، بە ماوەیەکی زۆر کورت ئەم ڕێگایانەم قیرتاوکرد..

ڕێگای کەرکوك –لەیلان، کەرکوك-قادر کەرەم لەگەڵ ڕێگای سلێمانی-قەرەداغ وڕێگای کەلار-کفری ڕێگای کفری-کەرکوك لەگەڵڕێگای دهۆك-زاخۆ هەروەها دهۆك-موصل تا دەگا بەڕێگای گەلی علی بەگ بۆ حاجی ئۆمەران ڕێگای ڕانیەپڵنگان بەرەو چۆمان . زۆر جار بەیانیان لە سەعات پێنجی بەیانیەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی عبدالوهاب موفتی و ئەندازیارەکانیڕێگەو بان لە بەغداوە دەکەوتمە ڕێ بەرەو کوردستان و دەچوومە سەرڕێگاکان بۆ ئەوەی بە جوانی قیرتاو بکرێن و ئێواران دەگەڕامەوە بۆ بەغدا و ئەو ڕۆژانەی دەچوومە کوردستان بە شەوان ئیشو کاری وەزارەتم ڕادەپەڕاند. زۆربەی زۆریڕێگاکان ڕاستەوخۆ لەلایەن وەزارەتەوە قیرتاو دەکران و نادرانە لێبەندەران . بۆ قیرتاوکردنی ئەمڕێگایانە لێژنەیەکی بالاێ بەسەرۆکایەتی تەها جەزراوی داندرابوو ، جەزراوی ڕای وابوو کە لەبەر وەزعی سەربازیێتی (العسکری)پێویستە بە زوترین کات ئەم ڕێگایانە بەشێوەیەکی باش بکرێنەوەو قیرتاوبکرێن . منیش زۆرم پێخۆش بوو بەلاێم بە باوڕێکی تری جیاواز لەگەڵ ڕای جەزراوی ، ئەویش ئەوەیە کە مەسەلەی ڕێگاوبان جگە لە خزمەت کردنی کوردستان و دانیشتوانی کوردستان، چەکێکی دوو دەمی بوو ، هەرچەندە سوپای عێراق سودی لێ وەردەگرت ، بەهەمان ئەندازەشپێشمەرگەی کوردستان سوودیان لێوەردەگرت ، لەم بارودۆخەش نەبوایا بۆ گەلی کورد وائاسان نەبوو بتوانێ ئەمڕێگاو بانانە قیرتاو بکا وناوچەکانی کوردستان ئاوەدان بکاتەوە ،بێگومان بە ملیوێنەها دۆلاری تێچوو . دواڕۆژیش ئەم بۆچوونەی منی ئاشکراکرد ، کاتێ حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا ، تواناى ئەوەی نەبوو ئەم هەموو ڕێ و بانانە لە کوردستان ئەنجام بدا کە ملیوێنەها دۆلاری دەویست. ڕاستە سوپای عێراق زۆر سوودی لەوڕێگاو پردانە لە کاتی شەڕدا لەگەڵ هێزیپێشمەرگە وەردەگرت ، لە لایەیەکی ترەوە ئەوەش ڕاستە کە هێزی پێشمەرگە سوودی لەو ڕێگایانە وەردەگرت ، مەفرەزە چەکدارەکانی لە ناوچە ڕزگارکراوەکانەوە بە یەك دوو سەعات دەگەیشتنە شارەکانی کەرکوك و خانەقین و زۆربەی ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەلآتی حکومەت بوون . دوای ئەوەی ئەمڕێگایانە کرانەوە هێزەکانیپێشمەرگە لە چەمڕێزانەوە یان

پڵنگانەوە بە یەك سەعات ئەگەیشتنە چواردەوری كەركوك و هەڵۆرو سڵێمانی و دەسی خۆیان دەوەشاندو بە پەلە بەرەودواوە دەگەڕانەوە .

بەشی سێ یەم

-1975سەردانەکانم بۆ دەرەوەی عێراق

لە 1975/5/23 دا ، خالید برام نامەیەکی لە شێخ جەبارەوە بۆم هێنا ، وەلآمی نامەکەی (م.س) بوو، نامەکەی پڕ بوو لە جنێو وهێرش . شێخ جەبار لەم قۆناغەدا زۆر مەغرور بوو ، خالیدیش زۆر ناشرینانە نامەکەی دایە دەستم . دیاربوو شێخ جەبار دەستگای (العلاقات) هانی دەدا ئاژاوەو دووبەرەکی بێنێتەوە لە ڕیزی پارتیمان ، ئەوان دەیان ویست شێخ جەبار وەك ئەندامێکی سەرکردایەتی بھێنێتەوە بۆ ئەوەی هەرچی کاتیَ بیانەویَ بە ئاسانی بتوانن ئاژاوەیەك بێننەوە. .

لە 1975/7/17 سەرۆك ئەحمەد حسن بەکر و جێگری سەرۆك صدام حوسین وئەندامانی قیادەی قوتری هاتن بۆ سەردانمان لە بارەگای پارتیمان بە بۆنەی جەژنی 17ی تەموزی سڵی 1968.

ئاشکرایە لە سڵی 1975 جاریَ حیزبی بەعس گەرم بوون لە جۆری پەیوەندیەکانیان لەگەڵ پارتەکانی بەرەی نیشتیمانی ، ئێمە و حیزبی شیوعی عێراق و پارتەکانی تر کە دواجار پاشە کشەیان کردو دەستیان کرد بە هەڵوەشاندنەوەیان.

لە 1975/7/22 سەعات 8ی شەو جەماعەتی مەلا مستەفا لەناو شاری بەغدالە شەقامی کیفاح مەحەمەد حەسەن برزوَیان کوشت . ئەبو سەلام لە سڵی 1946 وە ئەندامی پارتی بوو ، کەواتە دوای دامەزراندنی پارتی بووە ئەندامی پارتی ، زۆرپێنەچوو بووە ئەندامی لێژنەی ناوچەی بەغداو دوای شۆرشی 14 تەمموزی 1958 یەکێ بوو لەوانەی ئیمزای داواکردنی مۆڵەتدانی ڕۆژنامەی خەباتی کرد. سامی عبدالرحمن وەزیری کاروباری

شیمال ،پلانگێڕی کوشتنەکەی ئەبو سەلام بوو لە بەغدا ، بە حوکمی ئەوەی وەزیر بوو توانای ئەوەی هەبوو زۆر بە ئاسانی هەر نەیارێکی پارتی لەناو شاری بەغدا بە ئاسانی تیرۆر بکا و جگە لەوەی سامی خودی خۆی مرۆڤێکی شەڕانگێزو پیاوە کوژ بوو ، دوا ڕۆژیش ئەم ڕاستیەی ئاشکراکرد کە عەلی عەسکەری دوای ئەوەی بە دیل گیرا فەرمانی کوشتنی دا لە دادگایەکی درۆی بە پەلە و وتە مەشهورەکەی ئەم پیاو کوژە لە کوردستان دەنگی دایەوە کە دوای گو لـ بارانی شەهید عەلی عەسکەری وتبووی ( پیاوی گەورە دەبێ بە چەکی گەورە بکوژرێ ) چەکە گەورەکەش " ئارپی چی " بوو ، زۆر سەیرە دەبێ پیاوی گەورەی کورد بە چەکی گەورە بکوژرێ ، لە جیاتی ئەوەی ڕێزی لێبگیرێت ! ! . خۆ لە ئەنجامدا سامی عبدالرحمانی بکوژی عەلی عەسکەری خۆشی بە چەکێکی گەورەتر لەوەی عەلی عەسکەری پێکوشت، کوژرایەوە ، هەرچەندە نووسەر کە ئاماژە دەکا بۆجۆری کوشتنەکەی سامی ، دژی ئەو تاوانە گەورەیە بوو کە سامی و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی تیرۆر کران . لە 7/25 کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان لەم ڕووەوە بەیانێکی ناڕەزایی دەرکرد لە ڕۆژنامەی( النور ژمارە )439ی تەمموز \ئاب بلآوی کردەوە کە لە بەیروت چاپ دەکرا.

ڕۆژنامەی نور دوای ئەوەی وەك ڕۆژنامەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان \ باڵی مەکتەبی سیاسی دوای بەیاننامەی 11 ئازار حیزبی بەعس دایخست ، پارتی شۆرشگێڕی کوردستان دوای زیندووکردنەوەی دووبارە بە هەمان ناو و بە بەردەوامبوون لەسەر ژمارەکانی پێشوی دەریچواندەوە . ڕۆژنامەی نور بە ژمارە 433 ی کانونی دووەمی ساڵی 1973 دەرچوو لە بەیروت بە نهێنی چاپ دەکرا ، ئەم ئەرکەش بە شێخ جەبار سپێردرابوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی شۆرشگێڕی کوردستان ، تا ژمارە 440 ی کانونی ساڵی 1973 . ڕۆژنامەی نور کە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو | باڵی مەکتەبی سیاسی ژمارەی یەکەمی لە12ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1968 دەرچوو، حیلمی عەلی شەریف خاوەنی ئیمتیازی بوو عومەر مستەفا سەرنووسەی بوو ، هەرچەند لە واقیعدا کاروباری سەرنووسەری ڕۆژنامەکە حیلمی عەلی شەریف دەیبردەڕێوە نەك عومەر مستەفا ئەمەش لەبەر ئەوەی جارێ حیلمی عەلی شەریف دەرچووی کۆلیج نەبوو ، یەکێ لە مەرجەکانی سەرنووسەر دەبوایا شەهادەی زانکۆیی هەبوایا . 432 ژمارەی دەرچوو ، دوا ژمارەی 432 لە 29 ی ئازاری 1970 دەرچوو ، ئەوەبوو

دوای بەیانی 11ی ئازار وەزارەتی ڕاگەیاندی حیزبی بەعس دایخست . لەبەر ئەوەی جەماعەتی بارزانی سوربوون لەسەر داخستنی .

سەردانەکەم بۆ ڤیەتنام

له 1975/8/28 بڕیاردرا لەگەڵ وەفدی قیادەی قەومی و قوتری برۆین بۆ هانۆی پایتەختی ڤیەتنام لەسەر بانگهێشتی حکومەتی ڤیەتنام به بۆنەی جەژنی سەربەخۆیی ڤیەتنام و سەرکەوتنیان بە سەر ئەمریکادا له سالی 1975، ئەوەبوو چووم بۆ هانۆی ، من وعەلی غەننام ئەندامی قیادەی قەومی حیزبی بەعس و فەتاح محەمەد ئەمین ئەندامی قیادەی قوتری ، سەعات 7ی ئێوارەی ڕۆژی شەممە به فڕۆکەیەکی تایبەت جۆری ترایدنت چووینە (هانۆی.)

ڤیەتنام له کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم دا کەوتەژێر چنگی ئیستیعماری فەرەنسی و لەکاتی شەڕی جیهانی دووەمیش هەرێمی (الهند الصينيه) کەوتەژێر دەسەلآتی یابان .. هانۆی له 1946/3/6 له لایەن فەرەنساوە داگیرکرا . بەلاَم له سالی 1946 دا ڤیەتنامیەکان توانییان بەشی باکورو ناوەندی ولآتەکەیان ڕزگاربکەن . له باشوری ڤیەتنام فەرەنسا دەوڵەتێکی ڤیەتنامی دامەزراند له چوارچێوەی (اتحادی فرەنسی) شەڕی ڤیەتنام تا سالی 1954 دەوامی کرد . لەهەمان سالدا له جنێف کۆنگرەیەك بەسترا بۆ کۆتایی هێنان بەم شەڕە ، فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمریکا و سۆڤیەت وچین لەم کۆنگرەیە بەشدار بوون لەگەڵ نوێنەری ڤیەتنامی باشوور و ڤیەتنامی باکور و لاووس و کەمبۆدیا . له ئەنجامی کۆنگرەکە ڤیەتنام بە کاتی کرایە دووبەشەوە و ڤیەتنامی باشوور کەوتەژێر دەسەلاَتی ئەمریکاوە ، ئەمریکا چەکی دەدا بە ڤیەتنامی باشور تا سالی 1964 . ئەمریکا نیو ملێون سەربازی له ڤیەتنامی باشور دانابوو.

له سالی 1968 له مانگی ئایار دا وتووێژ دەستی پیَ کرد لەنێوان ئەمریکا و ڤیەتنامی دیموکراتیدا . له سالی 1969 له مانگی حوزەیران جاڕی دامەزراندنی حوکومەتێکی شۆرشگێڕی کاتی درا له ڤیەتنامی باشور وله شوباتی سالی 1972( نیکسۆن )جاڕی وتووێژی دا لەگەڵ ڤیەتنام.

له 1973/1/27 بۆمبابارانی ڤیەتنامِ ڕاگیرا دوایڕێك کەوتنی پاریس . له 1973/6/13 بەیانی هاوبەش له پاریس دەرچوو.

ئەمە کورتە باسێك بوو دەربارەی ڤیەتنام.

لە ڕۆژی 1975/8/31 سەعات 9ی بەیانی گەیشتمە بانكوك كە دەكاتە سەعات 5ی بەیانی بە كاتی بەغدا . بانكوك لەسەرڕێگامان بوو ، كەواتە دەبوایا لە تایلاندەوەتێپەڕ بین بۆ ڤیەتنام. لە بانكوك

لە ئوتێل ئینتر كۆنتینینتال دابەزین.

من لە ژووری 306 دابەزیم . بۆ نیوەڕۆ لە مەلەوانگەی ئوتێلەكە مەلەوانم كرد . شاری بانكوك شارێكی زۆر جوانە . دوا جارێ‌ئمە سەر باس كردنی ، ئەمە جاری یەكەمە چاوم بە بانكوك دەكەوێ ، دوای ئەم جارە چەند جارێكی تر سەردانی ئەم شارەم كرد..

پێش ئەوەی بگەینە هانۆی لەڕێگا لە فرۆكەخانەی شاری بومبای لە هیندستان بۆ ماوەی دوو سەعات ئیسراحەتمان كرد . لە فرۆكەخانەی بۆمبای ئەو ئەفسەرەی جانتاكانی نەفەرەكانی دەپشكنی داوای لێمكرد جانتا سەمسۆنایتەكەی دەستم بكەمەوەو بیپشكنێ ، زۆر سەیر بوو ! پێموت من وەزیرم و سەیری پاسەپۆرتەكەت كرد ، چۆن داوام لێ دەكەی جانتاكەم بپشكنی و دیاربوو ئەفسەرەكە زۆر عینادبوو ، منیش لەو عیناد تر ، جانتاكەم نەكردەوە بۆی هەرچەندە عەلی غەنامرێمی وت بۆی بكەوە چی تیا بەسەرە ، ئەوەبوو من و ئەفسەرەكە هەردووكمان چووین بۆ لای بەڕێوەبەری فڕۆكەخانەكە و لە ئەنجامدا بەڕێوەبەرەكە داوای لێبوردنی لێمكرد و بەڵێنی داپێم كە ئەفسەرەكە سزابدا. ئەو جانتایەی بە دەستمەوە بوو سەد هەزار دۆلاری تیابوو ، نەسرییەی وەفدەكەمان بوو . لە بەغداوە بۆ بومبای بە فڕۆكە چوار سەعاتە . لە بانكوكەوە بۆ بومبای چوار سەعاتە . شاری بانكوك مەشهورە بە میساج ، میساجیش كچ بۆتی دەكا. لەو گەرماوە تایبەتە ڕووتت دەكاتەوە و هەموو لەشت دەشێلێ . بۆت هەیە پارەی زیاد بدەی و لەگەڵ كچەكە دوای میساج یان لە كاتی میساج ڕابوێری لە گەڵیدا ، كرێی میساج 10 دۆلار بوو . لەم سەفەرە ماوەی ئەوەمان نەبوو میساج بكەین.

لە 1975/9/1 لە فرۆكەخانەی بانكوكەوە كەوتینە ڕێ بەرەو (ڕانگونك) لەوێشەوە بۆ هانۆی . لە هانۆی ئەم ڕستەو وشەیەم نارد بۆ سەر گۆری (هۆشی منە) كە جاری نەتێژرابوو بە تەحنیت كراوی زیارەت دەكرا.

)إن وفدنا ليحيى ويهنىء بالزكرى الپلاپين لاستقلال فيتنام الديموقراگيه وبتحرير الجنوب من الغزاه الامبرياليين وعملائهم ، ولا يفوتنا ان نشيد بالدور العقيم الزى قام به المناچل الراحل هوشى منه من اجل التحرير والاستقلال والوحده . ان خير وفاء له ان تصان الاهداف التى ناچل من اجلها وخير تخليد له ان تبقى زكراه ومپله ماپله امامنا(.

الوفد الحزبى والحكومى العراقى – 1975/9/2

له 1975/9/2 چوینه گۆڕەپانی (هۆشی منه) بۆ سەیرکردنی خۆپیشاندنی سەربازی جەماوەری له یادی سێیەمینی ساڵی دامەزراندنی ڤیەتنامی دیموکراتی و ڕزگارکردنی ڤیەتنامی باشور له چنگی ئیستیعماری ئەمریکی،ژمارەیەکی زۆر له ولاَتانی جیهانەوه هاتبوون بۆ هانۆی .وەفدەکەی ئێمه بەسەرۆکایەتی عەلی غەنام بوو . لەسەرەتای ئاهەنگەکه سەرۆکی وەزیرانی ڤیەتنام وتەیەکی خوێندەوە ، دوای ئەو جەنەراڵ جیاب وتەیەکی خوێندەوە. )

بۆ شەو له ئاهەنگیئێوارە خوانێك ئامادەبوین که سەرۆك کۆمار ئامادەی بوو . لەم ئاهەنگه چاومان به ئەمیر سیهانۆك و ئەمیرە مونیك سیهانۆك کەوت ، هەروەها جەنەراڵ جیاب . بۆ سبەی ڕۆژی چوارشەممه 1975/9/3 سەردانی جیابمان کرد له بارەگاکەی وماوەی سیَ سەعات زیاترێکەوە ماینەوە باسی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ڤیەتنام مان کرد ، چەند وێنەیەکمان لەگەڵ جیاب گرت.

له 1972/7/31 عێراق بیست هەزار جونەیهی ئیسترلینی به خەلاَت دابووە ڤیەتنام له 1973/6/13 ش ، دوو سەد هەزار دۆلاری به حکومەتی کاتی ڤیەتنامی باشور خەلاَت کردبوو ، لەو کاتەی وەزیری دەرەوەی حوکومەتی کاتی ڤیەتنامی باشور سەردانی عێراقی کردبوو.

له کۆتایی ساڵی 1974 یش عێراق بایی یەك ملیون دینار شتومەکی نارد بۆ ڤیەتنام.

له 1975/9/4 چووینه مینای هایفون وسەرمان له کارگەی چیمەنتۆ دا ، که کارگەیەکی زۆر گەورە بوو بەشی زۆری به قومبەلەکانی فڕۆکەی ئەمریکا کاول کرابوو . لەم سەردانەمان وەزیری بازرگانی ڤیەتنامان لەگەڵدا بوو . هەر لەهەمان ڕۆژدا له ئاوی (ئۆقیانووسی الهادی) له باسفیك له هایفون مەلەوانمان کردو ئەمه جاری یەکەمم بوو له ئاوێکی وا گەورە مەلەوان بکەم

. عەلی غەنام مەلەوانێکی زۆر باش بوو ، ماوەی چەند سەعاتێك لە ناو ئاوەکە مایەوەو لە چاومان بزر بوو ، بۆمانی گێڕایەوە کە زۆر جار 12 سەعات لە ناو ئۆقیانۆس مەلەوانی کردووە بە بەردەوامی. عەلی غەنام لەو چەند ڕۆژەی لەم سەفەرەماندا هاوڕێیەتیم کرد بۆم دەرکەوت ڕۆشنبیرێکی عەرەبی زۆر گەورەیە . زانیارییەکی زۆری هەبوو دەربارەی نیشتمانی عەرەب و بەتایبەتی زۆربەی زۆری مەوسوعە عەرەبییەکانی خوێندبووە و زۆر بەی شارەزای کتێبی ( گبری)بوو .

لە 1975/9/5 لە هایفۆنەوە گەڕاینەوە بۆ هانۆی پایتەخت و سەر لە بەیانی لەدەریای باسفیك مەلەوانم کرد.

لە 1975/9/6 لە هانۆیەوە گەڕاینەوە لە سەعات 12ی نیوەڕۆ گەیشتینە پایتەختی (لاووس) کە شارێکی گەورەیە بەڵام زۆر دواکەوتوبوو ، سیمای هەژاری زۆر بەزەقی بە دەموچاوی دانیشتوانیەوە دیاربوو. . خەڵکێکی زۆر لە کەپری بەدار دروستکراو لە کەنار ڕووباری (میکونگ)ی پایتەخت دەژیان ، کەمترین مقوەماتی ژیانیان نەبوو.

بەشەو لەبەر ڕۆشنایی (مۆم) دەژین لە جیاتی کارەبا ، ڕووت و قوتن هەر ئەوەتە جلیان لەبەرە . ئاو و هەوای لە ڤیەتنام باشترە و ڕادەی شێی لە ڤیتنام کەمترە.

لە 1975/9/7 لە فڕۆکەخانەی ڤیەتنام وە بەرەو بانکوك گەڕاینەوە وڕێگاکە یەك سەعات ونیو بوو ، سەعات 5ی ئێوارە گەیشتینە بانکوك . بانکوك پایتەختی تایلاندە ، شارێکی گەورەو جوانە ، لەهەمان ئوتێلی پێشوو دابەزین . بۆ شەو چوینە یانەیەك من و فتاح لەم یانەیە لەبەر چاومان لەبان شانۆ پیاو وژن گانیان دەکرد ، یان دوو کچ پێکەوە .. لەم ڕووەوە ئەم شارە پیسترین شارە و فەسادی تیا بڵاوە.

لە 1975/9/8 بەرەو بومبای گەڕاینەوە ، لە 1975/9/9 گەیشتینە بومبای لە ڕێگا یەك سەعات لە فڕۆکەخانەی کەلکەتا ماینەوە.

شاری بۆمبای شارێکی گەورەیە ، بریتیە لە دورگەیەك دەریای عەرەبی چواردەوری داوە، بومبای گەورەترین مینای هیندستانە ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی 1975 دا 11 ملیۆن کەس بوو.

لە ئوتێل شیراتون دابەزین.

ڕۆژی 1975/9/11 چوینە دورگەی Elephanta ئەم دورگەیە بە پاپۆری هەڵمی بە ڕێگای دەریاوە یەك سەعات لە بۆمبایەوە دووره . چوینە ئەم دورگەیە بۆ سەردانی پەرستگایەكی هندۆسی ، ئەم پەرستگایە مێژووی دروستكردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 600ی زایینی و لە چیایەك هەڵكەندراوه . چیاكە زۆر بەرزه ، بە 360 پێپیلكە ئینجا دەگەیتە دەرگای ئەشكەوتەكە ، دوو گۆچانت دەدەنێ بۆ ئەوەی یارمەتیت بدا بۆ سەركەوتنەكەت ، ئەوی نەیەوێ خۆی سەر بكەوێ یان توانای سەركەوتنی نەبێ ئەوە دوو زەلام دەتكەنە ناو سندوقێكەوەو بە شان هەڵت دەگرن بە كرێ ، من خۆم سەركەوتم . ئەشكەوتەكە دەستكرده ، هەڵیا نكەندوە ، ئەشكەوتێكی گەورەو فراوان ، لەناو ئەشكەوتەكە پەیكەری خواكانیان هەڵكەندوە ، سێ خوا( شیڤا و ڤیشنۆ و براهما )، ڕەمزی خوای شیڤا گایەكە و ڕەمزی خوای ڤیشنا باڵێكە و ڕەمزی خوای براهما مراوییە ، كەواتە هەریەكێ لەم خوایانە سواری ئەم گیانلە بەرانە دەبوون لە شوێنێكەوە ڕۆشتایان بۆ شوێنێكی تر.

خوای شیڤا نیشانەی كاولكردن و بزوتنەوە بوو ، پاشان ناو نرا بە خوای سەماكردن ، چەند دەستێك و چەند سەرێكی هەیە . لە یەكێ لە وێنەكانی قەد ئەشكەوتەكە شەیتان دەكوژێ و شمشێرێكی گەورەی بە دەستێكیەوە گرتووە و بەدەستێكی تریەوە لەگەنێ گەورەی هەڵگرتووە بۆ ئەوەی ڵۆپە خوێنەكانی شەیتانەكە نەكەوێتە سەر زەوی ، ئەگەر ئەو ڵۆپە خوێنانە بكەوێتە سەر زەوی بە سەدەها شەیتانی تری لێ دەكەوێتەوە و ئەو كاتە كوشتنی شەیتانەكە هیچ سوودێكی نابێ.

لە یەكێ لە تابلۆكانی قەد ئەشكەوتەكە وێنەی ڕێ و ڕەسمی ژن هێنانی خوای شیڤای تیا هەڵكەندراوە . دوای ئەوەی شیڤا ژن دێنێ ، دەبێتە نیو پیاو و نیو ژن . ئەم پەیكەرانە هەموو لەسەر دیواری ئەشكەوتەكەی ناو چیاكە هەڵكەندراون . بەردی چیاكەش زۆر ڕەقە ، مرۆڤ سەری لە وردەكاری ئیشەكانیان سووڕدەمێنێ . مرۆڤ بۆ سەركەوتنی چیاكە لە دەریاوە 120 پێپلیكانە سەر دەكەوێ . لەناوەڕاست ئەم پەرستگایە بەردێكی سپی لە مەڕمەڕی زۆر نایاب داندراوە زۆر گەورە نییە ، ڕەمزی عیبادەت كردنە ، هندۆسەكان بەرامبەری نوێژ دەكەن . وەك بەردە ڕەشەكەی كەعبە بەلاَم ئەم سپییە.

بۆ نیوەڕۆ گەڕاینەوە ماڵ صبیح السامرائی كونسڵی عێراق و دەعوەتی ئەو بوین.

لە 1975/9/12 لە بومبایەوە چوینە نیودەلهی ، سێ ڕۆژ لە بومبای ماینەوە .

بۆمبای ژمارەیەکی زۆر لە زەردەشتیەکانی تیایە کە هاوولآتی هیندستانن ، زەردەشتیەکان بە ڕەگەز ( هیندۆ ئەوروپین) زەردەشتیەکان بە ئایین زەردەشتبن وپێغەمبەرەکەیان " زەردەشتە" کاتی خۆی لەتێرانەوە لەترس ساسانیەکان کە بڕیاری قەلآچۆکردنیان درابوو ، بەرەو هیندستان هەلآتوونە و زۆربەی زۆریان لە شاری بۆمبای نیشتەجێبوونە ، کە گەیشتمە شاری بۆمبای و زانیان من وەزیرێکی کوردم ، دەعوەتێکی باشیان کردم ، بارەگا و پەرستگاکەیان لە ناوەڕاستی شاری بۆمبایە ، لەسەر گرێکی گەورەو فراوان ، لە ئاهەنگی ئێوارە خوانەکە بە کورتی باسی زەردەشت و ئایینی زەردەشتییان کرد ، یەکێ لە ڕێ و ڕەسمی ناشتنی مردوەکانیان ئەوەیە کە دوای مردنی هەر یەکێ لە زەردەشتیەکان ، پاك ئەیشۆن و لە بان کەپرێکی دارینەی تایبەت بۆ مردوەکان لە بان کەپرەکە لەشی پاڵ دەخەن و ماسێکی زۆر دەڕێننە سەر لەشی ، پاشان جۆرە باڵندەیەکیان ڕاگرتووە ، وەك "کەپنکڵی" لای خۆمانە ، دەچنە گیان مردوەکەو هەرچی گۆشت بە لەشیەوە هەیە دەیخۆن تەنها ئێسك و پروسکەکەی دەمێنێتەوەو ئیتر وازی لێ دەهێنن ، دوای ئەوە ئێسکەکەی دەخەنە ناو کیسەیەکی تایبەت و دەیێژن . ئەوەشیان بۆم گێڕایەوە کەوا ماسێکیان ئەو باڵندانە تووشی جۆرە نەخۆشیەك دەبن و هەموویان دەمرن ، ناچار لە ئەمریکاوە ژمارەیەك لەو باڵندانە دەکڕن و دەیانهێنن بۆ بۆمبای . هەر لەو دانیشتنەمان کتێبی ( ئاڤێستایان " دەرکرد و هەندێ لە سرودەکانیان بۆم خوێندەوە ، زۆر لە زمانی کوردی نزیك بوو هەندێ لە وشەکانی تێدەگەیشتم ، هەندێ لە دانیشتوانەکانیش بە تەواوی ئاڤێستایان ئەزبەر بوو . لە هیندستان هەر مرۆڤێکی هیندیت دی بەلآ بەرز و سورو سپی بە تایبەتی ئافرەتەکان ئەوا زۆربەیان لە ڕەگەزی زەردەشتیەکانن و لە چینی دەوڵەمەندەکانن ، لە هیندستان چاوت بە زەردەشتییەك ناکەوێ هەژار بێ ، گەورە بازرگانەکانی بۆمبای زەردەشتین.

لە شارەکانی هیند جیاوازی چینایەتی زۆر فراوانە ، خاوەند کۆشك و کۆمپانیای و ملیۆنەر هەیە و بەخۆشی دەژین و بە ملیۆنەها خەڵکیش لەسەر شۆستەی شەقامەکان دەژین یان لە ناو کەپری بچووك بچووك .زۆر جار چاوت بە مرۆڤێکی هەژار دەکەوێ لە سەر یەکێ لە شۆستەکان

مردووە و شارەوانی شارەکە بە عارەبانە هەڵی دەگرن و دەیبەن بۆ سوتاندن .

شەو درەنگ گەیشتینە نیودەلهی باڵیۆزی عێراق محمد سعید الصحاف کە بەم دواییە بووە وەزیری ڕاگەیاندنی پێش ڕووخانی ڕژێمی صدام حوسین کە وشەی عولوجی داهێنا- لەگەڵ عەقید نزار مولحەقی عەسکەری و مولحەقی بازرگانی وسکرتێری یەکەمی بالیۆزخانە وچەند قوتابیەکی عێراقی هاتنە پیریمانەوە ولە ئوتێلی ئاشۆکا دابەزین ، ئوتێلێکی گەورەیە بەلاَم لە شیراتۆن بچووکترە.

لە 1975/9/13 چوومە سەیرکردنی شوێنە دێرینەکانی مەگۆلیەکان کە لە ساڵی 1700 ز حوکمڕانی هیندستانیان دەکرد ، یەکیَ لە شوێنەوارەکانیان (قەلاَی سوورە) ئەم قەلاَیە زۆر گەورەیەو بە بەردی مەڕمەڕ و بە بەردی یاقوت و ڕێ و زیبو و چەندەها بەردی نایابی تر نەقش کراوە . بەڕاستی ئەم قەلاَیە نموونەیەکی ژیاریی زەق و گەورەیە لەسەر ژیانێتی مەگۆلیەکان پێشکەوتنی ئاینی ئیسلام لەو سەردەمەدا.

هەروەها چومە سەیرکردنی منارەیەکی بەرزی حەفتاو دوو مەتری ، کە یەکێکە لە توحفە ژارییەکانی مەگۆلیەکان . لە چواردەوری منارەکە سەد ناوی خودای لەسەر نوسراوە.

پاشان چوینە سەردانی مزگەوتی (جامع المسجد) ئەم مزگەوتە زۆر گەورەیە و موسڵمانەکان تیایدا نوێژ دەکەن وبانگ دەدەن ، جێگەی بیست هەزار نوێژ کەری زیاتر تیا دەبێتەوە . موسڵمانەکانی نیودەلهی و هیندستان وەزعیان زۆر خراپە و زۆربەیانیش بیَ دەرامەت وهەژارن و هیندۆسەکان دەیانچەوسێننەوە ، ژمارەی موسڵمانەکان سەد ملیۆن کەسە، دوای ساڵی دوو هەزار لە سەدو پەنجا ملیۆن ڕەتی داوە. هیچ ولاَتێکی عەرەب بە تەنیا ژمارەی دانیشتوانی ناگاتە ئەم ژمارەیە.

لە 1975/9/14 چوومە (تاج مەحەل) کە یەکێکە لە (حەوت عەنتیکەکانی ) دونیا . ئەم ساختمانە (جاە شیهان) لە ساڵی 1630 ز دروستی کردووە ، لە ساڵی 1653 تەواوی کردووە ، ئەم ساختمانەی بۆ (مومتاز مەحەلی)ی ێزانەکەی دروست کردووە ، ێزانەکەی لە تەمەنی 35 ساڵی دا کۆچی دوایی کردووە ، گۆری ژنەکەی لەناوژێرخانەکەی ساختمانەکەیە، لە نهۆمی بانژێرخانەکە لە ڕاست گۆرەکەیژێرخانەکە گۆڕێکی تری دروست کردووە ( ئەو گۆرە ڕەمزیە ، بۆ ئەوەی ئەوانەی زیارەتی بینایەکە دەکەن لە نهۆمی

سەرەوە پا نێتنە ئەو شوێنەی دەکەوێتە سەر گۆڕەکە . ئەم ساختمانە گەورەیە کە بە مەڕمەڕی سپی دروست کراوە ، مەڕمەڕەکان بە یاقوت و عەقیق و لازورد و سەدەها جۆر بەردی تری بە نرخ و گران بەها ڕازاندراوەتەوە ، وادیاریشە ئەو شوێنانەی بەرێ نەخش کراون لە کاتی خۆی ئینگلیزەکان دزییویانە ، ئینگلیزەکان هەر ولاتێکیان داگیر بکردایا شوێنەواری ئەو ولاتانەیان تالان دەکرد.

)جاە شیهان) کورەکەی ئینقیلاب دەکاتە سەر باوکی و لە قەلای رید فۆرت بەندی دەکا . باوکی تا دەمری لەو قەلایە بە بەندکراوی دەمێنێتەوە ، بەلام لە یەکی لە پەنجەرەکانی قەلاکە بەڕۆژەوە سەیری ساختمانەکەی تاج مەحەل دەکا ، دوای مردنی ، کچەکەی گۆڕێکی وەك گۆڕەکەی دایکی بۆ باوکی دروست دەکا و باوکی لەتەك دایکی دەنێژی ، هەمان گۆڕی دووەمیش لە نهۆمی سەرەوە دروست دەکا بۆ باوکی.

یەکی لە شتە سەیرەکانی ئەندازیاریێتی ساختمانەکە ئەوەیە ئەگەر لە گۆشەیەکی ساختمانەکە هاوار بکەی ، یان بانگ بدەی ، دەنگەکەت 15 چرکە دەنگ دەداتەوە.

بەڕاستی ئەم توحفە هونەرییە ناتوانری بە چەند دێڕێك وچەند لاپەڕەیەك وەصف بکرێت وحەقی خۆی بدرێتی ، نمونەیەکی پێشکەوتنی هونەری میعماری ئەو سەدەیە بوو.

نمونەیەکی ئەو بینایە، وەزیری ئیسکانی هیند بە دیاری پێشکەشمی کرد لەگەڵ خۆما هێنامەوە ، بەلآم دوای ئەوەی لە سالی 1995 لە بەغدا هەلآتم وەك گەلێ لە شتومەکەکانی ناوماڵەکەم لەناو چوو .

ڕۆژی 1975/11/17 گەیشتمە شاری بومبای لە هیندستان ، وەزیری ئیسکان بووم بە سەرۆکایەتی وەفدێك لەسەر بانگهێشتی وەزیری ئیسکانی هیندستان چوومە هیندستان.

ڕەفیق زەکریا وەزیری ئیسکانی هیندستان بوو، لە فرۆکەخانە هاتە پیریمانەوە بۆ نیوەڕۆش لە ماڵەوە دەعوەتیکردین ، پێکەوت شێخی ئەزهەریش عبد الحلیم محمود لە هیندستان بوو ئەویش بۆ نیوەڕۆ لەگەڵماندا دەعوەت کرابوو..

بۆ ڕۆژی 1975/11/18پێکەوتی سێشەممە لە بومبایەوە چووینە شاری( پوونا )، دانیشتوانی ئەم شارە ژمارەیان یەك ملێون کەس بوو . پوونا

ناوچەیەکی شاخاوییە جگە لەوەش ناوچەیەکی ستراتیژیە ، شاری کارگەو پیشەسازیە . لەشکرگایەکی زۆریشی لێبوو (معسکرات) لەوێ سەرمان لە کارگەکانی سیارەی پاصی" تا تا TATA"دا . بۆ نیوەڕۆ لە دار الاستراحە نانمان خوارد . بۆئێوارەشی دەعوەتی کۆمەڵەی عەرەبی-هیندی بووین ، شەویش دەعوەتی کۆمپانیای تاتا بووین لە ئوتێلی تاج المحل ، بۆ سەعات 10ی بەیانی لە بۆمبایەوە بە فڕۆکە چوینە شاری مدراس لە بۆمبای (صبیح السامرائی)کونسلی عێراق بەڕێمانی خست . لە شاری مدراس سەرمان لە کارگەی دروست کردنی پاصی اشوك لیلاند دا . لە 90% ی دروستکراوەکانی هندی بوو . لەم کارگەیە 500پێنچ سەد هەزار کرێکار کاری تێدادەکرد ئاشکرایە پاصی لیلاند بەریتانیە و ئیمتیازی دروستکردنیان بە هیندستان دابوو.

لە شاری مدراس دوای سەردانی چەند پرۆژەیەکی دروستکردنی خانوو بەرەی ئیسکان ، ، بۆم دەرکەوت بایەخی باشیان دابوو بە دروستکردنی خانوو بۆ فەقیرو هەژاران . کەواتە دروستکردنی خانووی بچووك وجێگای دڵدەیان بێ وفەنتازیەتی تیا نەکرێ ئاشکرایە کێشەی جێنشینبوون لە هیندستان گەورەترین کێشەیە ،لەبەر ئەوەی ژمارەی خەڵکی هیندستان دەوری حەوت سەد ملێون کەسە و وا چاوەڕوانیش دەکرێ لە کۆتایی سەدەی بیست بگاتە یەك ملیار، لە سەدا شەستی ئەو خەڵکانە هەژارو فەقیرن و پلەی فەقیریان لەرێزێ سفرەوەیە کەواتە داهاتی ڕۆژانەیان یەك دوو دۆلار زیاتر نییە.. پاشان لە( مدراسەوە) گەڕاینەوە بۆ دەلهی ونیو سەعات لە حیدر ئاباد وەستاین.

لە 11/21 سەرم لە پرۆژەی نشینگەی دەلهیدا . بەڕاستی نموونەی زوو ڕاپەراندن بوون لە دروستکردنی خانووەکان .پاشان لە باڵیۆزخانەی عێراق ئاهەنگی نانی نیوەڕۆیان بۆمان سازدا لە ئوتێل ئینترکونتیننتال وئاهەنگی شەویش وەزارەتی ئیسکان وئەشغالی هیندستان سازیدا و لەو ئاهەنگە چەند دیارییەکم بەسەر وەزیری ئیسکان وچەند وەزیرێکی تری هیندستان و لەگەڵ چەندلێپرسراوێکی تردا دابەشکرد..

لە 11/23 سەرم لە پرۆژەی ئاوی (وەزیر ئاباد) دا لە دەلهی لەگەڵ پرۆژەی ئاوە کۆنەکەش. . ئاهەنگی شەویش سکرتێری حیزبی کۆنگرەی هیندستان سازیدا .لە چاوپێکەوتنەکانمدا لەگەڵ لێپرسراوە هیندستانیەکان خۆمڕێیان دەناساند کە کوردم ، ئەمەش لەسەرم گران دەوەستا لەبەر ئەوەی پیاوەکانی موخابەرات ڕاپۆرتی خۆیان لەسەرم دەنووسی.

لە 1975/10/3 عبداللە ڕۆژبەیانیم نارد بۆ ئەڵمانیای دیموکراتی ، بۆ لای دوکتۆر خورشید ڕەواندوزی و نامەیەکی تایبەتی و نامەیەکی مەکتەبی سیاسی مانپێیا نارد بۆ دوکتۆر خورشید دەربارەی چالاکی پارتیمان و ڕێخستنی ئەوروپا.

ڕۆژی دووشەمە 1975/10/6 یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان بوو . شبلی عەیسەمی و قاسم سەلام و زید حیدرو تەها جەزراوی هاتنە سەردانمان لە بارەگای پارتیمان ، پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان.

لە 1975/10/12 تەرمی دوکتۆر سعدی ابراهیم وەزیری دارایی عیراقمان ناشت.

لە 1975/10/17 زۆراب داراخان (ابو سەلام) مان نارد لەگەڵ وەفدی عێراق بۆ بەرلین بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی ئافرەتانی جیهان . ناردنی ئەبو سەلامی نەخوێندەوار خاوەند چوار ژن بۆ کۆنگرەی ئافرەتانی جیهان گەورەترین هەڵەی پارتیمان بوو . وا دیار بوو هەر دەبوایا ئەبو سەلامچێتە دەرەوە با لەسەر حیسابی سومعەی پارتیمانیش بیَ ، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان سومعە و ئەتەکێتیان نازانی تەنها ئەوە نەبێ کە دەبێ بە نۆرە بیانێرم بۆ دەرەوەی عێراق . بەم دواییەش دوای ڕزگاری کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی کوردستان ئەم نەخۆشییە ئەوانیشی گرتەوە.

لە 1975/11/2 سەرم لە پارێزگای کەربەلا و قەزای نەجەف دا لەگەڵ کوفە لەسەر تەکلیفی سەرەك کۆمار ئەحمد حسن بەکر . لە کوفە سەرم لە بارەگای پارتیمان دا هەروەها بارەگای پارتیمان لە کەربەلا .. کەواتە لە سڵی 1975 پارتیمان بارەگای لە کوفە و کەربەلا هەبوو .، ژمارەیەکی کوردی باشیش هەبوو لە کەربەلاو کوفە .

لە 1976/1/1 صالح حەیدەری و سعید قادر جاف و فازیل علی حسین ومحمد امین حیدری هاتنە لام بۆ ئەوەی یارمەتییان بدەم لە دەرکردنی بەیانێك دژی عزیز عقراوی کە لەگەڵیا بێك چوبوون ودەیانەویست عزیز عقراوی لە سکرتێری حزبەکەیان (حزبی دیموکراتی کوردستان) دەربکەن ، لە ڕاستیش دا دەرکردنەکەی لەسەر داوای حیزبی بەعس بوو ، لەبەر

ئەوەی بەم دواییە حیزبی بەعس لە عەزیز ڕازی نەبوو ، ئەوەبوو لە 1976/1/2 بەیانەکەیان دەرکرد ، بەیانەکە من لەبارەگای پارتیمان پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان چاپکرد . بەڕاستی من بۆیە یارمەتی صالح حەیدەری و جەماعەتەکەیم دا لەبەر ئەوەی عەزیز عقراوی، کاتێ کە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبەکەی بوو هەڵوێستی زۆر خەراپ بوو لەگەڵما ، لە ڕۆژنامەی( التاخی) کە خاوەند ئیمتیاز و سەرەك نووسەری بوو زۆربەی ئەو وتارانەی بۆ ڕۆژنامەکەی دەمناردن بڵاوی ناکردەوە ، یان لە شوێنێکی نادیار و بە پیتی زۆر ورد بڵاوی دەکردەوە، بەهەر حاڵ عەزیز عقراوی کە بووە سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان وای دەزانی مەلا مستەفایەکە بۆ خۆی ، بەڵام نەی دەزانی لە ڕیزی حیزبەکەی خۆی دەکەسی لەگەڵ دا نەبوو ..بەهەرحاڵ ئەوەی حیزبی بەعس لەگەڵ عەزیز عقراوی کردی لەسەرەتای ساڵی 1976 هەمان شتیشی لەگەڵ منا کرد بەڵام دوای هەشت ساڵی تر ، ئەوە بوو لە ساڵی 1984 سەرەك كۆمار داوای کرد بوو لە ئەندامانی لێژنەی مەرکەزی حیزبی شۆڕشگێڕی کوردستان کە ئەو سەردەمە من سکرتێری بووم لە حیزب دەرم کەن ، دوا جار بە دوورو درێژی دێمە سەر ئەم باسە.

لە 1976/1/6 وەزیری شارەوانی بووم . چوومە موصل و بەردی بناغەی ئاوی (موصل)م داناو وتەیەکم بۆ جەماوەر لەسەر شوێنی کارەکە خوێندەوە . پرۆژەی ئاوی موصل درابووە کۆمپانیایەکی فەرەنسی بە بێ ئەوەی من وەك وەزیری شارەوانی ڕازی بم ، لەبەر ئەوەی جیاوازی لەنێوان عەرزی کۆمپانیە فەرەنسیەکەو کۆمپانیا ئینگلیزییەکە دوو ملیۆن دۆلار بوو ، کۆمپانیە فەرەنسیەکە دوو ملیۆن دۆلاری زیاتر بوو لە کۆمپانیە ئینگلیزییەکە ، ئەوەبوو ڕای خۆم داو داوام کرد لە وەزارەتی پلان دانان ئەو سەردەمە (جواد هاشم) وەزیرپلان دانان بوو ، داواشم کرد پرۆژەکە بدرێتە کۆمپانیە ئینگلیزییەکە ، کە لەبەرێندەرە سانەویەکەی شریف جامباز بوو . کوردبوو خەلکی هەولێر ..

بەڕێوەبەری ئیدارەی کۆمپانیە فەرەنسیەکە محمد امین دەربەندفەقرە بوو ..

لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی پلان دانان کە بۆ ئەم مەبەستە بەسترابوو ,

لە کۆبوونەوەکە مەوزوعەکەم شەرح کردو پەنجەی تاوانم بۆ جواد هاشم درێژ کرد و وتم مەوزوعەکە جێگای گومانە و لەوانەیە لەنێوان دا "کۆمۆشن

"هەبێ .. دوای من دوکتۆر ڕەشید رفاعی قسەی کردو وتی بەلامەوە زۆر سەیرە ، وەزیری شارەوانی داوای کردووە پرۆژەکە بدرێتە کۆمپانیایەکی ئینگلیزی و هۆیەکانی ڕوون کردۆتەوە و وەزیری پلان دانان یەکسەر پرۆژەکە دەداتە کۆمپانیە فەرەنسیەکەو بۆ وەزارەتی شارەوانیش دەنووسێ (حصلت الموافقه على احاله المشروع الى الشركه الفرنسيه) ئەگەر مەسەلەکە کوموشنی تیانەبێ ئەی دەبێ چی تیا بێ!..

پاشان صدام حسین مەسەلەکەی لە کورتی بڕییەوەو نەیهێشت زۆر بچینە بنج وبنەوانی و داوای لێم کرد لەبەر هۆی سیاسی بێرمە دوای کۆمپانیا فەرەنسیەکەو وا بکەم پرێ لە پارەی عەرزەکەیان کەمتر بکەنەوە پرۆژەکەیان بدەمێ ، ئەوە بوو دوای بانگ کردنیان یەك ملیۆن دۆلاریان لابردو لەسەر داوای صدام حسین پرۆژەکەمان دایێیان.

دوا ڕۆژیش ئاشکرای کرد کە چۆن دوکتۆر جواد هاشم ڕای کردو لە ئیماراتیش لە با نکی عەرەبی چەند ملیۆن دیناری دزی .. هەروەها چۆن بە فێرۆ یەك ملیۆن دۆلار زیاترمان دا بەو کۆمپانیە فەرەنسیە..

بەلام پرۆژەی ئاوی (الحچر) لە موصل دامە شریف جامباز بۆ ئەوەی یارمەتی بدەم لەو غەدرەی لە پرۆژەی ئاوی موصل لێی کرا . ڕۆژی 1976/1/7 چوومە (الحچر) و بەردی بناغەی پرۆژەکەم دانا.

لە 1976/1/12 لە دیوانی وەزارەتی شارەوانی چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەییم کرد لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی ئافرەتی هۆلەندی . جگە لە باسی کاروباری وەزارەت ، باسی گەلی کوردم بۆی کرد لە کوردستانی عێراق لەگەڵ وەزعی کورد لە کوردستانی تورکیا وئێران وسوریا.

لە 1976/1/12 ڕوبیتان جاف جێگری پارێزگاری کەرکوك ، وەکیلی سەرۆك شارەوانیی کەرکوك بوو، وادیاربوو گوێی نادایە ئەوامری وەزارەت و دەیووت من ئەوامر لە پارێزگار ولید ئەعزەمی وەردەگرم نەك لە وەزیرشارەوانیی ، ئەمەش لە دوای ئەوەی ڕۆژێکیان سەید حوسین خاڵێکی گەڕەکی ئیمام قاسم لە کەرکوك هاتە لام بۆ وەزارەت شکاتی لە ڕۆبیتان جاف کرد ، وتی ڕۆبیتان عارەبانەکەمی حیجز کردووە و ناهێڵێ بە عارەبانەکەم بەهارات و بیبەر بفرۆشم ، جەنابت جارێ منداڵ بووی من ئەم کارەم دەکرد، ئێستا ڕۆبیتان جاف نانمی بڕییوە ، منیش بانگی عیسام کرد بەڕێوەبەری مەکتەبی وەزیر و داوام لێکرد نامەیەك بۆ سەعید عەباس سەرۆکی شارەوانیی پارێزگا بنووسێ ، کە سەرۆکی شارەوانی ، ڕۆبیتان عارەبانەکەی سەید حوسێن

بگەڕێمەتەوە با کاسبیەکەی خۆی بکا ، بەڵام ڕۆبیتان بە سەعیدی وتبوو و من ئەمر لە پارێزگار وەلید ئەعزەمی وەردەگرم نەك لە وەزیری شارەوانیی ، ئەوەبوو سەید حوسێن جارێکی تر گەڕایەوە بۆ لام و پێمی وت ، جەنابی وەزیر ئەگەر ئیمزات نایخوا بۆ نامەت بۆم نووسی ! زۆر سەیر بوو ، وەزیرێك کەسێك بۆ بەڕێوەبەری شارەوانیی بکاو ، سەرۆکی شارەوانی سەرپیچی بکا لە جێبەجێکردنی فەرمانی وەزیرەکەی بە بەڵگەی ئەوەی جەنابی ئەوامیر لە پارێزگار وەردەگری !   ئەوەبوو تەلەفۆنم بۆپارێزگار کرد دیاربوو ڕۆبیتان تەلەفۆنەکەی هەڵگرت ، کە زانیم ڕۆبیتانە پێمووت ڕۆبیتان (جاش ) وتی ئەوە چی لەهێی جەنابی وەزیر ،پێم وت گوێ بگرە سەید حوسێن لام دانیشتووە ، سبەی دەگەڕێتەوە بۆ کەرکوك خۆت عارەبانەکەی بۆ دەگێڕینیتەوە ، ئەگەر نا خۆم دێمە کەرکوك و دارکاریت دەکەم . بە سەید حوسێنم وت بگەڕێوە بۆ کەرکوك بزانە ئیمزاکەم دەیخوا یان نا ، بە تەلەفۆن ڕۆبیتانم شڕکردوو ، لە وەکیلی لام برد ،پێم وت من ئەوا لات دەبەم با پارێزگار ئەگەر پیاوە بتگەڕێنێتەوە .پێش ئەوەی تەلەفۆنی بۆ بکەم سەعید عەباس بەڕێوەبەری شارەوانیی پارێزگا پێی وتبوو شێخ ستار لەو وەزیرانە نییە گاڵتەی لەگەڵدا ناکری ، بەم مەوزوعە بزانیَ شەڕت دەکا . بەداخەوە ڕۆبیتان جاف لە کەرکوك بووبووە داردەستی وەلید ئەعزەمی وئازاری خەڵکی ناو بازاڕی دەدا،پێش ئەوەی لای بەرم.

لە 1976/1/22 وەجبەی یەکەمی پاصی (لیلاند)ی مەسلەحەی نەقلی ڕکاب گەیشتە بەغدا و لەناو شار جەولەیێکمان بەیەکیَ لە پاصەکان کرد لەگەڵ نوێنەرانی کۆمپانیای لەیلاند. پاصی لیلاند ، پاصێکی ئینگلیزییەو پێش من وەزارەتی شارەوانی گرێ بەستیان لەگەڵ ئەم کۆمپانیایە کردبوو لەسەر داوای دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری. هەرچەندە دوای ئەوەی من بوومە وەزیر وا ب�وکرایەوە کەوا لەوانەیە لە کاتی خۆی کۆموشین وەرگیرابیَ بۆ مەوزوعی کڕینی پاصەکان ، ئەوە بوو لێژنەیێکی لێکۆلینەوە داندرا لەگەڵ "عبد التواب ملا حویش" بەڕێوەبەری گشتیی مصلەحەی نەقلی رکاب . بەڵام من کۆتاییم بە لێکۆلینەوەکە هێنا ، بەوەی نامەیەکی تەنیم بۆ دیوانی سەرۆکایەتی نووسی و ڕوونم کردەوە کەوا ئەم گرێ بەستە لەسەر ئەمری ئەوان کراوە لەکاتی خۆی لەو سەردەمەی هاشم عەقراوی وەزیری شارەوانی بووە ، بۆیە مەوزوعەکەیان داخست . کەواتە ئەگەر کۆموشین هەبوبێت لە دیوانی سەرۆکایەتی بووە نەك وەزارەت.

لە 1976/1/24 ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بەپێی بڕیاری 89ی 1976/1/24 مافی ڕۆشنبیری دا بە تورکمانەکان . ئەمە جاری یەکەمە لە عێراق بە شێوەی ڕەسمی دوای بەیانی 11ی ئازار 1970 حوکومەتی عێراق دان بنا بە مافی ڕۆشنبیری تورکمانەکانەوە.

لە 1976/1/25 لە کۆلیجی سەربازیی ئامادە بووم لەگەڵا کاربەدەستان و ژمارەیەك لە وەزیرەکان بۆ گوێ ڕاگرتن لە موحازەرەیەك لەسەر شەڕی کوردستان . ئەحمەد حەسەن بەکر و صدام حوسین هەردووکیان لەم موحازەرەیە ئامادەبوون.

یەکێ لە ئەفسەرەکان لەسەر مێژوو باسی شەری ( ئاغجەلەری )کرد ، ئەو شەڕە لە نێوان سوپای عێراق وپێشمەرکەی کوردستان بوو = ئەفسەرەکە ناویپێشمەرگەی بە ( مخرب) دەبرد – ئەو شەڕە لە سالَی 1961 ڕووی دابوو ، لەو شەڕە گوایا ژمارەیەکی زۆریان لەپێشمەرگەکان کوشتووە و سوپای عێراق سەرکەوتوو بوو ، ئەوە بوو من و مەلا عەبدوڵلا قسەمان کرد و هەردووکمان بەپێچەوانەی قسەکانی ئەفسەرەکە ، کە لە ڕیزی پێشمەرگە تەنها یەك کەس کوژرابو ئەویش مامۆستا حەسیب مەحەمەد بەگ بوو، یەکێ لە مامۆستاکانی قوتابخانەی ئیمام قاسم بوو لە شاری کەرکوك، ئەوەبوو دوای موناقەشەکە ئەحمەد حەسەن بەکر بە ئەفسەرەکەی وت : ئەو زانیاریانە ڕاست بکەنەوە. .

لە 1976/2/10 چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەییم کرد لەگەڵا ڕۆژنامە نووسی لوبنانی (عفیف حنا) لە ڕۆژنامەی (الیوم) دەربارەی پارتی شۆرشگێڕی کوردستان و ئەوەبوو ڕۆژنامەکە بە دوورو درێژی بلآوی کردەوە.

لە 1976/2/21 چوومە پارێزگای دیوانیه و لەوێوە چوومە قەزای عەفەك کە پێش ئەوەی ببمە وەزیر قائممقامی قەزای عەفەك بووم وەك لەم یادداشتەم دا باسم کردووە . لەسەردانەکەم بۆ قەزای عەفەك ، قەرزەکانی شارەوانیی عەفەکم لادا ، کە وابزانم پەنجا هەزار دینار قەرزاری وەزارەت بوون و سەیارەیەکی تەنکەری ئاو و سەیارەیەکی ئاگر کوژێنەوەم پێشکەش کرد پێیان لەگەڵ قیرتاو کردنی شەقامەکانی ناو شارەکە لەسەر حیسابی وەزارەت.

لە 1976/2/25 بوومە وەکیلی وەزیری پیشەسازی لەبەر ئەوەی تەها جەزراوی بۆ دەرەوەی عێراق ڕۆیشتبوو.

لە 1976/3/1 سەردانی پارێزگای صلاح الدین م کرد . من یەکەم وەزیر بووم چوومە صلاح الدین دوای ئەوەی کرایە پارێزگا . پەنجا هەزار دینارم تەرخان کرد بۆ شارەوانیی تکریت و حاجی ئیبراهیمی ِ باوکی بارزان و زڕ باوکی صدام حوسین  لە کۆبوونەوەیەکی گشتی دا وتی بۆچی دووسەدو پەنجا هەزار دینارت داوە بە شارەوانیی نەجەف لە کاتێکدا پارێزگای نەجەف گەلیَ پێشکەوتوترە لە تکریت و تکریت قەزایەکی دواکەوتووە ، تەنانەت پرۆژەی ئاو خواردنەوەشی نییە . منیش لە وەلاَم دا وتم لە ڕاستیدا بۆ تکریتیش دووسەدو پەنجا هەزار دینارم دانابوو ، بەلاَم سەرەك کۆمار و جێگرەکەی داوایانکرد پەنجا هەزار دینار زیاترتان بۆ تەرخان نەکەم لەبەر قسەی خەلك ، لەبەر ئەوەی ئەوان خەڵکی تکریتن .. هەرچەندە لە سالاَنی 1980 بەبانەوە مەسەلەکە بە تەواوی گۆرا ، (بەشی شتێر) درا بە پارێزگای صلاح الدین و ئەم پارێزگایە بووە پارێزگای دووەم لە عێراق دوای بەغدا لە خەرج کردنی پارەو پوول بۆ ئاوەدان کردنەوەی.

لە 1976/6/28 کۆلیجی پەروەردەو دەروونناسیم تەواو کردو شەهادەی بەکالوریوسم وەرگرت هی سالّی خوێندنی 1975-1976 لە کۆلیجی ئادابی زانکۆی المستنصریە ونومرەکانی دوو سالّی دواییم (71.42) نومرەبوو (معدل) لە بەشی (الارشاد التربوی والنفسی) . کەواتە بە پلەی جید.

لە 1976/2/16 ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری دا دەستەی ڕۆژنامەی (العراق) دوای هەڵوەشاندنەوەی ڕۆژنامەی (التاخی) بەم جۆرەی لیَ بیَ.

رقم 182

استنادا الی احکام الفقره (أ) من الماده الپانیه والاربعین من الدستور المؤقت .

قرر مجلس قیاده الپوره بجلسته المنعقده بتاریخ 1976/2/16 ما یلی:

1. تمنح الهیئه المؤلفه من هاشم حسن العقراوی و صالح الحیدری وعبد الله روزبیانی وفائق جمیل وعبد الاله موسی ومحمد امین محمد ، اجازه اصدار مگبوع دوری سیاسی یومی (جریده) یصدر فی بغداد باللغه العربیه باسم العراق وژلك وفق الاسس الوارده فی گلب الهیئه المقدم الی وزیر الاعلام.

2. تلغی اجازه جریده التاخی الممنوحه الی عزیز عقراوی.

3. تنتقل اموال جريده التاخى المنقوله وغير المنقوله وموجوداتها وكافه حقوقها والتزامتها الى جريده العراق.

4. يعمل بهزا القرار من تاريخ صدوره ، ويتولى وزير الاعلام تنفيزه.

نشر القرار فى الوقائع العراقيه العدد 2515

له 1976/1/21 عەزیز عەقراوی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا ، ئەندامی لێژنەی باڵای بەرەی نیشتیمانی و نەتەوایەتی پێشکەوتنخواز یادداشتێکی دایە لێژنەی باڵای بەرەی نیشتیمانی و وێنەیەکی لەو یادداشتە دایە ئێمەش بە ناوی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان ، ئەوە لە خوارەوە دەقی یادداشتەکە وەك خۆی بەزمانی عەرەبی بلآودەکەمە وە:

الحزب الديمقراگى الكردستانى:

التاريخ: 1976/1/26

المكتب السياسى

الرفاق اعچاء اللجنه العليا للجبهه الوگنيه والقوميه التقدميه المحترمون

تحيه رفاقيه

على اپر الاجتماع الموسع للجنه المركزيه والكادر المتقدم لحزبنا الديمقراگى الكردستانى المنعقد فى 1976/1/2 بمقر المكتب السياسى لحزبنا فى بغداد والڙى حچره 77 كادرا من لجان الفروع والمحليه من جميع انحاء العراق.

وتم فى هڙا الاجتماع و بجو ديمقراگى تحديد مده أقصاها سته اشهر لانعقاد المؤتمر القادم للحزب (المؤتمر التاسع) واقرار مسوده المنهاج والنقام الداخلى المعد للحزب. وانتخاب لجنه مركزيه جديده لحين انعقاد المؤتمر القادم للحزب . ونتيجه حصيله الانتخابات لم يفز من بين المرشحين الاربعه والعشرين للجنه المركزيه الجديده كل من الساده فاچل على حسين ومحمد امين عبد القادر الحيدرى وسعيد قادر الجاف وصالح الحيدرى الاعچاء السابقون فى اللجنه المركزيه السابقه على الرغم من انهم كانوا مرشحين وادلوا باصواتهم فى الانتخابات ، علما بان صالح الحيدرى اصبح عچوا احتياگيا للجنه المركزيه المنتخبه.

فبدلا من ان يتمسك هؤلاء الاربعه غير الفائزين فى الانتخابات السلوك المبدئى المگلوب للمناچل الحزبى فى مپل هڙه الحاله خرجوا من الاجتماع بوچع متهور بعد ان اتهموا المندوبين والحزب بمختلف الاتهامات الباگله مما دفع المندوبين الى اتخاڙ قرار اجماعى بگردهم من الحزب.

وفى اليوم الپانى وزعوا بيانا باسمائهم ومراكزهم الحزبيه السابقه اتهموا الحزب وشخصى بالڙات باتهامات خگيره وباگله ولجؤا الى نشاگات تخريبيه چد منقمات الحزب ولم يكتفوا بڙلك بل سلكوا مؤخرا اساليب التهديد والسگو بحق مناچلى حزبنا ومقراتنا مستغلين اسم السلگه الوگنيه وبعچ اجهزتها.

ان هڙه الاعمال اللاقانونيه من التهديد والسگو وجعل انفسهم وصيه على الحزب امر يتناقچ مع المبادىء التنقيميه الحزبيه ولا تخدم باى حال من الاحوال جبهتنا والمصلحه الوگنيه العليا وبادره خگيره چد الحياه الحزبيه والديمقراگيه وشق للصف الوگنى خاصه فى مپل هڙه القروف التى يمر بها عراق 17-30 تموز القوميه التقدميه بقياده حزب البعپ العربى الاشتراكى المناچل وكڙلك نچال الشعب العربى وشعوب المنگقه من تهديدات القوى الامبرياليه والصهيونيه والرجعيه.

عليه نرجو سرعه عقد اجتماع اللجنه العليا للجبهه الوگنيه والقوميه التقدميه لتدارس هڙا الوچع الخگير الڙى يهدد كيان حزبنا الديمقراگى

الكردستانى باعتباره گرفا من اگراف الجبهه ، ولنا پقه عاليه من انكم ستساهمون فى وچع حد لهژه التصرفات وفق متگلبات المصلحه العامه.

وتفچلوا بقبول تحياتنا الرفاقيه

التوقيع

عزيز

عقــــــــراوى

سكرتير اللجنه المركزيه

للحزب الديمقراگى الكردستانى

عچو اللجنه العليا للجبهه

الوگنيه والقوميه التقدميه

/21كانون الپانى/ 1976

صوره منه الى

القياده القگريه لحزب البعپ العربى الاشتراكى المناچله

اللجنه المركزيه للحزب الشيوعى العراقى المناچله

اللجنه المركزيه للحزب الپورى الكردستانى المناچله

اللجنه المركزيه لحركه التقدميين الاكراد المناچله

الشخصيات الوگنيه والقوميه المستقله المميله فى اللجنه العليا للجبهه المحترمون

ئەمە لەگەڵ عەزیز عقراوی کرا ، هەمان کردەوەش لەگەڵ مەلا عەبدوڵلای ماتۆڕ کراو پاشانیش لەگەڵ من ، ئەم کردەوانەو هاندانەی ئەندامانی هەرسێ حزبەکە ، (پارتی و شۆڕشگێڕ و بزووتنەوە) دواجار بە تەواوی بۆ هەمووممان ڕوون بووەوە کە حیزبی بەعس لە هەر یەکێ لە ئێمە ڕازی نەبوایا ئەوە بەڕێگای دایەرەی ئەمنەوە ئەم جۆرە ئاژاوەیان لە ناوماندا دەنایەوەو یەکە یەکە ئەوی پیاوی خۆیان نەبوایا لایان دەداو دووریان دەخستەوە ، ئاشکراشە ئێمە ئاسنی ساردمان دەکوتییەوە ، زۆر سەیرە سێ حیزبی کوردی لە عێراقدا ، لە عێراقێکی پڕ بە تەنها حیزبی بەعس درابوو بە ڕەسمی . زۆر سەیرە حزبایەتی بکەی لەژێر سێبەری حیزبێك لە بنەڕەتەوە باوەڕی بە ژیانی حیزبایەتی (فرە حیزبی نەبێ) ئەوەبوو دوا ڕۆژ ئەم ڕاستییە زۆر جوان ئاشکراو ڕوون بووەوە.

عوسمان فایق:

عوسمان فایق ئەندامێکی کۆنی حیزبی بەعس بوو لە عەشیرەتی جاف بوو ، هەرچەندە بە ڕەگەز لە دایك و باوکەوە کورد بوو زمانی کوردی زۆر پاراو بوو بەڵام گەورەترین دوژمنی کورد بوو ، بەعسییەکی شۆفینی بوو ، یەکەم کەس بوو لە ئیستگەی بەغدا دوای کودەتا شوومەکەی بەعس لە ئێستگەکە وتارو تەعلیقی دەخوێندەوە ، پاشان لە ساڵی 1974 دوای دەسپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان حیزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان کرا بە ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری لە حوکمی زاتی کوردستان ، دوو ژنی هەبوو ، ژنە گەورەکەی خوشکی حەبیب مەحەمەد کەریم بوو سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان ، بەپێی بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەبوایا ئەمینداره گشتییەکان ئەوانەی خەڵکی کوردستان نەبوون ماڵ و منداڵەکانیان بەرنە هەولێری پایتەختی حوکمی زاتی کوردستان ، عوسمان فایق ئەم بڕیارەی جێبەجێ نەکردبوو ، بە ڕێکەوتیش لەو سەردەمەی من وەزیری شارەوانی بووم و چوومە هەولێر کێشەی کارەبا دزین هەبوو ، تا ڕادەیەك تەلەفۆنی مڵەکان کاریان ناکرد و هەرچی تەنکی ئاوی ماڵان هەبوو شیشیان بە تەلی کارەبا ڕەیسیەکانەوە دەبەست تا دەگا بە شبێلمان و گاوەسن دەیانخستە ناو تەنکیەکانیانەوە و ئاوەکانیان بەو جۆرە گەرم دەکرد . ئەوەبوو لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی ئەمیندارە گشتییەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان دوای ئەوەی وتیان ئێمە ناتوانیین کێشەی کارەباکە چارەسەر بکەین و داوایان لە من کرد دەسەڵاتی

خۆم وەك وەزیر بەكاربێنم لەم ڕووەوە . ئەوبوو منیش بڕیارم دا هەركەسێ كارەبا بدزێ كارەباكەی دەبڕم و كەسیش دەسەلآتی ئەوەی نییە خەتەكەی بۆ بگێڕێتەوە ، ئەوەبوو عوسمان فایق وتی سید الوزیر ئەی ئێمە كەڕە چین ( ناگور خچرە )ین .. پێم وت جارێ جەنابت بڕیاری ئەنجومەنی شۆڕشت بەجێ نەهێناوە كە دەبێ ماڵ و منداڵەكانت بهێنی بۆ هەولێر هەروەها جەنابت لە كوردستان هەڵنەبژێردراوی ، وەك ئەمینداریكێكی گشتیش بە كوردی قسە ناكەی ، كە تۆ نەتوانی لە كوردستان بچوكترین كێشە چارەسەر بكەی ،بۆیە جەنابت ( ناتور خوزرەی) و نابێ بۆ بەیانی وەك ئەمینداری گشتی لە هەولێر بێنی ، ئەگەر مای ئەوا من وەك وەزیری شارەوانی نایێنم . دوای كۆبوونەوەكە تەلەفۆنم بۆ سەرۆك كۆمار ئەحمەد حەسەن بەكر كردو داوام لێكرد عوسمان فایق لەسەرئەم تەسڕوفاتەی لە ئەمینداری گشتیی لابەرن ، ئەوەبوو لابرا.

جاریكێكی تر هەر لەگەڵ عوسمان فایق ، دەمە تەقێیەكمان بوو لەسەر رۆژنامەی " النور" كە لە بەیروت وەك زمانحاڵی شۆڕشگێڕ چاپ دەكرا ، ئەو سەردەمە جەنابی بەڕێوەبەری دەستگای ڕۆشنبیری كوردی بوو ، منیش سكرتێری پارتی شۆڕشگێڕی كوردستان بووم ، بە تەوسەوە تەعلیقی لە جۆری چاپكردنی ڕۆژنامەكە داو ، كە گوایا بە كاغەزی گران بەها و پارەیەكی زۆری بۆ خەرج كراوە ، دیاربوو زۆری پێناخۆش بوو ئێمە ڕۆژنامەیەكی وا دەرچوێنین ، منیش بە توندی وەلآمم دایەوە وپێم وت ئەی بۆ جەنابتان ڕەوایە چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەك دەرچوێنن و بۆئێمەش ڕەوا نییە لە چەند مانگێك دا ڕۆژنامەیەكی وا دەرنەچوێنین . هەردوو لامان بە پارەی دەوڵەتی عێراق ئەم ڕۆژنامانە دەر دەكەین .ئەم پارەو پوولانەش لە گیرفانی جەنابت دەرناچێ .

دەربارەی كوشتنەكەی عوسمان فایق لە ساڵی 1977 ، ئەو سەردەمە من وەزیری گواستنەوە بووم و بە وەكالەتیش وەزیری كارو باری كۆمەلآیەتی بووم ، كە وەزیری كاروباری كۆمەلآیەتی بابەكر مەحمود پشدری بە سەرۆكایەتی شاندێك چووبووە جنێف بۆ ماوەی یەك مانگ بۆ بەشداربوونی لە كۆبوونەوەكانی كۆنگرەی وەزیرانی كارو باری كۆمەلآیەتی ولآتانی جیهان .

عوسمان فایق لەڕێگای چوونە سەر كارەكەی ، چەند چەكدارێك تەقەی لێ دەكەن و لەناو سەیارەكەی دەیكوژن ، عوسمان فایق لە ناو سەیارەكەی سەری لە باوەشی كچە دۆستە قژ زەردەكەی بوو ، ئەو كچە

یەکێ لە فەرمانبەرەکانی دەستگاکەی بوو ، دوای یەك دوو خولەك کە تەقەی لێکرا و گەیشتمە شوێنی ڕووداوەکە ، بۆمیان گێڕایەوە کەوا چەکدارێك دەمانچەیەکی پێ بوو لەناو زەڕفێك بە دەستیەوە بوو و زۆر لەسەر خۆ بەرەو سەیارەکەی عوسمان فایق ڕۆیشت و کاتێ کە سەیارەکەی لەپێش دایەرەکەی ڕاگرت هاتە دەست و چەند فیشەکێکی پێوە نا و جێگای کاریگەری گرت و دەست بەجێ گیانی لەدەست دا . بەم جۆرە عوسمان فایق کۆتایی بە ژیانی هات.

دوای ڕووداوەکە ئەمنی عامە دەستیکرد بە گرتنی فەرمانبەرانی دەستگاکە ، لەوانەی کە گیران ( حوسێن عارف و مەحمود زامدارو ڕەووف حەسەن و چەند کەسێکی تر ..) ئەوە بووچووومە لای بەڕێوەبەری ئەمنی عامە ( ئەبو مازن) و پرسیارم لێی کرد بۆچی ئەم کەسانەت بە ناڕەوا گرتووە ، ئەویش لە وەلآمدا پێمی وت ئێمە بەڵگەمان لەسەریان هەیە و بەم پێکەنینەوە پێم وت ، ( مریشکێك بێنە هەردوو پای ببەستەوە و بانگی " حوسین عارف و مەحمودزامدار و ڕەووف حەسەن " بکە و دەمانچەیەك بدە دەستیانەوە ئەگەر توانیان ئەو مریشکە بکوژن ئەوا ئەوان عوسمان فایقیان کوشتووە، ئەمانە نووسەرو ئەدیبن و ڕۆژێ لە ڕۆژان چەکیان هەڵ نەگرتووە و ئەوەبو و ئەبو مازن قسەکانم چووە عەقڵیەوە و خۆشی لە بنەڕەتەوە باوەڕی وا نەبوو ئەمان بکوژی عوسمان فایق بن ، بەلآم چاری نەبوو دەبێ چەند کەسێك بگرێ ، ئەوەبوو هەرسێکیانی بەرەڵلآ کرد .

بۆیە لەدێم کچەکە قژ زەرد بوو ، جارێکیان ئەم کچە دۆستەی عوسمان فایق بەڕیاری سەرکردایەتی شۆڕش لە دەستگای ڕۆشنبیرییەوە گواسترایەوە بۆ وەزارەتی گواستنەوە وەك " کاتبەی تابیعە " ، ئەو سەردەمە من وەزیری گواستنەوە بووم ، عوسمان فایق ئۆقرەی لێبڕابوو ، واسیتە نەما نەیکا بۆ ئەوەی دووبارە هەوڵی بۆ بدەم بیگوێزێنەوە بۆ لای خۆی ، ئەوەبوو ڕۆژێك عبیداللە بارزانی وەزیری دەوڵەت هات بۆ لام بۆ وەزارەت و داوای لێمکرد وا بکەم فەرمانی گواستنەوەی دۆستەکەی عوسمان فایق هەڵوەشێنمەوە ، لە کاتێك دا هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە دەسەلآتی وەزیر بەدەرە ، عبیداللە بارزانی پێمی وت تۆ دەتوانی وا بکەی ئەمرەکەی هەڵ بوەشێنیتەوە، منیش پێم وت بە مەرجێك عوسمان فایق خۆی تەلەفۆنم بۆ بکا و داوای لێبوردنم لێ بکا دەربارەی هەموو ئەو کارە خەراپانەی کە دەرهەق منی کردووە و دەیەها ڕاپۆرتی سیخوری لە دژم نووسیوە بۆ حیزبەکەی . بارزانی پێمی وت

ئەمە هەر مەرج نییە چیت دەوێ وا دەکا ، ئەوەبوو بۆ سبەی عوسمان فایق تەلەفۆنی بۆمکرد و دەپاڕایەوە لێم ... بە هەرحاڵ توانیم وا بکەم لەسەر ڕەزامەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەمین سڕی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دووبارە بۆ دەستگای ڕۆشنبیری بگەڕێتەوە .

ئەوەش ماوە بڵێم دەربارەی کوشتنەکەی عوسمان فایق و دوای ئەوەی لە زانکۆی موستەنسرییە ئەو کەسانەی گیران کە خەریکی تەقاندنەوەی زانکۆکەبوون و یەکێ لەو گیراوانە دانی بەوەدا نابوو کە ئەو بکوژی عوسمان فایقە ، یەکێ بوولە ئەندامانی ( کۆمیتەی هەڵۆی سور. )

هەر دەربارەی عوسمان فایق کە چەند خێڕی بوو ، ئێزانە گەورەکەی خوشکی حەبیب مەحەمەد کەریم بوو ، لەبەر ئەوەی فەیلی بوو حیزبی بەعس تەرحیلی کرد بۆئێران ، جارێ لەڕێگا بوو گەیشتبوە کوت ، زۆراب داراخان هات بۆ لام وپێمی وت ئەگەر فریای ئێزانەکەی عوسمان فایق نەکەوی ئاودیو سنووری دەکەن و ئێستا لەگەڵ وەجبەیەك لە فەیلیەکان گەیشتونەتە کوت ، ئەوەبوو تەلەفۆنم بۆ تەها جەزراوی کرد بۆ ئەوەی بیگەڕێنێتەوە بۆ بەغدا ، جەزراوی زۆر پیاوانە هاتە دەست و تەلەفۆنی بۆ پارێزگاری کوت کرد و ئێزانەکەی عوسمان فایقی گەڕاندەوە بۆ بەغدا ، لێرەدا کە وشەی ( خێڕی )م بەکار هێناوە بۆ عوسمان فایق کە لە ساڵی پەنجاکانەوە ئەندامی حیزبی بەعس بووە و نەیوێراوە هەوڵێ بۆ ئێزانەکەی بدا بۆ ئەوەی تەرحیل نەکرێ ، زوٙربەی زۆری ئەو کوردانەی دەبوونە بەعسی دەبوونە " ئەڵقە لە گوێ بەعس" نەك بەعسییەکی بیر ، تەنها بیر بوون بەرامبەر بە نەتەوەکەی خۆیان نەتەوەی کورد، کورد وتەنی "ڕێوی لە کوون خۆی هەڵگەڕێتەوە گول دەبێ " چەند کورێکی بەعسیش هەبوون جیاوازی زۆریان هەبوو لەگەڵ ئەمسالی عوسمان فایق و تەها جەزراوی و ئیبراهیم زەنگەنەو .. وەك مەحەمەد شەمبێ کە بە ڕاستی سەرەڕای ئەوەی گەیشتە پلەی لق لەڕێکخستنی حیزبی بەعس بەلآم بە هیچ جۆرێك دژی نەتەوەکەی نەبوو من بەش بەحاڵی خۆم بۆ مێژوو شایەدی ئەوەی بۆ دەدەم کە گیانی کوردایەتی زۆر باش بوو ،پێش ئەوەی ببێتە بەعسی ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو و لە ئەنجامی ئەوەی مەلا ماتۆر دەیگرێ و زۆر ئازاری دەدا ، هەر دوای ئەوەی لە چنگی مەلا ماتۆر ڕزگاری دەبێ دەچێتە بەغداو بەڕێگای تاریق عەزیزەوە دەچێتە ڕیزی حیزبی بەعسەوە و مەلا ماتۆر و ئەمسالی مەلا ماتۆر ڕۆڵی توندو تیژییان لەگەڵ جەماوەری کورد وای کرد کە گەلێ کەس ببنە نەیاری پارتی دیموکراتی

کوردستان ، بۆ نموونە لە کۆنگرەی حەوتی پارتی دیموکراتی کوردستان | بڵی مەکتەبی سیاسی \ لە سڵی 1970 کە لە کەلار بەسترا ، یەکێ لەو ڕەخنە توندانەی لە مەلا ماتۆر گیرا (پێشمەرگەیەکی دارکاری کردبوو تا ئەوەی قەپی –گەز- لێدابوو ، پێشمەرگەیەکی تری تەوقیف کردبوو شەرۆڵەکەی پێ داکەنبوو پێی وتبوو " گێرت" زلە .لێرەدا ئەم باسەم کرد کە قسەقسە ڕادەگێشێ و بۆ ئەوەی خوێنەری ئەم یادداشتەم ئەوە بزانن ، لە ڕیزی پارتی وپێشمەرگەی کوردستان چەند کەسێکی وەك مەلا ماتۆر هەبوون پێیان بە ئەندامانی پارتی وپێشمەرگەی کوردستانەوە دەنا بۆ ئەوەی بچنە ڕیزی نەیارانی پارتییەوە وەك مەحەمەد شەمبێ.

کۆنفرانسی سەلام:

لە کۆنفرانسی سەلام یەکێ لە ئەندامانی کۆنفرانسەکە پرسیاری لێمکرد ( ئایا ئەگەر صدام حوسین بەندەکانی بەیانی 11 ئازاری جێبە جێ نەکرد ، ئێمە دەبێ هەڵوێستمان چۆن بێ ؟ لە وەڵامدا پێم وت ( کورد دەڵێ پێت لەێم خڵۆ ئەگەر چۆلەکەم بۆ نەگری پێت لێنێم خڵۆ).ئێمەش ئەگەر صدام حوسین بەیانی 11ئازار جێبەجێ نەکا پێی لێنێن خڵۆ . دانیشتنەکانی ئەم کۆنفرانسە لەسەر شریتی ڤیدیۆ تۆمارکرابوو ، جارێکیان دوکتۆر بەدرخان هاتە ماڵمان شریتەکەم بۆ لێدا ، کە چاوی بەو ڕستەیە کەوت پێمی وت ئەم قسەیەت چۆن کردووە ، ئاگاداری خۆت بە ، بە ڕاستی هەندێ قسەت کردووە مەگەر ئەوانە بوێرن بیکەن کە لە شاخن و لەژێر دەستی صدام نیین .

لە 1975/9/16 گەڕامەوە بۆ بەغدا.

سەردانی ئەڵمانیای دیموکراتی:

لە ڕۆژی 11\2\1977 بە سەرۆکایەتی وەفدێك وەك وەزیری گواستنەوە چوومە ئەڵمانیای دیموکراتی ئەندامانی وەفدەکە پێك هاتبوون لە " خالید عبدالحليم سەرۆکی دەستگای هێڵی شەمەندەفەر، عبدالرزاق محمود ، عبدالأمير صراف ، " لە فرۆکە خانەی بەرلین دابەزین ،، پێکەوت لە هەمان فڕۆکە عەزیز شەریف و مەنال ئالوسی سەرۆکی ئافرەتانی عێراقمان لەگەڵدا بوون . لە فڕۆکەخانەی بەرلین وەزیری بازرگانی دەرەوە " هۆست زۆلە" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی سۆشیالیستی ئەڵمانی هاتە پیریمانەوە لەگەڵ حاتەم مولحەقی بازرگانی عێراق لە

ئەڵمانیا و نەبیلێک پرسراوی قوتابیانی عێراق لە ئەڵمانیا ، لەمێوانخانەیەکی تایبەت مێواندارییمانیان کرد .

لە ڕۆژی 2\12 \ 1977 کاتژمێر 10 بەیانی لەگەڵ وەفدی ئەڵمانیا کۆبوینەوە ، وەفدی ئەڵمانیا بە سەرۆکایەتی هۆست زۆلە وەزیری بازرگانی دەەوەو ئەندامەتی کلاوز مێسرۆ پێوەبەری " الأشارات الچوئیە"و پێوەبەری گشتیی کارگەی دروستکردنی فارگۆنی شەمەندەفەر پێکەوە دانوستاندنمان کرد دەربارەی کڕینی 350 فارگۆنی بارهەڵگر و گێڵی تەلەفۆن و ئیشاراتی تیشکی لە ساختمانی وەزارەتی بازرگانی دەرەوە .بۆ ئێوەڕۆ داوەتی هۆست زۆلە بووین ,

لە 2\13 بە سەیارە لەگەڵ ئەندامانی وەفدەکە چووینە شاری " درسدن" بۆ ڕۆژی دواییش چووینە شاری " گێورلز" بە مەبەستی سەردانی کارگەی دروستکردنی فارگۆنی نەفەر هەڵگر ، بۆ ڕۆژی دوایتر چووینە شاری " نیسك" هەر بۆ سەردانی فارگۆنی بارهەڵگر کە لەوێ بۆئێمەیان دروست دەکرد. فارگۆنی ژمارە" 25000" یان بۆ عێراق دروست کردبوو ، لەپێشانگای کارگەکە داندرابوو لەو شوێنە ئاهەنگێکی گەورەیان سازدا بە بۆنەی سەردانەکەمان و تەواوبوونی فارگۆنی ژمارە 25000 هەزارەکە، بەو بۆنەیەوە وتارێکم بۆ ئامادەبووان پێشکەشکرد. ئەڵمانەکان لەم جۆرە مەراسیمانەیان زۆر بوو، دەیانزانی چۆن پروپاگەندە بۆ کالاَکانیان بکەن، لەم ڕووەوە زۆر لەئێمەپێشکەوتووتربوون.

بۆ ڕۆژی ئایندە چووینە شاری " ڕۆستۆك" بەلآم ئەمجارەیان بە سواری شەمەندەفەر ، لە ڕۆستۆك سەردانی مەڵبەندی ئیشارەتە تیشکیەکانمان کرد ، لە گۆڕەپانی مەڵبەندەکە سەیری چۆنیەتی جوولاَنەوەی شەمەندەفەرەکانمان دەکرد چۆن لە وێستگەیەکەوە بۆ ویستگەیەکی تر دەڕوا و لەڕێگا چاوەدێری دەکرێ و ئەگەر بە هەڵە شەمەندەفەرێك بێتە سەرهێڵەکەی ئاگادار دەکرێتەوە ،یان فارگۆنی بارەکان چۆن ئوتۆماتیکی لە شەمەندەفەرەکە جیا دەبێتەوەو بۆ ئەو شوێنەی بۆی داندراوە دەڕوا .

لە 2\17 لە بەرلین سەرم لە باڵیۆزخانەی عێراق دا ، دوا بەدوای سەردانەکەم بۆباڵیۆزخانەی عێراق زیارەتی پەیکەری " سەربازی ون "ی یەکێتی سۆڤێتم کرد. بۆ ڕۆژی دوایی سەردانی وەزیری پیشەسازی قورسی ئەڵمانیام کرد و دوای نیوەڕۆش سەردانی وەزیری گواستنەوەم کرد، پاشان سەردانی وەزیری کارەبا و ئەلکترۆنیم کرد . بۆ شەویش داوەتکراین

لە کۆشکی کۆماری و کۆشکەکە تازە تەواوکرابوو بەڕاستی یەکێ لە کۆشکە قەشەنگ و نایابەکانی جیهانە پارچەیەك کریستاڵە ، بە ڕۆژ کۆشکی کۆمارییەو بە شەویش یانەی لاوانەو پڕە لە ڕیسۆترانت و جێگای حەسانەوەو خواردنەوە. نەك وەك کۆشکە کۆمارییەکەی عێراق نەك بە شەو بەڵکو بە ڕۆژیش بڵندە حەدی نییە بە سەریدا بفڕێ نەك بنیادەم .

هەموو وەفدێك ڕۆژێکیش گەڕانەوەی دەچێ بۆ بازاڕی ، ئەوەبوو لە 18 \2 چووینە بازاڕو ئەوی پێویستمان پێ بوولە کوتاڵی ئەلمانی کڕیمان و شتومەکەکان زۆر هەرزان بوون لەبەر ئەوەی بە دۆلار ئەمانکڕی. بۆ ئێوارەش لەگەڵ وەزیری بازرگانی پرۆتۆکۆلێکمان مۆرکرد لەگەڵ دوو گرێ بەست لە لایەن خالید عبدالحەلیمەوە مۆرکران . بۆ شەویش داوەتی " کلایبەر" بووین جێگری سەرەك وەزیران و، لەو داوەتە حەسەن عامری وەزیری بازرگانی عێراقیش تازە گەیشتبووە بەرلین لە داوەتەکە ئامادە بوو. شەو کاتژمێری یەکی شەو کلایبەر لە شوێنە تایبەتەکەم سەری لێدام و تا کاتژمێری دوو و نیو لام مایەوە . کلایبەر یەکێ لە دۆستە باشەکانی عێراق بوو زۆر یارمەتیمانیدا و ئیشوکارەکانمانی ئاسانکردبووە لەگەڵ وەفدەکەیان کە لەسەرەتادا من لێیان ڕازی نەبووم ئەگەر کلایبەر نەبوایا لەوانەبوو پرۆتۆکۆلەکەم لەگەڵیاندا مۆر نەکردابایە .

ڕۆژی 19\2 بەڕێگای بۆدابستەوە بۆ بەغدا گەڕاینەوە.

سەردانەکەم وەك سەردانێکی ڕەسمی و بازرگانی سەردانێکی زۆر سەرکەوتوبوو ، ژمارەیەکی باشی فارگۆنی بارهەڵگرمان لێیان کڕی بە نرخێکی هەرزان و دانانی ئیشارەتە تیشکەکانی سەر هێڵی شەمەندەفەری نێوان موصل و بەغدا بە نرخی کۆنی سلێ لەمەو بەر .

المؤتمر العالمی للتچامن مع نچال الشعب العراقی من اجل التوحید المستقل والسلمی لبلاده:

لە 1975/1/16 کۆنگرەی جیهانی هاریکاری لەگەڵ خەباتی گەلی عێراق لە پێناوی یەکێتی و سەربەخۆیی وئاشتی ولاتەکەیان لە بەغدا لە هۆڵی زانکۆی موستەنصریە بەسترا،لەم کۆنگرەیە بەناوی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانەوە بەشداربووم،بروسکەیەکم بۆ پشتگیری کۆنگرەکەدا

ئەنێرا غاندی.

ئەندیرا غاندی سەرۆکی وەزیرانی هیندستان لە 17-1975\1\21 بە سەردانێك هاتە عێراق ، سەردانی زانکۆی موستەنصریەی کرد و لە زانکۆ بڕوانامەی فەخری دوکتۆرای لە یاسا پێ بەخشرا. لە هۆڵی زانکۆ کۆبوونەوەیەك بۆ ئەم مەبەستە بەستراو ئەندیرا غاندی وتەیەکی داو باسی دۆستایەتی نێوان عێراق وهیندستانی کردوو وتی : ئەم دۆستایەتیە بۆ ێر زەمان دەگێڕێتەوە، لە وتەکەیدا زۆری بە شان و باڵی عێراقدای هەڵدا ،.منیش یەکێ بووم لە ئامادەبووانی ئەم کۆبوونەوەیە..من خۆم دەرچووی ئەم زانکۆیە بووم لە ساڵی 1974.

پارێزگای بەصرە و زی قار:

لە 1975/2/4 سەرم لە پارێزگای بەصرە دا وەك وەزیری شارەوانی ، لەگەڵ پارێزگاری بەصرە (عامر الخشالی) و تاهیر تۆفیق ئەلعانی ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعس لەبارەگای حیزبی بەعس کۆبوینەوە، لەم جەولەیە صادق عمران ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان لەگەڵ خۆمدا بردبوو،. صادق عمران دوای قەدەغەکردنی لە کاری حیزبایەتی لە ڕیزی حیزبە کوردیەکان لەبەر ئەوەی سەربازی خانەنشین بوو ، دەبوایا دوور بخرێتەوە و حیزبایەتی نەکا ، بۆیە دوورمان خستەوە لە حیزب و چووە بواری بازرگانییەوە ، لەئەنجام دا خۆی کوشت و کۆچی دواییکرد ، خۆکوشتنەکەشی بە هۆی ئیفلاسکردنی بوو لە کاری بازرگانیدا . حیزبی بەعس ڕێکخستنی لە ڕیزی سوپا قەدەغەکردبوو تەنها لە ترسی حیزبی شیوعی عێراق بوو ، ئەوەبوو ئێمەشی گرتەوە.

لە 1975/2/5 سەرم لە پارێزگای زی قاردا ،چاوم بە پارێزگاری زی قار کریم النجار کەوت . زی قار( ناصریە) یەکێکە لە پارێزگا دواکەوتووەکانی عێراق لە بواری پیشەسازیو کشتوکاڵ و پەروەردەو هەموو بوارەکانی تری کۆمە�یەتیش. ئەمەش ئاشکرایە بەڕێی نەخشەو پلانێکی تایبەت لە لایەن حیزبی بەعسەوە ڕێکخرابوو. لەبەرئەوەی ئەم پارێزگایە زۆربەی دانیشتوانی شیعەبوون. بۆیە هیچ پرۆژەیەکی گرنگی تێدا درووست نەکرابوو هەر بە دواکەوتویی مابووەوە،نەك وەك تکریت کە قەزایەکی زۆر بچووك بوو گەلێ لە قەزای دوزخورماتو بچووکتربوو بەلام صدام حسین کردی بە پارێزگاو ئێستا یەکێکە لەپێشکەوتووترین پارێزگاکانی عێراق، بایەخدانی صدام حسین بە تکریت ئاشکرایە لەبەر ئەوەیە کە ئەم شارە جێگەی باوو باپیریەتی هەر چەندە صدام لە دایکبووی شارەکە نییەو لە دێی( عۆجە) سەر بە تکریت لە دایکبووە، زۆریش پەرەی بە دێی عۆجە داوە

، تا ڕووخانی ڕژێمەکەشی بازارەکانی – سوق المركزي- شتومەکی بە نرخی ڕەسمی و هەرزان بە خەڵکی عۆجە دەفرۆشت ، ئەم دیاردەیەش هیچ وێنەیەکی لەجیهاندا نییە . خيرالله تلفاح لەو سەردەمەی پارێزگاری بەغدا بوو ناوی عۆجەی نا ( ام القرى) کەواتە ناوی شاری ( مەکە) بەڵام سعوودییە لەم کردەوەیەی تلفاح هاتە جواب و صدام حسینی ناچارکرد ناوی ( ام القرى) لابەرێ و دووبارە بگەڕێتەوە بۆ سەر ناوی پێشووەکەی . ناونانی عۆجە بە ام القرى ئەوەی خستەوە یادم کە لێژنەی ناوچەی شوان ناوی ێی ( خلە گەڕ) ی لە شوانی سەر خاسە لە ساڵی 1963 نابوو ( خلە قارەمان) بەڵام دوای هێرشەکەی بەعس و گرتنی ( چەمڕێزان) کوێخا " مجباس" کوێخای خلەگەڕ لەگەڵ کوێخا جەباری " گورگەیی " سەرخاسە بووە جاش ، دووبارە ناوی خلەگەڕمان گەڕاندەوە سەر ناوە کۆنەکەی کە خلەگەڕ بوو. ڕۆژێکیان لە بنکەی شەهید " مأمون" لەگەڵ چەند کادیرێکی پارتیمان دانیشتبووین لە بان ئەشکەوتەکەی بنکەکە ، کاتی عەسر بوو ، " حەمە ئینجە" زاوای کوێخا حوسێن گوڵمەکەوە، پیاوێکی قسەخۆش بوو ، کۆنە عەریفی عەسکەری بوو ، لە ێی گوڵمەکەوەوە هاتە لامان بۆ بنکەی شەهید مأمون ، کە گەیشتە لامان ، دوای سەلام کردن ، دانیشت و پڕ دەسی پەنجایی بوو ، پەنجاییەکانی یەکە یەکە فڕێ دەدایەپێش من و دەیوت ( خلە گەڕ .. خلە گەڕ .. ) تا دەجار وتی خلە گەڕ و پاشان وتی خلە گەڕ نابێتە خلە قارەمان ، منیش وتم پەنجایەکی تریش بدە حەق خلەگەڕەکەی ئەم دواییە کە وتت خلەگەڕ نابێتە خلە قارەمان . بەڵێ ئەم ڕووداوەم کەوتەوە بیر کە دوای ئەوەی کوێخا مجباس بووە جاش ، حەمە ئینجە هاتە بنکەی شەهید مأمون وپێمی وت : شێخ ستار پێنج دینار دەرکە و تەسلیممی بکە ، منیش وتم پێنج دیناری چی؟ وتی کاتی خۆی یانزە پەنجایی سزاتدێم سەند لەسەر ئەوەی بە خلەقارەمانم وت خلە گەڕ ، فەرموو خلە گەڕ هەر بە خلە گەڕی مایەوە ، منیش فایدەی ئەو پارەیەت لێ دەسەنم کە دەکاتە پێنج دینار. بەم جۆرە نە عۆجەکەی تلفاح بووە ام القرى و نە خلەگەڕەکەی پارتیمان بووە خلە قارەمان و منیش پێنج دینار سزاکەی خۆم دایە حەمە ئینجە.

دەزگای رۆشنبیری نوێ:

لە 1975/2/6 ڕێکەوتی ڕۆژی پێنج شەممە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ کۆبوونێکیان لە بارەگای بەرەی باڵای نیشتمانی ونەتەوایەتی

پێشکەوتنخواز بەست، لە دانیشتەکانی کۆڕەکە بەشداربووم کۆڕەکە لەسەر بابەتی (الخلفيه التاريخيه للحكم الژاتى ونماژج الحكم الژاتى ، وتاپير الحكم الژاتى على الجماهير )

نەعیم حداد ومهدى حافڤ و صفاء حافڤ ومحمد كريم و كريم احمد وبابكر پشدەری واسماعيل رسول وعبد القادر خليل وسعاد اديب تيايا بەشداربوون بەندەش لە کۆڕەکە بەشداربووم لەسەر بابەتەکە شێکەم پێشکەشکرد دەربارەی لە دایکبوونی حوکمی زاتی کوردستانی عێراق ، باسی ئەوەمکرد کە حوکمی زاتی کوردستانی عێراق لە ئەنجامی شۆرشی 11 ئەیلولی 1961 وە هاتووە ، لە شۆرشی ئەیلولی 1961 پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق دروشمی ( دیموکراتیەت بۆ عێراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستان )ی هەڵگرتبوو، ئەوەشم ڕوونکردەوە کە ئەم درووشمە بە هیچ جۆرێ بۆنی جیابوونەوەی کوردستانی عێراقی لێ نایێ لە دەوڵەتی عێراق بەڵکو بەپێچەوانەوە یەکێتی خاکی عێراق دەپارێزێ . نموونەی حوکمی زاتیم لە ولآتی یوگوسلاڤیا و ولایەتی کیرالآ لە هیندستان هێنایەوە .کە لەوەوپێش سەردانی هەردوو ولاَتەکانم کردبوو . وا دیاربوو ناوەڕۆکی بابەتەکەم بەدڵ بەعسیەکان نەبوو .

بەرەی نیشتمانی

لە 1975/2/11 کۆمیتەی بالاَی بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی پێشکەوتنخواز بڕیاریدا بە وەرگرتنی پارتیمان پارتی شۆرشگێڕی کوردستان بە ئەندام لەبەرەو نوینەرێکمان هەبیَ لەلێژنەی بالاَ و پارتی دیموکراتی کوردستان- جەماعەتی عزیز – هاشم عەقراوی ، لەگەڵ بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی کورد، جەماعەتی مەلا عبدالله اسماعيل.

لێژنەی بالاَی بەرەی نیشتمانی هەر بەناو بەرەی نیشتمانی بوو ، بڕیارەکانی دەبوایا بەگشتیی دەنگ دەربچیَ ونیوەی ئەندامانی نوێنەرانی حیزبی بەعس بوون و سیَ ئەندامیش نوێنەرانی حیزبی شیوعی عێراق بوون ، سیً نوێنەری پارتی شۆرشگێڕو پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد و بەم دواییەش سەرۆکی ئەنجومەنی یاسا دانان بابەکر پشدەری وجێگری سەرەك کۆمار تەها محی الدين يش بوونە دوو ئەندامی بەرە .بە سەرۆکایەتی صدام حوسین.

.تا شیوعیەکان لەبەرە مابوون بەرە بەڕێکوپێکی کۆ دەبووەوە و موناقەشەی کۆمەلیَ بابەت دەکرا ، دوای نەمانی شیوعییەکان بەرەش کۆتایی پیَ هات و لە جیاتی صدام حسین نەعیم حەداد سەرکردایەتی کۆبوونەوەکانی دەکرد ، دەتوانم بڵێم کۆبوونەوەکانیش وەك گاڵتەی مندالاَنی لێ هاتبوو، جگە لەوەی کۆبوونەوەکانی بەرە بە جۆرێك وای لێهات وردە وردە بەرەو نەمان ڕۆیشت ، تەنها سکرتاریەتی بەرە بەردەوامبوو لە کۆبوونەوەکانی، نوێنەری ئێمە عبدالله ڕۆژبەیانی بوو لە سکرتاریەت ، هەرچی موناقەشەیەك بکرایا بۆمانی دەگێڕایەوە .

سەردانی هەولێر.

ڕۆژی 1975/2/12 چوومە پارێزگای هەولێر و لەگەڵ خۆما هەموو بەڕێوەبەرانی گشتیی پرۆژەکان و پلاندانان و پشکنین و چاوەدێری و یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی دارایی و بەڕێوبەری گشتی دیوان و پەیوەندیەکانم برد ، بۆئەوەی پشتگیریەکی باشی شارەوانیی حوکمی زاتی بکەین.

لە هەولێر تا ڕۆژی هەینی مامەوە ، شان بە شانی ئیش و کاری وەزارەت ، ئیش وکارەکانی پارتی شۆرشگێری کوردستانیشم ئەنجام داو کۆبوونەوەیەکی فراوانی لقی3ی هەولێرمان بەست و عەلادین حەسەنیان بە سکرتێری لق هەڵبژارد . لەم کۆبوونەوەیە فائق جەمیل و شەوقی حەمە خان و محمد محی الدین سیَ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیش بەشداربوون . ڕۆژی هەینی بۆ بەغدا گەڕامەوە ، لە ڕێگای هەولێر-کەرکوك جەماعەتی بارزانی پرێکیان نەسف کردبوو، لەو ماوەیەدا ئەوە چالاکی یەکەمیان بوو دژی حکومەت بەلاَم ئەو کارە وا نەبوو بە هیچ جۆرێك کار بکاتە سەر ئیشوکاری میری یان تەنانەت ڕێگاکەشی نەبڕی .

لە 25-1975/2/27کۆنگرەی شارەوانیمان بەست . لە کۆنگرەکە هەموو سەرۆکی شارەوانیەکانی عێراق لە پارێزگاو قەزاو ناحیەکان بەشداربوون لەگەڵ پارێزگارەکانی هەموو پارێزگاکانی عێراق . بەڕاستی ئەم کۆنگرەیە کە سالاَنە دەبەسترا جوانترین وڕێکوپێکترین شێوەی دیموکراتیەت بوو بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی شارەوانیەکانی ولاَت . لەم کۆنگرانە بەشداربووان هەرچی کەموکورتییەکیان هەبوایا باسیان دەکردو ڕاپۆرتی شارەوانیەکانیان دەخوێندەوە و پارێزگارەکانیش وەك سەرۆك شارەوانیەکان کەموکورتی پارێزگاکانی خۆیان دەخستە ڕوو. سەرەك شارەوانیەکان زۆر جار

باسی دەستدرێژی پارێزگارەکانیان بۆ کاروباری شارەوانیی دەکرد. بە تایبەتی زوَربەی زۆری ئەو پارێزگارانە ئەندامی لقی حیزبی بەعس بوون زۆر سەرەڕۆبوون و تەجاوزی دەسەلاَتەکانیان دەکرد و گوێیان بە یاسا نادا .

ڕێکەوتننامەی جەزائیر.

شای ئێران : حەمە ڕەزا شای ئێران لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 1975 سەردانی میسرو ئەردەنی کرد . مەبەستی شای ئێران لەم سەردانەی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ولاَتانی عەرەب و ئێران بوو بۆ ئەوەی بەهێزتریان بکا بەتایبەتی کە کەنداوی فارس تەنها ڕێگەی ئاوییە کە ئێران بە هۆیەوە دەتوانیَ پشوو بخواتەوەو لەناوچەکە بژیَ . لەبەر ئەوەی نەوتی ئێران لەم ڕێگە ئاویەوە بەرەو بازاڕەکانی جیهانیی دەڕوا ، هەر شەش دەقیقە جارێك یەك پاپۆری بارهەڵگری نەوتکێشی ئێرانی پێیدا تێپەڕ دەبیَ . ئێران گومان لەوەدا نییە بەهەموو توانایەوە پارێزگاری بەرژەوەندیەکانی خۆی لەم دوورگەیە دەکا ، بۆ ئەم مەبەستەش خۆی پڕ چەك کردبوو . دوا هەوڵدانی ئێرانیش لەم ڕووەوە داگیرکردنی سیَ دوورگەی سەر تەنگی هورمز بوو ،لەگەڵ دەست هێژکردنی بۆ کاروباری ناوخۆی ( القفار) وبەگژاچوونی شۆرشگێڕەکانی (ڤفار) لە هەرێمەکە ئەو دەوڵەتەی بتوانیَ بە رەنگاری ئێران بێتەوە لە هەرێمەکەدا تەنها عێراقە. سیَ خاڵی سەرەکیش هەیە کە عێراق وئێران لەسەری ڕێك ناکەون ، سیَ خاڵەکەش ئەمانەن:

یەکەمیان بابەتی ڕوباری عەرەبە"شگ العرب" . دووەمیانیش کێشەی کوردەو یارمەتیدانی کورد لە لایەن ئێرانەوە . سێیەمیانیش دەست هێژکردنی هەردوو لایە بۆ کاروباری ناوخۆی ولاَتەکانیان. .

هەرچەندە دواجار دەبینین چۆن شای ئێران و صدام حسین لەسەر ئەم سیَ خاڵە لە جەزائیرڕێککەوتن و گەلی کوردو شۆڕشەکەشی دەبێتە قوربانی ڕێك کەوتنەکەیان .کەواتە لە سیاسەتدا " مستحیل " نییە ، دۆستایەتی و دوژمنایەتی بەردەوام نییە ، ئەوی بەردەوامە بەرژەوەندی نەتەوەییە ، کە دواجار زۆر بێ ئەخلاقانە صدام و شا ڕێککەوتن ، ڕیککەوتنەکەش لەسەر حیسابی گەلی کوردو شۆڕشەکەی بوو.

لە 1975/3/4 کۆنگرەی " ئۆپیك" لە جەزائیر بەسترا ، صدام حسین وشای ئێرانیش لەم کۆنگرەیە بەشداربوون ، لە 1975/3/6 عێراق وئێران لە ئەنجامی ئەم کۆنگرەیە لەسەر گیروگرفتەکانی سنوور ڕێککەوتن، ڕێککەوتنی جەزائیر دەربارەی کێشەی کورد لەنێوان صدام حسین و شای ئێران ئیمزا کرا وعێراق لە (شەت العرب) تەنازولی کرد و هەندێ لە خاکی عێراقی بەخشی بەئێران بەرامبەر بەوەی ئێران یارمەتی گەلی کورد نەداو سنووری ئێرانیان لێ دابخا، بەندەکانی ڕێکەوتننامەی جەزائیر بلاوبکرێتەوە ،.ئەوەی زۆر نهێنیە لەم رێك کەوتنەی نێوان شای ئێران و صدام حسین بە بەشداربوونی سەرەك کۆماری جەزائیر هەواری بومیدیان بە تەرەفێکی سێیەم ، نهێنییەکەش ئەوەبوو ئەمریکا بەڕێگای وەزیری دەرەوەی هێنری کیسنجەر عەرابی ئەمڕێکەوتنەی شاو صدام بوو ، تا ڕادەیەك کیسنجەر لە یەکێ لە نووسینەکانی دڵێی چەکێکی زۆرمان بۆ مەلا مستەفا حازرکردبوو بەڕێگای ئێرانا بۆی ڕەوانە بکەین ، بەلام ئەوەبوو کۆبوونەوەکەی شای ئێران و صدام گەیشتە ئەنجامی ڕێکەوتنەکەی جەزائیر ، بۆیە پاشان ئەو چەکانەمان بۆ لوبنان نارد. بە هەرحاڵ مەسەلە نهێنیەکە ئەوەیە صدام بۆ ئەوەی ئەو نهێنیە داپۆشێ و سەرنگومی کا، هەواری بومیدیان سەرۆك کۆماری جەزائیری داوەت کرد بۆ بەغدا و( شەربەتی پرتەقاڵی ) دەرخوارد دا ئەو شەربەتە ژەهری " زەرنیخی"تێکرابوو ، دوای چەند مانگێ بومیدیان تووشی نەزیفی دەماغی دەبێ و بۆ یەکێ لە نەخۆشخانەکانی موسکۆی دەبەن و هۆشی لە خۆی نامێنی و سەرۆکی کۆماری سوریا بەمەی زانی و سەفەری مۆسکۆی کرد بۆ ئەوەی شتێ تێبگا بەلام لەبەر ئەوەی بومیدیان نەهاتەوە هۆش خۆی هیچ تێنەگەیشت . بەم جۆرە صدام حسینی قەومی و وەتەنی لەبەر چاو جەماوەری عەرەب توانی ئەم نهێنییە بشارێتەوە بۆ ئەوەی تاوانبار نەکرێ بەوەی ڕێکەوتنەکەی( الجزائر) لەچێشتخانەی واشنتون ئامادە کراوە" المگبخ الأمریکی"

مەسەلەی ئەم شەربەتە بەم دواییە بە تەواوی ئاشکرابوو، کەس نەما لە عیراق نەزانێ قوربانییەکانی ئەم شەربەتە کێن، وەك خوالێخۆشبو شەوکەت عەقراوی و شەفیق کەمالی و تا ئەگا بە سەرۆك کۆمار ئەحمەد حسن البکر . ڕیار بوو منیش یەکێ بم لەو قوربانیانە، لە شوێنێکی تری ئەم یادداشتە باسمکردوە.

لە 1975/3/19 وەکالاتی دەنگوباسی جیهانیی دەنگوباسی ئەوەیان بلاَوکردەوە کەوا بارزانی کۆڕێکی ڕۆژنامەوانیی بەستووەو ڕۆژنامە نووسانی ئاگادار کردۆتەوە کەوا شەڕی نێوان عێراق و گەلی کورد کۆتایی پێهات ، هەروەها وتبوی شۆڕشەکەمان بەتەنیا مایەوە بەبیَ هیچ دۆستێك ، ئەمەش گەورەترین نوسکۆ بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە سالی 1961 وە تا ئەمرۆ . هەرچەندە دەنگوباس ئەوەمانپێگەیشت ، کەوا هەندیَ لەسەرکردەکانی پێشمەرگە تکایان لە مەلا مستەفا کردبوو کۆتایی بە شۆڕشە چەکداریەکەیان بە هۆیڕێك کەوتنەکەی جەزائیر نەهێنێ، بەلاَم وا دیاربوو بیَ سوود بوو... ئەم هەڵوێستەیەی مەلا مستەفا بووە هۆی ئەوەی تەنها لە یەك ڕۆژدا لە 1975/3/23 (6475) پێشمەرگە بە خۆیان و چەکەکانیانەوە تەسلیمی بەغدا ببنەوە، لە دهۆك وزاخۆ "1100"پێشمەرگە خۆیان تەسلیم کردووە ، لە شێخانیش 1324 پێشمەرگە و لە ئەتروش 670پێشمەرگە و لە هەولێر 800پێشمەرگە و لە کەرکوك 546پێشمەرگە و لە سلێمانی 2035پێشمەرگە ، بەڕاستی کارەساتێکی زۆر گەورەبوو .

لەلایەکی ترەوە حکومەت وەفدێکی بەسەرۆکایەتی دوکتۆر سعدون خلیفە ناردبووە تاران بۆ وتووێژکردن لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران دەربارەی گەڕاندنەوەی پەنابەرە کوردەکان لەئێرانەوە بۆ عێراق . لە 3/23 وەفدەکە لە تارانەوە بۆ بەغدا گەڕایەوە.

لەماوەی دوو ڕۆژدا ، کەواتە ڕۆژانی 23 و 3/24 زیاتر لە 11 هەزار چەکدار گەڕانەوە بۆ عێراق و هەشت هەزار پارچە چەکیان تەسلیم کردەوە ، لەچەکەکان (تفەنگی بڕنۆو کلاشنکۆف و نارنجۆك و مین و تۆپ و جیهازی لاسلکی ...هتد) بۆ جاری یەکەمیش لە 3/24 ڕێگای دهۆك وئامێدیوڕێگای زاویێتەو سەرسەنگ و بامەڕنی وسۆلاف کرایەوە ، کە ئەمڕێگایانەپێش هەرەس هێنانی هێزیپێشمەرگە سەیارەیانپێدا تێپەڕ نەدەبوو بەڵکو سوپای عێراق بە خەونیشپێیدا تێپەڕنەدەبوو.

بۆ پاداشتی ئەمڕێکەوتنەی جەزائیر ڕۆژی 1975\3\26 ئەمیر عباس هوێدا سەرۆك وەزیرانی ئێران لەسەر بانگێشی صدام حسین به سەردانێکی ڕەسمی گەیشتە بەغدا بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە بەغدا مایەوە.. عەباس هوێدا لەو سەردانەی زیارەتی مەرقەدی ئیمام عەلی کرد و بە زمان خاکی مەرقەدەکەی دهێستەوە. عەباس هوێدا پاشان دوای شۆڕشی ئیسلامی لەئێران حوکمی ئیعدام دراو ئیعدام کرا .

وەزیری ئیدارەی مەحەلی کینیا:

وەزیری ئیدارەی مەحەلی کینی"پۆل نگی" بۆ سەردان لەگەڵ خێزانەکەی هاتە بەغدا، لە فرۆکەخانەی بەغدای نێودەوڵەتی پێشوازیمان لێکرد. لەو سەردەمە لە بەغدا کێشەی کەمی ئوتێل و مێوانخانە و نەبوونی جێگامان هەبوو بۆ مێوانی گەورە وەك وەزیر و بەسەرەوە . بە هەرحاڵ لە ئوتێل بەغدای نێودەوڵەتی جێگام بۆ خۆی و خێزانەکەی حجزکرد." پۆل نگی پێمی وت ئەگەر جێگات دەست نەکەوت مانیعم نییە لە جەناحێکی مالەوەتان مێوانداریم بکەی، منیش پێمگەیاند کە منی وەزیری شارەوانی تا ئێستا خانوم نییەو کرێچیم لە بەغدا و خانوەکەمیش نەك جەناحی تێدا نییە بەڵکو ژوورێکی زیادەشی تێدا نییە ،.پۆل نگی کە باسی جەناحی کرد لە خانوەکەم پاشان بۆم دەرکەوت کە چوومە نایرۆبی پایتەختی کینیا لەسەر دەعوەتی پۆل نگی ، شەو دەعوەتێکی گەورەی نان خواردنی شەوانی بۆ وەفدەکەمان سازدا ، ژمارەیەکی زۆری وەزیرانی کینیاش لەو دەعوەتە ئامادە بوون هەموو سەیارەکانمان لە پارکی ماڵەکەی جێگای بووەوە وەك چۆن بەم دواییە لە زەمانی صدام خانوی وەزیرەکانی و ئەندامانی قوتری حیزبی بەعس هەموو لە خانوەکەی پۆل نگی بچوکتر نەبوون.

بەهەرحاڵ لە شوێنێکی تری ئەم یادداشتەم باسی ئەوە دەکەم کە چۆن ڕاپۆرتم لەسەر نووسرابوو لەسەر هەندیَ قسەی نێوان من و پۆل نگی ، گوایا ئەو ڕاپۆرتە یەکیَ بوو لە خاڵەکانی کە لەسەری ئیعفاکرام لە وەزیری، هەرچەندە لە ڕاستیدا هۆی ئیعفاکردنەکەم ئەو هۆیانە نەبوو کە پێمیان وت دوای ئەوەی بێدەنگ نەبوم لە ئیعفاکردنەکەم و داوای ڕوونکردنەوەم کرد لێیان ئایا بۆ ئیعفاکراوم ، بەلآم وەك مەسەلەیەك هەیە دڵێیَ " ئەگەر جوولەکە ئیفلاسیکرد بە دوای دەفتەرە کۆنەکانیدا دەگەڕێ" صدام حوسینیش کۆمەڵێ شتی کۆنی لەسەرم کردبووە ماڵ.

دەمانچەیەکی چواردەخۆرم بە دیاری دا بە پۆل نگی لەگەڵ سینیەکی گەورەی مس لە بازاڕی مسگرەکانی بەغدا کڕیبووم.وێنەی صلاح الدين ئەیوبی لە سەربوو.ئەم سینی یەو وێنەکەی صلاح الدين یش لەسەرم کرایە خاڵێکی گەورە.

پۆل نگی لە دانیشتنێکی داخراوی دوو قۆڵی داوایکرد لێم ئەگەر عێراق بیەوێ یەکێ لە ئوتێلی پێنج ئەستێرەکان لە نایرۆبی پایتەختی کینیا، کە

مۆڵکیەتی هی جوولەکەکانی کینیایە نەسفی دەکا بە مەرجێك لەگەڵی لەسەرڕێك دۆلارێكبکەوێ ، بەلامەوە زۆر سەیر بوو وەزیرێکی دەوڵەتی کینیا داوای شتی وا بکا بەتایبەتی وەزیرەکەش وەزیری حوکمی مەحەلی بێ ! لە ئێشکی خۆم مەسەلەکەم بە وردی لێکدایەوە ، ئایا پۆل نگی بە ڕاستێتی یان داوێکە بۆ عێراقی دەهێنێتەوە ؟ یان تەنها فێڵیکە و دەیەوێ پرێ دۆلاری دەست کەوێ و کێ دەڵێ کە پارەکەی وەرگرت ئەو کارە سەقەتە ئەنجام دەدا ؟ ئەم پرسیارانەم لە خودی خۆم دەکرد و لە ئەنجامدا پێم وت باشە ، بەلآم ئێمە تەنها یەك دۆلارت نادەینێ تا فڕۆکەکە نەسف نەکەی. پۆل نگی پێشەکی داوای یەك ملیون دۆلاری کرد بۆ ئەنجامدانی کارەکەی ، ئەوەبوو چاوم بە صدام حوسین کەوت و مەسەلەکەم تێ گەیاند ، بەلآم صدام لەسەر هەمان بۆچوونەکانی من بوو وپێمی وت ئەم وەزیرانەی کینیاو ولآتانی ئەفریقا زوٌربەیان پیاوی ئیسرائیلن و بە هیچ جۆرێك کارێك ناکەن دژی ئیسرائیل بێت ، بەڵکو پۆل نگی بە عەقلٌی خۆی دەیەوێ بەم فرت و فێڵە هەندێ دۆلارمان لێ وەربگرێ ، ئەمەش جاری یەکەم نییە وەزیرەکانی ئەم ولآتانە ئەم جۆرە خۆ ئامادەیانەی خۆیان عەرز نەکەن وپێی بڵێ مەسەلەکەم گەیاندە سەرەوەو وبە هیچ جۆرێك عێراق نایەوێ زەرەرو زیان بە ئیسرائیل بگەیەنێ لە ناو خاکی کینیا . خۆ لەوانەش بوو صدام حوسین بەڕێگای وەزیرێکی کوردەوە بەم جۆرە کارانە هەڵ نەسێ جگە لەوەی ئەمە کارێکی موخابەراتی بوو نەك کارێکی وەزیرێکی دەوڵەت .بەڵکو لە بنەڕەتەوە صدام حوسین بیرۆکەی وای نەبوو بە کردەوە دوژمنایەتی ئیسرائیل بکا. لە فڕۆکەخانە لەسەر داوای خۆی دەمانچەیەکی چواردەخۆرم پێشکەشکرد و دەمانچەکەم دایە دەست یەکێ لە ئاسایشەکانی فڕۆکە کە بۆ ئەوەی لە کاتی گەیشتنی بۆ نایرۆبی تەسلیمی بکا .

لە 1975\3\16 لە فڕۆکەخانەی بەغدا، پۆل نگیم بەریٌ خست، بەرەو نایرۆبی پایتەختی کینیا گەڕایەوە.

لە ڕۆژی 1975/3/25 کوڕە گەورەکەی سەرەك کۆمار احمد حسن بکر (محمد) لەڕێگای بەغدا-تکریت بە ڕووداوی سەیارە کۆچی دوایی کرد، سەیارەیەکی گەلآبەلێی دابوو . ڕووداوەکە جێگای گومان بوو ، لەوانەیە بۆی تەرتیب کرابیٌ هەر واشبوو. زوٌربەی دانیشتوانی بەغدا باسی ئەوەیان دەکرد کە ڕووداوەکە یەکیٌ لە پیلانەکانی صدام حسین بوو بەلاٌم ئاشکرایە لە عێراق کەس نەیدەوێرا بە ئاشکراو بە دەنگی بەرز قسە

بکا.!!یەکێ لە شێوەکانی لەناودانی نەیارەکانی صدام حوسین جگە لە دەرخواردکردنی شەربەتی ژەهراوی وەك باسمانکرد ، ڕووداوی سەیارەبوو.

ئێوارە چوومە پرسەکەی لە هۆلی( الخلد )صدام حسین وخیراللە تلفاح لە پرسەکە دانیشتبوون . ڕووداوەکە زۆر کاری کردە سەر احمد حسن بکر و شاعیری گەورەی عەرەبیش الجواهیری شیعرێکی (الرثاء) ی نایابی لەسەر محمد بلاوکردەوە ، محمد یەکیَ لە موریدەکانی جواهیری بوو ، جەواهیری وا دیاربوو زۆر مەحەمەدی خۆش دەویست. نەیارەکانی جەواهیری ڕەخنەیەکی زۆریان لێگرت لەسەر ئەو پارچە شیعرە ، هەرچەندە ڕەخنەکانیان لە جێگای خوَی نەبوو لەبەر ئەوەی کوڕەکەی ئەحمەد حەسەن بەکر ئەندامی حیزبی بەعس نەبوو کاربەدەستیش نەبوو بەڵکو یەکێ بوو لە برادەرەکانی جەواهیری. خۆ ئەگەر وا نەبوایا صدام حوسین بەو جۆرە لەناوی نەدەدا.

لە 1975/4/12 دوکتۆر شەهاب احمد و دوکتۆر فاروق لە ئەڵمانیاوە هاتنە بەغدا و لەفرۆکەخانەی بەغدای ئێوەڵەوەتی لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتیمان پێشوازییانم کرد ،بۆ شەویش لە (مگعم اللۆلۆە) دەعوەتیانم کرد . ئەم برادەرانە ئەندامی ڕێکخراوی قوتابیانی ئەوروپا بوون و هەردووکیان ئەندامی شۆڕشگێڕ بوون لەهەمان شەودا شێخ جەباری برام لە بەیروت گەڕایەوە بۆ بەغدا ،بەلآم پەیوەندی لەگەڵمدا باش نەبوو ، هەندیَ نامیلکەمان لە بەیروت چاپ کردبوو وادیاربوو شێخ جەبار وای کردبوو حیجز بکرێن ، بەلام بۆ سبەی چوومە لای سەعدون شاکر لێپرسراوی (علاقات) ونامیلکەکانم وەرگرتەوە .،بە سەعدون شاکرم وت بۆچ نامیلکەکانتان حیجز کردووە ؟ لە وەلآمداپێمی وت لەسەر داوای شێخ جەباری برات دەستمان بەسەریاناگرت گوایا ناوەڕۆکی نامیلکەکان بۆ بلآوکردنەوە ناشێت . لەو نامیلکەیە من باسی سنووری کوردستانم کردبوو کە ئەوەش لەگەڵ سیاسەتی حیزبی بەعسدا نەدەگونجا.

.بەلآم من زۆر جار لە بلآوکراوەکانی شۆڕشگێڕ تەجاوزی هێڵی سورم دەکرد.

چوونم بۆ کینیا

ڕۆژی 4/14 کەوتمە ڕێ بەرەو نایرۆبی پایتەختی کینیا پێش ئەوەی بگەمە نایرۆبی لە ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا لامداو لە ئوتێل (فلورا )دابەزیم . ڕۆژی لە ڕۆما مامەوە ،( مدلول ناجی محنا)ی باڵیوزی عێراق لە تونسەوە هاتبووە ڕۆما و بۆ نیوەڕۆیەکەوە نانمان خوارد. هەر لە رۆما چاوم بە( عبد الرزاق حديپی) کەوت جێگری سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی عێراق و گەڕایەوە بۆ بەغدا.

لە ڕۆما چاوم بە قوتابی( بەهادین مەحمود) کەوت قوتابیەکی کورد بوو لە کۆلێجی هونەرە جوانەکان دەیخوێند ، خەڵکی شاری سلێمانی بوو ، برای( ئەحمەد سەرتاش) بوو کە براکەی لە سالی 1963 شەهید کرابوو . لەگەڵ سێ قوتابی کوردی تر ،( فوئاد عەلی خەڵکی هەولێر وسیروان ئەحمەد، عەتا محمد مستەفا) هەردووکیان خەڵکی سلێمانی بوون ،. بەهادین مەحمود ئێستا لە هۆلەندەیە و هونەرمەندێکی گەورەی لێ دەرچووە چەندجار ئاکۆی کورمی داوەت کردووە و باسی ئەوەی بۆ کردووە کە چۆن یارمەتیم داوە. یارمەتیەکەش ئەوەیە کە بەڕێگای منەوە چووە دەرەوە بۆ خوێندن و دوای تەواوکردنی خوێندنەکەشی نەگەڕایەوە بۆ عێراق ، کە نەگەڕایەوە بۆ عێراق نەمتوێشت هیچ ئیجرائاتێك لەگەڵ کەس و کاری لە سلێمانی بکرێ، بەهادین کوڕێکی دلسۆز بوو لەبەر ئەوەی بەعسی نەبوو لەو سەردەمە ئەگەر لەڕێگای منەوە نەبوایا ڕێگایان پێنادرا وەك قوتابیەکی کوردچێتە دەرەوە بۆ خوێندن.

لە ڕۆما چاوم بە یەکێ لە شتە سەیرەکان کەوت ئەویش بە شەوان کچان ئاگریان دەکردەوە لەسەر شۆستەی شەقامەکان لە چەند شەقامێکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرابوون ، هەر کچێك بە سەیارەیەکەوە لەتەك ئاگرەکەی دانیشتبوو تەوەنێکی بچووکیشی هەڵدابوو لە تەنیشت ئاگرەکەیەوە ، چاوەڕێی یەکێکیان دەکرد مامەڵەی لە گەڵدا بکەن بۆ ڕابواردن لەناو سەیارەکە یان لە تەوەتەکەی یان بیانبەن بۆ ماڵەوە ، بەو جۆرەی لەگەڵیاندا ڕێك دەکەون ، بەلام هەر یەکەیان نرخی خۆی هەبوو ، ئەو ئاگرانەو شەقامانە لەگەڵ کچەکان پولیس پارێزگارییان لی دەکردن، جگە لەمانەش لە دارستانەکانی تەنیشت شەقامەکان ژووری بچووك بچووکیان دانرابوو بە نایلون دروست کرابوون بۆ ڕابواردن . ئەم ئافرەتانە سالآنە حکومەت باجێکی زۆری لێ دەستاندن و کارەکانیان یاسایی بوو ، بەرامبەر باجەکانیش پۆلیسی ئیتالیا دەیانی پاراست . بەڕاستی لە دوورەوەپێش ئەوەی بگەیتە شوێنەکەیان ئەو ئاگرانە دیمەنێکی زۆر جوانی هەبوو .

سەرم لەم جێگایانەدا، بەلاَم بەبێ ئەوەی هیچ مامڵەیەکیان لەگەڵدا بکەم ، لەبەر مەرکەزی وەزیفیەکەم وەك وەزیرێك یان کەسایەتیەکی ناسراوی کورد.

ڕۆژی چوارشەممە 1975/4/16 سەعات 9ی بەیانی گەیشتمە شاری نایرۆبی پایتەختی کینیا ، پۆل نگی وەزیری ئیدارەی مەحەلی کینیا لەگەڵ نەوفەل شاوی لە فرۆکەخانە پێشوازیمیان کرد ، لە ئوتێلی ئینتەر کۆنتیننتاڵ Interconintentalدابەزیم.

ڕۆژی 4/19 چووینە هاوینەهەواری ئەمبوسکی ، ئەم هاوینە هەوارە بریتیبوو لە دارستانێکی گەورە ،پڕبوو لە گیانداری دڕندەی وەك شێر و گای وەحشی وکەری وەحشی (زێبرا) لەگەڵ گامێشی وەحشی و زرافەو نەعامە و فیل ومەیمون وئاسکەی جۆراو جۆری جوانکیلە و ....هتد.

لە هەندێ شوێن (ڕەوە شێر) مەسافەی 20م نزیك کەوتینەوە ، شەش حەوت شێر لەبن سێبەری دارێکی گەورە ، دوای نیوەڕۆ بوو وەرکەوتبوون ، هەندێکیان لەسەر لقە گەورەکانی دارەکە ڕاکشابوون و بەلێشکیان دەدایەوە ، هاوریشیان لێنەدباینەوە، ئێمە لەناو سەیارەیەکی لاندرۆڤەربووین ، وا دیار بوو شێرەکان لێمان نەدەترسان لەبەر ئەوەی ڕاو کردنیان قەدەغەبوو ، وا دیاریش بوو شێرەکان تێر بوون بۆیە جوڵەیان ناکرد ، یەکێ لە عادەتەکانی شێر ئەوەیە ئەگەر برسی نەبێ پەلاماری کەس نادا، بەپێچەوانەی گورگ و بنیادەم ، گورگ کاتێ پەلاماری مێگەلە مەڕێك دەدا ئەوە نەبێ یەك مەڕ بکوژێ بەڵکو هەتا دەتوانێ مەڕەکان کەلەو پاچە دەکاو دەیانکوژێ ، بنیادەمیش لە کاتی شەڕدا شەلم کوێرم ناپارێزێ ژن و منداڵ و پیر بە کۆمەڵ دەکوژێ نموونەی صدام حوسێنمان زۆرە بە یەك چرکە پێنج هەزار کەسی بە کیمیا باران لە هەڵەبجە کوشت ، خۆ باس هیتلەرو ستالین و شارۆن و ئوَلمەرت و سەدەهای تر ناکەم.

بەڕاستی هاوینەهەوارەکانی کینیا پارچەیەکن لە بەهەشتی سەرزەمین ، لە دوورەوە چاومان بە چیای (کلیمانجارۆ) کەوت کە 19 هەزار پێ لە ڕووی دەریاوە بەرزە . شەو لە (ئومبۆسکی) ماینەوە .لەوێ خانووی گەشتیاری بچووك بچووکیان لە دار درووست کردبوو ، خانووەکان لە ناو سیم بەندێ بوون بۆ ئەوەی شەوانە ئاژەڵە دڕندەکان نەتوانن بێنە ژوورەوە . شەو لە پەنجەرەی خانووەکەمانەوە سەیری ئەو گیانلەبەرانەمان دەکرد کە بە تەنیشتماندا تێپەڕ دەبوون، بەلآم نەدەبوو لە ژوورەکانمان یان لەناو سیم

بەندەکان دەرچینە دەرەوە ، تەنها ناتوانرێ ڕێگا لە مەیمونەکان بگرن نەیەنە ژوورەوە ، مەیمونەکان بەرامبەرمان چنچکیان دەدایەوە ئەگەر لێ ڕاستۆرانت بونایە ، هەر ئەوەندەی غافڵ بویتایە ئەوا کۆڵ شەکرەکانی بان مێزەکەتیان دەڕفاند.

لەم ناوچەیە جەماعەتێك بەناوی (مەساى) دژین . ئەم عەشیرەتە هەموو بەڕووتی دژین ، تەنها پارچە قوماشێك یان گەلای دار دەدەنە سەر مەمك و بەرزەهاریان و پیاوانیش بۆ سەر گێلو گونیان ،پارچە قوماشێك دەدەنە سەر شانیانا ، ژن وپیاوانیان گوێچکەیان کوون کراوەو مورو دەکەنە قەد گوێیانا ، گەورەو بچووکیان یەکی ڕمێکی ژەنگنیان بەدەستەوە بوو بۆ پاراستنی خۆیان لە دڕندەکانی ناو دارستانەکە ، لەناو دارستانەکە گاو مانگاو مەڕ بەخێو دەکەن ، لەناو ئەم دارستانە چڕانە، پڕی لە گیانلەبەری دڕندەیە تەنها ئەمان دەتوانن تیایدا بژین وبسوڕێنەوە بەکەیفی خۆیان ، شێر و دڕندەکان هەمووی لێیان دەترسن وچاویان پێیان بکەوێ یان بۆنیان بکەن لەترساندا هەڵ دێن.

یەکێ لە عادەتەکانی (مەساى) ئەگەر یەکێ بیەوێ ژن بێنێ دەبێ شێرێ بکوژێ و کەوڵەکەی بە دیاری بۆ باوکی بووکە بەرێ لە جیاتی شیربایی ئەگینا باوکی کچە کچەکەی نادا پێی. .تاکەکانی مەساى یەکی ڕمێکی ژەنگنیان بە دەستەوەیە ئەگەر تووشی دڕندەیەك بن ئەو ڕمەی بۆ ئەهاوێژن و یەکسەر لە شوێنی کاریگەری دڕندەکە دەدەن ، ئەوەندە دەستیان ڕاستە بە هیچ جۆرێك هەڵە ناکەن ئەگەر هەڵە بکەن ئەوا تیایا دەچن، بۆیە تا دەگا بە شێرەکانیش لێیان دەترسن و لە چنگیان هەڵدێن.

دوکتۆر سعدون خلیفە لەگەڵ خێزانەکەی دوکتۆرە منی سڵەیی (ام احمد) کە لەگەڵمدا بوون ، دوکتور سعدون خەلیفە وتی ئەگەر لە عێراق شیربایی کەوڵی پشیلە بوایا من بێ ژن دەمامەوە چ جای کەوڵە شێر!!.

توانیم چەند کەسێکیان ژن و پیاو بەپارە قەناعەت پێ بکەم چەند وێنەیەکیان لەگەڵدا بگرم وپاشان لە وتارێکدا لە گۆڤاری ڕەنگین لە بەغدا بلاوم کردەوە..

ژنەکانیان بە گوێزان پاك سەریان دەتاشن و پیاوەکانیش بە میروو ملوانکە خۆیان دەڕازێننەوە بەپێچەوانەی پیاوان وژنانی جیهان . ئەمەش لە ئەنجامی کاریگەرکردنی ژینگەکەیانە کە لەگەڵ گیانلەبەری ناو دارستانەکاندا دژین و باڵندەو گیانلەبەران زوربەی زۆریان ئاشکرایە نێرینەکانیان لە مێینەکانیان

جوانترن و خۆیان دەڕازێننەوە وەك كڵەشێر لە مریشك جوانترە ، یان ئێرینەی شێرو بەران وقەتیی و ئاسك وتاووس و ...هتد.

لەم گەشتەمدا شەوقی حەمە خان وعبد الله نەجیم خالۆی منداڵەكانم ودوكتۆر سعدون خلیفە و موناى ئێزانی و دوكتور حكمەت حدیپیم لەگەڵدا بوون . سەعدون خەلیفە بەڕێوەبەری گشتیی پاراستنی تەندروستی بوو لە وەزارەتی تەندروستی ، د. حكمت بەڕێوەبەری گشتیی پلان دانان بوو لە وەزارەتی شارەوانی – بەم دواییەش بووە وەزیری دارایی ، پاشان صدام حسین لە وەزیری دەریكرد كە جارێكیان لە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران پرسیاری لە صدام حسین كرد كە دوو ساڵە وەزیرە نازانێ داهاتی نەوت بۆ كوێ دەڕوا ، صدامیش وەلآمی دایەوە و وتی بۆ بزانی داهاتی نەوت بۆ كوێ دەڕوا !!- وا دیاربو جەنابی وەزیر كورد وتەنی ( نانی شوانی خوارد)، شەوقی حەمەخان ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی پارتی شۆڕشگێڕی كوردستان بوو ، لە زۆربەی دەرچوونەكانم وەك وەزیر بۆ دەرەوەی عێراق لەگەڵ خۆمدا دەمبرد، یەك دوو ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی پارتەكەمانم لەگەڵ خۆما دەبرد ، بۆ ئەوەی دەرەوەی عێراق ببینن وچاویان بكرێتەوە بەلاَم بەداخەوە ئەم ئەندامانە هەر هەموویان لە سالآنی دوای حەفتاكان پشتیان لە من و پارتەكەیان كردوو بوونە پیاوی بەعس و جیهازی ئەمن، هەرچەندە من بەتەمای پەرەپێدانی پارتەكەمان بووم ، بەلآم حیزبی بەعس بەدزییەوە لەژێرەوە بن كەندمانیان دەكرد . ئەم شەوقی حەمە خانە كە كوڕێكی زۆر دڵسۆزو كورد پەروەربوو ، سەرەڕای هەموو یارمەتیەكانم بۆی ،( ئەمنی شیمال )وای لێكرد ببێتە دوژمنم و پاشانیش مەفرەزەو فەوجی جاش دابمەزرێنێ . كەواتە من ئاسنی ساردم دەكوتایەوە، مەسەلەیەكی كوردی هەیە دەڵێی " كەر لە كوێ كەوتوە و جەوەندە لە كوێ دڕاوە"یان محمد محی دین ئەویش كەوتە دوای درۆكانی( ئەبو عەلای) بەڕێوەبەری ئەمنی شیمال و لەگەڵ گروپەكەی مجید جەباری و یەحیای بەرزنجی بەشدار بوو بۆ لادانم لە ڕیزی شۆڕشگێڕ وەك هەنگاوێك بۆ لەناودانی حیزبەكەو بەستنەوەی بە تەواوی بە جیهازی ئەمنەوە .بە هەرحاڵ ئەمەم لە شوێنێكی تر باسكردوە.

لە 1975/4/20 لە ئەمبوسگیەوە بۆ نایرۆبی پایتەخت گەڕاینەوە.

كاربەدەستانی كینیا گەورەو بچوكیان خەرییكی ڕاوو ڕووتكردنەوەی میللەت بوون . بەڕاستی مرۆڤ كاتێ دچێتە كینیا وچاوی بە گەلی كینی دەكەوێ ، زۆر موتەئەسیر دەبێ كە لە چ ژیانێكی سەخت وناخۆش و

بیَ دەرامەتی دەژین . لە لایەکی ترەوە ئەوروپاییەکان وبێگانەکان زۆر بە خۆشی لە ولاَتەکەیاندا ڕادەبوێرن و هەموو دوکان و مەخزەنە گەورە و ئوتێل و بازاڕەکان خاوەندەکانیان ئەوروپاییەکانن بەتایبەتی ئینگلیز.

لەسەر شەقامەکان دەبینی هەژارو فەقیر بەسەدەها بیَ ئیش وکارن و زوَربەیانیش تووشی نەخۆشی جۆراو جۆر بوونە..

ئەو شوفێرەی سەیارەکەی بۆمان لێدەخوڕی ، لەگەڵ ئەوەی دەیزانی من وەزیرێکی عێراقیم ، جارێکیان بردمیە گەڕەکێکی گەورە لە تەنیشت نایرۆبیەوە ،پێمی وت ئەم گەرەکە دەبینی هەمووی بەشان وبازوی بەندییەکان بە سوخرە دروست کراون و ژنەکەی جیموکینیاتای سەرەك کۆمار و زەعیمی کینی ،هەمووی لەسەر خۆی تاپۆ کردەوە، ژنەکەی فەرەنسیە ، بەڵیَ ئەم سەرکردەیەی کە جیهان شانازی بە شۆرشەکەیانەوە دەکرد پیَش ڕزگاربوونیان تا دەگا بە گەلی کوردیش کاتیَ شاعیری گەورەی کورد( هەژار ) بەشانو بالاَیاندا هەڵی دەداو دەیووت:

ماو ماو من و تۆ دوو دۆستی هاودەرد

هەر دوو گیروَدەی دەست ئیستیعمارێکین

ئەو ئیستیعمارەی بەدەم کینیا مژە

بە جووتە چەپۆك کوردستان کوژە

.....هتد

دەبینین ئێستا چۆن ئەوان لە جیاتی ئیستیعمار میللەتەکەیان دەچەوسێننەوە . بەمجۆرە دەبینین زوربەی زۆری ولاَتانی جیهانی سێیەم وەزعیان لە کینیا باشتر نییە.

لە 1975/4/21 لە کۆبوونەوەی کۆنگرەی (ژینگە) لە نایرۆبی جاری یەکەمم بوو بەزمانی ئینگلیزی وتاری وەفدی عێراقم خوێندەوە،پێش خوێندنەوەی وتارەکە لە ئوتێل چەند جاریَ خوێندمەوە بۆ ئەوەی بە باشی لە کۆبوونەوەکە بیخوێنمەوە ، لەبەر ئەوەی زمانی ئینگلیزیەکەم لە ئاستی پێویست نەبوو.. باسی پرۆژەکانی ئاو و دروستکردنی کێهاتی سەردەمم لەگەڵ پرۆژەکانی ئاوێری کرد کە لە عێراق دەستپێکردبوو ، لەگەڵ بابەتی پلان دانانی شارەکان وقەدەغەکردنی دروستکردنی کارگەی تازە لە

سنووری شارەوانیی شارەکان لەگەڵ بابەتی چۆنێتی ڕزگاربوون لە ئاوی پیس و پاشماوەی پیسایی کارگەکان . لەگەڵ جەختکردن لەسەر نیشتەجێکردنی خەڵکی و دروستکردنی خانووبەرە بۆیان و، خەرجکردنی داهاتی نەوت و فرۆشتنی بۆ ئەم مەبەستە . هەرچەندە واش نەبوو ، کەس نەیدەزانی داهاتی نەوت بۆ کوێ دەڕواو دەچێتە گیرفانی کێوە ، ئاشکراش بوو جگە لە گیرفانەکانی بەعس و صدام حوسێن هیچ گیرفانێکی تر جێگای ئەو ملیارەها دۆلارانەی تێدا نابوەوە.

بۆ شەوڵبێ ڕۆژخانەی چین دەعوەتێکیان بۆم سازدا  تێیدا ئێمە و چین زۆر باش بوو . لەکۆنگرەکەش  وەفدی چین هەڵوێستیان لەگەڵ عێراق بوو . لە کۆنگرەکە دوو ملێون دۆلار بۆ پرۆژەی ئاو خواردنەوە داندرابوو بۆ ئیسرائیل، ئەوە بوو  داوام لە ئەندامانی  کۆنگرە کرد چاوێك بخشێننەوە  بە تەرخانکردنی ئەم پارەیە نەك بۆ ئیسرائیل تەرخان بکرێ لەبەر ئەوەی ئیسرائیل یەکێ لە ولاتەپێشکەوتوەکانە نەك دواکەوتووەکان ، لە ئەنجامی دەنگدان  نوێنەری چین دەنگی لەگەڵ سەرکەوتنی پێشنیارەکەی ئێمە داو سەرکەوتین و پارەکەمان بۆ ئیسرائیل تەرخان نەکرد.

لە 1975/4/22 لەگەڵ شەوقی حەمەخان و دوکتۆرە موناو دوکتۆر سەعدون خەلیفە چووینە سەر( هۆتێلی ئیستوا ) لە سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ گەیشتینە سەر هۆتێلەکە ، ئەو هۆتێلە لە واقیعدا وەهمیە ولەگەڵ شەوقی حەمەخان پێکەوە نوێنەیەکمان گرت ،  ئەو ئوتێلەی کە بۆی چووین بەداخەوە داخرابوو، ئوتێلی (کینیا ماونت سەفاری ) بە شاری (پیکا) یاتێپەر بووین ، کە (50) میل لە نایرۆبیەوە دوورە ، بەڕاستی ولاتێکی جوان و نایاب و نازدارە ، ماوەی چوار سەعات ڕێگامان بڕی ، چۆنییت نەدەدی ، هەمووی دارستان وکشتوکاڵ و ڕەزو باخ بوو ، ناوچەکە وەکوو ناوچەی شاخاوی بریتیە لە گردۆلکەو زورگ و شیوو هەرد ، بەلام  هەمووی هەر سەوز دەکاتەوە ، چاوت بەیەك گرد ناکەوێ لەم ولآتەدا ڕووت و قوت بێ وەك گردەکانی لای ئێمە..بەتایبەتی لە ناوچەکانی گەرمیان.

دانیشتوانی ئەم ناوچەیە هەموو خەریکی ئیشوکارن بەژن وپیاویانەوە ، بەلام وا دەردەکەوێ زۆربەی ئەم ناوچەیە موڵکی (سەرۆك کۆمار جۆمۆ کینیاتایە، دانیشتوانی ناوچەکە سەر بەعەشیرەتەکەی خۆین.

میللەت بە گشتی هەست بە چەوساندەوە دەکەن بەلام  ناوێرن دەنگ بکەن ، تەنانەت زۆربەیان لێدەڵێن ، خۆزگەمان بە ئینگلیز ، هیچ نەبێ

شتومەکی ئێمان دەکڕی وشتیشی پێمان دەفرۆشت ، بەلاَم ئەمانەی ئێستا هەموو شتێکیان بۆ خۆیان زەوت کردووە ئێرخواردن نازانن...

چەند خانوویەکم لەڕێگا بینی وتیان ئەمانە مولْکی سەرەك کۆمارە ، هەمووی بە بەندییەکان بە سوخرە دروستیکردووە ، بەردەکان ومەرمەرەکانیش بە خۆرایی بۆی هاتووە ، پاشان دوای تەواو کردنیان بە پارە بە میللەتی فرۆشتووە . دەرەبەگی واش هەیە لە کینیا زیاتر لە دە هەزار هیکتار زەوی هەیە.

ڕۆژی 1975/4/23 ڕۆژی پشوو دانم بوو ، لەناو شاری نایرۆبی مامەوە ، چوومە بازاڕ هەندێ دیاری ئەفریقاییم کڕی وەك : ( نینۆکی شێروپڵنگ و عاجی فیل وجانتای دروستکراو بەپێستی مارو شێر و ... هتد لەگەڵ پێستی کەری وەحشی وپڵنگ وتیمساح ومەیمونی بابۆن. )

ڕۆژی پێنج شەممە 4/24 سەعات هەشتی ئێوارە دەعوەتی سەرۆکی وەفدە عەرەبیەکانم کرد لەگەڵ لیبێرزو ڕاپۆرتنەری کاروباری عەرەبەکان (قائم بالاعمال العربیە) لە شاری نایرۆبی لەگەڵ نوێنەری جامیعەی عەرەبی و نوێنەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی (خالد الشیخ) کە بە ناوی (مراقب) لە کۆنگرەکە ئامادەبوو.

خالد الشیخ بارەگاکەی لە (ئوَگەندە) بوو . وتەیەکی کورتم خوێندەوە لە ئاهانگەکە ، ئامادەبووان زۆر کەیف خۆش بوون بە دانیشتنەکە و دەعوەتەکەو وتارەکەم .لیبێرزی سودان لە جیاتی وەفدەکان وتارێکی کورتی خوێندەوە لە وەلاَمدانەوەی وتارەکەم وتی : (ما بالکم ایها العرب ، مرّە اخری حنجرە کوردیە من احفاد صلاح الدین الایوبی یدعوکم الی توحید صفوفکم وانتم تختلفون). بالیۆزی سودان مەبەستی ئەوەبوو کەئێمەی وەفدەکانی ولاَتە عەرەبیەکان لە کۆنگرەکە ڕێکی هەبوو لەنێوانماندا و منیش ئەم دەعوەتەم کرد بۆ ئەوەی لەسەر شێوەیەکڕێك بکەوین ودەنگمان بکەین بە یەك ، ئەوەبوو هەموو لەم دانیشتنە بڕیاریاندا من لەبەرئەوەی تەنها وەزیر بووم لە سەرۆکی وەفدەکان و هەلْوێستم ئیجابی بوو ، لە کۆنگرەکە بەناوی هەموویانەوە قسە بکەم.

بۆ سبەی 4/25 لە کۆنگرەکە وتەیەکم خوێندەوە ئامادەیی عێراقم نیشاندا بۆ بەخشینی پارچەیەك زەوی لە عێراق بەناوی پرۆژەی نیشتەجێکردن .

له 1975/4/27 چووینه شاری (ناكۆرو) كه (180) كم له نایرۆبییەوه دووره ، لەوێ چووینه سەر گۆلێ ئاو ، كه مەشهوره به باڵندەی( فلۆنگه) ئەم باڵندەیه زۆر جوانه . جگه لەم باڵندەیەش سەدەها باڵندەی تری لێیه . شاری ناكۆرو شاری سەرۆك كۆمار (جومۆكینیاتا)یه و عەشیرەتەكەی لەو ناوچەیه دەژین . لەسەر گۆلەكه كۆشكێ دروستكراوه بۆ جۆموكینیاتا ، لەو كۆشكەوه سەیری باڵندەكان دەكا ، جگه له كۆشكێكی تری گەورەی تر كه سلێی سێ مانگ سەرۆك كۆمار لەوێ ڕادەبوێرێ . گۆلەكه لایەكی شاخاویەو ولایەكی تریشی دارستانێكی گەورەیه.

له نایرۆبیەوه تا ناكۆرۆ كەم شوێن هەیه بەتاڵاییێ بێ ، هەمووی دارستانه ، بەڕاستی دارستانێكی چڕو گەوره هەیه لەسەرڕێگاكه وبەقەد چیاكانەوه باڵندەی فلۆنگه زۆر به باڵندەی قاز دەچێ ، سەر پەڕەكانی پرتەقاڵییه ، كاتێ دەنیشنەوه لەسەر ئاوی گۆلەكه به فرۆكه دەچن . شەوان له دەوروپشتی گۆلەكه كۆدەبنەوەو دەخەون ، بۆ بەیانی كه دەفڕن پەڕیان لێ دەوەرێ ، ئەو پەڕانه كۆدەكەنەوەو گوڵی لێ دەستكردی لێ دروست دەكەن و هەر گوڵێك به چەند دۆلارێك دەفرۆشن وئەم گولاێنه ژنان دەیكەنه قەدیانا .كۆمپانیایەكی فەرەنسی به كرێی گرتووەو ، ئەم هاوینه هەوارەی دروستكردووه.. له هاوینەهەوارەكه نەخۆشخانەی تایبەتی هەبوو بۆ چارەسەركردنی باڵنده نەخۆشەكان و پاراستنیان له نەخۆشیەكانیان.

بەهەرحاڵ سەرەڕای ئەوەی كۆمپانیەكانی فەرەنسی سودبەخشی سەرەكین لەم پرۆژەیه ، بەلاێم حكومەتی كینیاش بەشی خۆی وەردەگرێ ، له ولاێتی ئێمەش چ له گشت عێراق چ له كوردستاندا دەتوانین ئەگەر بمانەوێ بەدەیەها پرۆژەی وا ئەنجام بدەین ، بەلاێم بەداخەوه ئێمه لەم جۆره پرۆژانه دوورین به تایبەتی لەبەر بوونی نەوت له ولاێتەكەماندا، داهاتێكی زۆرو بێ ماندووبونمان بۆ دێو لایەنەكانی تری داهاتەكانمان پشت گوێ خستووه . عەرەب وتەنی (نفگ ماشی) كەواته نەوت دەڕوا. لەم گەشتەمدا له ولآتی كینیا شارەزاییەكی باشم له كۆمەڵێ بواردا پەیداكرد كەپێشتر شارەزاییم نەبوو لەسەریان و مرۆڤ بەڕێگای خوێندنەوه فێریان نابێ.

گەڕانەوەم بۆ بەغدا..

ڕۆژی 1975/4/29 سەعات 10ی شەو گەڕاینەوه بۆ قاهیره و له قاهیرەوه بۆ بەغدا . له سەعات 4ی بەیانی ڕۆژی 4/30 تا سەعات 10ی شەو ماینەوه

لە قاهیرە . قاهیرە شارێكی گەورەو خۆشەو ساختمانی (العمارة) گەورە گەورەی تێدایە ، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر نەمامەوە نەمتوانی بە جوانی و تەواوی شارەكە ببینم هەرچەندە جاری یەكەم بوو چاوم بە قاهیرە كەوت لەم گەشتە دا.

ڕۆژی 1975/4/30 سەعات 2ی شەو گەیشتمە فرۆكەخانەی بەغدای نێودەوڵەتی ، بریكاری وەزارەت حەمزە الباهلی وبەڕێوەبەرە گشتییەكانی وەزارەت و ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی و كاك عبدالله كانی مارانی پێشزەر هاتبوونە فرۆكەخانە بە پیریمەوە، كاك عبدالله كانی مارانی یەكێ بوو لە برادەرانی دامەزرێنەری پارتی شۆرشگێڕ ، هەرچەندە لەئێمە جیابووەوە و چووە لای مەلا عبدالله بەلآم پەیوەندی برادەریمان هەر بەردەوام بوو ئەو زیاتر لە شیخ جەباری برام عاجز بووبوو بۆیە وازی لە شۆرشگێڕ هێنا، حەز دەكەم ئەوە ڕوون بكەمەوە بە نەمانی عبدالله كانی مارانی كەلێنێكی گەورە كەوتە ڕیزی سەركردایەتی شۆرشگێڕەوە ، كانی مارانی یەكێ لە كەسایەتیە پاكەكانی كوردی بەغدا بوو هەر لەسەرەتاوە ئەندامێكی پارتی دیموكراتی كوردستان بوو بەم دواییەش جەماعەتی مەكتەبی سیاسی و دواجاریش چووە ڕیزی بزووتنەوەی پێشكەوتنخوازی كوردەوە ، زۆری پێ نەچوو وازی لە بزووتنەوەش هێنا ،دوای گرتنی مامۆستا عولەما كە لە شوێنێكی تری یادداشتەكەم باسمكردووە، لە دەستدانی كانی مارانی دەگێڕێتەوە بۆ تەسڕووفاتە ناشرینەكانی شێخ جەبار لە كاتی كۆبوونەوەیەكی سەركردایەتی حیزب.

ئەم گەشتەم بۆ دەرەوەی عیراق لە 4/14 وەتا 4/30 ی خایاند كەواتە زیاتر لە دوو حەفتەی خایاندو جگە لە ئەنجامدانی ئەركە وەزیفیەكانم ، كۆمەڵێ سوودی شەخصیم وەرگرتوو ئەو شتانەی بە خەیاڵمدا نەهاتبوون لە ژیانمدا بینیانم.

بەمجۆرە گەشتەكەم بۆ كینیا كۆتایی پێهێنا.

لە 1975/5/8 چوومە كەركوك گیروگرفتێك هەبوو لەنێوان من وبراكانم (شێخ جبار وشێخ جەلیل و شێخ حەسەن و شێخ تالیب و وشێخ خالید) ئەمان هەموو بە فیتی شێخ جەبار كە بە ئەندامی مەكتەبی سیاسی هەڵ نەبژێردرابوەوە تەكەتولیان كردبوو دژی من ومەكتەبی سیاسی ، (خەلیل خۆشناوی ومەلا خدر عز الدین و مەلا محمدو مەلا نوری وسید نوری) كە من

چوومە بارەگای پارتیمان ئەوان بارەگاکەیان بەجێ هێشت لە ئەنجامدا یەکی شەش مانگ لە ئەندامەتی پارتی تجرید کران . ئەوانیش هەر بە شەو ناردیانە دوای شێخ جەبار و هاتە کەرکوك دەستیکرد بە هەڕەشەدان لێمان ، بەڵام من تەلەفۆنم لەگەڵ تەها جەزراوی کردو ئەویش لەگەڵ پارێزگاری کەرکوك قسەی کردو داوایان لە شێخ جەبار کرد لە کەرکوك نەمێنێ . شیخ جەلیل و شیخ حەسەن دەوری سەرەکییان هەبوو دژی من بەفیتی شێخ جەبار ، ئاشکراش بوو کێ هانی شێخ جەباری دەدا بۆ ئەم جۆرە ئاژاوانە .بەهەرحاڵ کردەوەکانی شێخ جەبار زۆر ناڕەحەتمی کردبوو ، بەتایبەتی نەدەبوو ئەو وەك برایەك بە فیتی دایەرەی عیلاقات لە ڕیزی پارتی شۆرشگێر ئاژاوە بناتەوە کە زۆر باش دەیزانی ئەندامانی شۆرشگێڕ زۆر لەوبێزار بوون . هەموو ئەم هەوڵدانانەش تەنها بۆ لاوازکردنی شۆرشگێڕ بوو بۆ ئەوەی نەبادا ببێتە حیزبێکی ڕاستەقینە کە حیزبی بەعس باوەڕی بە بوونی فرە حیزبی نەبوو بەڵکو لەو قۆناغەڕێگای بە چەند حیزبێکی کوردی دابوو ، تا ئەو ڕۆژەی پێویستی پێیانهەیە کەپێویستی پێیان نەما وردە وردە دەیانهێنێتەوە ، دوا ڕۆژیش ئەم ڕاستییە دەرکەوت.

سەردانی کوێت 1976

لە 1976\3\22 بە سەرۆکایەتی وەفدێك چوومە کوێت، وەك وەزیری شارەوانی عێراق، ئەندامانی وەفدەکە بریتی بوون لە: توفیق المؤمن بڵێوز لە دیوانی وەزارەتی دەرەوە و ڕاوێژکاری کاروباری کەنداوی عەرەب، لەگەڵ دوکتۆر سەعدون خەلیفە بەڕێوەبەری پاراستنی تەندروستی گشتیی لە وەزارەتی تەندروستی، هەروەها دوکتۆر حیکمەت عومەر الحدیپی بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان لە وەزارەت ،لەگەڵ عبدالکریم عەلوان بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان لە وەزارەتی شارەوانیی. شەوقی حەمەخان و محمد زیاد مەجید میسری هەردووکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی شۆرشگێڕی کوردستان بوون لەگەڵ خۆمدا، وەك دوو فەرمانبەری وەزارەتی شارەوانیی نەك بە ناوی پارتیەوە بردیانم .زۆر جار لە سەردانەکانم بۆ دەرەوەی عێراق یەك دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی شۆرشگێڕم لەگەڵ خۆمدا بەمەبەستی ئەوەی دەرەوەی عێراق ببینن دەبرد ، جۆرە شارەزاییەکیش پەیدا بکەن، بەڵام ئەوەی جێگای داخە سوودێکی وایان وەك ئەوەی من چاوەڕوانم دەکرد وەرنەگرتێیان ، تەنها محمد محی الدین نەبێ لەبەر ئەوەی پلەی خوێندەواری لەوان باشتر بوو.،ئەوەی جێگای داخە شەوقی حەمەخان کە لەسەرەتادا کە هاتە ڕیزی شۆرشگێڕەوە لە

شاری کەرکوك زۆر بیروباوەڕی باش بوو بەرامبەر بە بەعسییەکانیش زۆر توندبوو تا ئەوەی دەیوت " ئەگەر کەرەکەم بەعسی بێ گوێی ناڵ دەکەم ."
بەڵام لە ساڵی 1983 بە دواوە بیروباوەڕی زۆر گۆرا و دوای دەرکردنیشی لە حیزب فەوجێکی جاشی درووستکرد ئەوەش لەژێر کاریگەری شوعبەی سێ لە ئەمنی عاممە ، ئەوەبوو لە شەڕی ئێران – عێراق بریندارکراو چاوێکی و دەستێکی لەدەستچوو، هەروەها جەمیل مەلا وەیسی کە ئەویش لەگەڵیدا بوو لەو شەڕە کوژرا ، تائێستاش نەمزانی جەمیل چۆن خزایە ناو ئەو هەڵبە گەورەیەوە لە فڕۆکەخانەی کوێت عبدالعزیز یوسف العدسانی سەرۆکی شارەوانیی کوێت، نەك یەکێ لە وەزیرەکانیان پێشوازی لێکردین، ئەمەش بووە هۆی گیروگرفتێکی پرۆتۆکۆڵیی لە نێوان عێراق و کوێت کە دەبوو یەکێ لە وەزیرەکانیان لە فڕۆکەخانەی کوێت پێشوازییمان لێ بکا. شەوی 25 \3 ئاهەنگێکی ئێوارەخوانم بۆ کوێتییەکان لە باڵیوزخانەی عێراق سازدا تەنها ئەندامانی وەفدەکە ئامادە بوون کەواتە ئەو وەفدەی لەگەڵماندا گفتوگۆیان دەکرد لەبەر ئەوەی کوێت وەزارەتی شارەوانیی نەبوو ، یەك وەزیری کوێتی نەهاتە ئاهەنگەکە لە کاتێکدا بۆ هەموویان داوەتنامەمان ناردبوو. ئەمەش جگە لەوەی لە بواری پرۆتۆکۆڵیدا زۆر ناشرینە، زۆر بێ ئەدەبانەش بوو بەرامبەر بەمن وەك وەزیرێکی عێراق. ئەمەش هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆێیە دەروونی و سیاسییەیەی لای کوێتیەکان پەیدا بووبوو بەرامبەر بە عێراق و ڕژێمی بەعس.کە دوارۆژیش عێراق ئەم گرێ کوێرەیەی بە داگیرکردنی کوێت لە ساڵی 1990 کردەوە.

بە هەرحاڵ دوای گەڕانەوەم بۆ بەغدا ڕاپۆرتێکم بۆ سەرەك کۆمار احمد حسن البکر نووسی دەربارەی ئەم تەسڕووفاتە ناشرینەو ناپرۆتۆکۆڵییەی حکومەتی کوێت بەرامبەر بە وەفدەکەی عێراق . ئەوە بوو سەرەك کۆمار ناردی بە شوێنمداو، پاشان بە وەزیری دەرەوەی عێراقی وت کە بنێرێتە دوای باڵیوزی کوێت لە عێراق بۆ ئەوەی هەڵوێستیان لەسەر ئەم بابەتە ڕوون بکەنەوە. ئەوە بوو باڵیۆزی کوێت هاتە لام لە وەزارەت و داوای لێبوردنی لێمکرد. بەلاَم من حاڵیمکرد کە هەر وەزیرێکی کوێتی بێتە عێراق بۆ سەردان تەنها بەڕێوەبەرێکی گشتیی لە یەکێ لە وەزارەتەکان پێشوازییان لێدەکا ، وەك ئەوەی لە کوێت پێشوازییان لێمانکرد. ئەوە بوو جەنابی باڵیۆز بە نووسین داوای لێبوردنی لێمانکرد و دووبارە داوەتی کردمەوە کە سەردانی کوێت بکەمەوە بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ئەم کێشە

پرۆتۆکۆڵیە، ئەوەبوو سەفەرێکی تری کوێتم کرد و ئەمجارەیان وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئەنجومەنی وەزیران پێشوازی لێکرد لە کۆشکی ئەمیریی" سیف" یش مێوانداریمیان کرد.

بە هەرحاڵ پەیوەندی نێوان عێراق و کوێت هەر لە کۆنەوە باش نەبوو، عێراق هەمیشە جێگای گومانیان بوو . ئەوەبوو دواڕۆژ ئەم گومانەیان هاتە دی و ڕاست دەرچوو کاتیێ صدام حسین لە 2\8\1990 کوێتی داگیرکرد ، پێش ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ عێراق دوای سەردانەکەی کوێت، بەردەوام بووم لە گەشتەکەم بۆ ولاێتانی دووڕگەی عەرەب ، ئەوەبوو لە 3\25 لە کوێتەوە چووم بۆ سعودیە و لە شاری ڕیاز دابەزیم، ئەمیر ماجد عبدالعزیز وەزیری شارەوانی سعودیپێشوازییمانی کرد لەگەڵ ئەحمەد گەیلانی باڵیوێزی عێراق لە سعودییە.

لە 3\27 \1976 لە هۆڵی " مەليك فيصلی مؤتمرات"هەردوو وەفدی عێراقی و سعودی کۆبووینەوە ، وەفدی سعودی بە سەرۆکایەتی وەزیری شارەوانیی سعودی ئەمیر ماجد عبدالعزیز، لەگەڵ دوکتۆر حسن الجزائری وەزیری تەندروستی کە ئەویش لە کۆبوونەوەکە بەشدار بوو.لەم دانیشتنە لەسەر بابەتی ژینگە دواین، سعودیە ڕازی بوو لەسەر ئەوەی مڵبەندی ژینگەی دووڕگەی عەرەب لە شاری بەسرەی عێراق بێ، کە کوێت ڕازی نەبوو بەسرە بکرێتە مڵبەندی ژینگەکە. چوونم بۆ ولآتانی دووڕگەی عەرەب بۆ مەبەستی ژینگەو دامەزراندنی مڵبەندی ژینگەی دووڕگەی عەرەب بوو لە شاری بەسەرە دامەزرێنیین.

بۆ عەسری ڕۆژی 3\27 سەعات چوارو نیو چاوم بە ئەمیر فەهد عبدالعزیز کەوت جێگری مەليك خالد عبدالعزیز وجێگری یەکەمی سەرەك وەزیران لە کۆشکی " المعزر" بە ئامادە بوونی ئەمیر ماجد و ئەمیر مشعل بن عبدالعزیز وباڵیوزی عێراق ئەحمەد گەیلانی. ئەمیر فەهد داوایلێکردم صدام حسین جێگری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەردانێکی سعودیە بکات و بە باشی زانی سەردانەکەی دوا نەخا، ئەم داوایە زاری بوو ، کەواتە داوەتێکی شەفەویبوو.. بۆ شەو وەزیری شارەوانی ئاهەنگێکی سازدا ژمارەیەکی زۆری وەزیران و ئەمیرەکان بەشدار بوون یەکیێ لەوانە ئەمیر عەبدوڵلاێ بوو کە ئێستا مەلیکی سعودییە ، دوای مردنی مەليك فەهد بوو بە مەليك. سەردانەکەم زۆر سەرکەوتووانە بوو بەپێچەوانەی سەردانەکەی کوێت ، بۆ ماوەی سەعات و نیوێك لەگەڵ ئەمیر فەهد کۆبووینەوە، باسی گەلیێ شتمان کرد یەکیێ لەوانە مەسەلەی کورد بوو ،ئەمیر فەهد وتی ئێمە

یارمەتی مەلا مستەفا بارزانیمان دەدا و بارزانی کابرایەکی موسڵمانەو پیاوێکی باشە و حکومەتەکەی ئێوەش شیوعییە،گەلی کوردیش گەلێکی موسڵمانە نەدەبوو حکومەتی عێراق دوژمنایەتی مەلا مستەفا بکا. هەروەها پێمی وت ئێمە یارمەتی بارزانیمان دەدا دژی ڕژێمی بەغدا ، بەڵام یارمەتییەکەمان تەنها لە ڕووی داراییەوە بوو نەك چەك. منیش لە وەڵامدا بە ئەمیر فەهدم وت : حکومەتەکەی ئێمە شیوعی نییە ،ئێمە لە کوردستان دێ نییە مزگەوتی تیا نەبێ ، با ئەو دێیەش شەش حەوت ماڵ بێ بەڵام لە مەملەکەتەکەی ئێوە نابینم لە دێهاتەکان مزگەوتان هەبێ ، بۆ نموونە ناوی چەند مزگەوتێکم هێنا لە کوردستان ، ئەمیر فەهد بەپێکەنینەوە وتی: من مەبەستم لە کوردستان نییە، میللەتی کورد موسڵمانن ، مەبەستم لە عێراقە، منیش وتم زۆر سوپاس . /لەم سەردانەم بۆ سعودیە" فەریزەی عەمرەم "بەجێهێنا و چوومە مەکە بۆ عەمرە لەگەڵ شەوقی حەمەخان و زیاد مجید میسری. لە فەریزەی عەمرە چەند تاڵەمووێك لەسەرت دەبڕن ، ئەوەبوو بە زیاد میسریم وت سەرت دەتاشن ، ئەویش باوەڕیکرد و وتی کاك ستار ئەگەر سەرم بتاشن من دەگۆڕێمەوە وئەم عەمرەیە ناکەم . شەوقی حەمەخانیش پێی وت لە عێراق ئەتك نەکرای، بەڵام لە سعودییە ئەتکت دەکەن.

بەڕاستی عەمرەکەم زۆرپێخۆش بوو ، یەکێ لە تاقیکردنەوەکانی ژیانمی زیادکرد ، ئەو شتانەی دەربارەی عەمرە ئەو کاتەی ئیخوان بووم لە کتێب خوێندبوومەوە لەم زیارەتەم بۆ مەککە بە چاو بینیم و بە کردەوە ئەنجامم دا، جیاوازیش زۆرە لەنێوان خوێندنەوەو بینیین.

جگە لە عەمرەکەش زیارەتی گەلێ لە شوێنە پیرۆزەکانی مەککەمان کرد و چووینە سەر چیای" ئوحد" و لەقەد پاڵ چیاکە کە هەمزەی مامی پێغەمبەر لە شەڕی ئوحد شەهید کرابوو ، گۆڕەکەیان گواستبوەوە بۆ شوێنێکی ئەمینتر کە لەوەپێش بەر لافاو کەوتبوو. ئاشکراشە لە سعودییە گۆڕەکەی ئیمام هەمزە یەکێ لەو گۆڕانەیە بە چەمەنتۆ هەڵگیراوە ، لە سعودییە وەهابیەکان ڕێگا نادەن کەس گۆڕ هەڵبگرێ ، گوایا پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی( خیر القبور دوارسها) کەواتە ئەو گۆڕانەی شوێنەواریان نامێنێ، ئەوەی سەیرە وەهابیەکان لە هەزارەها فەرموودەی پێغەمبەر کار بەم فەرموودەیەی دەکەن . لە گۆڕستانی ( البقیع) سەرم لە گۆڕی نۆ ژنی پێغەمبەر دا هەر نۆ گۆڕەکە چەند مستێ خۆڵیان لەسەر بوولەگەڵ گۆڕی ئیبراهیم کوری پێغەمبەر و" گۆڕی حەزرەتی فاتیمەی زەهرا. پاشان زیارەتی

گۆڕەکانی عوسمان و حەلیمەی سەعدییەو حەزرەتی عەباس مامی پێغەمبەر ئەم گۆڕانەش هەموو لە بەقیع بوون. لەگەڵ گۆڕەکانی ئیبن مالیك و مصعب کوڕی عومەیر و لەگەڵ گۆڕی سێ میمکی پێغەمبەر لەگەڵ گۆڕی سێ کچی پێغەمبەر ئەوانیش لە بەقیع نێژرابوون ( ام کلپوم ، رقیه) ناوی سێیەمیان لە یادم نەماوە ، ئەوەندە دەزانم دوانیان خێزانی عوسمان بوون ئەوی تریان خێزانی عومەر بوو. لە شاری مەکەش زیارەتی گۆڕەکانی خەدیجەو مەیمونەم کرد.. پاشان کە ئەمیر فەهدم چاوپێکەوتەوە ئەمەم بۆ باسکرد پێمی وت ،" وەهابیەکان بە زۆر وامانکردووە ئەو نۆ گۆڕەی ژنەکانی پێغەمبەر دەستکاری نەکەن ئەگینا بە بیرو ڕای ئەوان دەبێ لەگەڵ زەوی تەخت بکرێن و ئاسەواریان نەمێنێ ".

لە شاری مەدینە لە مزگەوتی مەدینە زیارەتی مەرقەدی پێغەمبەرم (د.خ)کرد لەگەڵ مەرقەدی ئەبو بەکر و عومەر لە هەمان مزگەوتدا.

دوای تەواوبوونی سەردانەکەم بۆ سعودیە لە 3\29 چوومە بەحرەین و لە فرۆکەخانەی " جواد العریف " دابەزیم و وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئەنجومەنی وەزیران پێشوازی لێمانکرد.لە رۆژی 3\30 ش کاتژمێری دەو نیو ی بەیانی چاوم بە"شیخ عیسا بن سلمان الخلیفه" ئەمیری بەحرەین کەوت،یەکێ لە پرۆتوکۆڵی چاوپێکەوتنەکەمان کە سەرنجمی راکێشا ئەوە بوو کە لە پێشوازییەکەی و بەڕێخستنەکەی خۆی تا باخچەی دەرەوەی کۆشکەکەی لەگەڵمانا هات و بەڕێمانی خست، کەواتە لە دەرگای کۆشکی ئەمیری پێشوازی لێمانکرد. لە هەمان ڕۆژدا لە کاتژمێری 11,30 چاوم بە شێخ خەلیفەبن سلمان الخلیفه کەوت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران . دەوڵەتی بەحرێنیش ڕازی بوو لەسەر ئەوەی مەڵبەندی ژینگەکە لە بەسرە بێ. ئەمەش سەرکەوتنێکی زۆر باش بوو بۆ من وەك وەزیری شارەوانیی عێراق ،بۆ عێراقیش.ئەم ڕەزامەندیەی بەحرێن هەڵوێستی کوێتی زیاتر لاوازکرد.

لە 3\31 چاوم بەشێخ محمد بن مبارك وەزیری دەرەوەی بەحرەین کەوت و ڕۆژنامەکانی بەحرەین هەموو چالاکی وەفدەکەمانیان رۆژانە بلآو دەکردەوە ،کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیم لە" مەنامە "ی پایتەختی بەحرەین بەست، لەو کۆنفرانسە هۆیەکانی گەشتەکەم ڕوونکردەوە و باسی گرنگی بوونی مەڵبەندی ژینگەکەم کرد لە دوورگەی عەرەب و مەڵبەندەکەی لە شاری بەسرە بێ.بەم جۆرە کۆتاییم بە سەردانەکەم هێنا بۆ بەحرین و لە هەمان ڕۆژ لە 3\31 دوای نیوەرۆ لە مەنامەوە بەڕێکەوتم بەرەو قەتەر و

چوومە "دەوحە"ولە فرۆکەخانەشێخ محمد بن جبر وەزیری شارەوانیی پێشوازی لێکردین و ئاهەنگێکی ئێوارەخوانی لە ماڵی خۆیان سازدا شێخ محمدی وەزیر پیاوێکی بەتەمەن و نەخوێندەوار بوو بەلاّم کچەکەی ێزانی ئەمیر بوو، شێخ محەمەدی وەزیر لە ماڵەکەی گەورەترین کتێبخانەی هەبوو ، لەگەڵ خوّیدا بردمییە کتێبخانەکەی ، هەزارەها کتێبی تێدابوو ،کتێبەکان هەموو جوان بەرگ کرابوون یەکێ لەو کتێبانەی چاوم پێکەوت کتێبی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی بوو گۆرینی مەلا جمیل رۆژبەیانی بۆ سەر زمانی عەرەبی . بە شێخ محەمەدم وت باشە جەنابت نەخوێندەواری ئەم کتێبانەت بۆ کۆکردۆتەوە پێمی وت "ئەم کتێبانە باشتر نیین لە کۆکردنەوەی کریستاڵ ،ڕاستە من نەخوێندەوارم بەلاّم دوو کوڕم هەیە یەکێکیان بریکاری وەزارەتەو دوکتۆرای لە ئەمریکا لەسەر ژینگە هێناوەتەوە. خۆ دوای مردنیشم ئەگەر کوڕەکانم سوودی لێوەرنەگرن ئەوا پێشکەشی کتێبخانەی گشتیی قەتەری دەکەم".

لەو ئاهەنگە وەزیری ئەشغال خالد لەگەڵ وەزیری پەیوەندی و گواستنەوە عبداللە ناصر السویدی و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران عبدالعزیز خالد الغانم ئامادەبوون.

"قەتەر" ڕای خۆی دەربڕی لەسەر مەلبەندی ژینگەکە و داوایانکرد، پەلەیان لیّ نەکەم و پاشان وەلاّمم دەدەنەوە ، کەواتە ڕای خۆیان دەرنەبڕی.بەمجۆرەش کۆتاییم هێنا بە سەردانەکەی قەتەر.

لە 4\2 چوومە " ئەبو زەبی" و لە فرۆکەخانە وەزیری لاوان و وەرزش راشد بن احمد بن سولتان لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵ وسامانی دارایی بە وەکالەت پێشوازییان لێکرد، بۆئێوارەش چاوم بە وەزیری دەرەوەیان احمد السویدی کەوت. لە دانیشتنەکەم لەگەڵ وەزیری دەرەوە باسی ئەوەی بۆم کرد کە ژمارەی دانیشتوانی ولاّتەکەیان 230 هەزار کەسە کە لە ساڵی 1966 ژمارەیان 20 هەزار کەس بوو." ئەم ڕوونکردنەوەیەی وەزیری ئیمارات ئەوەی بەبیرما هێنایەوە کە ئێمەی کورد ژمارەمان لە 25 ملیون کەس دەدا لەو ساڵەدا ، جاریّ خاوەند دەوڵەتی خۆمان نیین ،سەرەڕای ئەوەی ئەگەر بەراوردێك بکرێ لەنێوان دەوڵەتی ئیمارات و کوردستان مقەوەماتی بوونی دەوڵەتی کوردستان گەلێ زیاترە لە ئیمارات بەلاّم ئیستعماری بەریتانی بەرژەوەندەکانی دوای شەڕی جیهانیی دووەم لەوەدا نەبووە کورد دەوڵەتی هەبێ . لە هەمان ڕۆژدا چاوم بە وەلی عەهد الشیخ خلیفە بن الراشد

کەوت کە وەزیری بەرگریش بوو بە وەکالەت بەمجۆرە کۆتاییم بەسەردانەکەم هێنا و سەردانێکی سەرکەوتو بوو.

پاشان گەڕامەوە بۆ کوێت و لە فرۆکەخانەی کوێت وەزیری پەروەردە پێشوازیمانی کرد ، لە 4\5 لە کۆشکی " دسمان" هەردوو وەفدی عێراق و کوێت کۆبووینەوە ، وەفدی عێراق بە سەرۆکایەتی من و وەفدی کوێتی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانیی کوێت عبدالعزیز عدسانی.لە کۆبوونەوەکە وەفدی کوێتم ئاگادارکردەوە کەوا وەك وەزیری شارەوانیی عێراق هەست دەکەم هەڵوێستێکی نا دۆستانەتان هەیە دژی عێراق و هەوڵ دەدەن بە چاوێکی سووك سەیری عێراق بکەن بەتایبەت دوای ئەوەی کە گەیشتمە ولاتەکەتان لە جیاتی یەکێ لە وەزیرەکانتان پێشوازیم لێ بکا سەرۆکی شارەوانیی شاری کوێت پێشوازی لێکردم کە ئەمەش بەپێچەوانەی پرۆتۆکۆڵی پێشوازیکردنە لە وەزیرێك لە کاتێکدا ژمارەی کارمەندان و فەرمانبەرانی وەزارەتی شارەوانی عێراق خۆی لە نزیکی ژمارەی دانیشتوانی کوێت دەدا ئەگەرێتو ڕەچاوی پرۆتۆکۆڵ نەکەین کە لە پرۆتۆکۆلات گچکەیی و گەورەیی ولات نایخوا بەڵکو دەوڵەت دەوڵەتە بچووك بێ یان گەورە، بۆیە کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دێنم و دەگەڕێمەوە بۆ عێراق ،ئەوەبوو وەك باسم کرد کێشەکە بەداوەتکردنی جاری دووەم کۆتایی پێهات.بەهەرحاڵ دەربارەی کردنەوەی مەڵبەندی ژینگەی خەلیج نە لە بەسرەو نە لە هیچ شارێکی تری عێراق و کەنداوی عەرەب نەکرایەوە.

هەر دەربارەی سەردانەکانم بۆ کوێت لە ساڵی 1976 لە 12\21 بە سەرۆکایەتی وەفدێك چوومە کوێت بە مەبەستی ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی دامەزراندنی کۆمپانیای دەریاوانی عەرەب" الجمعیه التأسیسیه لشرکه الملاحه العربیه" ئەوەبوو لە 12\22 لە ئوتێلی هاملتۆن کۆبوونەوەکە بەسترا و ڕۆژی 12\24 گەڕامەوە بۆ بەغدا ئەو سەردەمە وەزیری گواستنەوە بووم نەك شارەوانیی.

لەگەشتەکانم بۆ ولاتانی کەنداوی عەرەب جگە لە ئەنجامدانی ئەرکە ڕەسمیەکانم وەك وەزیرێکی دەوڵەتی عێراق بە باشی و دلسۆزی و سازش نەکردن لە سەر حیسابی عێراق لە هەموو ئەو چالاکیەکەوتنانەم کە باسیانم کرد خۆم وەك وەزیرێکی کوردو سکرتێری گشتیی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان دەناساند، بە کورتی باسی گەلی کوردیشم بۆیان دەکرد کە

بێگومان ئەمەش لەسەرم گران ڕادەوەستا لەبەر ئەوەی لە هەموو چوونە دەرەوەیەکم یەکیَ لە ئەندامانی وەفدەکە ڕاپۆرتی خۆی لەسەرم دەنووسی ، لە عێراقی بەعس وەفد نەبوو یەکیَ تەکلیف نەکەن بۆ چاوەدێری وەزیر یان هەر سەرۆك وەفدێك ، لە گەڕانەوەیان ڕاپۆرتیَ نەدەن بە حیزبی بەعس یان جیهازی موخابەرات هەر بۆیە وەك وەزیرێکی کورد دوای سیَ ساڵ و دوو مانگ و نیو دەرکرام لە وەزیریی لە کاتێکدا هاورێکانم کە لەگەڵ من بوونە وەزیر هەندێکیان پانزە ساڵ بە وەزیری مانەوە و بە هۆی تەمەنیان لە وەزارەت ئیعفا کران تەنها خوالێخۆشبو عزیز عقراوی لەبەر ئەوەی ئیلتحاقی کرد و چووە سوریا ،ئەوەی سەیر بوو ، ئیعفاکردنەکەی عەزیز عەقراوی دوای ئەوەی ئیلتحاقیکرد و هێزگرێکی ڕۆژنامەوانیشی لەگەڵ مام جەلال لە دیمەشق بەست و تەلەفیزیوَنی بی. بی. سی . بلآویکردەوە ، مەرسومی کۆماریی ئیعفاکەی لە بەغدا بلآونەکرایەوە .. یان خوالێخۆشبوو عبیداللە بارزانی کە صدام حسین بە ناحەق ئیعدامی کرد.خۆ هاشم عەقراوی لە حیزبی بەعس گەیشتە پلەی ئەندامی شوعبە و گەلێ لە بەعسیەکان بەعسی تر بوو .

لە سەردانەکەم بۆ قەتەر ( قائم بالاعمال)ی عێراق ناوەکەیم لە یاد نەماوە ڕاپۆرتێکی لەسەرم نووسیبوو بۆ وەزارەتی دەرەوە گوایا من " مەدالیای ڕێم" بە خەلآتپێشکەش بە وەزیری دەرەوەی قەتەر و چەندلێپرسراوێکی تری قەتەر کردووە ، ئەم مەدالیانە وێنەی مرۆڤێکی کوردی لەسەرەو ڕەمزی دەوڵەتی کوردستانە ، لە کاتێکدا مەدالیەکە بانکی ڕافیدێنی عێراق وەك دراوێك دەریچواندبوو بە بۆنەی گەڕانەوەی ئاشتی و لە دایکبوونی ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستان .

سەردانی یوگۆسلافیا

لە 1976\7\7 ڕێکەوتی ڕۆژی چوارشەممە چوومە بەلگراد پایتەختی یوگوَسلاڤیا لە سەر بانگهێشتی وەزیری گواستنەوەی یۆگۆسلافی ،مەبەستیش لەم سەردانەم بۆ بینینی گەمییە " جنیبە" کانی کە یۆگۆسلاڤیا دروستیان دەکرد." بۆ وەزارەتی گواستنەوەی عێراق ، جنیبە "کەشتیەکی بچوکی بارهەڵگرە هەر جەنیبەیەك بارەکەی 500 تەن بوو .بە پێی گرێبەستێکی نێوان ئێمەو یۆگۆسلافیا 100 سەد جەنیبەمان لێیان کڕیبوو بۆ بەکارهێنانیان لە ڕووباری دیجلە لەنێوان بەغدا و بەصرە،هەروەها لە ڕووباری شەتی عەرەب.هەرچەندە دوای تەوابوونیان و وەرگرتنیان هیچ سوودێکمان لێیان وەرنەگرت، یەکەم لەبەر ئەوەی وەزارەتی ئاودێری

نەیتوانی ڕووباری دیجلە پاك بکاتەوە یان وێستگەی کەشتیەکان درووست بکرێ .دووەمیش لەبەر ئەوەی شەڕی ئێراق ئێران دەستی پێکردو نەتوانرا بەکاریان بهێنیین.

لەم گەشتەم محمد محی الدین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی شۆرشگێڕی کوردستانم برد . کاتژمیری 3,15 ی دوای نیوەرۆ گەیشتینە بەلگراد ، وەزیری گواستنەوەی یۆگۆسلافی لە فرۆکەخانە پێشوازی لێکردین و نانی نیوەڕۆمان لە ئوتێلی یۆگۆسلافیا لەسەر شەرەفی وەزیری گواستنەوە خوارد..ئوتێلی یوگۆسلافیا کەوتۆتە سەر ڕووباری دانوب و پلەی گەرمای بەلگراد 29 پلەی سەدی بوو.

لە 7\8 سەر لە بەیانی چووینە" سمیدیرڤسکا پەلانکا" کە یەك سەعات و نیو لە بەلگرادەوە دووربوو،لەوێ سەرمان لە کارگەی" گۆشا" دا ، ئەم کارگەیە تایبەت بوو بە دروستکردنی فارگۆنی شەمەندەفەر و پردی ئاسن و سەیارەی تریلە.بۆ نیوەڕۆش لەچێشتخانەیەکی ئەسەری میللی نانمان خوارد، لەڕێگای گەڕانەوەمان سەرمان لە شاری " ئۆپۆلا "دا ئەم شارە کەوتۆتە سەر گردێکی گەورە و 345 م لە ئاستی دەریاوە بەرزە لە ناوجەرگەی " صربیا" یە لەوێ سەرمان لە کڵێسەی " قەرجوورجیا" دا. ئەم کڵێسەیە بەڕاستی کڵێسەیەکی نایاب بوو لە ڕووی معماری و بە وێنەی جوان جوان ڕازاندرابوەوە وێنەکانیش هەموو بە بەرد دروستکرابوون.بەڕاستی نەك لە یوگۆسلافیا بەڵکو لە زۆربەی زۆری ولاتانی ڕۆژئاوا ، ئەم جۆرە شوێنانەیان پاراستووە ، ئاساوار بە هەموو جۆرەکانیانەوە لای ئەوان شتێکی پیرۆزە ، دەبێ بپارێزرێن ، پاراستنیانیش پاراستنی مێژووی ولاتەکەیانە، لە ئێراق یان لە کوردستان ، زۆربەی زۆری ئاسەوارەکانمان لەناودراون یان تالآن کراوون ، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی شتی زۆر گرنگ لە مێژووی گەلەکەمان بزر ببن.

لەسەر ڕووباری دانوب" حسین حیاوی"باڵیوزی ئێراق لە چایخانەیەکی نایاب داوەتێکی بۆمان سازدا، ئەم چایخانەیە بریتی بوو لە پاپۆرێك دوو کاتژمێر بە شەو لەناو ئەو گازینۆیە ماینەوە کە لە لەناو ڕووباری دانۆب دەسووڕایەوە ، شەوێکی زۆر خۆشمان بردەسەر، حسین حیاوی مرۆڤێکی خاوەند زەوق بوو دیاریش بوو زۆر دۆستی کورد بوو.بەم دواییەش دوای ئەوەی خانەنشین کرا لە ساڵی هەشتاکاندا هەردووکمان ئیشتراکمان کردبوو لە مەلەوانگەی ئوتێل بابل لە بەغدا و زۆر جار تووشی یەکتر دەبووین لە کاتی مەلەوانکردنماندا لە مەلەوانگەی ئوتێلەکە ، زۆر جاریش لەگەڵ

یەکتری دەمەتەقێمان دەربارەی وەزعی عێراق بە تایبەتی لە کاتی شەڕی ئێوان عێراق و ئێران دەکرد ، باسی مەسەلەی کوردمانیش دەکرد و بۆچوونەکانی خەراپ نەبوون.

بۆ ڕۆژی دوایی چووین بۆ شاری "زرینیان" ئەم شارە شارێکی بچووك و خنجیلانە بوو، کەوتۆتە ناوچەیەکی کشتوکاڵیەوە ، تاڕادەیەکیش خەریکی پیشەسازی بچووکن ، لەم شارە سەرم لە بارەگای کۆمپانیای دروستکردنی کەشتیەکانمان دا " جنیبە" کە بۆئێمەیان دروست دەکرد. لەویَ یەکەم کەشتیم تدشین کرد کەواتە خستمە سەر ئاو، هەر لەویَ وتارێکم خوێندەوە بۆ کرێکاران و جەماوەری ئامادەبوو، دوای تەواو بوونی سەردانەکەمان بۆ کۆمپانیاکە بۆ نیوەڕۆ سەرمان لە شارەوانی شارەکە دا. پاشان بۆ پشوودان چووینە یەکیَ لە کۆشکە ئێرینەکانیپێش بوونی یوگوَسلافیا بە دەوڵەتێکی سۆشیالیست ، لەو کۆشکە دابەزین ، بەڕاستی شوێنێکی دڵگیربوو.ئەم کۆشکەش یەکێ لە شوێنە ئێرینەکانی یوگۆسلافیا بوو وەك خۆی پاراستبویان و دەستی خەراپکاری نەگەیشتبوو پێی بەڵکو بە باشی و جوانی پاراستبویان .

شاری باڕ

ڕۆژی شەممە 7\10 کاتژمێری 40,9 ی بەیانی بە شەمەندەفەر کەوتینە ڕیَ بۆ شاری بار کە کەوتۆتە سەر کەناری دەریای ئەدریاتیك . هێڵی شەمەندەفەرەکە 476 کم درێژ بوو ، ئەم هێڵە ئاسنینە بە سەخترین ناوچەی شاخاویدا تێپەردەبیَ و گشتیی درێژایی تونیلەکانی 254 کم درێژە درێژترین تونێلیان 8کم بوو. لەگەڵ پردی زۆر بەرز بەرز ، بە شێوەیەکی زۆر جوان بیناکرابوون،ناوچە شاخاویەکانی وەك ناوچەی گەلی عەلی بەگی کوردستان دەهاتەپێش چاوم و گەورەترین شاریش کە ئەم هێڵەیپێیداتێپەڕ دەبێ شاری " ئۆژتسیا " یە ، ئەم شارە یەکەم کۆماری ڕزگارکراوی لە مانگی 10 و 11 ی سالیَ 1941دا تێدا دامەزرا. پاشان نازیەکان داگیریانکردەوە.لەم شارە جەنراڵ تیتۆ خوَی سەرکردایەتی شەڕی پارتی زانی دەکرد. شاری " تیتۆگراد" پایتەختی " مۆنتی نیگرۆ" یە، لە قەرەداغ، دانیشتوانی قەرەداغ وەك هەموو ناوچە شاخاویەکان جل و بەرگ و عادەتیان زۆر بە کورد دەچیَ و ژمارەیان یەك ملێون کەسە. کۆماری تایبەتی خۆیان لەئاستی خودموختاری هەیە . شەو کاتژمێری 8 گەیشتینە " باڕ " ێگاکە 11 سەعات بوو. شەمەندەفەرەکە بە ڕێرایی 140 کم لە

سەعاتێکدا دەرۆیشت وجاری ئەم ڕێگایە گوایا بۆ تاقیکردنەوەیە. لە باڕیش شەوێکی خۆشمان بردە سەر.

لە 7\12 سەعات 7ی بەیانی بە فرۆکەی بوینگ 727 چوین بۆ شاری " زەغرب" بە 40 دەقیقە گەیشتینە زەغرب لەوێوە بە سەیارە چووینە شاری لۆبلیانا ، لەوێ سەرۆکی کارگەی ئۆسکرا لەپێشوازیماندا بوو، هەر بەگەیشتنمان سەرم لە وێستگەی شەمەندەفەری شارەکەدا بە تایبەتی کە لەسەر بناغەی ئەلەکترۆنی ڕێکخرابوو ، فارگۆنی بارەکان هەریەکەیان بەپێی بەرنامەی تایبەت دابڕێژرابوون لە مەکینەکە جیا دەبوونەوەو بۆ شوێنی تایبەتی خۆیان دەرۆیشتن، بۆ نیوەرۆش لە ئوتێلی خەلیج پشووماندا.

ڕۆژی 7\11 کەواتە ڕۆژێ دواتر لەپێش ئەوەی بچینە زەغرب ، سەعات 10ی بەیانی لە شاری "بار"وە چووینە شاری " دۆبرۆنیك" ئەم شارە تاڵێکی شارێکی جوانە و کەوتۆتە سەر دەریای ئەدریاتیك لە سەر کەناری کەنداوی ئەدریاتیك، لەوێ سەرم لە یەکێ لە کۆمپانیاکانی دروستکردنی پاپۆڕەکاندا " جنائب" کە گەورەکەیانە، وەك باسم کرد بارەکەی 500 تەن بوو . بۆ نیوەڕۆ لە شوێنێکی زۆر خۆش و دڵگیر نانمان خوارد شوێنەکە زۆر بە ناوچەی سوارەتووکەی کوردستانی دەکرد یان سەرسەنگ تەنها ئەوە نەبێ کە ئەم شوێنە زۆر بایەخی پێدرابوو، ولاتەکەی ئێمەش فەرامۆش کراوە جگە لەوەی تائێستا چەندجار لە لایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقەوە بە تایبەتی لە ساڵی 1963 بەدواوە کاولکراوە.

بۆ نیوەڕۆ چووینە ئوتێلی " پلاکیر " ئەوەم لەبیر چووڵبێتەم کە لەو شوێنە جوانەی نانمان لێی خوارد ناوی " کۆنا ڤۆتسکی ڤۆری" بوو ، کچانی ئەم گوندە بە جوانی و قۆزی ناسراون، ژنەی کچەکانیان پێش ئەوەی یوگۆسلافیا ببێ بە دەوڵەتێکی سۆشیالیست ژنەکانیان لەسەر دراوی ولاتەکە بووە ، کەئێستا ئەو پارانە کاریان پی ناکری ،بەلام وەك دراوی کۆن بە نرخێکی زۆر گران دەفرۆشێن، دوو کچ لەچێشتخانە کە نموونەی جوانی و شۆخی بوون خزمەتیان دەکردین ، من کە چاومرپێیان کەوت وامزانی خوشکن و لفانەن، بەلام وەزیری گواستنەوەی یوگۆسلافیاپێمی وت نەك خوشك و لفانە نیین بەڵکو خزمی یەکتریش نیین ، کچانی ئەم گوندە هەموو وا جوانن و لە یەکتری دەچن .ئەم دوو کچە ماسییان بۆمان دەبرژاند ، ماسیەکانیان لە تەنیشت ئاگێکەوە لە شیش دابوو ، شیشەکان

بە چەرخ و فەلەکێکی بچوك گرێ درابوون و چەرخ و فەلەکەکە لەبان جۆگەیەکی خوری بچوك داندرابوون ، ئاوی جۆگەکە دەیسوڕاندەوە و لەگەڵ خۆیدا شیشە ماسیەکانی لە تەنیشت ئاگرەکە دەیسوڕاندەوە تا بە تەواوی دەبرژان ، وەك چۆن لە کەناری ڕوباری دیجلە لە چایخانەکانی " ئەبو نەواس" ماسیان دەبرژاند کەواتە " مەسگوف" . بەلاَم دیمەن و جۆری برژاندنەکەی لەوەی ئەبو نەواس جوانتر بوو و جگە لەوەی لە ئەبو نەواس ئەوانی ماسیەکان دەبرژێنن پیاون پاك و تەمیزیش نیین ، ئەمەی ئێرە جوانترین کچی یوگۆسلافیان.

شاری دۆبرنیك ناسراوە بە جوانی و تائێستاش ئەم شارەیان پاراستوە و چوار دەوری قەلاَیە و سەیارە قەدەغەیە بچێتە ناو شارە کۆنەکەوە ، ئەم شارە چوار دەرگای هەیە ئەم چوار دەرگایە دابخرێن شارەکە دەبێتە دوورگەیەك و لە مێژووی کۆنیشدا داگیر نەکراوە بەلاَم لە شەڕی جیهانیی دووەم ئەڵمانەکان داگیریانکرد. لە سەدەی 16 یەم کۆمەڵێکی بەناوبانگ بووە. دۆبرنیك ناسراوە بە چارەسەرکردنی ئاسایی و مارشال تیتۆ لەم شارە کۆشکێکی بۆ خودی خۆی دروست کردوە تەنها بۆ چارەسەری ئاسایی، تیتۆ تووشی نەخۆشی " عرق النسا" بووە و لە گەلیَ شوێنی تری یوگۆسلافیا شوێنی وای بۆ خۆی بنیات ناوە .تیتۆ وەك پێشمەرگەیەکی ئێرینی یوگوَسلافیا ، بە شەڕی پارتیزانی یوگوَسلافیای ئازاد کرد و پاشانیش لە فەلەکی یەکێتی سۆڤیەت جیابوەوە ، کە دەسەلآتی گرتە دەست و بووە سەرەك کۆماری یوگوسلافیا دەستی کرد بە کۆشك و تەلار دروستکردن لە زۆربەی شارە جوانەکانی یوگۆسلافیا و لە عێراقیش دا صدام حوسین لەسەر هەمان ڕێبازی تیتۆ ڕۆیشتەڕێوە لە کوردستانی باشوریش جارێ نەبووینەتە دەوڵەت و سەربەخۆیی تەواومان وەدەست نەهێناوە سەرکردەکانمان چاو لە تیتۆ و صدام دەبڕن و لە هەر شوێنێکی کوردستان کۆشکێك دروست دەکەن یان یەکێ لە کۆشکەکانی صدام حوسین و عەلی کیمیاوی داگیر دەکەن . ڕۆژی 7\13 لە شاری لیوبلینا بە فڕۆکە گەڕامەوە بۆ بەلگرادی پایتەخت بۆ شەویش لە یەکیَ لە چێشتخانەکانی سەر ئاوی دانوب دەعوەت بووین.

لە 7\14 سەرم لە باڵیوزخانەی عێراق دا بە بۆنەی جەژنی 14ی تەمموز. بەڕێکەوت دوکتۆر فەوزی القیسی وەزیربدارایی لەگەڵ خێزانەکەی لەوێ بوون ، بۆپشوودان هاتبوونە یوگۆسلافیا، دوکتۆر فەوزی تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی قورگ بوو بوو .بەم دواییەش پێش مردنی هەوڵیدەدا لە جاران

کەمتر جگەرە بکێشێ ، جگەرەکەی بە گوێزان دەکردە دوو بەشەوە بەشێکی فڕێ دەدا، بەڵام دیاربوو کار لەکار ترازابوو ، شێرپەنجەکەی کاری خۆی کردبوو.

هەر ئەو نەخۆشیەش لە ئەنجامدا بووە هۆی مردنی، دوکتۆر فوزی جگە لەوەی مامۆستایەکی زانکۆی سەرکەوتوبوو، لە وەزارەتیش یەکێ لە وەزیرە سەرکەوتووەکانی بواری دارایی بوو لە عێراق و زۆریش دۆستی کورد بوو . چەند جارێکەوە دادەنیشتین باسی ئەوەی دەکرد کە گەلی کورد وەك هەموو گەلانی جیهان مافی چارەنووسی خۆی هەیە ، لەو ڕۆژانە لەو بارودۆخەی عێراقدا لە سەردەمی دەسەلاتی بەعس ئاسان نەبوو وەزیرێکی عێراق بەو جۆرە ڕای خۆی لای دۆستێکی خۆی دەربڕێ.

لە هەمان ڕۆژدا لە کاتژمێری 2 ی دوای نیوەڕۆ چاوم بە" شیقەر"جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کەوت کەلێپرسراوی کاروباری ئابوریش بوو بە ئامادەبوونی باڵیوزی عێراق حسین حیاوی لەگەڵ وەزیری گواستنەوەی یوگۆسلافیا، چاوپێکەوتنەکەم زۆر سەرکەوتوبوو، هەرلە هەمان کاتدا ێستگەی یوگۆسلافیا بۆ ماوەی 10 دەقیقە چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵمدا دەربارەی پەیوەندی نێوان عێراق و یوگۆسلافیا تۆمارکرد، دیاربوو سیستەمی دەوڵەتی یوگۆسلافیا کاری خۆی هەبوو لەسەر جۆری بیرکردنەوەی حوسێن حەیاوی دەربارەی چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێرا قدا.

لە 7\15 لە گەشتە ڕەسمیەکەم بۆ یوگۆسلافیا گەڕامەوە، لە فرۆکەخانەی بەلگراد حسین حیاوی باڵیوزی عێراق لە یوگۆسلافیا و مقدم ئەرشەد یێباری مولحەقی عەسکەری – کە بەم دواییە بووە سەرۆکی جاش و جاشێکی زۆر چەپەڵ دژی گەلەکەی - و وەزیری گواستنەوەی یوگۆسلافیا بەڕێمانیان خست. یوگۆسلافیا یەکێ لەو دەوڵەتە سۆشیالیستانە بوو کە دەرگایان لەسەرپشت بوو بۆ سەفەر و سەردانی بیيانیەکان و هاوینەهەوارەکانیان. بەپێی ئەژمارێك لە ساڵی 1975 نزیکی 22 ملێون خەڵکی گەڕیدە سەردانی هاوینەهەوارەکانیان کردبوو .لە یوگۆسلافیا لە 24 ملێون کەس نیو ملێونیان دەرچوی زانکۆن و داهاتی نەتەوەییان40 دۆلارە کەواتە بۆ یەك کەس لە ملێێك دا و ئەم داهاتەش کەمە بەلاَم لە زۆر لە ولاَتە سۆشیالیستەکانی تر بەرزترە. بەلاَم لە هەندێ ناوچەی یوگۆسلافیا داهاتی نەتەوەییان 120 دۆلارە کە ئەمەش زۆر باشە. یوگۆسلافیا بریتییە لە چوار هەرێمی کۆماری و دوو هەرێمی حوکمی زاتی و ئەم تاقیکردنەوەیەی حوکمڕانی لە یوگۆسلافیا تائێستا لە دوای شەڕی

جیهانیی دووەمەوە بۆتە هۆی پارچەنەبوونی ولآتەکەیان. بەلاَم دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت یوگۆسلافیاش پارچە پارچە بوو ، چەند کۆمەڵێکی لێکەوتەوە، کەلێرەدا جێگای باسکردنی نییە.تەنها ئاماژە بەو ڕاستییە دەکەم کەپێکەوە گونجاندنی چەند نەتەوەیەك و دروستکردنی یەك دەوڵەت لەژێر هەر ناوێکدا بێ بە بێ ئارەزووی ئەو نەتەوانە ئەنجامەکەی وەك ئەنجامەکانی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت یان یۆگۆسلافیا و چیکۆسلۆفاکیا دەبێ و گومانیش نییە لەوەی ئەنجامەکەی دەوڵەتی عێراقیش دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بە هەمان ئەنجام دەگا ، پارچە پارچە بوونی عێراق و دابەشبوونی و بوونی بە سێ دەوڵەت ( دەوڵەتی کوردستان و باشور و ناوەڕاست ، کەواتە شیعەی باشور و سوننەی ناوەڕاست ) بەتایبەتی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 2003وە، ڕۆژ بە ڕۆژ دەردەکەوێ کە سەری دوو گا لە یەك مەنجەڵدا ناکوڵێ ، شیعەو سوننەپێکەوە ژیانیان لە یەك دەوڵەتدا زۆر زەحمەتە .

لەم سەردانەم بۆ یوگۆسلافیا چاوم بە ئەرشەد زێباری کەوت مولحەقی عەسکەری عێراق بوو لە یوگۆسلافیا داوای لێم کرد دوای گەڕانەوەم بۆ بەغدا چاوم بە صدام حسین بکەوێ و داوای لیَ بکەم بیڵکو نەقڵی بەغدای دەکا ، وا دیاربوو ئەرشەد زۆر بێزار بوو لە مانەوەی لە یوگۆسلافیا. ئەوەبوو کە گەڕامەوە چاوم بە صدام کەوت و داواکەی ئەرشەدم پیَ ڕاگەیاند و دوای ماوەیەکی کورت نەقڵی بەغدای کردەوە.پاشان کرایە وەزیری دەوڵەت و کاروباری سەرۆك جاشایەتی عەشیرەتی زێباری پێ ڕاسپێراو ژمارەی جاشەکانی لە چەند فەوجێك تێپەڕیکرد. یەکێ لەو سەرۆك جاشانە بوو کە لە هەڵمەتەکانی ئەنفال لە ناوچەی بادینان بەشدار بوو بیڵکو شان بە شانی قایدی فەیلەق و ئەفسەرە گەورەکانی سوپای عێراق سەرکردایەتی هەڵمەتی ئەنفالی دەکرد ، بیڵکو ڕێ خۆشکەری هەڵمەتەکە بوو.

سەردانی بیرەسپان و کۆێز لە ساڵی 1976

لە 1976\7\22 چوومە ێی بیرەسپانی گەورە و کۆێز بیرەسپان سەر بەناحیەی (التون کۆپری ) پردییە کۆێزو سەر ناحیەی شوانە ، لە ساڵی 1969 وە نەچوبوومە دەشت و سەرم لە خزمو کەسو کارەکانم نەدابوو بە هۆی بارودۆخی ناوچەکەوە، ئاشکرایە دوای بەیانی 11 ئازاری 1970 جەماعەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی مستەفا دەستیان بەسەر هەموو کوردستاندا گرت و یەکیَ لە ناوچەکانیش ێهاتەکانی ێمەبوو. لە بیرەسپان لەبەر ئەوەی براکانم و ئامۆزاکانم سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان \ جەماعەتی مەکتەبی سیاسی|بوون، جەماعەتی مەلا مستەفا دەستیان بەسەر ماڵگەو دەغڵو دانەکانماندا گرت ،بەلآم دوای ئاش بەتاڵ ، براو ئامۆزاکانم گەڕانەوە بۆ بیرەسپان.لە ێی بیرەسپان لە ساڵی 1935 لە دایکبووم و براکانم و خزمەکانم و خەڵکی ێیەکەمان هەموو تا ساڵی 1987 ش جاریَ لە بیرەسپان دادەنیشتن تا ڕێمی بەعس ێیەکەی ڕوخاندو لەگەڵ زەوی تەختیکرد نەك هەر بیرەسپان بەڵکو 4500 گوندو شارۆچکەی کوردستانیان لەگەڵ زەوی تەختکرد. براکانم شێخ تەها و شیخ تەیب و شیخ هادی لە ێی کۆێز دادەنیشتن.پێش کاولکردنی.بەلاَم هادی برام لە لەمانگی یانزەی ساڵی 1961 بە هۆی ئیلتهابی ریخۆڵەوە کۆچی دوایی کرد لەبەر ئەوەی وەزعی کوردستان باش نەبوو لە نەخۆشخانە بوو لە کەرکوك لە ترسا لە نەخۆشخانەکە هەلآتبوو، ئەوکاتە لە بەندیخانەی کوت بەند بووم و جارێ دەرنەچوبووم، هەواڵی مردنەکەیم نە دەزانی تا ئەو ڕۆژەی لە بەندیخانەی کوت ئازادکرام و گەڕامەوە کەرکوك.

شێخ جلیلیش لە 2004/12/4 کۆچی دوایی کرد و شێخ تەهایش کەبراگەورەمان بوو لە 2006/3/14پێش ئەوانیش شیخ حەسیبی برام لە نەخۆشخانەی الشماعیە لە 1992/9/8 کۆچی دوایی کرد . دوو رۆژ لە بیرەسپان و کۆێز مامەوە ، شەوقی حەمە خان و زیاد مجید میسریم لەگەڵدا بوون. لە سەردانەکەم بۆ ێی بیرەسپان چوومە ماڵ حاجی حوسین کۆیی ، کە براکانم و ئامۆزاکانم وایان چاوەڕوان دەکردێم کە لە ماڵ شێخ ڕەوف شێخ نەجیمی ئامۆزام دادەبەزم وەك برا گەورەی بیرەسپان نەك ماڵ حاجی حوسین، بەلآم لەبەر ئەوەی دوای بەیانی یانزەی ئازار هەندێ ساردی کەوتبووەێوان براو ئامۆزاکانم لەگەڵ ماڵی حاجی حوسێن ، وام بە باش زانیپێشان سەردانی حاجی حوسێن بکەم کە ێواندارییەکی

زۆر باشمی کردو پیاوانە بە پیرییمەوە هات و برایەتی و دۆستایەتی دەها ساڵی ڕابوردوی نێوانمان گەڕاندەوە وەك ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ، بەم دواییەش صابری کوڕی وازی لە جەماعەتی پارتی هێناو بووە ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و دەورێکی زۆر باشی گێڕا بۆ پتەوکردنی خزمایەتییەکەمان لە ڕێی بیرەسپان و شاری کەرکوك .لە ڕاستیدا هەندێ لە خزمە نزیکەکانی خۆمان هەڵوێستیان بەرامبەر ئێمەی بەرەی شێخ شەریف لەو کەسانە خەراپتر بوو کە بە خزمایەتی ناگەیشتنپێمان یان خزمایەتیەکەیان دوورتر بوو لەوان ، یەکێ لەوانە حەز دەکەم ئاماژەی بۆ بکەم" ڕەنجەی کوڕی عومەر صدیق وشێخ عومەری باوکی ، میمکزاکانم لە ڕێی بیرڵاك کوڕەکانی کوێخا نەسرەدین و کوڕەکانی حەمە خورشید.. خەراپی ئەم خزمانەش زەوتکردنی دەغڵ و دانەکانمان بوو ، دەسیان بەسەریاندا گرت بە بیانگەی ئەوەی ئێمە جەماتی مام جەلال بووین، بەرامبەر ئەم هەڵوێستە ناڕەوایە من لە ساڵی 1991 دوای ئەوەی ڕێگەم پێدرا زەویەکانی بیرەسپان بکێڵم و تۆوی بکەم ، هەڵنەسام بەوەی تەنها زەویەکانی خۆمان تۆو بکەم بەڵکو زەویەکانی بیرەسپانم هەموو تۆو کرد، هەرکەس بەرهەمی گەنم و جۆیەکانیانم دایەوە خۆیان ، یەکێ لەوانە عومەر صد یق بوو . لەم ماوە دوورو درێژە نەچوبووم بۆ بیرەسپان و کۆزێ لەبەر ئاڵۆزی وەزعی کوردستان بە هۆی دووبەرەکی نێوان ئێمەی جەلالی و مەلاییەکان، بەڵکو ئێمە بەجەماعەتی بارزانیمان دەوت مەلایی و ئەوانیش بە ئێمەیان دەوت جەلالی. بەهەرحاڵ لەم ماوەیە ئەوی لەبیرم بێتەوە کوشتارەکانی نێوان هەردوولا بوو لە شەڕی براکوژیدا، کوشتنی سید کەریم سید نجم الد ین بیرەسپانی کە لە دیی ئیلنجاغ لە ناو شوان شەهیدکرا. شوکر قادرسڵەیی سەرلق لە شەڕی براکوژی لە ساڵی 1969 شەهید کرا،شوکر قادر لە دیی خلە بازیانی شەهید کرا،شەهید شوکرو سەید کەریم لەپێشمەرگە سەرەتاییەکانی کوردستان بوون و دووپێشمەرگەی زۆر ئازاو دڵسۆزبوون و شەهید شوکر ڕۆڵێکی بالای هەبوو لە بلاوکردنەوەی گیانی کوردایەتی لە ناوچەی سڵەیی و خودی خۆشی سڵەیی بوو. دوای ئەمانیش شێخ غالیب شێخ محی الدین لە شەڕی دووبەرەکی لە گەورە دێ شەهیدکرا. شەهید غالیب یەکێ لە ئازاترینپێشمەرگەی کوردستان بوو ،پێش ئەوەی لە ساڵی 1969 بێتە پێشمەرگە و چەك هەڵبگرێ زۆر هەوڵم لەگەڵیدا کە چەك هەڵنەگرێ لەبەر گەورەیی تەمەنی بەلآم نەمتوانی قەناعەتی پێ بکەم و چووە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستانەوە. وەك من لە منداڵیمەوە شارەزای بووم لە

فەرهەنگی کەسایەتیەکەی نایزانی وشەی ( ترس) چییە، تەنها بۆ مێژوو دەیگێڕمەوە ، جارێکیان پۆلیسێکی سوارەی ناحیەی پردێ بە دوایا دەگەڕا بۆ ئەوەی دەسگیر بکا لەبەر ئەوەی سەربازی ڕاکردوو بوو ، ئەمە لە سالآنی چلەکاندا بوو، کاتێ پۆلیسەکە لە دەرەوەی بیرەسپان تووشی دەبێ ، شێخ غالیب پۆلیسەکە چەك دەکاو تفەنگەکەی لێ دەسێنێ و بۆ خۆی دەیبا ، لە کاتێکدا شێخ غالیب چەکدار نەبوو، پۆلیسەکە ناچار بە ئەسپەکەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ لای شێخ تاهیری باوکم وپێی دەڵێ یا شێخ ئەمە حاڵە ! بزانە غالیب چی لێمکردووە ، چەکمی کردووە ، ئیتر چۆن بگەڕێمەوە بۆ پردێ ، بەم وەزعە بگەڕێمەوە جگە لەوەی حەیام ئەچێ بەندیش دەکرێم و حوکم دەدرێم ، باوکمیش چەند زەلامێك دەنێرێ بە دوای شێخ غالیبا دەگەڕێن و چەکەکەی لێ دەسەنێتەوەو بۆ پۆلیسەکەی دەهێننەوە . چەند جاریش وەك سەربازی ڕاکردو کە دەگیرا لە ئینزیباتخانەی کەرکوك تەوقیف دەکرا ، دوای چەند ڕۆژێك لە ئینزیباتخانە ڕای دەکردو لەگەڵ خۆی بەتانیەکیشی دەهێناوە کە لە ئینزیباتخانەکە ڕای دەکرد یەکسەر دەهاتە ماڵێمە لە گەڕەکی ئیمام قاسم ، ئەو سەردەمە من منداڵ بووم لە پۆلی چواری سەرەتایی بووم لە یادمە دایکمپێی دەوت کورم ئەم بەتانیەت بۆ لەگەڵ خۆتا هێناوە ، ڕادەکەی ، ڕا بکە بەلآم هیچ لەگەڵ خۆتدا مەهێنەوە ئەگەر بتگرن سزای قورست دەدەن ، ئەویشپێی دەوت دایە هەمین شەڕو نیوە شەڕ وەك یەکن کە شەڕت کرد بە تەواوی بیکە .من ئەو زەمانە لەم وشەیە تێ ناگەیشتم ( شەڕو نیوە شەڕ وەك یەکن ژمارەیەك لە گەنجانی بیرەسپان لە پەلاماردانی بەعسیەکان شەهیدکران ، لەو شەهیدانە ، فەتاح حەمە دەمین قولی و نەعمان صوفی حەمەڕەش و سەلیمەکوێر کە بۆ ڕەنجبەری هاتبووە بیرەسپان ، لەگەڵ شەهیدکردنی عبدالقادر حەمەدەمین عوێر کە بە دەستی چەپڵی حەرەس قەومییەکان . لە ساڵی 1963 لە ێی بیرەسپان شەهیدکران لە کاتی پەلاماردانی حەرەس قەومییەکان بۆ سەر دانیشتوانی ناوچەکەو هیچیانیش چەکدار نەبوون. ، لەگەڵ.شەهید نەعمان زۆر دۆستایەتیمان بەهێز بوو ، لە سالآنی پەنجاکاندا سەپانی باوکم بوو ، دوای کۆچکردنی باوکم من لە پشووی هاویناندا شەغرەم دەهێنا ، ئەویش شەغرەکانی لێ دەنا ، یەکێ بوو لە گەنجە ئازاکانی ێی بیرەسپان و زۆریش خۆشەویست بوو لای دانیشتوانی بیرەسپان .

زانکۆی موستەنسرییە

دەربارەی خوێندنم لە زانکۆی( المستنصريه) لە دوای بەیانی 11 ئازار لە کۆلیجی ئاداب بەشی پەروەردەو دەروونناسی وەرگیرابووم لە 1976\6\28 بڕوانامەی بەکالۆریوسم لە پەروەردەو دەروونناسیی " التربيه وعلم النفس" الارشاد التربوی والنفسی وەرگرت. بە پلەی " جيد" لە ساڵی خوێندنی 1975-1976.خوێندکاری بەشی پەروەردەو دەروونناسیی دوای دەرچوونیان لە زانکۆ بە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی دادەمەزران بە پلەی بەکالۆریوس پێیان دەوترا " معلم جامعی" خوێندن لە بەشی پەروەردەو دەروونناسیی پێنج ساڵ بوو ، دوای ساڵی 1975 کورتکرایەوە و کرایە چوار ساڵ .

دوای گەڕانەوەم لە مامۆستاییەوە بۆ قایمقامی، لە ساڵی 1971 لە مڵبەندی قەزای کەلارەوە کە قایمقامی کەلار بووم ، ڕۆژانە دەچوومە بەغدا و دەوامی خۆمم دەکرد ، ڕۆژانە سەیارەیەکی ڕینۆ (10) م هەبوو ، بە سەیارە بە دوو کاتژمێرو نیو دەگەیشتمە زانکۆ ، هیچ ڕۆژێك لە دەوام دوا ناکەوتم ، ڕۆژێکیان لە وانەی یەکەم دە دەقیقە دواکەوتم ، کە چوومە ژووری پۆلەکەم دوای ئەوەی لە دەرگاکەمدا ، مامۆستاکەمان فەلەستینی بوو ناوی ( سبع ئەبو لوبدە) بوو پێمی وت فەرموو ( تفچل) منیش دانیشتم لەسەر تەختەکەم ، دووبارە پێمی وتەوە( تفچل)بەڕاستی تێ نەگەیشتم مەبەستی چییە ، وتی فەرموو بۆ دەرەوە ، دە دەقیقە دواکەوتویتە ، منیش پێموت ، مامۆستا ڕێگاکەم زۆر دوورە بۆیە دواکەوتم، ئەویش وتی قابیل لە" بەییاعەوە" هاتوویتە، بەییاع شارۆچکەیەکی بەغدایە کەوتۆتە خوارووی بەغداوە ، منیش وتم نەخێر مامۆستا لە "کەلارەوە "هاتووم ، وتی کەلار لە کوێیە ؟ خوێنکارەکان وتیان کەلار نزیکی سێ کاتژمێر لە بەغداوە دوورە و قایمقامی قەزای کەلارە ئەبو لوبدەی مامۆستا واقی وڕما ، وتی جەنابت ئەم مەسافە دوورو درێژە ڕۆژانە دەبڕی و دێیتە زانکۆ بۆ خوێندن ، وتم بەڵێ ، وتی فەرموو دانیشە ، فەرمووەکەی ئەمجارە زۆر جیاوازی هەبوو لەگەڵ فەرمووەکەی یەکەم ، جاری یەکەم بەواتا بۆ دەرەوە ، جاری دووەم بەمانای دانیشە . ئەوەبووپێمی وت مادام تۆ ئەوەندە حەزت لە خوێندنە و خۆ پێگەیاندنە ، لەمەودوا دوا بکەوی یان هەر دەوام نەکەی لای من غایب نییت و لە تاقیکردنەوەکانتیش دەفتەرەکەت بە سپێتی بدەی پێم لای من ناجیحی. زۆر سوپاسی ئەو هەڵوێستە پڕ لە واتا پەروەردەییەکەیم کرد وپێم وت (ان شاء الله ) واناکەم لە هاوڕێکانم خەراپتر نابم ئەگەر چاکتر نەبم هەر واش دەرچوو . ئەم باسەم بۆیە هێنایەوە بۆ ئەوەی ڕوونی بکەمەوە کەوا مرۆڤ ویستە ( ئیرادەیە )- وەك سارتەر وتویەتی" انما الأنسان الموقف" من

لە کتێبی " الجمعیات " لەپێشەکی کتێبەکەم ئاماژەم بەم وتەیەی سارتەر کردووە- مرۆڤ ئەگەر بیەوێ لە ژیانی دا سەرکەوتوو بێ دەبێ کۆڵ نەدا و ( هاوڕ دواوە نەداتەوە و بەرەوپێشەوە ڕوا) ئەمە یەکێ بوو لە فەلسەفەکانی ژیانم ، دوای ئەوەی لە قایممقامی دەرکرام خوێندنی ( بەکالۆریوسم تەواوکرد ، دوای ئەوەی لە وەزیریش دەرکرام خوێندنی باڵآم تەواوکرد ( ماستەرو دکتۆرا)من دوای دەرکرنم لە وەزیفە دەستمکرد بە خویندن نەك لە کاتی وەزیری وەك هەندێ لە لێپرسراوانی بەعس لە کاتێکدا کە لێپرسراوبوون خۆیان ناونووس دەکرد لە یەکێ لە کۆلێژەکان و دەوامیشیان ناکرد تەنها بۆ ئەوەی ( ڕوانامەی زانکۆیی) وەربگرن ، لەوانە ( سەبعاوی برای صدام حوسین ، شفیق کەمالی ، تاها جەزراوی و عدی کوڕ صدام ، صدام حوسین ، ...هتد ) بەلآم تاها جەزراوی و شەفیق کەمالی ( راسب) بوون و سەبعاوی بە قۆپیە ناجح بوو، کە لەکاتێم قۆپیە ، لە تاقیکردنەوەیەك لە یەکێ لە وانەکانی مامۆستا (پ.د. ئەکرەم عبالقادر یامولکی ) لە کۆلێژی یاسا ، دوکتۆر یامولکی کاغەزی قۆپیەکەی دەگرێ . ئەوەبوو دوکتۆر ( یامولکی) لە مامۆستای زانکۆییەوە گواسترایەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کەواتە( پەرلەمان) وەك ڕاوێژکار د. یامۆلکی وەك ڕاوێژکاری ئەنجومەنی نیشتمانی لە دانشتنێك دا سەبعاوی ئیبراهیم پێشنیاری کرد دەرملەکەی مامۆستای زانکۆ خەرج نەکری بۆ د. ئەکرەم بامولکی لەبەر ئەوەی بەڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش لەبەر ئەوەی ( وەلای ) بۆ شۆرش نییە ) کاتێ کە سەبعاوی ئەم قسانەی دەکرد محەمەد شەمبێ ئەمینداری گشتی رۆشنبیری ولاوانپێمی وت دکتۆر یامولکی ڕەنگی سپی بوو زۆر دەترسا دوای سەبعاوی من قسەم کردو وتم . دکتۆر یامۆلکی لەسەر ئەوە لەزانکۆوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی نەقڵ نەکراوە ئەمەش روونە ئێستا با دکتۆر راوێژکاری ئەنجومەنی نیشتمانی وەلای نەبوایە یامولکی لێرە نەدەبوو بۆیە داوا لەسەبعاوی دەکەم پێشنیارەکەی بکشێنێتەوە ئەگەر نا من هۆی نەقڵ کردنەکەی باس دەکەم ( مەبەستم مەسەلەی قۆپیەکەی سەبعاوی بوو ) ئەوەبوو سەبعاوی داوای لێبوردنی کردوو پێشنیارەکەی کشاندەوە . دوای تەواو بوونی دانیشتنەکەی ئەنجومەن دکتۆر یامولکی ئەملاو ئەولامی ماچ کردوو زۆر سوپاسمی کرد لەدنشتێکی تری ئەنجومەنی نیشتمانی پرۆژە یاسایەك دەربارەی ( تبنی گفل مجهول الابوین ) زۆربەی زۆری بەعسییەکان لەئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی دژی تشریع کردنی ئەم یاسایە بوون لیژنەیەکپێك هات لە من و ئەبو صلاح و عبد الغفار عەباسی رای مامۆستا عبد الكريم مدرس و چەند

زانایەکی شیعەکانمان وەرگرت سەبعاوی زۆر بەتوندی دژی ئەم یاسایە بوو لەیەکێ لە کۆبوونەوەکان دا وتی ( چۆن دەبێ سەید الرئیس صدام حوسین کچێك تەبەنی بکاو کچە کە گەورەبوو بێ ناموس دەرچێ ئەوەبوو هاتمە وەلاَم و وتم کێ دڵێ ئەو کچەی سەید الرئیس تەبەنب دەکا وەك خەنسای لێدەرناچی بۆیە داوا لەسەبعاوی دەکەم قسەکەی بکێشێتەوە ئەوەبوو سەبعاوی قسەکەی کێشایەوە سەبعاوی یەکەم ئەندام بوو لەکۆبوونەوەکان چەکی پێ بوو ، و مامۆستا عەباس حوسێن و حلمی عەلی شەریف و دارا توَفیق جەلالی عبدالرحمن بەگی مام ڕەشی ، کە ئەوان لە بەشی " علومی سیاسی" دەوامیان دەکرد و بوونە پارێزەر، ئەمەش دوای بەیانی 11 ئازاری 1970، کەواتە دوای نسکۆ هێنانمان کۆڵمان نەداو چووینە بواری خوێندن و دراساتەوە ، دارا توَفیق ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو و دوای بەیانی 11 ئازار هاتە بەغداو بووە سەرنووسەری ڕۆژنامەی ( برایەتی. )

زۆر بەڕێکوپێکی لە زانکۆ دەوامم دەکرد، زانکۆی موستەنسرییە دەوامی کاتی ئێواران بوو ، دەوام لە کاتژمێری دووی دوای نیوەڕۆوە دەستی پێدەکرد ، تاقی بەیانیان مامۆستا بووم لە قوتابخانەی( الحرَاء(

دوای بەیانی 11 ئازار من وخوالێخۆشبوو حلمی علی شریف و عباس حسین دەوامی زانکۆمانکرد ئەوەبوو عباس حسین و حلمی علی شریف کۆلیجی علومی سیاسیان تەواوکرد و هەردووکیان بوون بە پارێزەر.مامۆستا عەباس لە ساڵی 1969 چەند جار دەیوت لە ڕق کاك عومەر دەبابە دەبێ خوێندن تەواو بکەم و ببمە پارێزەر ، دوای بەیانی یانزەی ئازار ئەویش وەك من لە زانکۆی موستەنسرییە وەرگیرا ئاواتەکەی هاتە دی. کە دڵێیم مامۆستا عەباس دەیوت لە ڕق کاك عومەر ، لەبەرئەوەی جارێکیان داوای لە کۆمیتەی ناوەندی کردبووڕێگای بدەن واز لە حیزب بێنێ و خەریکی تەواوکردنی خوێندنەکەی بێ لە زانکۆ، ئەوەبوو خوالێخۆشبو عومەر دەبابە بە تەوسەوەپێی وت جەنابت ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیت هەر چاوت لە مامۆستاییە. دوای بەیانی ئازار خوالێخۆشبو دارا توفیق یش لەگەڵێمە لە زانکۆی موستەنسرییە لە کۆلیجی یاسا دەوامی دەکرد، ئەویش خوێندنی تەواوکرد ، دارا توَفیق سەر نووسەری ڕۆژنامەی برایەتی بوو لە بەغدا. دوای بەیانی 11 ئازار وا دیاربوو هەستم بە بۆشاییەکی سیاسی دەکرد ، بۆ ئەوەی ئەو بەتالاَییە بە شتێکی تر پڕبکەمەوە دەوامی زانکۆم کرد ، هەرچەندە وازیشم لە سیاسەت نەهێنابوو ، لە لایەکی ترەوە مەسەلەی

وەرگرتنی بڕوانامەیەکی زانستی بەرز ڕۆڵی خۆی هەبوو لە وڵاتێکی وەك عێراق، ئەوە بوو بەردەوامبووم لە خوێندنی زانکۆیی دوای ئیعفاکردنم لە وەزیریی تا ئەوەی پلەی دوکتۆرام لە دەروونناسی لە سالی 1983-1984 وەرگرت کە لە شوێنێکی تری یادداشتەکەم باسمکردوە. شەهادەی دوکتۆراکەم جگە لەوەی لە ڕووی زانست و زانیارییەوە زۆر بە کەڵکم هات ، لە ڕووی دەرامەت و ژیانیشەوە دوای وازهێنانم لە حیزبایەتی و نەمانی مەورێکی دارایی جگە لە مووچەی خانەنشینەکەم کە زۆر کەم بوو ، وەك مامۆستای زانکۆ لە زانکۆی بەغداو صلاح الدين و سلێمانی و بەم دواییەش لە زانکۆی کەرکوك بەردەوام بووم لە کاروباری ئەکادیمی و نووسین و چاپکردنی کتێبەکانم و دەستم لە کەس پان نەکردەوەو پێویستیشم بە هیچ لایەنێکی سیاسی یان حکومەتی نەبوو یارمەتیم بدەن ، بەڵکو ئەو وتارانەی لە ڕۆژنامەکانیش ئەم نووسی بەرامبەریان پارەو پوولم وەرناگرت .

یادداشتەکەم بۆ صدام حسین:

لە 1976\10\7 ڕێکەوتی ڕۆژی پێنجشەممە چاوم بە تەها یاسین ڕەمەزان کەوت دەربارەی ئەو یادداشتەی دابووم بە صدام حسین ، صدامیش یادداشتەکەی بەپەراوێزێکەوە ڕەوانەی تەها یاسین کردبوو بۆ ئەوەی چاوی پێم بکەوێ و لەگەڵمدا قسە بکا کە لەناوەرۆکی یادداشتەکەم ڕازی نەبوو ،بەو باوەڕەی یادداشتەکە هەڵوێستێکی تازەیەو دەستنیشانکردنی شتێکی تازەیە و لە ئەنجامی کاریگەرێکردنی ڕووداوەکانی کوردستان لە سەرم بە تایبەتی مەسەلەی تەرحیل و تەهجیر و گوا ستنەوەی فەرمانبەرە کوردەکان لە کوردستانەوە بۆ خوارووی عێراق . بۆ جەزراویم ڕوونکردەوە لە چوارچێوەی باوەڕم بە یەکێتی خاکی عێراق و یەکێتی هێزە نیشتمانیەکانی عێراق و هاوپەیمانێتی لەگەڵ حیزبی بەعس ئەم یادداشتەم خزمەتی هەموو گەلی عێراق دەکا. هەروەها وتم بەڵێ ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستان زۆر کاری تێمکردوە و ئەو بۆچوونانەی یادداشتەکەم لەئەنجامی ئەو ڕووداوانەیە هەر وەك چۆن ڕووداوەکانی فەلەستین کاری کردۆتە سەر ئێوە و حزبەکەتان ، تا ڕادەیەك دۆزی فەلەستینتان کردۆتە کێشەی ناوەندیی حزبەکەتان.ئەوەبوو بۆ ڕۆژی دوایی تەها جەزراوی دەیگێڕێتە دوای شەوقی حەمە خان ئەندامی کۆمیتە ناوەندی شۆڕشگێڕ بۆ ئەوەی تەنسیق دژی من بکا، بەلام بەبێ ئەوەی من پێی بزانم، بەڵام شەوقی ئاگادارمی کردەوە لە پیلانەکانی تەها جەزراوی کە بێگومان پیلانی صدام حسین بوو نەك تاها جەزراوی. ئەم کردەوانەو

پیلانانەی حیزبی بەعس نەك تەنها دژی من کرابێ بەڵکو دژی عەزیز عەقراوی و مەلا عبداللە اسماعیل یش کرا و عەزیز عەقراویان لادا و هاشم عەقراویان هێنایە شوێنی وەك سکرتێری حیزب.

ڕۆیشتنی شەهید عەلی عەسکەری و هاوڕێکانی بۆ چیاکانی کوردستان

لە 1976\8\20 ڕۆژی هەینی بیستم عەلی عەسکەری و عومەر دەبابە و دوکتۆر خالد سەعید و سید کاکە و تاهیر والی بەگ بۆ کوردستان بە سەیارەکەی شیخ صلاح حەفید دەربازیان بووبوو. عەلی عەسکەری سەرۆکی شارەوانیی قەزای" روفاعی" بوو لەناسریە و عومەر دەبابەش بەڕێوەبەری دارستان بوو لە ڕومادی.لە شوێنێکی تری یادداشتەکەم ئەم بابەتەم بە درێژی باسکردوە.

سەردانی تورکیا 1976

لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی 1976 بە سەرۆکایەتی وەفدێکی وەزارەتی گواستنەوە چوومە تورکیا، وەفدەکە یەك هاتبوو لە نوێنەرانی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی بازرگانیی و دەزگای گەلی شەمەندەفەر و گواستنەوەی سەر زەوی لەگەڵ نوێنەرانی دیوانی وەزارەتی گواستنەوەو یەکێتی گشتیی کرێکارانی عێراق.

ئەم سەردانەمان بۆ تورکیا لەسەربانگهێشی وەزارەتی گواستنەوەی تورکیا بوو، بۆ تەواوکردنی ئەو وتووێژەی لە بەغدا کرابوو لەگەڵ وەفدی تورکیا بە سەرۆکایەتی فخری قوروتورك سەرەك کۆماری تورکیا لەسەردانەکەی بۆ عێراق

بۆ دووان لەسەر بابەتەکانی گواستنەوە و ترانزێت لەنێوان عێراق و تورکیا. لە سەرەتای سەردانەکەم یەکێ لە پرۆتۆکۆڵەکان سەردانی مەزاری مستەفا کەمال ئەتاتورك بوو، بازنەیەك گوڵم لەسەر مەزارەکەی دانا ، پاشان دەبوایا چەند دێڕێك لە دەفتەری گەشتەکان بنووسم ، ئەوەبوو ئەم دێڕەم نووسی بە زمانی عەرەبی: ( زرت چریح الزعیم الترکی مصگفی کمال اتاتورك فوجدت لزاما علی أن أسجل هژە الکلمە) کەواتا زیارەتی مەزاری پێشەوای تورك مستەفا کەمال ئەتاتورکم کرد وپێویستبوو لەسەرم ئەم وشەیە بنووسم . لە کاتی نووسینەکەم باڵوێزی عیراق نافع سڵێمان لە دوامەوە وەستابوو ، وتی جەنابی وەزیرخۆ هیچت نەنووسی پێمووت ، من وەك وەزیرێکی کورد ناتوانم دەرحەق ئەتاتورك لەمە زیاتر بنووسم ، ئەمە

شتێکی پرۆتۆکۆلییە گرنگ ئەوەیە شتی خەراپ نەنووسم ، خۆت دەزانی کە ئەتاتورك دوژمنێکی گەورەی گەلی کورد بووە، نافع سلێمان پێشوەبەری گشتیی پێشووی پۆلیسی عێراق بوو یەکێ لەوێ لێپرسراوانە بوو نەبووبوو بە بەعسی و خۆی بە دۆستی گەلی کورد دەزانی.

ڕۆژی 11\8 دەستکرا بە وتووێژ لە ئەنقەرەی پایتەخت لە نێوان وەفدی وەزارەتی گواستنەوەو هاتوچۆی تورکیا بە سەرۆکایەتی" ناهد منتەشە" وەزیری هاتوچۆ ، وەفدی عێراق بەسەرۆکایەتی بەندەو وئەندامێتی نافع سلێمان باڵیوزی عێراق لە تورکیا وەك ئەندامی وەفدەکە پێوەندی پێمانەوەکرد. لەم سەردانەمدا بۆ تورکیا توانیم عێراق لە ڕەسمی ترانزێت عەفوو بکەم، ترانزێتی سەیارەی بارهەڵگری عێراق لەگەڵ کۆمەڵێی دەستکەوتی تر.

لەم سەردانەمدا چاوم بە " سلێمان دەمرێل" کەوت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و باسی پەیوەندی نێوان عێراق و تورکیامان کرد.سلێمان دەمرێل داوای لێم کرد لەگەڵ صدام حسین جێگری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش قسە بکەم دەربارەی ڕاکێشانی بۆری غاز لە عێراقەوە بۆ ئەنقەرە، لەبەرئەوەی تورکیا بەتەمایە سیستەمی گەرمبوون لە ئەنقەرە بگۆڕێ لە ڕەژووی بەردەوە بۆ غاز لەبەرئەوەی سیستەمی خەڵوز زۆر کاری کردۆتە سەر ژینگەی ئەنقەرە، لەکاتی ڕاکێشانی ئەم بۆرییە بۆ هەردوولا سوودی هەیە ، عێراق غازیان پێی دەفرۆشێ و ئەوانیش شاری ئەنقەرە لە " پیس بوونی ژینگە ڕزگار دەکەن" سلێمان دەمرێل وتی لە ڕووی سیاسیەوەش ئێمە دەکەوینەژێر باری عێراقەوە لەبەرئەوەی سیستەمی گەرمکردنی پایتەختەکەمان دەکەوێتە ژێر دەستی ئێوەوە. وتی من نازانم بۆ صدام حسین ڕازی نییە.لەسەر ڕاکێشانی بۆری غازەکە بۆ ئەنقەرە؟!

دوای گەڕانەوەم بۆ بەغدا نامە زارییەکەی سلێمان دەمیرئیلم گەیاند بە صدام حسین ، بەلاّم صدام ڕای بەرامبەر بە دەمیرئێل خەراپ بوو، وتی دەمیرئێل ماسۆنیە بەلاّم ئەگەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوی تورکیا کە زۆری نەماوە" لێند ئەجوید "سەرکەوێ ئەو کاتە لەگەڵ حکومەتەکەی ئەجوید ڕێك دەکەوین. صدام ڕای وابو و ئەجوید دۆستی عێراقە . بەلاّم من ڕام وابوو لێند ئەجوید مرۆڤێکی دڵبازەو لە ڕاستیدا ئەو خەلیفەی ئەتاتورکە و دەربارەی عێراقیش نە سلێمان دەمیرئێل نە ئەجوید هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕن لەبەر ئەوەی سیاسەتی گشتییان بەرامبەر عێراق لەپشت پەردەوە

بە دەست عەسکەرەوەیە نەك مەدەنییەکان کەواتە ئەنجومەنی نەتەوەیی تورکیا کە زۆربەی ئەندامانی جەنراڵە عەسکەریەکانە ، ئەم ئەنجومەنە تەنها سەرەك کۆمارو سەرۆکی وەزیران و وەزیری دەرەوەو وەزیری ناوخۆ ئەندامی ئەنجومەنەکەن ئەوانی تر بریتین لە سەرکردەی تیپە سەربازیەکان و بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش و ئیستخباراتی عەسکەری و سەرکردەکانی چەکی ئاسمانی و دەریایی.

صدام حسین هەرچەندە وای دەزانی وەك سیاسییەك زۆر زیرەکەو هەڵە ناکا لەم جۆرە مەسەلانە ، بەڵام بە ڕای من ڕازی نەبوونی صدام لەسەر ناردنی غاز بۆ تورکیا جگە لەوەی زیانێکی دارایی گەورەی دا لە دارایی عێراق لەلایەکی ترەوە هەڵەیەکی سیایی گەورەبوو ، گرێدانی ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا بە بۆری غازی عێراقەوە زیاتر لە بەرژەوەندی عێراق بوو لە بواری سیاسی و داراییەوە..

بەجیا وەك وەزیرێکی کورد ، هەردووکمان من و دەمیرێل بەبێ وەرگێڕ لەبەر ئەوەی تورکیم دەزانی دوو بە دوو دەربارەی کێشەی کوردیش قسەمانکرد ، دەمرێل پێمی وت حەز دەکەم ڕای خۆتم بۆ ڕوون بکەیتەوە دەربارەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە کوردستانی عێراق " شمال العراق" وەك ئەو ناوی دەبرد. منیش ڕای خۆم دەرپڕی وپێمووت" کێشەی نەتەوایەتی لە هیچ وڵاتێکی فرە نەتەوەیی بە ڕێبازی دیموکراتیەت نەبێ چارەسەر ناکرێ ، واش باشەتێوەش چارەسەرێکی وەك ئەوەی لای ئێمەی بۆ بدۆزنەوە،" بە هەرحاڵ دەمرێل لەو سەردەمە ڕای لەکێپرسراوە تورکەکانی تر باشتر بوو ، هەروەها وتی زۆربەی زۆری ئەندامانی حیزبەکەمان کوردن و جووتیاری کوردن، بەڵام وتی ئەم وتووێژە بۆ بلاوکردنەوە نییە.

هەر لەم دانیشتنەدا وام لێکرد دوو کچی حاکم عبدالحمید خەڵکی کەرکوك کە لەگەڵ باوکیانا چوبوونە تورکیا بۆ ئەوەی لەوێ بخوێنن و لە یەکێ لە کۆلێژەکانی تورکیا وەربگیرێن بەڵام لە هیچ کۆلێژێك وەرنەگیرابوون ، داوام لە دەمرێل کرد بەڵکو وا بکا لە یەکێ لە کۆلیژەکان وەربگیرێن، ئەوە بوو تەکلیفی لە ناهد ئێنتەشە کرد وەزیری گواستنەوە بۆ یارمەتی دانیان دەربارەی وەرگرتنیان وەك من داوام لێکرد، ئەوەبوو لە کۆلیجی ئەندازیاری وەرگیران پاشانیش زۆر سوپاسی دەمرێل و ئێنتەشەم کرد. دوای چەند ساڵێك هەردوو کچەکەی حاکم عبدالحمید دوای

تەواوکردنی خوێندنەکەیان گەڕانەوە بۆ کەرکوك دوای تەواوکردنی کۆلێژی ئەندازیاری، یەکێ لە کچەکانی ناوی نەهلە بوو.

حاکم عبدالحمید چەند ساڵێك لە شاری کەرکوك حاکم تحقیق بوو حاکمێکی عادل و نەترس بوو زۆریش دۆستی کورد بوو،شاری کەرکوکی بە شاری کورد و تورکمان دەزانی و عەرەبەکانی بە داگیرکەر دەزانی لە کەرکوك و لە ساڵی هەشتاکانیش حیزبی بەعس دەستیان بەسەر خانوەکەیدا گرت و لە خانوەکەی دەریانکرد و ناچار لە گەرەکی "الواسگی"خانویەکی بەکریَ گرت. جارێکیان لە ساڵی 1969 کە حاکم تحقیقی کەرکوك بوو ،" قائدی فرقەی دوو" چل کوردی گرتبوو داوای لە حاکم عبدالحمید کردبوو کە ئەمری تەوقیفیان بۆ بڕبێتەوە بەلاَم حاکم عبدالحمید قەبوڵی نەکردبوو کە تەوقیفیان بکا، ئەوە بوو اسماعیل تایە النعیمی قائدی فرقەی دوو بە توندی تەلەفۆنی بۆکردبوو، ئەویش یەکسەر ئیستیقالەی داو بۆ وەزیری داد عزیز شریف دەنێرێ ، بەمجۆرەی خوارەوە :

) یگلب منی السید قائد الفرقه الپانیه العقید اسماعیل تایه النعیمی توقیف اربعین مواگنا کوردیا من اهالی کرکوك دون سند قانونی ولدی رفچی لگلبه اصر علی موقفه وامرنی بژلك وکاننی حجر علی رقعه شگرنج یحرکه کیفما یشاء، وحیپ اننی لست حجرا علی رقعه شگرنج بل حاکم فی القچاء العراقی وسلگه القچاء سلگه مستقله لیس من حق ای سلگه اخری التدخل فی امرها (.

عەزیز شریف یەکسەر ئیستیقالەکە لەگەڵ خۆیدا بۆ سەرەك کۆمار احمد حسن البکر دەباو مەسەلەکەی بۆ ڕوون دەکاتەوە. سەرەك کۆمار داوا لە قائیدی فیرقەی دوو دەکا دەست هەڵنەگرێ نەکا بۆ کاروباریدادگا و داوای لێبوردنیش لە حاکم عبدالحمید بکا، بەمجۆرە مەسەلەکە کۆتایی پێدێت، ئەو سەردەمە احمد حسن البکر جگە لەوەی سەرەك کۆمار بوو لە هەمان کاتدا وەزیری بەرگریش بوو. عەزیز شریفیش هەرچەندە بێ لایەن بوو بەلاَم چەپڕەو بوو زیاتریش لە حیزبی شیوعی عێراق نزیك بوو هەر وەها ومەدالیای لینینی پێ بەخشرابوو، بەم دوایەش کە ئیعفاکرا لە وەزیریی ، صدام حسین دەیوت بۆمان ئاشکرا بوو کە عەزیز شریف ئەندامی حیزبی شیوعییە لەبەر ئەوەی بە بێ ئاگاداری ئەوان لە کۆنگرەی سێیەمی حزبی شیوعی بەشدار بووە ، حیزبی شیوعی کە لە بەغدا بە دزییەوە کۆنگرەکەیان بەست، بەعسییەکان پێیان نەزانیبوو ، کاتێ کە زانییان خەریکی کۆنگرەن یەکسەر صدام حسین داوای کۆبوونەوەی لێژنەی

بالاَی بەرەی نیشتمانی کرد، مەبەستیشی لەم کۆبوونەوەیە بۆ ئەوەبوو کە بزانێ ئایا ڕاستە حزبی شیوعی خەریکی کۆنگرەن؟ ئەوەبوو شیوعییەکان ئاگاداری صدام حوسێنیان کردەوە کە ناتوانن ئامادەی کۆبوونەوەکە بن لەبەر دانیشتنەکانی کۆنگرەکەیان ، لەم کۆنگرەیەش عزیز شریف بەشداربوو ، بۆیە ئیعفاکرا لە وەزیریی.کە لەلایەکەوە عەزیز شەریف دۆستی کورد بوو باشترین بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە کتێبەکەیەتی ( مەسەلەی کورد لە عیراق دا) لە ساڵی2005 ،حەمە کەریم عارف گۆڕییە سەر زمانی کوردی.ئەم کتێبەی عەزیز شەریف لە کات و زەمەنێکدا نووسیویەتی لە پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوودا ، زۆر دەگمەن بوو نووسەرێکی عەرەب لە عێراقدا بەو جۆرە باسی گەلی کورد بکا ، زۆر پێویستە هەموو ڕۆشنبیرو سیاسەتمەدارێکی کورد بە وردی بیخوێنێتەوە، وا لێرەدا ئاماژە بۆ یەکێ لە بۆچوونەکانی دەکەم کە دەڵێ:" شۆڕشەکانی کوردستان بەتایبەتی لە عێراقدا هەریەك زنجیرەن و لە یەکدی جودا نابنەوە سەیر دەکەی پەشێوی و نائارامی بەردەوامە و مەگەر تەنیا ئەو کاتانە هێندی بێتەوە کە لاپەڕەیەك دابخرێ بۆ ئەوەی لاپەڕەیەکی تازە هەڵبدرێتەوە ، لە ڕاستیا یەك شۆڕشە ، نەك کۆمەڵە شۆڕشێك . هەرچەندە دەبێ ئەوەش لێبێین کە هەندێ لەو شۆڕشانە لە باری هۆیە ڕاستەوخۆکانییەوە سەربەخۆن ، بەلآم لەباری هۆیە سەرەکییەکانەوە هەریەکن و هاوپەیوەندن . دیارە گەلێك کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵەکانی لە تاراوگەو تەبیعد گای هەمییشەیی و زیندانا بێ ، سەرجەمی ڕۆڵەی چەندین دێ و عەشیرەت و هێزان بەشی نەفی کردن و ئاوارەکردن بێ ، گەلێك هەمیشە سێبەری سوپای سەرکوتکەری بەسەرەوە بێ هەر دەبێ لە شۆڕشی بەردەواما بێ ...هتد" هەرچەندە عەزیز شەریف باوەڕی وانەبوو کە کورد نەتەوەیە ( ئوممە) بەڵکو کورد " گەلە" ئاشکراشە جیاوازیی لە نێوان زاراوەی گەل و نەتەوە زۆرە. عەزیز دەیووت جارێ کورد مەرجەکانی نەتەوەی تەواو نییە. جارێکیان لەگەڵ عەزیز شەریف لە ساڵی حەفتاکاندا لە سەفەرێکماندا بۆ ئەڵمانیای دیموکراتی بە تەیارەی " ئینتر فلوَك" دەچوین بۆ ئەڵمانیا،پێکەوە لەناو تەیارەکە دانیشتبوین بەڕێکەوت لەسەر ئەم بابەتە موناقەشەمان دەکرد ، عەزیز شەریف ستایشی مەلا مستەفای دەکرد بەپێچەوانەی من کە ڕام باش نەبوو لەسەر بارزانی، بەلآم دەربارەی بابەتی کورد نەتەوەیە یان نا ڕای ئەو بەو جۆرە بوو کە باسمکرد.

لێرەدا دەگەڕێمەوە بۆ بابەتەکەی حاکم عبدالحمید.

کچەکانی حاکم عبدالحمید کە خوێندیان تەواوکرد دوو سەیارەی سوپەریان لەگەڵ خۆیاندا هێنایەوە بەپێی یاسای کەفائات کە ئەو کاتە ئەوانەی لە دەرەوەی ولاَت شەهادەی بەرزیان بهێنایەتەوە مافی ئەوەیان هەبوو لە گومرك ئیعفا بکرێن بەلاَم وادیاربوو دوو کچەکەی مەرجیان تەواو نەبوو بۆیە ئیعفا نەکران لە گومرکی سەیارەکان ، ئەوەبوو چووم‌ە لای تەها جزراوی وەزیری پیشەسازی کە سەرۆکی دەستەکە بوو هەردوو سەیارەکەیانی لە گومرك ببەخشێن.لە لایەکی ترەوە حیزبی بەعس لە شاری کەرکوك دەستیان بەسەر خانوەکەی حاکم عبدالحمیددا گرت بە بیانووی ئەوەی کە کەوتۆتە نزیك ویستگەی شەمەندەفەرەکەی کەرکوکەوە، دوای بەینێ خانوەکەیان خستە موزایەدەوە بۆ فرۆشتن وحاکم عبدالحمید یش وەك ئەو هەموو خەڵکانە چوە ناو موزایەدەکەوە بۆ ئەوەی خانوەکەی خۆی بکڕێتەوە بەلاَم ڕێگایان پێ نەدا، معاون قاسم بەیاتیش چووە ناو موزایەدەکەوە بۆ ئەوەی خانوەکە بۆ حاکم عبدالحمید بکڕێتەوە بەلآم ڕێ بەویش نەدرا موزایەدە بکا .

.کوردیش مافی ئەوەی نەبوو بچێتە ناو موزایەدەکەوە. بەڵێ صدام حسین و حیزبەکەی بەو جۆرە حوکمڕانیان دەکرد سەد ڕەحمەت لە حوکمی قەرەقۆش. بەلآم دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە لایەن ئەمریکاو سوپای هاوپەیمانانەوە ، کەواتە دوای 2003\4\9، حاکم عبدالحمید خانوەکەی وەرگرتەوە و چوەوە ناو خانوەکەی.دوای گەڕانەوەم لە نیوزیلاندەوە چەند جار سەرم لێدا، تووشی نەخۆشی فەقەرات بوبوو وەزعی تەندروستی باش نەبوو، ئەوە بوو لە ساڵی 2006 کۆچی دوایی کرد.

با بگەڕێمەوە بۆ بابەتی سەردانەکەی تورکیا، لە 5\11\1976 لە شاری ئەستەمبوڵ سەرم لە کتێبخانەی "سلێمانی " دا ، بە دوای شوێنەواری شاعیری کورد ( حاجی قادری کۆیی) دەگەڕام کە لە ساڵی 1897 لە ئەستەمبوڵ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (ابوایوب الانصاری) نێژراوە. بەلآم جێگای داخە هیچم دەست نەکەوت و گۆڕستانەکەش لەبەر ئەوەی مێژووەکەی زۆر کۆن بوو ناوی لە لیستەی مردووەکان نەبوو. کتێبخانەی (السلیمانیە) کتێبی دەستنووسی باشی تێدا هەبوو، کاتی خۆی سوڵتان سلێمان قانونی دروستیکردبوو بۆ مزگەوت و قوتابخانە، بەڕاستی جێگای ڕێزە، ئەو دەستنووسانە خەریك بوو لەناوبچن بەهۆی شێ وەرووەوە بەلآم بە جۆرێکی ڕێکوپێك چارەسەری کتێبەکانیان کردووە. لە کتێبخانەکە دوو ژمارەی گۆڤاری کوردستانم دەستکەوت کە لە ساڵی 1919

چاپکرابوون.بۆ ئەوەی زیاتر یارمەتیم بدەن لە کتێبخانەکە کە ئەو سەردەمە وەزیری گواستنەوە بووم بەسەردانی ڕەسمی چووبوم بۆ تورکیا، لەگەڵ عوسمان سەراج ڕاوێژکاری وەزیری کەلتوری تورکیا پێکەوە چووینە کتێبخانەکە و ( یوسف معمر) بەڕێوەبەری کتێبخانەی سلێمانی بوو، پیاوێکی شارەزاو ڕۆشنبیر بوو، ئەوەبوو دوو ژمارەی گۆڤاری کوردستان م دەستکەوت ژمارە ( 7,8) ی ساڵی 1919 و بۆمیان کرد بە مایکروفلیم . خاتو " نەجلە" سەرۆکی بەشی کتێبە کۆنەکانی کتێبخانەکە لێمی پرسی پێمدا بە دوای پاشماوەکانی حاجی قادری کۆیدا بگەڕێ . نەجلە خانیش ئافرەتێکی کورد بوو . یوسف معمریش لە جەماعەتی ئیسلامیەکان بوو گروپی نجم الدین ئەربەکان، بۆیە هیچ حەساسیەتێکی نەبوو بەرامبەر بە کورد و کتێبی کوردی بەلای ئەوەوە کورد وەك موسڵمان جیاوازی نەبوو لەگەڵ تورکی موسڵمان ..کتێبخانەی سلێمانی کەوتۆتە گەڕەکی ئەیوبییە گەڕەکی کوردەکان لە ئەستەمبوڵ.

بۆ نیوەڕۆ لە مزگەوتی ئەبو ئەیوب الانصاری نوێژمان کرد، عوسمان سەراج لە مزگەوتەکەدا پێش خوتبەی جومعە وتارێکی خوێندەوە و لە وتارەکەی دا بە خێرهاتنی منی کرد وەك وەزیرێکی عێراقی..

دوای دەرچوونمان لە مزگەوت سەرم لە" دۆڵمە باخچە" دا لە " مجیدییە " کە ملی سوڵتانەکان و حەرەمەکانیان و شوێنەواری ئیسلامی تێدا پارێزراوە، تا دەگا بەو نامانەی پێغەمبەر محمد (د.خ) لەسەرپێست نووسراوە و لەکاتی خۆی ناردبوی بۆ " مقوقس" لەوێ هەڵگیراوە. بوردەکەشی لەوێ هەڵگیراوە.شمشێری " خەلیفەکان، ئەبو بکر الصدیق و عمر بن خەتاب و عوسمان بن عەفان و علی بن ابی تالیب لەگەڵ شمشێری هەموو سولتانە عوسمانیەکان و خەلیفە ئەمەویەکان و عەباسیەکان لەگەڵ کۆمەڵێ زریپۆش و مجەوهەرات و زێرو خشڵ و سیسەمی نووستنی سوڵتانەکان و عەرشەکانیان هەموو لەوێ پارێزراون، شمشێرەکەی خالد بن وەلید یشم هەر لەوێ بینی لەگەڵ گەلێ شمشێری تر بە تایبەتی شمشێرەکەی ئیمام عەلی کە ناسراوە بە"ژوالفقار" و دوو دەمی هەیە جیاواز لە شمشێرەکانی تر. پاشان سەرم لە مزگەوتی " ئایا صوفیا" دا کە لەکاتی خۆی دا کڵێسە بووە و " محمد الفاتح" کردوویەتی بە مزگەوت.ئێستا ئەم مزگەوتە دەرگای کراوەیە بۆ گەڕیدە بیانییەکان یەکێ لە بینا جوان و نایابەکانی ئێرینی تورکیایە.

بڵێی لە 1976\11\4 چوومە توركیا بەسەرۆكایەتی وەفدێك وەك باسمكرد بۆ گفتوگۆكردن لەگەڵ وەزیری گواستنەوەی توركیا ناهد مێنتەشە ، ناهد مێنتەشە پاشان لە ساڵی 1994 بووە وەزیری ناوخۆی توركیا لە حكومەتەكەی " تانسۆ چیلەر" ناهد مێنتەشە لە هەمان كاتدا یەكێ بوو لە جێگرەكانی سەرۆكی حیزبەكەی چیلەر. لە هەمان فرۆكەی كەپێی چووم بۆ توركیا فرۆكەی عێراقی ، وەزیری ڕۆشنبیری توركیام لەگەڵ بوو بە ناوی " رفقی" لەگەڵ خێزانەكەی كە بۆ سەردان هاتبوونە عێراق .

لە ئەنقەرە لە ئوتێلی هیلتون دابەزیم و عوسمان سراجیان دانا بە یاوەرم ، عوسمان دەرچووی زانكۆی ئەزهەر بوو ، زمانی عەرەبی زۆر باش دەزانی یەكێ بوو لە قوتابییەكانی مزگەوتی ئیمام ئەعزەم لە بەغدا. وەزیری ڕۆشنبیری پیاوانە بە عوسمانی وت ( چیتان دەربارەی حاجی قادری كۆیی هەیە ئەگەر دۆزیتانەوە فۆتۆی بكەن لەسەر حیسابی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ شیخ ستار) ،منیش ئەوە بوو زۆر سوپاسم كرد.

بۆ شەو قونسلی عێراقی ئیسماعیل تكریتی دەعوەتێكی ئێوارەخوانی سازدا لە ئوتێلی ئینتر كۆنتینەنتاڵ و والی ئەستەمبوڵ و داواكاری گشتیی و یاریدەدەری والی و قونسلی سوریا و میسر و لیبیا و لوبنانیش ئامادەی دەعوەتەكە بوون. ئەم دەعوەتەم لە ئەستەمبوڵ بۆ كرا. سەردانەكەم بۆ توركیا زۆر سەركەوتوبوو لە ڕووی كاروباری وەزارەت چ لە ڕووی ئەوەی وەك وەزیرێكی كورد خۆمیان ناساند و كێشەی كوردم بۆیان ڕوون كردەوە بە پێی توانا .دەربارەی سەردانەكەم بۆ توركیا وا دیاربوو چەند ڕاپۆرتێكم لەسەر نووسرابوو بۆ دەستگای موخابەراتی عێراق دەربارەی ئەوەی كە لە چاوپێكەوتنەكانم چ لەگەڵ وەزیرەكان و سەرەك وەزیران سلێمان دەمیرێل و ڕۆژنامەنووسەكان باسی ئەوەم كردووە كە من وەزیرێكی كوردم و باسی گەلی كوردم بۆیانكردوە بە جۆرێك نەدەبوو ئەو باسانە بكەم و لە هەموو چاوپێكەوتنەكانمدا خۆم وەك وەزیر و سكرتێری گشتیی پارتی شۆرشگێری كوردستان پێشكەشكردووە. هەروەها چوومەتە كتێبخانەی "سلێمانی" لە كتێبی كوردی و ئاسەوارەكانی شاعیری كورد " حاجی قادری كۆیی " گەڕاوم . ئەم ڕاپۆرتانەش لەسەرم بە گران وەستان .

لەم سەردانەم بۆ توركیا هەرچەندە وەك وەفدێكی ڕەسمی بوو وەك باسمانكرد بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا توانییم لە شاری ئەنقەرەی پایتەخت ئامادەی كۆڕێك بم لەسەر داوای "رابگە گلبە العرب "لەسەر داواكردنی عوسمان سەڕاج، عوسمان سەڕاج یەكێ بوو لە ئەندامانی حیزبی

سەلامەی ئیسلامی جەماعەتەکەی نجم الدین ئەربەکان . لەم کۆڕەدا باسەکەم بە زمانی عەرەبی لەسەر "الحرکە التحرریە للشعب الکوردی فی کوردستان العراق"بوو ئەم ناونیشانەش لەسەر داوای ئەوان بوو . کۆڕەکەماوەی یەك سەعاتی خایاند ، باسی شۆڕشی ئەیلولم کرد لە 1961\9\11 وە تا ساڵی 1964 . نامەوێ لێرەدا بچمەوە ناو باسەکەوە ، بەڵآم حەز دەکەم ئەوەڵبێم وەك ئەوەی لە کوردستان بم بەو جۆرە زۆر بە بابەتیی باسی شۆڕشی ئەیلولم کرد . دوای تەواوبوونی باسەکەم بەشداربوان کۆمەڵێ پرسیاریان ئاراستەمکرد یەکێ لەو پرسیارانە ئایا بۆ باسی تورکمانەکانی کەرکوکت نەکرد ، منیش لە وەڵآمدا وتم ، بابەتەکەم لەسەر بزووتنەوەی گەلی کورد بوو لە کوردستانی عێراق ، ئەگەر داوام لێ بکەن باسێکی ترتان لەسەر برا تورکمانەکانی شاری کەرکوکپێشکەش دەکەم . ئەوبوو عوسمان سەڕاج وەڵآمی پرسیارەکەی ئەو تورکمانەی دایەوە و وتی (لا فرق بین عربی واعجمی الا بالتقوی) کوردو تورکمان لە عێراق بران جیاوازی نییە لەنێوانیاندا. ) ئەم کۆڕەش لەسەرم زۆر گران وەستا و سیخورەکانی حیزبی بەعس ڕاپۆرتی خۆیان لەسەرم نووسیبوو بۆ دەستگای موخابەرات .

سەردانەکانم بۆ شارەکانی کوردستان

لە1976\9\16 ڕێکەوتی ڕۆژی دووشەممە چوومە شاری هەولێر بۆ بەشداربوون لە ئاهەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان" کە یادەکە هی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان بوو" ئەوەی سەیرە ئێمەی شۆڕشگێڕو جەماعەتەکەی عەزیز عەقراوی و جەماعەتەکەی بارزانیش هەموو هەمان یادمان دەکردەوە و هەر لایە خۆی بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەزانی و سەرمان لە خۆمان ئێك دابوو، لەڕاستی و واقیعدا نە ئێمەو نە جەماعەتەکەی عەزیز عەقراوی فرمان بەسەر پارتییەوە نەبوو ، ئەمەیە گەمەی سیاسەت لە ولاَتیکی وەك عێراقدا.ڕاستە ئەندامانی پارتی شۆڕشگێڕ زوَربەی زۆریان ئەندامانی کۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان _باڵی مەکتەبی سیاسی_ بوون و ژمارەیەکی تریانیش ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان_باڵی بارزانی _ بوون، بەڵآم پارتی شۆڕشگێڕ حیزبێکی تازە بوو هەرچەندە خۆی بە درێژەپێدانی باڵەکەی مەکتەبی سیاسی دەزانی.بەڵێ گەمەیەکی سیاسی بوو ، ئاشکرایە ئێمەپێش ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان –باڵی مەکتەبی سیاسی_ هەڵبوەشێنینەوەو لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان _ باڵی بارزانی_

ێکەلآوبینەوە،لە کۆنگرەی حەوت لە سڵی 1970 ناو حیزبەکەمان گۆری بە ( پارتی شۆرشگێری کوردستان ) . دوای ئەوەش لە سڵی 1972 دووبارە حیزبەکەمان زیندووکردەوە بە هەمان ناو کەواتە حیزبی شۆرشگێری کوردستان، بەم جۆرە ێمە خۆمان هەڵ دەخڵەتاند بە یادکردنەوەی 16\ئابی 1946 گوایا یادی دامەزراندنی پارتی شۆرشگێری کوردستانە ، پارتی شۆرشگێری کوردستان لە سڵی 1970 لە دایك بووە نەك 1946. جەماعەتەکەی هاشم \عەزیز عەقراویش لە سڵی 1974 دامەزرا دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان هاشم عەقراوی لە حیزب دەرکرد، دوای دەرکردنی لە حیزب لەگەڵ عەزیز عەقراوی و ئیسماعیل مەلا عەزیز دوای دەسپێکردنەوەی شەڕ لە ێوان حیزبی بەعس و بارزانی ، هەلآتن بۆ بەغداو خیانەتیان لە بارزانی کرد ، ڵەێم خیانەت لەبەرئەوەی پێش دەسپێکردنەوەی شەڕەکە پەیوەندییان هەبوو لەگەڵ صدام حوسێن و ێلەنیان دابووپێی ئەگەر بارزانی دووبارە شەڕ لەگەڵ حکومەتی ێراق بکاتەوە ئەوا ئەمان زوٚربەی زۆری قواعیدی پارتی لەگەڵیاندایە و بەردەوام دەبن لەسەر هاوکاری و هاوپەیمانێتی لەگەڵ حیزبی بەعسدا . لەم پەیوەندییە ئەمان ژمارەیەکی تری ئەندامی کوٚمیتەی ناوەندی پارتییان لەگەڵ دابوو وەك ( عەلی سنجاری ، صدیق ئەفەندی ، ئیسماعیل مەلا عەزیز . صالح یوسفی . بەمرێیە بێ ئەم گروپەش فڕیان بەسەر پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نەبوو ، بەڵێ ئەمەیە گەمەی سیاسی .

لە هەمانکێر لە هۆڵی سینەمای سیروان ئاهەنگێکمان گێرا لەم ئاهەنگەدا ێنەری سەرەك کۆمار احمد حسن البکر فتاح محمد ئەمین ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعس، وتاێکی خوێندەوە.

ئاهەنگەکە بە سەرپەرشتی بەندە دەستیپێکرد و بابەکر پشدەری سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی حوکمی زاتی ئامادە بوو لەگەڵ چەند ئەندامێکی یاسادانان و ڕاپەراندنی حوکمی زاتی و پاێزگاری هەولێر.لە ئاهەنگەکەدا هونەرمەندان حەمە جەزا و سابیر عبدالرحمن و رەسول گەردی و تەحسین تاها، بە چەند گۆرانییەکی کوردی بەشدارییان کرد.

شەوێك لەگەڵ دیلانی شاعیر:

لە 2\12\1976 ڕۆژیپێنج شەممە شەو لە ماڵ برایم حەمە خورشید داوەت بووین ، من و عبداللە رۆژبەیانی و شەوقی حەمە خان و حەمە صالح دیلان. ئەو شەوە دیلان پارچە شیعرێکی بەناوی "دڵ" خوێندەوە کە دواجار

لە گۆڤاری ڕۆژی کوردستان بلاَومان کردەوە،پێشان بە ئاوازێکی زۆر خۆش بە شێوەی مەقام خوێندیەوە. دیلانپێی خۆش نەبوپێی بوتریَ گۆرانیبێژ و زۆر زەوقیشی نەبوایا گۆرانی نەدەوت، کاتیَ گورانییەکانیشت لەسەر کاسێت تۆمار بکردبایە داوای لێت دەکرد بلاَوی نەکەیتەوە، ئەو شەوە لەماڵ برایم لە شاری سلێمانی زۆر بەخۆشی ڕامانبوارد. جارێکی تریان لەگەڵ دوکتۆر مارف خەزنەدار لە بەغدا لە ماڵ ئێمە لە گەڕەکی یەرموك –چوار شەقامەکە- داوەتم کردبوو، ئەو شەوە بەڕێکەوت شووشەیەکی ویسکی شقازریگڵم هەبوو کە لە دەرەوە هێنابووم " تەمەنی ویسکیەکە 12 ساڵ بوو"، کاتیَ دیلان ویسکییەکەی دی زۆر زەوقی پەیداکرد و لەگەڵ مەسگوفی ماسی ، گۆرانییە کی زۆر تازەی وت شیعرەکەشی زۆر تازە بوو بەم جۆرە چریکاندی:

بەزییوم من لە ئاستی پیرۆزێکەوت

کەڕێکەوتێ ڕێژێر فینجانە ئەمساڵ

وەرپێشیَ کزەی چاوم و نەخۆشم

نزیکیت هەم دارە هەم گۆچانە ئەمساڵ

هتد...

ئەم پارچە شیعرەم وەك گۆرانی لە سەر کاسێت تۆمارکرد بە بیَ ئەوەی دیلانپێی بزانی کاتیَ ئاگاداربوەوە کار لەکار ترازابوو ، ئەوەبوو ڕازی بوو ، بەلاَم بە مەرجێك بە بیَ ڕەزامەندی خۆی شریتەکە بە کەس نەدەین٬ شیعرەکەش وەك شیعر بە ڕەزامەندی خۆی لە" گۆڤاری شۆڕشگێڕ"ِبلاَوم کردەوە، لەسەر تەلەفۆنی خۆی کە بۆمیکرد نوسخەیەك لە شریتەکەم دا بە عەلی بۆسکانی. ئەم شیعرە کە دوای بەیانی 11 ئازار وتویەتی ، مەبەستی لە بەزینەکە جەماعەتەکەی مام جەلال بوو وەك خۆی وتی مەسەلەی ڕێژێر فینجانەکەش وەك یاری سینیو زەرف ئەڵقە ڕێرەکەی ژێر فنجانەکە بۆ دارا توَفیق دەرچوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی جەماعەتی بارزانی بۆ سەرنووسەری ڕۆژنامەی " برایەتی" ئینجا نازانم ئایا حەمە صالح دیلان بۆ لەم پارچە شیعرەی مەبەستی لە دارا توَفیق بوو ، خۆ دارا توَفیق ئەگەر ئەڵقە ڕێرەکەی بۆ دەربچوابایە دەکرایە وەزیر ،لە کاتێکدا ئەم لە زوَربەی وەزیرەکانی بارزانی ڕۆشنبیرتر بوو ، بوونی بە سەرنووسەری برایەتی مەنسەبێکی وەزیفی نەبوو ، دیارە دیلانی شاعیر

بەهەر هۆیەك بێ دارا توێفیقی خۆش ناویست . ئەوەی جێگای داخە ئەم پارچە شیعرە كە لە كاتی خۆی بلاێوكراوەتەوە بەم دواییە لە ساڵی 1997 دوكتۆر ئەشاد عەلی لە نامەی دكتۆراكەی لە سەر شیعرەكانی دیلان بلاێوی نەكردۆتەوەو ئیشارەتیشی بۆ نەكردوە لە كاتێكدا دوكتۆراكەی بە سەرپەرشتی دوكتۆر مارف خەزنەدار بوو، كە وەك باسمانكرد دوكتۆر مارف لەگەڵ من بوو كاتێ دیلان ئەم شیعرەی خوێندەوە و نوسخەیەك لە شریتەكەشی لایە، بەلاێم وادیارە لە ولاێتەكەی ئێمە سیاسەت گەلێ شت بزر دەكاو هەلپەرستیش دەوری خۆی هەیە، هەرچەندە دوكتۆر ئەشاد بەم شیعرەی نە دەزانی كاتێ لە زانكۆی سلێمانی پرسیارم لێیكرد كە ئەو كاتەی دوكتۆراكەی وەرگرت هەردووكمان لە زانكۆی سلێمانی لە یەك بەشی پێكەوە بووین.دكتۆراكەی لە زانكۆی صلاح الدین وەرگرت لە كاتێكدا لە زانكۆی سلێمانی مامۆستا بوو.بەهەرحاڵ نەدەبوو د.مارف خەزنەدار وەك پرۆفیسۆرێك و ئەكادیمیەك ئەم ڕاستییە بشارێتەوە بەهەر هۆیەك بێ.

لە لایەكی ترەوە تەنها بۆ مێژوو دەینووسم و بەس "حەمە صاڵح دیلان" ئەندامی لێژنەی ناوچەی سلێمانی پارتی شۆرشگێری كوردستان بوو دوای زیندوو كردنەوەكەی پارتی شۆرشگێری كوردستان .ئەم شیعرەشی وت ئەو كاتە ئەندامی لێژنە ناوچەی سلێمانی بوو، هەرچەندە بەم دواییە نكوڵی لەم ڕاستییە دەكرد و بۆ ماوەی یەك مانگیش لە بارەگای پارتی شۆرشگێری كوردستان لە بەغدا لە خولێكی كادیران موحازەرەی لەسەر ئەدەب و شیعر دەگوتەوە. لە ماوەی ئەو مانگەش بۆ ئەوەی وەك بەڕێوەبەری كتێبخانەی سلێمانی مووچەكانی نەفەوتێ ئیفاد بەغدام كردبوو نەك مووچەكەی نەفەوتا بەڵكو پارەو پوولی ئیفادەكەشی وەرگرت و سەیارەیەكیشم لە وەزارەتی شارەوانی خستبوە ژێر مەعیەتی بە شوفێرەوە ، شوفێرەكەشی "عبداللە" برای خێزانەكەم بوو. جگە لەوەی بە ناوی نەخۆشیەوە ناردم بۆ"پراگ " پایتەختی چیكۆسلۆفاكیا بۆ ئەوەی چاوی بە قادر دیلانی برای بكەوێ كە لە پراك دەژیا، دەربارەی چوونیشی بۆپراگ لە بارەگای كۆمەڵەی ڕۆشنبیری لە بەغدا دوكتۆر عزالدین مستەفا رەسوڵ سەرۆكی یەكێتی نووسەرانی كورد پێی وت دیلان یەكێتی نوسەرانی كورد دەتنێرێ بۆ پراگ بۆ چارەسەركردن لە وەلاێمدا دیلان وتی من حیزبەكەی خۆم دەمنێرێ پێویستم بە یەكێتی نووسەرانی كورد نییە . لێرەدا ئەم بابەتەم بۆیە وا بلآوكردەوە بۆ ئەوەی ڕاستی بزر نەكرێ و

نەخرێتە ژیر لێوەوە.ئەو کەسانەشی ئەندامی شۆرشگێڕ بوونە دوای زیندووکردنەوەی و دوای ڕاپەرینەکەی کوردستان هەوڵیانداوە ئەم ڕاستییە بشارنەوە وابزانم چ پێویستی نەدەکرد شەرم بکەن لە بەشێك لە مێژووی ژیانیان ئەگەر لە کاتی خۆی بوونیان بە ئەندامی شۆرشگێڕ بەڕاست زانیبێ ، بۆ نموونە من ئەندامێکی سەرکردایەتی شۆرشگێڕ بووم و پاشان سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی ،پێش ئەوەش ئەندامی لقی سێ و سکرتێری لقی سێی کەرکوکی شۆرشگێربووم پێش ئەوەی هەڵبیبوەشێنینەوە وەکو لایەنێکی پارتی ببین.پێش ئەوەش ئیخوان مسلمین بوومە، بەپێی قۆناغ و هەر کاتی لەو کاتانەی ڕێبازەکەم بە ڕاست زانیوە و موجامەلەی هیچ کەس یان هیچ پارتێکم نەکردوە لەسەر بیرو باوەرەکانم و لە ساڵی 1964 یشەوە نەیاری حیزبەکەی بارزانی بووم تا ڕاپەرینەکەی کوردستانی 1991 و لەدایکبوونی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کاتە هەموو ئەو هۆیانەی پێشوو نەمان بۆ ئەوەی بەردەوامبم لە دژایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان . بەلام وەك زۆر لە هەل پەرستەکان نکوڵیم نەکردوە لە ڕابووردوی خۆم و بەڵکو شانازییشی پێوە دەکەم.هەر دەربارەی هەلپەرستی ، زۆر ناشرینە پرۆفیسۆرێکی وەك دوکتۆر مارف خەزنەداریش نکولی لە هەموو ئەو پەیوەندییانە بکا لەملاو ئەولاو ئەو مێژوویەی بخاتە ژێر لێوەوە کە من و ئەو دۆستی گیانی بە گیانی بووینە ، کەباسی منی کردووە لە یەکێ لە گۆڤارەکاندا دەربارەی هەڵبژاردنەکەی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد لە بەغدا ، وا بزانم کەس پێشەکییەکەی خەزنەداری لەبیر نەچۆتەوە کە بۆ کتێبەکەم [ حاجی قادری کۆیی] نووسی و گەلێ گرانیش لەسەرم وەستاو منیش بە هیچ جۆرێك لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەو پێشەکییە نەبووم ، ئەو پێشەکییە بۆچوون و ڕای خۆی بوو. خۆ بەم دواییە هەموو کەس زانی کە دوکتۆر خەزنەدار مامۆستای صدام حوسێن بوو فێری زمانی کوردی دەکرد و لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنی " الجزیرە" لەگەڵ ڕەغەدی کچی صدام وەك دۆکیومێنت وێنەی دوکتۆر مارف خەزنەداری نیشاندا کە وانەی زمانی کوردی دەدا بە باوکی، نابێ دوکتۆر خەزنەدار ئەمە بشارێتەوە ، خۆ ئەگەر صدام حوسێن داوای لە منیش بکردبایە نامەتوانی دەرسی پێ نەدەم ، ئەمەم بۆ نموونە هێنایەوە نەك بۆ پەلارێگرتن .

چاوپێکەوتنەکەی برهان الدین عبد الرحمن

لە 1977\7\14 سەعات 7ی ئێوارەی دووشەممە تا سەعات 9 ی شەو چاوم بە برهان الدين عبدالرحمن كەوت ئەندامی سەركردايەتی قوتری حيزبی بەعس و وەزيری تەنسيق لە بارەگاسەركردايەتی قوتری،لە گفتوگۆیدا باسی بارودۆخی كوردستان و پارتيم كرد " پارتی شۆڕشگێڕ". برهان باسی ڕۆژنامەی ( العرا ق )ی كرد، كەئێمەی شۆڕشگێڕ هيچ پەیوەندیيەكمان نييە لەم ڕۆژنامەيە. بۆم ڕوونكردەوە كە بۆ ڕۆژنامەمان نييە ،پێم وت ، نوری فيصل حەديسی تەلەفۆنی كردبوو بۆ صالح حەيدەری سەر نووسەری( العراق ) كەوا بەيانی پارتی شۆڕشگێڕ بیَ ڕەزامەندی وەزارەتی ڕاگەياندن بلاَونەكرێتەوە. برهان گلەيی كرد لێم گوايا ئێمە لە ڕۆژنامە" 4" ی( شۆڕشگێڕ) ڕۆژنامەی ناوخۆی حيزبەكەمان وێنەی چوار ئەفسەرە كوردەكانمان بلاَوكردۆتەوە( عزت وقودسی و مستەفا خۆشناو و خيراللّٰه) ِ. لە ئەنجامدا قەناعەتم پێكرد كە بلاَوكردنەوەی ئەم وێنانە و نووسين لەسەر ئەم چوار شەهيدە شتێكی باشە و خۆ ئەوان لە سێدارەيان نەداوە و ئەوانەی ڕاپۆرتمان لەسەر دەنووسن مرۆڤی بیَ كەڵكن وهەلپەرست و چەواشەكارن ،هەر لەوێدا بە دوورو درێژی باسی ڕۆژنامەی عێراقم بۆكرد كەوا ڕۆژنامەی عێراق لە واقيعدا ڕۆژنامەی ئێمەی شۆڕشگێڕ نييە ئەگەر ئەم رۆژنامەيە تەعبير لە ڕای شۆڕشگێڕ دەكا بۆ نوری حديسی سكرتێری لێژنەی شيمال تەعليمات دەداتە سەرنووسەرەكەی كە بلآوكراوەی شۆڕشگێڕ بلاَونەكەنەوە بە بیَ ڕەزامەندی وەزارەتی ڕاگەياندن ، خۆ وا باشتر بوو وەزارەتی ڕاگەياندن خۆی ئەم ڕێنمايانە دەربكا نەك نوری حەديسی كە سكرتێری لێژنەی شيمالە بەڵكو ئەمە كاری ڕێكخەوەبەری بيرۆی وەزيری ڕاگەياندنە .ئێمە ناتوانيين هيچ بلاَوبكەينەوە لە ڕۆژنامەی العراق و ناوی ڕێنەرمانيش لە سەر ڕۆژنامەكە نووسراوە ، ئەمە جۆرێكە لە گاڵتەپێكردن، بۆيە ناچار ڕۆژنامەی " شۆڕشگێڕ" مان دەركرد وەك ڕۆژنامەيەكی ناوخۆ ، ئەم ڕۆژنامەيە ژمارەكانيان تەنها بۆ ئەندامانی حيزبەو ناگاتە جەماوەر. ئێوەش لەدەوێن ڕۆژنامەيەكمان داوەپێتان.كە لە واقيعدا ڕۆژنامەكە ڕۆژنامەی حيزبی بەعسەو تەنها ناوی ئێمەی لەسەرە و بەس.

ئەم چاوپێكەوتنە دوای نزيكی سێ حەفتە لە دوای دەركردنەكەم لە وەزيريی ئەنجامدا ، لەبیرنیپێمدا لەگەڵ عيزەت دوری وەزيری ناوخۆ لە ملّاوە يان لە بارەگای پارتيمان سەرم لیَ بدەن. بورهان الدين ئێوانی لەگەڵ من خەراپ نەبوو بەلاَم نوری حەديسی زۆر دژايەتيمی دەكرد ،ئەو سەردانەش نەكرا.ئاشكرابوو كە نوری حديسی دژايەتی منی دەكرد، لەبەر

ئەوەی من وەك هاشم عەقراوی ئامادە نەبووم ڕاپۆرت لەسەر ئەم و ئەو بنووسم جگە لەوەی خۆم گەلێ بە گەورەتر دەزانی لە نوری حدیسی چ وەك وەزیرێك یان وەك سکرتێری حیزبێکی سیاسی ئەندام لەلێژنەی بالآی بەرەی نیشتمانی.

دۆستایەتیەکەی من و بورهان الدین عبدالرحمن دەگەڕێتەوە بۆ سالی 1969 ، ئەو سەردەمە قائممقامی کۆیە بووم ، جارێکیان لەگەڵ قاسم داود ناسراو بە " ئەبو عروبە " بەسەردان هاتنە کۆیە، لەو سەردانەیان تفەنگێکی پرنۆی هێژم بەخشی بە بورهان و تفەنگێکی سمینۆفیش بە قاسم داود ، بورهان ئەوکاتە ئەمین سری پارێزگای کەرکوك بوو ، ئەبو عروبەش بەڕێوەبەری ئەمنی کەرکوك بوو . کە لە ساڵی 1990 بووە بەڕێوەبەری گشتیی هاتوچۆی عێراق دوای ئەوەی لە جیهازی ئەمن دەرکراو و پاشان لە بەڕێوەبەری هاتوچۆش لابراو کرا بە ڕاوێژکار لە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کۆماریی کە ئەم پلەیەش تەنها تە شریفی بوو نە دایەرەی هەبوو نە هیچ ئەرکێك تەنها وەرگرتنی مووچەکە نەبێ . کورد وتەنی" ناوی زل و دێی وێران ".

بورهان الدین عبدالرحمن لەگەڵ سەعدی عەیاش عێرم ، صدام حسین لە حیزب دەریانیکرد گوایا هاتوچۆی تەکیەی شێخێك دەکەن و بەلای دینداریا بایانداوەتەوە ، دوای یەك دووساڵیش برهان بە تەواوی نابینا بوو، بەڕای بۆچوونی من نابیناییەکەی لە ئەنجامی هەستکردن بوو بە" گوناهی تاوان " لەو ماوەیەی کە بەعسی بووە بەرپرساوی کەرکوك بوو گەلێ تاوانی لەگەڵ بەعسیەکانی کەرکوك دژی کورد ئەنجامدا.لە ئەنجامی هەستکردن بە گوناهی تاوان " عقدە الزنب" ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانەی حیزبی بەعس کە لە حیزب دەردەکران یان خۆیان وازیان لە حیزبەکەیان دەهێنا بەرەو دینداری و نوێژکردن بایان دەدایەوە ، یان دەیانوت کاتێ کە بووینە ئەندامی حیزبەکە ، حیزبی بەعس بەمجۆرە دڕندەو فاشی نەبوو ، صدام حسین حزبەکەی لە ڕێرەوی ڕاستەقینەی خۆی لادا .لەم نموونانەی بورهان و سەعدی عەیاش عێرم زۆر بوون لە ڕیزی حیزبی بەعس بە تایبەتی دوای ئەوەی صدام حوسێن بووە کەسی یەکەم لە سەرکردایەتی حیزبی بەعس و دەستی بەسەر سەرکردایەتی حیزب و دەسەلآتدا گرت لە عێراق و" شەلم کوێرم دەست ناپارێزم" تاوانەکانی نەك دژی گەلی عێراق بەڵکو ئەندامەکانی حیزبی بەعسیشی گرتەوە وەك لە بێدارەدانی هەزارەها کەس و ئەنفالکردنی 182 هەزار کوردی بێ تاوان و زیندە چاڵکردنیان و ئەنفالکردنی

هەشت هەزار بارزانی بێ تاوان و کاولکردنی چوار هەزار وپێنج سەد گوندی کوردستان و سڕنگومکردنی هەزارەها عەرەبی شیعەو کوردی فەیلی ..هتد . ئەم تاوانانە بمانەوێ یان نا ، ئەو بەعسییانەی دەستیان هەبوو لە ئەنجامدانیان لە قۆناغێ لە قۆناغەکانی ژیانیاندا دیارە هەستیان بەو تاوانە نا مرۆڤایەتیانەیان کردووە ژیانیان تاڵ بووە و وردە وردە کاریگەری دەروونی کردۆتە سەر دەروونیان و ڕویان کردۆتە دینداری و ڕۆژی و نوێژ و هاتووچۆی مزگەوتەکان و تەکیەکان . خۆ لە ڕیزەکانی حیزبی شیوعیش ئەم دیاردە بە زەقی ڕووی دەدا و هەندێ لە ئەندامەکانی سەرکردایەتی ئەم حیزبەش وازیان لە حیزبەکەیان دەهێناو بەرەو ئاین دەگەڕانەوە و دەستیان دەکرد بە نوێژو ڕۆژی و هاتوچۆی مزگەوتەکان، نموونەی ئەمانەشمان زۆرە و نامەوێ لێرەدا ناویان بەرم، ئەم دیاردەیەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردن بە گوێی تاوان لەگەڵ جیاوازیەك لە تاوان هەردوو گرێکان ، گرێی تاوانی یەکەم و دووەم ، شیوعیەکان کە دەگەڕانەوە بەرو دینداری لەبەر ئەوە نەبوو کە وەك بەعسیەکان تاوانیانکردبێ دژی مرۆڤایەتی بەڵکو هەستیان بەوە کردبوو کە لە ئایین دوور کەوتونەتەوە یان هەندێکیان خوا نەناس بوونە وەك مرۆڤێکی عیلمانی .

دوای دەرکردنەکەم لە وەزیریی دایکی سەردارو سەردارو پەروین و نەسرین ونیگارو عبداللە ی برای دایکی سەردار ،چوونە ئەستەمبوڵ لە تورکیا ئەمەش بۆ جاری یەکەم بوو منداڵەکانم بچنە دەرەوەی عێراق ، لەو ماوەیەی وەزیر بووم نەیانم ناردە دەرەوە زیاتر لەبەر ئەوەبوو، ئەو ماوەیە خەریکی حزبایەتی و سیاسەت بووم .

لە 1976\12\14 لەپێشانگای بەغدای نێودەوڵەتی چاپخانەیەکی بچووکم بە دوو هەزار دینار بۆ حیزب کڕی. لەم چاپخانەیە کتێبی " تاريخ الحزب البوری الكوردستانی"م لە چاپدا، دوای ئەوەی دایەرەی ڕەقابە ڕازی نەبوو لەسەر چاپکردنی لەبەر ئەوەی داوای لێمکردبوو گەلێ بڕگەو ڕستەی نەگونجاو لە گەڵ ڕێنمایی ڕەقابەی تیا بوو دەبێ لاببرێن تا دەگەیی بە هەندێ لاپەڕە یان هەندێ بەیاننامەی حیزبەکان . منیش وەك نووسەری کتێبەکە ڕازی نەبووم لەسەر تێبینیەکانی ڕەقابە ، ئەوەبوو دوو هەزار ژمارەم لێ چاپکرد، بەلام لەبەر ئەوەی ڕەقابە ڕەفزی کردبوو لە بازاڕ بفرۆشرێ لە کتێبخانەکان هەموو ژمارەکانیان لێ ڕاگشایەوە، ئەوە بوو چوومە لای دکتۆر فازل البراك بەڕێوەبەری ئەمنی عاممە وپێکەوتین لەسەر

ئەوەی کتێبەکانم بداتەوە بەلاَم لە بازاڕ نەیانفرۆشم تەنها بە ڕێگای بارەگاکانی شۆڕشگێڕەوە دابەشیان بکەم.

ڕەقابە کاتی خۆی کە ڕەشنووسی کتێبەکەمیان داوایان لێم کرد ناوی" مام جەلال تاڵەبانی و مەلا مستەفا بارزانی و وشەی پێشمەرگە و گەلی َتێبینی تر " لە ڕەشنووسەکە لابەرم بەلاَم من ڕازی نەبووم وتم من مێژووی حیزب دەنووسم ئەگەر ئەم تێبینیانەی ئێوە ڕەچاو بکەم دەبی َ چ مێژوویەکی لێدەربچی َ.

یەکێ لە تێبینیەکانی ڕەقابە ئەوەبوو نامەکەی حبیب محمد کریم سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بۆ شمس الدین موفتی نووسیبوو لەئێران بەناوی خوازراوی " ئەمیر" کەواتا ناوی شمس الدین .لێرەدا نامەکە نانووسمەوە لەبەر ئەوەی دەقی نامەکەم بە دەستخەتی حبیب محمد کەریم لە پاشکۆی ژمارە(4) ی کتێبەکە بلآوکردۆتەوە تێبینی ڕەقابەش لەسەر لابردنی نامەکەی حەبیب بۆ شمس الدین موفتی "ئەمیر" لەبەر ئەوەبوو حبیب عاجز نەکەن ، ئەو کاتە حبیب لە بەغدا وەك ڕاوێژکار لە وەزارەتی دارایی دامەزرابوو . حەبیب محمد کەریم هەندێ ئیشوکاری لاوەکیشی دەکرد وەك ئەوەی بەنزینخانەیەکی لە حیزبی بەعس وەرگرتبوو ، کابرایەکی فەلەستینی لەسەر بەنزینخانەکەی دانابوو ، ئەوەبوو جارێکیان ئەم فەلەستینیە گزیری حەبیبی کردبوو گوایا وێنەی صدام حوسێنی لە بەنزینخانەکە داگرتۆتە خوارەوە ، حەبیب چەند ڕۆژێ ئەمن دەیگرێ و دواجار بەرەلآی دەکا، بەڕاستی حەبیب محمد کەریم مرۆڤێکی بێ کێشە بوو ، یەکێ لە کردەوە خەراپەکانی لە دادگای شۆڕش " محکمە الپورە "شایەدیدا لەسەر ڕەسمی عامل ، ڕەسمی عامل مرۆڤێکی یەساری و دۆستی کورد بوو ، حەبیب شایەدی ئەوەی لەسەردا کە زانیاری ناردووە بۆ شۆڕشی کوردستان و هاریکاری کردووە لەگەڵیاندا ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بیست ساڵ لەدادگاکە حوکم بدرێ ، ئەو کاتەی حەبیب شایەدی لەسەر ڕەسمی العامل دەدا ،ڕێك پارەی ڕەسمی وەك دەست قەرز لای بوو تائێستاش ئەو قەرزەی نەداوەتەوە بە ڕەسمی العامل. ئومێدەوارم دوکتۆر بەدرخان سندی لەم ڕووەوە کە لەمن زیاتر مەعلوماتی هەیە بە حوکمی ئەوەی لە بەندیخانەی ئەبو غرێبپێکەوە بەند بوون و ڕەسمی العامل هەموو شتێکی لەسەر شایەدیەکەی حەبیب بۆ دوکتۆر بەدرخان سندی گێڕاوەتەوە ،ڕۆژێ لە ڕۆژان بلآویبکاتەوە . کردەوە چەپڵەکەی حەبیب لە هیچ خانەیەك جێگای نابێتەوە تەنها لە خانەی " خیانەت نەبێ " هەر وەك دوای دووبەرەکیەکەی

ێوان هەردوو باڵی پارتی دوای ساڵی 1964 هەمیشە دەوری گزیری بینیوە وەك لە نامەکەی بۆ شمس الدين موفتی نووسیبوو وەك باسمانکرد .

دەرکردنم لە وەزیریی

لە 21\6\1977 بەپێی مەرسومی کۆماریی ژمارە 359 لە وەزیریی ئیعفاکرام، ئەمەش دەقی مەرسومەکەیە:

بسم الله الرحمن الرحيم

الرقم : 359

مرسوم جمهورى

استنادا الى احكام الفقره (د) من الماده الپامنه والخمسون من الدستور المؤقت رسمنا بما هو اٌت:

اعفاء عبدالستار گاهر شريف من منصب وزير النقل.

تعيين عزيز رشيد عقراوى وزيرا للنقل .

على الوزراء تنفيژ هژا المرسوم.

كتب ببغداد فى اليوم الرابع من شهر رجب لسنه 1397 هجريه المصادف لليوم الحادى والعشرون من شهرحزيران لسنه 1977 ميلاديه .

احمد حسن البكر

رئيس الجمهوريه

ئەم مەرسومە بە ێبی سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماریی دایەرەی یاسایی ژمارە 6804 بە ێژووی 22\6\1977 دەرچوو .

هەر دوای ئەم ڕۆژە لە 22\6 غانم عبدالجليل بە سەهو تەلەفۆنی بوَم کردو وای زانی عەزیز عەقراوی لە ێگای من دەوامی کردوە ، بەلآم کە

گوێی لە دەنگم بوو وتی ( عفوا) ، وا دیاربوو دەیویست پیرۆزبایی لە عەقراوی بکا، غانم لە هەموویان زیاتر مەبەستیی بوو لە وەزارەت دەربکرێم ، غانم و شوکری حەدیسی یەك گروپ بوون . شوکری دۆستێکی نزیکی قوباد تاهیر بوو ئەویش دژی من بوو بە هۆی ئەوەی زاوای کاکە زیاد کۆیی بوو . غانم عبدالجلیل ئەندامی سەرکردایەتی بەعس بە ئەندامی تەنسیق لەگەڵ پارتە کوردیەکان داندرابوو,.

ئەویش بە چاوی ئەوە سەیری ئێمەی دەکرد کە کاتب بین لێرە دەستی، منیش هیچم لێ قەبوڵ نەدەکرد ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە غانم، لەگەڵ عبدالفتاح مەحەمەد ئەمین ئەندامی سەرکردایەتی قوتری بەعس داندولەیانپێکەوە ناکۆلآ و زۆر دژی یەکتری بوون ، منیش لەگەڵ فەتاح زۆر برادەر بووین و ئەمەش هۆیەك بوو غانم دژی من بێ . فەتاح گەلێ شتی لەسەر غانم بۆم باسکردبوو کە مرۆڤێکی مەغرورە و یەکەم پیاوی صدام حوسێنە .

پێش ئیعفاکردنم لە وەزیری ڕۆژی 20\6 بە شەمەندەفەر لەگەڵ خالید عبدالحلیم بەڕێوەبەری سکەك و عبدالتواب مەلا حەویش بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی بەڕی " النقل البری" چووینە موصل، لە موصل دایەرەکانی سکەك و گواستنەوەم پشکنی و بۆ نیوەڕۆ داوەتی پاریزگاری موصل بووین و بۆ ئێوارەکەشی کۆڕێکم لە بارەگای پارتیمان بەست ، لە کۆڕەکەدا زۆر شتم باسکرد یەکێ لەو باسانە چۆن حیزبی بەعس لە لێنەکانی لەگەڵ پارتیە کوردیەکان پاشگەزبۆتەوە ، هەروەها لەگەڵ وەزیرەکانی ، ئەم موحازەرەیەم زۆر لەسەرم گران وەستا ،یەکێ بوو لە هۆیەکانی ئیعفاکرنەکەم ، حیزبی بەعس بەرامبەر بەمن جیهێڵدانەی زۆر تەنگ بووبوو بۆیە سەبریانگێڕاو دوای ڕۆژێ ئیعفامی کرد .

رای خۆم لەسەر ئیعفا کردنەکەم:

لە ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی ( 10) ساڵیمدا لەگەڵ حیزبی بەعس ، لە ساڵی 1968 وەپێش کودەتاکەی 17 تەمموز، پەیوەندیم لەگەڵیاندا وەك سکرتێری لقی پارتی دیموکراتی کوردستان – بڵی مەکتەبی سیاسی- لە کەرکوك هەبوو ، لە لایەن بەعسیەکانەوە عەدنان خورشید تکریتی بەرپرساوی کەرکوکیان مامۆستا بوو لە یەکێ لە قوتابخانەکانی کەرکوك ، دوای کودەتاکەش بۆ وەزارەتی دەرەوەی عێراق گواسترایەوە. پاشان منیش بوومە قائممقامی کۆیە لە ساڵی 1969 و دوای بەیانی 11 ئازار لادرام لە

قائممقامی و گەڕاندمیانەوە بۆ مامۆستای سەرەتایی بۆ قوتابخانەکەی پێشووم لە ئیمام قاسم لە شاری کەرکوك ، لەسەر داوای جەماعەتەکەی بارزانی رێ نەدرا پێم لە کەرکوك بمێنمەوە ئەوەبوو گواسترامەوە بۆ قوتابخانەی ( الحرّاء) لە بەغدا لە گەڕەکی قاهیرە ، لەگەڵ داگرتنی مووچەکەم لە 50 دیناری ئەڵمێیەوە بۆ 36 دیناری ئەڵمێی ، ئەمە یەکێ لەو دەرسانە بوو کە فێری بووم دەربارەی بێ ڕەوشتی حیزبی بەعس . دوای ڕێککەوتنەکەی نێوان پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دووبارە گەڕاندمیانەوە بۆ وەزیفەی قائممقامی ئەمجارەیان بۆ قەزای ( الخچر) لە پارێزگای ( المپنی) لە ساڵی 1972 . هۆی گەڕاندنەوەکەشم ئەوەبوو حیزبی بەعس و بارزانی نێوانیان بەرەو تێکچوون ئەڕۆیشت ، کەواتە عەرەب وتەنی ( شهر العسل) کەی نێوانیان کۆتایی پێهات ئەمەش وای کرد چاوێك بە بڕیارە هەڵەکانیاندا بخشێننەوە ، ئەمەم لە شوێنێکی تری یادداشتەکەم باس کردووە. پاشان دوای دەست پێکردنەوەی شەڕ لە نێوان حکومەتی بەعس و بارزانی کرام بە وەزیری ئیسکان و ئەشغال و ئەمەشم لە شوێنێکی تری یادداشتەکەم باسکردوە لەژێر ناونیشانی ( چۆن بووم بە وەزیر) لە ساڵی 1974 .

لەو ماوەیەی لە کۆیە بووم ئەو قەناعەتەم پەیداکرد کەوا حیزبی بەعس حەزیان بەوە نییە پارتێکی کوردستانی خاوەند جەماوەر دروست ببێ، یان کورێك کەسایەتیەکی بەهێزی ببێ و ناو دەربکا و کوردەکان ڕووی تێ بکەن و کوردستان بگەشێنەوە . لەبەر ئەم هۆیانە بەم دواییە لای حیزبی بەعس ئێسکم گران ببوو. منیش ڕێبازم ئاشکرابوو، کورێکی دڵسۆز بووم و خاوەند بیروباوەڕێکی پێشکەوتنخواز بووم باوەڕم بە یەکێتی خەباتی کورد هەبوو لە هەر چوار پارچەکانی کوردستاندا.

حیزبی شیوعی مەرسومی کۆماری ئیعفاکردنەکەمی لە لاپەڕە یەکی ڕۆژنامەی ( گریق الشعب) بلاّوکردەوە ، هیچ ڕۆژنامەیەکی تر مەرسومەکەیان لە لاپەڕە یەك بلاّو نەکردبوەوە، شیوعیەکان لەو سەردەمە لە بەعسیتر بوون . جگە لەوەی وەك سکرتێری پارتی شۆڕشگێرو ئەندامی بەرەی نیشتمانی ،حیزبی شیوعی هەر پرسیاریانیش نەکرد لێم ئایا بۆ لە وەزارەت دەرکرام!!

دوای دەرکردنم لە وەزارەت لە 1977/8/16یادداشتێکم بە صدام حوسێندا دەربارەی کەمو کوریەکانی حیزبی بەعس لە کوردستان و تەهجیرکردن و خوێندن بە زمانی عەرەبی و لەوحەکانی پێش دایەرەکان هەموو کرابوون بە

عەرەبی لە قەزاو ناحیەکانی کوردستان. ئەوەبوو تەها جەزراوی چاوی پێکەوت و لەسەر خاڵەکانی یادداشتەکەم موناقەشەی لەگەڵمدا کرد کە لە شوێنێکی تری ئەم یادداشتە بلاوم کردۆتەوە .

لە 1977\8\14 چاوم بەعیزەت دوری و بورهان الدین عبدالرحمن و دوکتۆر فازل بەڕاك لە وەزارەتی ناوخۆ لە کاتژمێری 8ی بەیانی کەوت . لە قسەکانی عیزەت دوری بۆم دەرکەوت کەوا بێگومان ڕای سەرکردایەتی حیزبی بەعس بەرامبەر بە من گۆڕاوە و شك و گومانم لێ دەکەن کە من دوو هەڵوێستم هەبێ ، هەڵوێستی ڕەسمی و لەملاو ئەولاش ، هەڵوێستی کەسایەتی تایبەتیم هەیە دوور لە هەڵوێستی ڕەسمی. بە تایبەتی دەربارەی کێشەی فەلەستین و ئەریتریا و فەراغی سیاسی. هەڵوێستی خۆم بۆیان ڕوونکردەوە کەوا شتی وا لە ئارادا نییە و ڕای من ئاشکرایە نەك ئەمڕۆ بەڵکو لەسەر ئەم بابەتانە زۆر دەمێکە ڕای خۆم دەربڕیوە . کێشەی فەلەستین ئەگەر لای ئەوان کێشەیەکی ناوەندییە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە لای منی کورد ئەم کێشەیە ناوەندی بێ ، وەك وەزیرێکی کورد هەمیشە وتومە کێشەی فەلەستین کێشەیەکی مەرکەزییە لای حکومەتی عێراق ، بەلآم وەك سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی شۆڕشگێڕ ئەم کێشەیە کێشەی مەرکەزی ئێمە نییە و ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە کورد بایەخی نەداوە بەم کێشەیە.

پاشان لێمانیاندا چەند پرسیارێك هەیە بە نووسین لە کاتی دانیشتنی ئێوارە ئاراستەم بکەن،بۆ ئەوەی منیش بە نووسین وەلآمیان بدەمەوە و بە ڕەسمی بیخەمە بەردەم سەرکردایەتی حیزبی بەعس .

ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی 1977\8\15 لەگەڵ دوکتۆر فازڵ بەڕاك کۆبوومەوە و (16) پرسیاری بە نووسین دامێ کرد ، ناوەڕۆکی پرسیارەکان هەموو لەسەرم کۆکرابوونەوە ، لە 1975\3\13 وە تەمموزی 1977 وەلآمی 16 پرسیارەکانم بە نووسین دایەوە . ئەوەی بۆم دەرکەوت صدام حوسێن پێش ئەوەی سوێند بخۆن و ببین بە وەزیر پێمانی وت (ئێمە لەسەر هاوڕێ و برادەرانمان هەڵە کۆ ناکەینەوە ، کەواتە ئەگەر هەڵەیەك بکەین یەکسەر ئاگادارمان دەکەنەوە) بەلآم لەم 16 پرسیارانە دەرکەوت خەریکی ئەوە بوونە هەڵەم لەسەر کۆبکەنەوە لەو ماوەیەی کە هاوکاریم لەگەڵیاندا بە ڕاستی و دروستی دەکرد ، هەرچەندە ناوەڕۆکی پرسیارەکان زۆر بێ مانا و هیچ و پووچ بوون ، بەڵکو هەر نەدەبوو ئەو پرسیارانەم لێ بکەن ، وەك گوایا لە ساڵی 1975 وتبێتم ( صلاح الدین ئەیوبی) باوکی ئێمەی کوردە ، نازانم ئەم

قسەیە چی تیا بەسەرە ! هەرچەندە لە بنەڕەتەوە ئەم قسەیەم بۆ درووست کرابوو. هەندێ لە پرسیارەکان لەئەنجامی گزیری سیخوڕەکانی ناو کۆمیتەی ناوەندی پارتەکەمانەوە بوو، بەتایبەتی مەسەلەی برووسکەکەی 14 تەمموز کە بۆ سەرۆك کۆمارمان ناردابوو بە ناوی مەکتەبی سیاسییەوە و �ویان نەکردبووەوە ، گوایا دوای ئەوەی برووسکەکەیان بلاَونەکردبووەوە ، من قسەی ناشرینم پێیان کردووە. من زیاتر گومانم لە کەریم ئەرکەوازی و محەمەد گوڵ بوو . هەروەها گوایا من لە ڕێستۆرانتی ( لۆلۆە) کە داوەتی سەرۆکی کۆمەڵەی دۆستایەتی عێراقی سۆڤیەتی ( جمعیە الصداقە العراقیە السوفیتیە ) م کردبوو ، گوایا لەو دانیشتنە من وتوومە حکومەت ڕێگای نەداوە پێم کتێبەکەم ( تأریخ الحزب الپوری الکوردستانی ) چاپ بکەم ، دوا جار بۆم دەرکەوت ئەم گزیریەش " جەمال خەزنەدار " کردوویەتی . لەم ئەم قسە ڕادەگەیەنم " جەمال خەزنەدار ڕەشنووسی یادداشتەکەی دوکتۆر موکەڕەم تاڵەبانیشی بۆ ماوەی چەند سەعاتێك گەیاندبوو بە شوعبەی سێ و دابووی بە " ئەبو موشتاق " بەڕێوەبەری شوعبەی سێی ئەمنی عامە ، بەڕێکەوت ئەو ڕۆژە چوومە لای ئەبو موشتاق و لە بان مێزەکەی بەردەمی چاوم بە ڕەشنووسی یادداشتەکەی دوکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی کەوت ، ئەبو موشتاق پێمی وت :" ابو سروشت جابلی مژکرات د. مکرم گالبانی " کەواتە ئەبو سروشت یادداشتەکەی تاڵەبانی بۆم هێناوە ئێمەش کۆپیمان لەسەری گرتەوە و بە پەلە بردییەوە بۆ کتێبخانەکەی دوکتۆر. لە ماڵەوەیان . ئەوەی ڕاست بێ نەم دەزانی ئەبو سروشت کێیە ؟ پاشان وتی کاك جەمال خەزنەدار جێگای باوەڕی تاڵەبانییە و لە ماڵەوەیان جاروبار سەیری کتێبەکانی دەکا و توانی ڕەشنووسی یادداشتەکەی بۆمان بێنێ .

بەڕاستی زۆر دڵگران بووم کە زانیم جەمال خەزنەداریش خەریکی سیخوڕییە ، دوای چەند ڕۆژێك دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و کاکە حەمەی مەلا کەریمم ئاگادار کردەوە کە دوکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی ئاگار بکەنەوە و لەمەو دوا ئاگاداری خۆی بێ ، ئەوانیش دکتۆریان ئاگادارکردەوەو ئەویش پێیانی وتبوو لەگەڵ جەمال هیچم پێ ناکرێ . دوای چەند مانگێك ئەبو موشتاق بەڕێگای " سەمیر خەیری " لە یەکێ لە گۆڤارەکانی " قوبرس" بە زمانی عەرەبی چەند لاپەڕەیەکی لە یادداشتەکە ئەوەی مەبەستیان بوو بلاَویان کردەوە ، بە تایبەتی ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە چوار ئەفسەرەکەوە هەبوو" خیراللە و عیزەت و خۆشناو و قودسی " بە تایبەتی هەندێ لە بڕگەکانی یادداشتەکە کە بەباشی باسی مەلا

مستەفای بارزانی نەکردبوو. جەمال خەزنەدار جارێکی تریان راپۆرتێکی یەك لاپەڕەیی بە مەرەکەبی سەوز لەسەر من نووسیبوو بۆ غازی عوبەیدی ، بەرپرساوی لقی حیزبی بەعس لە " الرصافه " غازی عوبەیدی ئەو ماوەیەی بەرپرساوی لقی حیزبی بەعس بوو لە هەمبەر دۆستایەتی باش بوو لەگەڵمدا ، ئەوەبوو تەلەفۆنی بۆمکرد و نامەکەی خەزنەداری پێم نیشاندا ، پێمی وت من ئەم نامەیەم بۆ سەرکردایەتی خۆم یان بۆ ئەمن بەرز نەکردۆتەوە و ئاگاداری خۆت بە لای جەمال هیچ قسەیەك نەکەی . لە نامەکەی جەمال ئەوەی نووسیبوو کە شێخ ستار، بە حوکمی ئەوەی وەزیر بووە ناوەکەی ئیستغلال دەکا لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی و لە کۆڕەکانیدا زۆر بە توندی ڕەخنە لە حیزبی بەعس دەگرێ و بە ئاشکرا باسی کوردستانی گەورە و دەوڵەتی کوردی دەکا .

به هەرحاڵ لە 16 پرسیارەکە زیاتر ئەوەم بۆ ڕوونبۆوە کەوا من لەگەڵ تاقمێ هاورێ ئیش دەکەم زوٌربەیان کەسایەتیان نییە یان زۆر لاوازە ، توانای حیزبایەتی ڕاستەقینەیان نییە و ناتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن ، بۆیە هەر خەریکی سیخوریی و ڕاپۆرت نووسیین بوون بەڵکو ملم بشکێنن یان بەلای کەمەوە وا بکەن حیزبی بەعس بکەوێتە گومانەوە لێم و هەوڵی دەرکردنم بدا لە سەرۆکایەتی حیزب.

بۆ شەویش لە کات ژمێری 7,30لە ئاهەنگی دەرچوانی زانکۆی موصل ئامادەبووین ، غانم عبدالجلیل وەزیری خوێندنی بالآ و تایە عبدالکریم

وەزیری نەوت و عبدالفتاح محەمەد ئەمین ناسراو بە ( عبدالفتاح یاسین) ئەندامی سەرکردایەتی قوتری بەعس و مەلا عەبدوڵلاٌ ئیسماعیل وەزیری دەوڵەت و عەزیز عەقراوی وەزیری دەوڵەت و هاشم عەقراوی وەزیری دەوڵەت و بابەکر پشدەری سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان لە ئاهەنگەکە ئامادەبوون .

بۆ ڕۆژی دوایی لەسەر داوەتی دوکتۆر محەمەد مەشات سەرۆکی زانکۆی موصل چوومە زانکۆی موصل و لە ئاهەنگی دەرچوانی کۆلێژەکانی زانکۆکە بەشداربووم، لەم ئاهەنگەش عەزیز عەقراوی بانگ کرابوو لەگەڵ شەفیق کەمالی ئەندامی جێگری سەرکردایەتی قوتری .

بۆ شەو لەگەڵ ئیسماعیل ڕەسوڵ پلێزگاری هەولێر سەردانی بارەگای پارتی شۆرشگێری کوردستانمان کرد . بۆ بەیانی گەڕامەوە بۆ بەغدا ، هەر لەم ڕۆژەدا لە 6\21 ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش پڕیاری ئیعفاکردنەکەمیدا .

پێش ئەمەش لە 6\21 \ 1976 لە بارەگای پارتیمان کۆڕێکم بەست لەو کۆڕەدا بە ئاشکرا باسی لایەنە سەلبیانەی حیزبی بەعس و کاربەدەستانی بەعسم کرد لە کوردستاندا ، وەك ئەوەی زوربەی زۆری مودیر ناحیەکان و قایممقامەکانی ناحیەو قەزاکان عەرەب بوون ، لەگەڵ قەدەغەکردنی خویندن بە زمانی کوردی لە پلێزگای دهوك و قەدەغەکردنی هەموو ئەو کەسانەی لە ڕیزی شۆرشی کوردستانەوە گەڕابوونەوە بۆ بەغدا بچنە ڕیزی پارتە کوردستانیەکان یان حیزبی شیوعی عیراق ، تەنها بۆیان هەیە بچنە ڕیزی حیزبی بەعسەوە ، زۆر لەو گەڕاوانەش بە ناچاری دەچوونە ڕیزی حیزبی بەعسەوە ، ..هتد. گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ زیاد هەوڵ بدەین بۆ پتەکردنی برایەتی کورد و عەرەب و پاراستنی یەکێتی ولآت و هێزە نیشتمانیەکان لەگەڵ هەوڵدان بۆپتەوکردنی گیانی حیزبایەتی .

ئەو ڕۆژەی مەرسومەکە بلاَوکرایەوە ، کەواتە ڕۆژی 22\6\1977 سەعات 12ی نیوەرۆ کۆبوونەوەم لەگەڵ بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە دیوانی وەزارەت هەبوو ،عیسا بەڕێوەبەری بیرۆکەم مەرسومەکەی بۆم هێناو خوێندمەوە ، زۆر مەسەلەکەم بەلاوە ئاسایی بوو خۆم تێك نەداو بەردەوامبووم لە کۆبوونەوەکە ، پاشان کۆبوونەوەکەم تەواوکردو بە بەڕێوەبەرە گشتییەکانم وت: سبەی سەعات 9 ئامادە دەبن بۆ بەردەوامبوون لە کۆبوونەوەکەمان . کە دەرچووم عیسا سەری سوورما وپێمی وت کاکە شێخ مەرسومەکەت نەخوێندەوە، پێم وت بەڵێ خوێندمەوە ، خۆم تێك نەداو بەڕێوەبەرە گشتییەکان هەستیان بە هیچ نەکرد. بۆیە هەندێ زوو لە وەزارەتیش دەرچوومە دەرەوە بۆ ماڵەوە گەڕامەوە. لەبەرئەوەی دەمزانی سەعات 2و30 لە هەواڵەکان بلاَوی دەکەنەوە. لە ماڵەوە منداڵەکانم ئاگادارکردەوە کەوا نەشڵەژین و بێ ئارام نەبن کە گوێیان لە مەرسوومی ئیعفاکەم دەبێ .

ئیعفاکردنم لە وەزیریی بە کورتی لەسەر ئەوەبوو حیزبی بەعس لێم ڕازی نەبوو لەبەر ئەوەی کوردایەتیم دەکرد ، وەك هاشم عەقراوی و عەزیز

عەقراوی و مەلا عبدالله بێ دەنگ نەبووم و چالاکی پارتایەتیم هەبوو ، کە ئەوان دەیانویست حیزبە کوردییەکان وەك حیزبی کارتۆنی بمێیننەوە و لەسەر هیچ شتێك نەیەنە وەلآم. لەگەڵ جیاوازیەك لەنێوان هاشم و وەزیرە کوردەکانی تر کە هاشم عەقراوی نەك تەنها بێ دەنگ بوو بەڵکو سیخوریشی دەکرد دژی وەزیرە کوردەکان و ئەندامی شوعبەی حیزبی بەعس بوو ، زۆر سەیر بوو مرۆڤێك خۆی بە سکرتێری گشتیی حیزبێك بزانێ و ئەندامێکی لقی حزبی بەعس لە ریزی حیزبەکەیان ڕێکیبخات. دوای ئیعفاکردنەکەم چیم کرد و چۆن عەزیز عەقراویش لە وەزیری گواستنەوە ئیعفاکرایەوە و گەڕاندیانەوە وەك وەزیری دەوڵەت.

ڕفاندنی پارەکەی دایەرەی عەقاری لە سلێمانی:

لە 22\3\1978 چوومە سلێمانی و چاوم بە مقدم عبدالقادر بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی دەربارەی ( شەونم مەلا مەحمود) خوشکی نوری مەلا مەحمود و فازل مەلا مەحمود کەوت، لەسەر بەشداربوونی مێردەکەیی و فازلی برای لە عەمەلیاتی ڕفاندنی پارەی دایەرەی عەقاری لە سلێمانی تەوقیف کرابوو. شەونمم بەردا و وەعدی بەردانی مێردەکەیشم وەرگرت، بەلاَم بۆ بەردانی مێردەکەی دەبوایا دوکتۆر فازل بەڕاك بەڕێوەبەری ئەمنی گشتی ببینم .

شەو لەسلێمانی مامەوە و چوومە ماڵ نوری مەلا مەحمود ، نوری هاوڕێیەکی کۆنم بوو لە ساڵی شەستەکانەوە ، هەردووکمان ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووین. لە ماڵ نوری چاوم بە دوکتۆر عزالدین مستەفا ڕەسوڵ کەوت کە ئامۆزای نوری مەلا مەحمودە.

دوای ئەوەی گەڕامەوە بۆ بەغدا و چاوم بە دوکتۆر فازڵ کەوت دەربارەی بابەتەکە قسەمان کرد ، تەرتیبێکمان بۆ بەردانی زاواکەی نوری دانا، ئەوەبوو لە 28\6\1978 چوومە پاریس لە ئوتێلی( کۆنکۆرد لافایێت ) دابەزیم وپێش ئەوەی بچمە ئوتێل لە فرۆکەخانەی( ئۆرلی) فازڵ مەلا مەحمودپێشوازی لێمکرد و پاشان چووینە ئوتێلەکە، ڕۆژی 29\6 لە ئوتێلەکە لەگەڵ فازڵ مەلا مەحمود گفتوگۆمانکرد لەسەر مەوزوعی خەباتی چەکداری و وازهێنان لەشەڕو فڕێدانی چەکەکانیان، بەتایبەتی چەکدارێکی وایان نەبوولە کوردستان، ژمارەی چەکدارەکانیان لە پانزدە کەس تێپەڕنەدەبوو، فازلپێی لەسەر دابگرێ و ڕازی نەبێ بەرامبەر ڕزگارکردنی دوو ئەندامی

سەرکردایەتی حیزبەکەیان و زاوا بیَ تاوانەکەی.لەو کۆبوونەوەیە لەگەڵ فازڵ مەلا مەحمود، فازڵ داوای لێمکرد مۆڵەتی بدەمێ بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە نەمساو لەگەڵ هاوڕێکانی دووبارە قسە بکاتەوەو چاویان بە یەکتری بکەوێتەوە . پاشان جارێکی تر چوومە نەمسا و لەگەڵ خۆمدا دایکی فازڵ مەلا مەحمودم برد بۆ نەمسا بۆ ئەوەی چاوی بە فازڵ بکەویَ لەگەڵ فوئادمەلا مەحمودی کوڕی کە تازە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووبوو ، لە ( ڤییەننا) چاوم دووبارە بە فازڵ مەلا مەحمود کەوتەوەو باسی مەوزوعی شەڕی چەکداریم لە گەڵیدا لە کوردستاندا کرد و لێبڕاوانە پێیم وت کە خەباتی چەکداری ڕابگرن بەمەرجێك دوو ئەندامی سەرکردایەتییان گیراون ئەوانیش بەرەلاَ بکرێن، ئەوە بوو پاش گەڕانەوەم چاوم بە دوکتۆر فازڵ کەوتەوە، زاواکەی نوری و هەردوو ئەندامانی سەرکردایەتی پارتەکەیان لە خنکاندن ڕزگاریان بوو لە کاتێکدا فەرمانی خنکاندنەکانیان ئیمزاش کرابوو. ئەو شەوەی زاواکەی نوری مەلا مەحمودم هێنایەوە بۆ ماڵمان لە بەغدا دیار بوو زۆر ئازاردرا بوو،پێستی وەك تۆڵێکی سپیر سپی بووبوو، تەنها هەیکەلی ئیسکەکانی مابوو

لە چوونەکەم بۆ نەمسا شەوقی حەمەخانم لەگەڵ خۆما برد و لە ڤییەننا لە ئوتێلی ( تور) دابەزین ، لەویَ چاومان بە فازل مەلا مەحمود کەوت. لە پاریسیش سەرم لە بورجی ئیفڵدا لەسەر لووتکەی بورجەکە و لە چایخانەکەی دانیشتین و رۆژی 7\2 یش چوومە مۆزەخانەی لۆڤەر و سەردانی بەشی تابلۆ هونەریەکانم کرد و هەموو بەشەکانی گەڕام لەگەڵ بەشی شوێنەوارە میسری و فەڕەنسیەکان.

من وەك کوردێك و هاوڕێی نوری مەلا مەحمود بەو ئەرکە هەڵسام و چەند خەباتکەرێکی کوردم لە خنکاندن ڕزگارکرد ، دەشمزانی چەند فس فس پاڵەوانێکی کورد لە ئەوروپا تەنها خەریکی ڕابواردن بوون شتی خەراپم لەسەر دەنووسن ، بەڵام ئەوەی من دەمبینی ئەوانە نایانبینی یان چاویان نووقاندبوو لەئاست ڕاستییەکاندا. دوا ڕۆژیش ئاشکرایکرد کە ئەو گروپە چەکدارەی فازڵ هی ئەوە نەبوون خەباتی چەکداری لە شاخ بکەن وەك گرووپەکانی تر، مەبەستم دێرپێشمەرگەکانی یەکێتی و پارتییە .

لەسێدارەدانی 21 بیست و یەك سەربازی شیوعی:

لە 1978\5\28 ڕۆژی یەك شەممە ڕۆژنامەی( الپورە) ی زمانحالی حیزبی بەعس لە ژمارە 3018 ی 1978\5\28 لەسەر وتارێکیدا لەژێر ناو نیشانی ( کاری سیاسی لە ڕیزی هێزە چەکدارەکاندا) بلاوکردەوە. بلاوکردنەوەی ئەم وتارە دوای لەسێدارەدانی بیستو یەك سەربازی حیزبی شیوعی عێراق بوو، تەنها یەك کەسیان ئیعدام نەکرا ئەویش کەماڵ شاکر بوو . وتارەکە گەلێ توندوتیژبوو ، بۆنی جیابوونەوەی ئێوان بەعس و شیوعی لێوەدەهات لەبەرئەوەی لە لێژنەی بالای نیشتمانییەوە پێشکەوتنخواز لە یەکتری دوورکەتبوونەوە.بەپێی بۆچوونی من خنکاندنی ئەفسەرو سەربازە شیوعیەکان هۆیە سەرەکیەکەی ئەوە نەبوو کە گوایا ڕێکخستنیان لە ڕیزەکانی سوپای عێراق هەیە ، بەڵکو لەسەر فشارێکی دەرەکی بوو ، بەتایبەت لە لایەن تورکیاو سعودیەوە، بەلای ئەوانەوە بوونی حیزبی شیوعی لە بەرەی نیشتمانی و لە حکومەتی عێراق جێگای مەترسی بوو لەسەر ڕژێمەکانیان هەر وەك دانانی حکومەتی عێراقیان بە حوکمی زاتی کوردستان بە هەنگاوێك دەزانی بەرەو درووستبوونی دەوڵەتێکی کوردی ، کە بەم دواییەش حیزبی بەعس خۆی دانی بەوەدا نا کە هۆی تێکچوونی دانوستنەکانیان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرکردایەتی مام جەلال لەسەر داوای تورکیا بوو .

دوای ئەم وتارە لە 1978\6\1 سەعات پێنجی ئێوارە ڕۆژی پێنج شەممە سەعات 10 ی شەو سکرتاریەتی بەرەی نیشتمانی کۆبوەوە ، دەربارەی موناقەشەکردنی مەوزوعی لەسێدارەدانی سەربازە شیوعیەکان و چەند لەلایەکی تر وەك ناکۆکی ئێوان هەردوو حیزبەکە، لەم کۆبوونەوەیە عبداللە حەمید ڕۆژبەیانی نوێنەری پارتیمان ئامادەبوو ، کۆبوونەوەکە بە سەرکردایەتی نەعیم حەداد بوو . کۆبوونەوەکە زۆر توندو تیژ بوو ، هەردوولا نەگەیشتنە ئەنجام و بەرەو جیابوونەوە دەچوون.

شیوعیەکان وەلامەکانیان توندو تیژ بوو دەربارەی کردەوە ناڕەواکانی حیزبی بەعس ، یەکێ لە دەست نیشانکردنی هۆیەکانی خنکاندنی سەربازە شیوعیەکان گوایا بەعس لەژێر فشاری دەرەکی و ناوەکی خنکاندویانیەتی هەروەها حیزبی بەعسیان ئاگادارکردبوەوە کەوا ئەوان لەبەرە نانێن ئەگەر " میپاق العمل الوگنی" بەکار نەهێنن و کاری پێنەکەن.کە یەکێ لەوانە مەوزوعی هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەنجومەنی نیشتمانی و گوێ نەدان بەوانەی بەعسی نیین و شیوعی یەکانیان خستۆتە پشت گوێ ، لەگەڵ وەرنەگرتنی غەیری بەعسیەکان لە

هەندێ لە کۆڵێژەکان و ڕێ نەدان بە غەیری بەعسیەکان بۆ چوونە ناو ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان ، هەڕەشەیاندا کە جیا ببنەوە ، وتیان ئەگەر لە بەرە نەچنین بەرەش وەك بەرەی نیشتمانیی نامێنێ ، لەبەر ئەوەی لایەنەکانی تری بەرە زۆر لاوازن، وەك شۆڕشگێڕی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان _ جەماعەتی عەزیز- هاشم\عەقراوی و بزووتنەوەی پێشکەوتنخواز جەماعەتی مەلا عبداللە ئیسماعیل و ئەم سێ حیزبە هیچ وەزنێکیان نییە ، لە ڕاستیشدا ڕاستیان دەکرد. لە هەمان کاتدا هەر بۆ لاوازکردنی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان ، حیزبی بەعس هەوڵی دەدا لە جیاتی من یەکێکی تر بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بکرێ بە سکرتێری گشتیی حیزبەکە، ئەوەبوو عبداللە فازڵ ئەندامی سەرکردایەتی قوتری لێپرسراوی تەنسیق لەگەڵ حیزبە کوردییەکان ناردیە دواما لەگەڵ مەجید ڕەشید جەباری ′ لەگەڵماندا کۆبووەوە دەربارەی تەنسیق قسەی لەگەڵماندا کرد .ئەمە جاری یەکەم بوو بۆ ئەم جۆرە کۆبوونەوانە داوامرلێبکەن ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ خۆمدا بەرم و بە ناویش ئەویش مجید جەباری بێ کە زەلامێکی نەخوێندەوار بوو . زۆر جار من خۆم عبداللە ڕۆژبەیانیم لەگەڵ خۆمدا دەبرد بۆ ئەم جۆرە کۆبوونەوانە ئەگەرپێویستی بکردایا لەبەر ئەوەی عبداللە خوێندەوار و دەرچووی کۆلێژی ئابوری بوو. جگە لەوەی نەبووبوو بە پیاوی بەعس. خۆ مەجید جەباری کورد وتەنی" کلکێکی ناو مەجلیسی نەبوو"" بەلاَم وا دیاربوو بۆ مەجلیسی بەعسیەکان پر پێستیان بوو .

بەهەرحاڵ هەوڵدانە ڕووخێنەرەکەی بەعس دوای تێکچوونی نێوان بەعس و شیوعی هاتە کایەوە ، کەواتە هەنگاو بە هەنگاو لە بواری سیاسەتدا ئەوی خۆی بە خاوەند بیروباوەڕ ، یان خاوەند ڕای خۆی بوایا ،بەعسیەکان هەمیشە بۆ دوورخستنەوەی لە مەیدان تەڵەیان بۆ دەنایەوە.بۆ نموونە دوای گەڕانەوەم لە سەردانێکدا بۆ پاریس زیاتر لە جاران بۆم ئاشکرابوو کەوا حیزبی بەعس هەندێ لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبەکەمانی هاندابوو دژی من ، لەو ئەندامانە ( مەجید ڕەشید جەباری و زۆراب داراخان و ئیبراهیم تاهیر سەلام و محمد گوڵ محمد و کەریم ئەرکەوازی و داود سەلمان و ئیسلام مستەفا) ئەم حەوت کەسەش لە ژیرەوە و بە دزییەوە پەیوەندیان لەگەڵ شوعبەی سێی ئەمنی عامە بەستبوو ، مەجید جەباری و ئیبراهیم سەلامیش بووبوون بە بەعسی.

ڕۆژی 7\6 چاوم بە دوکتۆر فازڵ بەڕاك بەڕێوەبەری ئەمنی عامە کەوت، دەربارەی ئەم بابەتە بە دوورو درێژی لەگەڵیدا قسەم کرد وتیمگەیاند کە من ناتوانم لە بەغدا دانیشم و دژایەتی حیزبی بەعس بکەم ، هەروەها ناشتوانم سکرتێری حیزبێك بم زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتیەکەی ئەمن بن یان بەعسی بن، هەرچەندە هەڵوێستی دوکتۆر فازڵ لەگەڵمدا ئیجابی بوو، بەلاَم وا دیاربوو بۆ ئەم مەوزوعە لە تواناى ئەویش بەدەربوو ، وەك نەخشەیەکی حیزبایەتی حیزبی بەعس دەبوایا ئەنجام بدرێ نەك تەنها لەگەڵ من بەڵکو لەگەڵ هەموو حیزبە کوردییەکان و ئەوان ڕازی نەبوون من بە کەیفی خۆم واز لە حیزب بێنم بەڵکو دەبێ ئەوان وا بکەن دەربکرێم یان ئەڵقە لە گویێ ئەوان بم .

هەر لەم پڕوبیانوانەدا ڕۆژی 1978\7\10 چاوم بە عبداللە فازل کەوت داوای لێم کرد بارەگای شۆرشگێڕ لە خانەقین دابخەین و وتی: ئێمە " لا نجامل احد" دەبێ باش بزانن ئێمە واقیعی کۆمەلایەتی قەزای خانەقین دەگۆڕین و تەعریبی دەکەین. پێش عبداللە فازڵیش لە ساڵی 1976 تەها جەزراوی بە عەفەوی وتی" خۆ ئێمە نەمان وتوە بە چەند ساڵێك ئەو ناوچە تێکەلاَوانە تەعریب دەکەین بەڵکو سیاسەتمان ئەوەیە بە بیست ساڵ تەعریب بکرێن . ئەم قسەیە لەسەر بابەتی تەهجیر کرایەوە لەنێوان من و تەها جەزراوی ، من بە توندی دژی تەهجیر بووم،پێش ئەوەی لەگەڵ تەها جەزراوی قسە بکەم یادداشتێکم دابوو بە سەرکردایەتی قوتری دژی سیاسەتی تەهجیر و صدام حسین یادداشتەکەی بۆ تەها جەزراوی ناردبوو بۆ ئەوەی لەگەڵمدا قسە بکا .

ئاشکرایە صدام حسین بۆچوونەکانی کەسێکی وەك منی بە دڵ نەبوو کەواتە یان دەبێ بێ دەنگ بم یان ئەوان بێدەنگم بکەن .

دوای کۆبوونەوەکەی سکرتاریەت بەرەی نیشتمانی لە 1978\6\5 کۆبوونەوەیەکی کوتوپرم بە کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان کرد بۆ باسکردنی بابەتی ناکۆکیەکەی نێوان بەعس و حیزبی شیوعی بەمەبەستی هەوڵدان بۆ نزیك کردنەوەی هەردولا لە یەکتری، باوەڕیشم وابوو حیزبی شیوعی ئەگەر لەبەرەی نیشتمانی نەمێنێ زیانێکی گەورە تووشی یەکێتی ڕیزەکانی عێراق دەبێ و عێراق بەرەو حیزبایەتی تاك رەو دەڕوا( الحزب الواحد) ئەو نیمچە دیموکراتیەی هەمانیشە نامێنێ . کە لە دوا رۆژ ئەم بۆچوونەم هاتە دی.

کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کورد

لە 1978\9\10 لەگەڵ شەوقی حەمەخان چوومە هەولێر لەوێ بەشداری دانیشتنەکانی کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کوردبووم ، لە دانیشتنی یەکەم دا" خالد الکبیسی"وەزیری تەنسیق لەحوکمی زاتی ئامادەبوو لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان و سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن لەگەڵ ئەمینداره گشتییەکان.

ڕۆژی دووەمی کۆنگرە لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی نووسەران تەنسیقم کرد و عادل سەلیم و قەشە یوسف دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی لە بارەگای پارتیمان سەریان لێدامدا وپێکەوە دەربارەی کۆنگرەکە قسەمان کرد بەتایبەتی شیوعیەکان لەوە دەترسان برادەرەکانیان ئەگەر خۆیان هەڵنەبژێرن حیزبی بەعس ئازاریان بدا ، ئەوەبوو لەگەڵ خالد کبێسی لەم ڕووەوە قسەم کرد و بەڵێنی ئەوەم لێ وەرگرت دەست نەخەنەڕێگای شیوعیەکان ئەگەر خۆیان هەڵبژارد.

بۆ سبەی منیش سەرم لە بارەگای حیزبی شیوعیدا ، هەر ئەو ڕۆژە کە لە بارەگای حیزبی شیوعی بووم سەعات 12 ی نیوەڕۆ عادل سەلیم بە سەکتە ی دڵ کۆچی دوایی کرد ، عادل سەلیم لەڕێی پردی " التون کۆپری" لەناو سەیارەکەی قەشە یوسف لێی لەدڵدان کەوتبوو . بەڕاستی مردنی لەناکاوی عادل سەلیم خەسارەتێکی گەورە بوو لە حیزبی شیوعی و گەلی کورد کەوت، کە لەدەستم خەسارەتێکی گەورەبوو لەبەر ئەوەی عادل سەلیم جگە لەوەی ئەندامێکی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی بوو لە هەمان کاتدا مرۆڤێکی کورد پەروەر و بوێر بوو.

لە کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کورد"عبدالغفار الصائغ" کە ئەمینداری گشتیی ڕۆشنبیریی حوکمی زاتی بوو ، لە کۆنگرەکە زۆر هەوڵیدا چڵکاو خۆرەکانی خۆی و حیزبەکەی سەرکەون ، ئەوەبوو هەڕەشەی لە دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرەدا ، بەلام من زۆر بەتوندی بەرامبەریان وەستام و لەگەڵ شیوعیەکان وکۆنە ئەندامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان تەنسیقم کرد، لە ئەنجامدا توانیمان دوکتۆر عزالدین مستەفا ڕەسوڵ هەڵبژیرین بە سەرۆکی یەکێتی.ڕۆڵی من زیاتر وایکرد ئەندامانی کۆنگرە ئەوانەی بەعسی نەبوون لە هەڕەشەو گورەشەی عبدالغفار صائغ نەترسن بەتایبەتی من لەوپێشیش نەمتوانی لەگەڵیدا باش نەبوو. بە هۆی

هەوڵدانی بۆ گواستنەوەی کۆمەڵەی ڕۆشنبییری کورد لە بەغداوە بۆ هەولێر بۆ ئەوەی بکەوێتە ژێر دەستی خۆی وەك ئەمینداری گشتیی ڕۆشنبیریی حوکمی زاتی .عبدالغفار تاڵبێی مرۆڤێکی هیچ و پووچ بوو . بە ئاشکرا دوژمنایەتی کوردی دەکرد لەبەرئەوەی بە ئەسڵ کورد بووا!! ، هەموو ئەو کەسانەی لە نەتەوەکەی خۆیان هەڵ دەگەڕێنەوە و خۆیان دەکەن بەعەرەب گەلێ توندو تیژتر دەبن لە عەرەبەکان هەست بە گرێی نوقسانی دەکەن و دەیانەوێ وا خۆیان نیشان بدەن کە بە هیچ جۆرێ خۆێنیان بۆ نەتەوەکەیان ناجمێ بۆ ئەوەی گومانیان لێ نەکرێ ، یەکێ لە نموونەکانی وەك عبدالغفار ، تەها جەزراوییە کە هەموو دەزانین ئەم مرۆڤە بە ڕەچەڵەك کوردە و تا ساڵی 1995 وەك ئاگادارم دایك و باوکی لە بەغدا لەبەر مڵیان بە بەرگی کوردییەوە دا دەنیشتن.

لێرەدا ئەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە عبدالغفار لە کۆنگرەکە پشتی بە" ئەژی گۆران" قایم بوو گوایا چل نووسەری لەگەڵدایە ، ئەژی وا دیاربوو بووبوە پیاوی عبدالغفار ، منیش وەلآمی عبدالغفارم دایەوە و وتم ( ئەگەر ئەژی گۆران 40 نووسەری لەگەڵ بوایا ئێمە چۆن لە حیزبی شۆرشگێری کوردستان دەرمان دەکرد ؟! پارتی شۆرشگێڕ لەسەر ئەوە ئەژی گۆرانی دەرکرد دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت لە پشت حیزبەوە پەیوەندی بە بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانیەوە هەیە، ئەو کاتە ئەژی ئەندامی ناوچەی سلێمانی شۆرشگێڕ بوو.

ئەنجومەنی بالآی نەهێشتنی نەخوێندەواری تەوزیمی:

لە 1978\8\14 بەپێی ئەمری وەزاری ژمارە 4424 بە ئیمزای "محمد محجوب" وەزیری پەروەردە و سەرۆکی ئەنجومەنی بالاَی نەهێشتنی نەخوێندەواری تەوزیمی، بە ئەندامی ئەنجومەنەکە دانرام وەك نوێنەری پارتی شۆرشگێڕی کوردستان .( محمد محجوب یەکێ لەو ئەندامە

سەرکردایەتیانەی بەعس بوو صدام حوسێن دوای بوونی بە سەرەك کۆمارلەگەڵ ژمارەیەکی تری ئەندامانی سەرکردایەتی قوتری گو ل بارانی کردن(

پارەو پولێکی زۆر بۆ سەرکەوتنی هەڵمەتەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری خەرجکرا بەلاَم لە ئەنجامدا ئامانجەکەی نیێکا ،لەبەرئەوەی حیزبی بەعس مەسەلەکەی زیاتر بۆپروپاگەندە بوو هەڵمەتەکە سەرنەکەوت .هەڵمەتەکە وردە وردە بەرەو کزی ڕۆیشت و پاشان ئەوانەی شتێکی کەمیش فێری خوێندەواری بوون بەرەو دواوە گەڕانەوە وەك جارانیان لێهاتەوە. منیش سوودێکم وەرگرت لە هەڵمەتەکە ئەویش نامەی ماستەرەکەم لە سەر هەڵمەتەکە کرد لە کوردستاندا. ئەندامانی لێژنەی بالاَکە دەتوانم لێبێم خۆیان هەندێکیان پێویستیان بەوە هەبوو فێری خوێندەواری بکرێن لەوانە فازڵ عەلی نوێنەری جەماعەتەکەی هاشم عەقراوی.

کە لەدێم هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری تەنها بۆ پروپاگەندە بوو ، صدام حوسێن داوای لە پارێزگارەکانی پارێزگاکان کرد کە مانگانە بە برووسکە ئاگاداری لێژنەی بالآ بکەنەوە دەربارەی ژمارەی ئەو نەخوێندەوارانەی فێری خوێندەواری بوونەو کە پارێزگاکانیان نەخوێندەواری تیا نەما ئالآی سپی هەڵ بکەن بە واتای پاك کردنەوەی پارێزگاکانیان لە نەخوێندەوار... ژمارەی ئەو نەخوێندەوارانەی گوایا فێری خوێندەواری بوونەو پروانامەی دەرچوونیان لە قوتابخانەکانی هەڵمەتی نەخوێندەواری تەوزیمی وەرگرتووە ، ژمارەی لەو ژمارانەیپێشەکی بۆلێژنەی بالآ ناردبوویان گەلێ زیاتر بوو ، لە کاتێکدا لە 50% نەخوێندەوارەکان لە بنەڕەتەوە ناونووس نەکرابوون .

شەهیدکردنی جەواد شەفیقی ئامۆزام:

لە 1983\1\27 کوێخا نەجیم و شێخ تەهای برام تەلەفۆنیان کرد بۆم کەوا" جەواد شفیق"ی کوری شەفیقی ئامۆزام شەهیدکراوە. جێگای داخبوو ئامۆزایەکی ئێمە کە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، مەفرەزەکەی قادر مستەفا جەماعەتی سۆشیالیست بیکوژن .

بۆئێواره گەیشتمە كەركوك و چوومە ماڵی شێخ تەهای برام و هەموو برا و برازا و ئامۆزاكانم لەوێ بوون و داوایان لێكرد كە من وەك براگەورە دەستنیشان بكەن و تۆڵەی جەواد بسێنینەوە، دوای ئەوەی هێمنیانم كردەوە كە هەر یەكە بەجۆرێك هەڕەشەیان دەكرد، ئاشكرایە لە بارودۆخی وادا لە ئاكامی لێقەومانی لەم جۆرە براو خزم و كەسوكاری كوژراوەكە تووشی هەڵچوون و بارودۆخێكی نا ئاسایی و دەروونی توند دەبن و ناتوانن بڕیاری ڕاست و دروست بدەن . بۆیە هەوڵمدا بە جۆرێكی تر بیرلە كێشەكە بكەنەوە ،نەك بەڕێگەی تۆلەسەندنەوە.

داوام لێیان كرد سەبربگرن تا حەقیقەتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەو كاتە دوو قسەی لێ دەكەین. پێیانم وت سەردەمی ئەوە نەماوە دەمسپی هەڵبژێرن و من خۆم بە دەمسپی كەس نازانم ئەمڕۆ زۆربەی زۆری براو خزمەكانمان ئەندامی یەكێتی نیشتمانین و یەكێتی نیشتمانیش باشترین ڕیش سپیە و ئەوان دەتوانن تۆڵەی چەكدارێكی خۆیان بسەننەوە.بەهەرحاڵ كوشتنی جەواد لە ئەنجامی دوژمنایەتی نەبوو لە نێوان بنەماڵەی ئێمەو كەسێكی تر، لە ئەنجامی شەڕی براكوژی بوو لەنێوان یەكێتی نیشتمانی و جەماعەتی سۆشیالیست ،لەم شەڕانەش مەسەلەی تۆڵەسەندنەوە كارێكی باش نەبوو ، تۆڵە لە كێ بسەنینەوە ، كەسێكی دیاریكراو ئامۆزاكەی ئێمەی نەكوشتووە بۆ ئەوەی ئێمەش لە جیاتی بیكوژینەوە. من خۆم هەمیشە شەڕی براكوژیم مەحكوم كردووە بە ڕاستم نەزانییوە.

شەهید جەواد كە ناسراوبوو بە( فەرەیدون) گەنجێكی زیرەك و ڕووناكبیر بوو، چیرۆكنووسێكی باش بوو بە ناوی (هەستێكی وروژاو) چیرۆكێكی لە ژمارە" 61"ی گۆڤاری ( ڕۆژی كوردستان ) بلآوكردەوە. دەرچووی كۆلێژی زانستی، بەشی ماتماتیك بوو لە زانكۆی موسڵ .

جۆن مەككەین:

جۆن مەككەین لە ساڵی 1983 لە كۆبوونەوەی پەرلەمانی نێودەوڵەتی كە لە شاری جنیف بەسترا ، ئەندامی وەفدی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریكا بوو بۆ كۆبونەوەكە.

لە ساڵی 1983 لەگەڵ وەفدی پەرلەمانی عێراق چووین بۆ جنێف بۆ بەشداربوونمان لە كۆبوونەوەكانی پەرلەمانی نێودەوڵەتی. جۆن مەككەین نوێنەری ئەنجومەنی پیرانی ئەمریكا بوو منیش نوێنەری پەرلەمانی عێراق بووم بۆ كۆبوونەوەكە ،بەڕێكەوت دوای ئەوەی تەعلیقێكم دا لەسەر

قسەکانی نوێنەری ئەنجومەنی شورای ئیسلامی ئێران دەربارەی پەلاماردانەکانی پاسداری سەوری ئێران بۆ سەر کوردستانی ئێران ، لە پشووی کۆبوونەوەکە ، یەکێ لە نوێنەرەکانی ئەمریکا هاتە لام و چۆن و چاکییمان لەگەڵ یەکتری کرد ، پێمی وت تۆ کوردی ، منیش پێم وت چۆن دەزانی من کوردم ، وتی تەنها کورد دەزانێ قسەی وا بکا دەربارەی کوردستان و پەلاماردانەکانی ڕژێمی ئێران بۆ سەر گەلی کورد ، وتم بەڵێ کوردم ، وتی خەڵکی کوێی ، وتم کەرکوك ، بزەیەکی پێکەنینێك گرتی و وتی منیش لە ساڵانی 1953و 1954 لە کەرکوك لە قوتابخانەی دواناوەندی وەك مامۆستا وانەی زمانی ئینگلیزییم دەدایەوە ، منیش بە سەرسورمانێکەوە پێموت ، جەنابت جۆن مەککەینی ، وتی بەڵێ من جۆن مەککەینم ، چۆن زانیت ؟ پێموت جەنابت مامۆستای من بوی لە پۆلی چوارو پێنجی دواناوەندی وانەی زمانی ئینگلیزیت دەداپێمان ، وتی چۆن بزانم وایە ، پێم وت گەنجێکی باریکەڵە بووی ژنەکەشت سوروسپی ناوقەد باریك بوو . وتی ئەمە ڕاستە بەڵآم هەموو ئەمریکیەك بە گەنجی وایە ، چۆن بزانم جەنابت قوتابی من بوویتە ؟ پیم وت ڕۆژێ لە پۆلی وانە وتنەوەکە بۆمانت گێڕایەوە ، مشکێك بە شەو لە ژووری نوستنەکەتان تا بەیانی نەیهێشتوە بخەون ، دەستیکرد بە پێکەنین و وتی ئەمە ڕاستە و جەنابت خوێندکاری من بوویتە .

پێکەوە لەسەر مێزێك دانیشتین و یەکی کوپێ قاوە و شیرمان خواردەوە ، لە کاتی قسەکردنەکانی وتی: (ئێمە کرۆسمان لەسەر صدام حوسێن داناوە ، دەبێ بیڕوخێنین . پێم وت چۆن دەیڕوخێنن من ئاگادارم ئێوە دوو ملیار دۆلارتان بە قەرز داوە پێی بە ناوی یارمەتیدانی لە بواری کشتوکاڵدا ، ئێستا صدام حوسێن بەو دۆلارانەی ئێوە شەڕی ئێران دەکا ، وتی ڕاستە ، بەلآم ئێمە یارمەتی صدام دەدەین تا ئەو کاتەی خومەینی دەڕوخێنێ دوای نەمانی خومەینی صدام حوسێن نابێ بمێنێ پێم وت خۆ صدام دژی ئێوە نییە پێمی وت ئەمەش ڕاستە ، بەلآم صدام حوسێن ( قابل ترويج) نییە ، ئەم وشەیەشی بە عەرەبی وت ، مەککەین عەرەبی باش دەزانی پێم وت مەبەستت چییە لەم وشەیە ؟ وتی صدام بەهێز بێ هیچ شتێ قبوڵ ناکا ، ئەگەر زەعیف بێ هەموو شتێ قبوڵ دەکا ، ئەمریکاش لە هەرێمەکە بەرژەوەندی دەکەوێتە مەترسییەوە ئەگەر کابرایەکی لەم جۆرە حوکومڕانی عێراق بکا .

جۆن مەککەین ئێستا ئەندامی کۆمیتەی خزمەتگوزاریی هێزەچەکدارەکانی (کۆماری)یە ، بۆتە سیناتۆر.

دوای ئەوەی لە جنێف گەڕامەوە بۆ بەغدا یەکسەر نامەیەکی تایبەتیم بۆ صدام حوسێن نووسی دەربارەی چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ جۆن مەککەین و ئەو قسانەی دەرحەق لادانی صدام کردی بۆم هەمووم بۆی نووسی پێش ئەوەی یەکێ لە سیخورەکانی موخابەرات ڕاپۆرتم لەسەر بنووسێ .

نامەکەم بۆ سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماریی و لەسەر زەرفەکە نووسیبووم ( يفتح بالڑات يتعلق بأنه الشخصی) کەواتە تەنها خۆی زەرفەکە دەکاتەوە لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە ئەمنی کەسایەتی خۆیەوە هەیە .

دوای چەند ڕۆژێ سەیارەیەکی مەرسیدسی جام ڕەشی نارد بە دواما و چوومە لای ، لەبەر ئەوەی جامی سەیارەکە ڕەش بوو نەم زانی ئەو شوێنەی صدام لێی بوو کوێ بوو. زۆر بەگەرمی پێشوازی لێمکرد و مەسەلەکەم وەك خۆی بۆ گێڕایەوە ، صدام پێمی وت شتێکی زۆرباشت کرد ئەم زانیارییەت بۆم هێنا ، نامەیەکی تری وەك ئەوەی منی لەسەر مێزەکەی دای نابوو و وتی ئەم نامەیەش لە C.I.A بۆم هاتووە کەواتە لە دوو سەرچاوەی جیاواز لەگەڵ یەکتردا ، سەرچاوەی زانیارییەکەی جۆن مەککەین لە کۆنگرێسەوەیە و ئەوی تر لە C.I.A یەوەیە ، ئەمەش ئەوە ڕادەگەیەنێ کەوا ئەمریکا بەڕاستیەتی دەیەوێ لە عێراق بدا . منیش پێم وت (سيد الرئيس ماڑا انت فاعل) کەواتە جەنابت چی دەکەی؟ پێمی وت من تەسلیم ئەمریکا ببم یان بەرەنگاری بکەم لە هەردوو حاڵەتدا پەلامارم ئەدەن هەوڵی لە ناو دانم دەدەن ،من هەرچی لە تونامدا هەیە بەرەنگاریان دەوەستمەوەو پارێزگاری لە گەلی عێراق و عێراقی مەزن دەکەم ، پاشان پێمی وت ئەم نهێنییە لەنێوان هەردووکمان دەرنەچێتە دەرەوە و منیش پێم وت دەزانم نابێ لە تۆ زیاتر کەس پێی بزانێ تەنها مەگەر خۆت باسی بکەی و بەرێکەنینەوە پێمی وت مەترسە من نایدرکێنم .ئەوەبوو لە 25\11\1995 دوای ئەوەی لە بەغدا هەلاتم ، لە هەفتەنامە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی ئەم باسەم گێڕایەوە . دوای بیست ساڵ لە 2003 ئەمریکا ئەو بەڵێنەی دابوی بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی صدام حوسێن ئەنجامی داو ، مل صدام حوسێنی کردە دارا.

سوپاس وپێزانین

*سوپاسی زۆرم بۆ سیروانی شێخ حوسێنی برازام ، بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەی زمانەوانی و پاکنووسکردنی یادداشتەکەم .

*سوپاسی بێ پایانم بۆ برازام ، لوقمانی شێخ حوسێن کە ئەرکی سەرپەرشتی لە چاپدانی ئەم بەرگەشی خستە ئەستۆی خۆی ، بە سەرنج وتێبینیەکانی ئەم یادداشتەی دەوڵەمەند کرد .

*سوپاسی زۆرم بۆ چیاء عەبدوڵلا جەباری ( باوکی دیلان ) کە ئەرکی لە چاپدانی ئەم بەرگەی لە ئەستۆگرت .